
ئەدیبان



ئەحمەد ئال حەمدان

# جەساسە

دەمەوێت بەهێز بژیت
لەبەر ئەوەی ئەم جیهانە
لاوازەکان دەکوژێت

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ساکار حسێن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)


براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )


گوندی جەساسە
دوورگەی
ئەرباب
دارستانە تاریکەکە
ب
ق




نەخشەی مەملەکەتی ئەبابیل کە تێیدا ئەو شوێنانە پیشاندەدات
کە ناویان هاتووە لە زنجیرەکەدا.

# جەساسە

دەمەوێت بەهێز بژیت

لەبەر ئەوەی ئەم جیهانە لاوازەکان دەکوژێت



## ئەحمەد ئال حەمدان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ساکار حسێن

**له بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەممەد


## ناسنامەی کتێب


ناونیشان: جەساسە

نووسەر: ئەحمەد ئال حەمدان

بابەت: ئەدەبیاتی عەرەبی - سەدەی ٢١میلادی

ژانر: ڕۆمان

وەرگێڕانی: ساکار حسێن

پێداچوونەوە: عیسا عوسمان

دیزاینی بەرگ و دەق: ئارام مەلا محمد

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

_ADIBAN

07731974646 - 07501571818

bookadiban@gmail.com

ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان
سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوڕان

بەر لە هەزاران ساڵ مەملەکەتێک هەبوو بە ناوی (ئەبابیل)، تێیدا جن و مرۆڤ شانبەشانی یەکدی دەژیان، وەک ئەوەی لە یەک ماددە دروست کرابن.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لە دوو ڕەگەزەکە، بیریان لەوە نەکردبووەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا بکەن.

ئەوەش بەر لەوە بوو کە ئاسمان ڕێگە بدات (جومانا)ی جنۆکە بە دیداری (بەحر)ی مرۆڤ شاد ببێت و خۆشەویستییەکەیان ئەفسانەی (قوڕ و ئاگر) دروست بکات.

# دەروازەی
# یەکەم

## ١

# بەردی بەڵێنی پیرۆز

کەمێک لە نیوەشەو تێپەڕی و دەرگا گەورەکەی ژووری شاهانە کرایەوە، پیاوێکی ڕەشپێستی کەتە و ڕوخسارتیژ هاتە دەرەوە، چرایەکی بە دەستییەوە گرتبوو تاکو بەرپێی خۆی پێ ڕووناک بکاتەوە.

پێی دەگوترا ئەمینی کۆشک "ئەیوب"، بە ڕێگاوە بوو تاکو ئەو کارە پڕنهێنییە ئەنجام بدات کە پادشای ئەبابیل پێی سپاردبوو.

* *

ئەیوب بە هەنگاوی پڕ لە وریاییەوە دەرگای دەرەوەی کۆشکی کردەوە، تاکو گەیشتە کۆڵانە تەسکە تاریکەکانی دوورگەی ئەرباب، لە کۆتاییدا گەیشتە کوخێکی بچووکی دارین و لە دەرگای دا.

جنۆکە خەیزەران دەرگاکەی بۆ کردەوە، هەر ئەوی لە بەردەمیدا بینی، نیگەرانی دایگرت. گومانی نەبوو کارێکی گرنگ هەیە وا بەم کاتە ئەم پیاوە هاتووەتە ئێرە:

خەیزەران گوتی:

- چی بووە؟

ئەیوب وەڵامی دایەوە:

- پادشا!

خەیزەران:

- چییەتی؟

ئەیوب:

- داوای بینینت دەکات.

ئەمینداری کۆشک بە دەنگە گڕەکەی کە بە دەنگی پیرەگورگێک دەچوو، وای گوت و پاشان چاوەڕێی وەڵامی بوو، بەبێ ئەوەی پێی بڵێت بۆچی بانگیان کردووە:

- هۆکارەکەی پێ نەگوتیت؟

وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو گوتی:

- بەرەو کۆشک بەڕێ بکەوە ئەوکات دەزانیت.

گوتی:

- تۆ بۆ کوێ دەچیت؟!

بەرە بەرە لە تاریکییەکەدا ون دەبوو:

- دەچم ئەوانەی تر بانگ بکەم.

نەدەبوو کارەکە فەرامۆش بکرێت یاخود دوا بخرێت، هەر بۆیە بە ئاراستەی دەرگای کۆشک بەڕێ کەوت و لەبیری کرد کە جلوبەرگەکەی چەندە ڕووتە و خۆی ئامادە نەکردووە.

**

کە گەیشتە ئەوێ، دیتی ژمارەیەکی زۆر لە گەورەپیاوانی ئیمپراتۆر لەوێ بوون، لە نێویاندا چاوی بۆ نزیکترین هاوڕێی پادشا گێڕا کە حەکیمەکە بوو، دڵنیا بوو کە حەکیم شتێک دەزانێت دەربارەی ئەم کۆبوونەوە لەناکاوە.

لێی نزیک بووەوە و گوتی:

- پێت وایە پادشا بۆچی بەم کاتە بانگی کردووین؟!

حەکیم وەکو کاری هەمیشەیی خۆی جددیاتی فەرامۆش کرد و دەستی کرد بە گاڵتەکانی، لە هەمان کاتدا بە شەهوەتەوە تەماشای وردەکاریی جەستەی دەکرد کە لە جلە تەنکەکانییەوە دەرکەوتبوو:

- لە ڕاستیدا نازانم.

بەڵام بە شێوازێکی گاڵتەئامێز و مەکرەوە لەژێر لێوەوە گوتی:

- بەڵام ئەگەر بتەوێت دەتوانم پێت بڵێم ئێستا چیم لێت دەوێت.

خەیزەران مستی توند کرد و ویستی لێی بدات، بەڵام لەو کاتەدا دەستێک لە هەوادا مەچەکی گرت بەر لەوەی  بەر حەکیمەکە بکەوێت.

خەیزەران سەری لار کردەوە بە ئاراستەی سەرچاوەکە، دیتی شمالییە بە مۆڕەوە تەماشای دەکرد، گوتی:

**(من ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەم ئازاری هاوڕێکانم بدات)**

دەستی داگرت و بە ئەدەبەوە گوتی:

- داوای لێبوردنت لێ دەکەم لە جیاتی حەکیم جەنابی وەزیر، خۆت دەزانیت کە زمانی چەندە درێژە، هەندێک جار قسە دەکات بەبێ ئەوەی بزانێت مانای چییە.

بەڵام حەکیمەکە ئەو قسانەی بە ئازاردانی وەزیر وەرنەدەگرت، بۆیە گوتی:

- زمانم درێژ نییە، بەڵکو بابەتەکە ئەوەیە کە...

شمالی ڕاستەوخۆ دەمی داخست، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ئەگەر ڕێگەی بدات قسە بکات بارودۆخەکە باش نابێت.

دوای ئەوەی شمالی سەرکەوتوو بوو لەوەی بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، ڕاستەوخۆ ڕووی کردە خەیزەران و وەڵامی پرسیاری پێشووی دایەوە:

- دەربارەی بانگکردنە لەناکاوەکەی پادشاش کەس نازانێت چییە، ئەیوب داوای لە هەموومان کرد ئامادە بین بێ ئەوەی هۆکارەکەمان پێ بڵێت.

لەو کاتەدا دەرگا بەرزەکانی پێشەوەی کۆشک کرانەوە، هەموویان چاویان لە سەر دەرگاکە بوو.

ئەیوب هاتە دەرەوە و گوتی:

- دوام بکەون، پادشا لای بەردی کۆبوونەوەی پیرۆز چاوی پێتان دەکەوێت.

ئەو کارە وای کرد زیاتر گرنگی بە بابەتەکە بدەن، لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەگەر کارەکە زۆر مەترسیدار نەبێت، پادشا داوا ناکات لای بەردە پیرۆزەکە کۆبونەوە بکەن.

ئەیوب بە ئاراستەی باخچەی کۆشکەکە ڕۆیشت، هەمووان بە دوایدا دەڕۆیشتن.

هەمووان بەدوایدا ڕۆیشتن بە نێو درەختە چڕوپڕە بەرزەکاندا لە نێو باخچەکەدا، تاکە ڕووناکی کە هەبوو لەو باخچەیەدا تەنیا ئەو چرایە بوو کە ئەیوب بە دەستییەوە گرتبووی، هەستیان بە پەرۆشی دەکرد بەوەی کە لە بەرانبەریاندا چاوەڕێیان دەکات.

منداڵێکی بچووکیان بینی کە تەمەنی نەدەگەیشتە یەکساڵان لە ناوەڕاستی بەردەکەدا پاڵکەوتبوو، تەماشای ئاسمانە تاریکەکەی دەکرد کە پڕ بوو لە ئەستێرە، لە هیچ شتێک حاڵی نەدەبوو لەبارەی ئەوەی لە دەوروبەری ڕوودەدات.

بەڵام سەرسامییەکەیان زیادی نەخایاند دوای ئەوەی گوێبیستی هەنگاوەکانی پادشا عاسف و شاژنە سرابی بوون و دیتیان کە بەرەو لایان دێن و لە ئاسمانیشدا بە چەند مەترێک سەرووتر باڵندە سورەکە بە دوو باڵی گەورەوە کە ناوی "ئیکلیل" بوو، بەسەریاندا دەفڕی.

- ئێستا کاتی ئەوەیە هەمووان بزانن بۆچی داوای بینینتانم کردووە بەم کاتە ناوەختە و بەو شێوازە نهێنییە.

## ٢

## سوێندخواردنی پادشایەتی ئەبابیل

عاسـف لە بەشـی سـەرەوەی بەردەکەدا وەسـتا و لە پاڵیـدا شاژنەکەی وەستابوو، لەسەر سەریشیان باڵندەکەی لێ بوو کە دواتر لەسەر یەکێک لە لقی درەختەکان نیشتەوە.

عاسـف تەماشـای ڕوخسـارە چاوەڕوانەکـانی کـرد و گـوتی:
- ئەمشەو داوای بینینی ئێوەم کردووە تاکو سوێندتان لێ وەربگرم ژیانی هاوسەرەکەم بپارێزن.

پاشان دەستی بۆ منداڵەکەی لەسەر بەردەکە بوو ڕاکێشا:

- بە هەمان شێوە پاراستنی جومانای کچیشم.

**

لەو کاتەدا ئەبابیل بە قەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕی، لەو کاتەی کە پادشـای پێشـوو جەبـار هەستی دەکـرد لە سـەرەمەرگدایە و مردنـی نزیـک بـۆتەوە، بـۆیە بە پەلە داوای کۆبـوونەوەی گەورەپیـاوانی خێزانەکەی کرد تاکو لە پاش خۆی جێنشینێک دیاری بکات.

دواتـر ئەوانەی کە خۆیـان بە شـایەنی تەختـی پادشـایەتی دەزانـی چاوەڕێی ئەوە بوون مژدەکە بە یەکێکیان بدرێت، بەڵام ئەوەی جەبار کـردی پـێچەوانەی هەمـوو چاوەڕوانییەکـان بـوو، ڕووی کـردە نەوەکەی و گوتی:

**- تۆ... دەبیت بە پادشا.**

هەمـــــووان بابەتەکەیــــان ڕەت دەکـــــردەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئەوکەسەی دیاری کردووە بۆ جێنشینی منداڵێکی هەڵەشە بێت یاخود نەگەیشتبێتە بیستەکانی تەمەنی، بەڵکو پێیان وابوو کە خوێنەکەی پیسە، خوێنی بێخەوشی جنۆکەی تێدا نییە.

**"جومانا"ی دایکی جنۆکە بوو، کەوتبووە خۆشەویستی لە جیهانەکەی تردا لە کاتێکدا "بەحر"ی باوکی لە قوڕ بوو، لە مرۆڤ بوو.**

ئەو کاتەی کە بەو جۆرە ئەو خەڵکەی بینی کە ڕەتی دەکەنەوە نەوەکەی ببێت بە پادشا، چپاندی بە گوێی مردندا:

**"کەمێک کاتم پێ بدە ئەی مردن، هێشتا کۆتا کاری گرنگم ماوە ئەنجامی بدەم."**

بەر لە ڕۆیشتنی دەبوو دڵنیاببێتەوە لەوەی کە مەملەکەتەکەی لە دوای خۆی سەلامەت دەبێت، بۆیە بە ڕوویەکی تورە و توندەوە گوتی:

- دەمەوێت گوێبیستی هەمووتان ببم کە بە پادشا قبووڵی دەکەن، تاکو لە دوای ڕۆیشتنم ئاسوودە بم.

لەگەڵ ئەوەی کەسیان ڕازی نەبوون بە بڕیارەکە، بەڵام هیچ چارەیەکی تریان نەبوو جگە لەوەی بارودۆخەکە قبووڵ بکەن و بۆیە هەموویان سەریان دانەواند و گوتیان:

- "تەمەندرێژی بۆ عاسفی پادشای ئەبابیل."

لە کۆتاییدا کە جەبار دڵنیابۆیەوە کە هیچ شتێک نەماوەتەوە جێی نیگەرانی بێت، بۆیە بە ڕێزەوە ڕووی کردە نەوەکەی و گوتی:

- "ئێستا ڕێگەم بدە بڕۆم جەنابی پادشا عاسف."

دواتر چاوەکانی داخست و لە دڵی خۆیدا بە مردنی گوت:

"ئەی مردن دەستم بگرە و بمبە لەگەڵ خۆتدا."

دوای چەند ڕۆژێک خەبەروباسی مردنی پادشا بڵاو بۆیەوە، لە هەموو کونجێکی وڵاتدا پشێویی دروست کرد، ڕاستەوخۆ جنۆکە سوندوس بڕیاریدا کە کۆبوونەوەیەک بە خێزانی ئیمپراتۆر بکات و گووتی:

- جەبار لە کۆتا ڕۆژەکانیدا تووشی خڵەفان بووبوو و بە تەواوی لە هۆشی خۆی نەبوو، بۆیە نەوە دووڕەگەکەی بە پادشا هەڵبژارد، داواتان لێ دەکەم لەسەر حوکم لای بدەین و کەسێکی تر بخەینە جێی.

بەڵام گەورەپیاوانی خێزانەکە بەو بڕیارە قایل بووبوون نەک لەبەر عاسف، بەڵکو لەبەر دڵسۆزییان بۆ جەبار. چونکە ئەوە کۆتا داواکاری ئەو بوو.

**

کێشەکان تەنیا لە نێو کۆشکدا نەبوو بەڵکو لە دەرەوەش دەستی پێ کردبوو، تەنانەت پادشا دراوسێکانیش هەوڵیان دەدا بەو جۆرە خێزانی ئیمپراتۆر لەسەر حوکم لا بدەن بەهۆی ئەو ناکۆکییە ناوخۆییەی کە دروست بووبوو، بە خێرایی هەوڵیان دەدا کە تەختەکە بۆ خۆیان ببەن، بۆیە تاکەکانی ڕێکخراوی جاسومیان کۆکردەوە و وەکو هێزێکی بەکرێگیراو و پەرتەوازە ناردیانن بۆ نێو ئەبابیل تاکو تێیدا دەست بە کاولکاری بکەن، دواتر لەبەر ئەوەی زیاتر و زیاتر کاولکاری و فیتنە تێیدا بڵاو دەبۆیەوە لە نێو نەوەکانی قوڕ و ئاگردا، بارودۆخەکە وای کردبوو زۆر ڕۆحی بێتاوان بکوژرێت.

پادشا گەنجەکە کە عاسف بوو هەموو ئەمانەی دەزانی، هەموو ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ئەبابیل دەبۆیەوە. دەیزانی دەبێت بە

خێرایی هێزەکانی جوڵە پێ بکات و جەنگ ڕابگەیەنێت لە دژی تاغین و **ڕێکخراوی جاسوم**، تاکو بارودۆخەکە ڕابگرێت.

بەڵام سەرەتا دەبوو ئاسایشی کۆشک بپارێزێت نەکا لە جەنگەکەدا سەرکەوتوو نەبێت.

هەر بۆیە ئەو شەوە تەواوی ئەوانەی کە متمانەی پێیان هەبوو، لە هاوڕێکانی و گەورەپیاوانی خێزانەکە کۆی کردنەوە تا سوێندی بۆ بخۆن لەسەر بەردە پیرۆزەکە، بەوەی کچەکەی و ژنەکەی بپارێزن و دڵسۆزیی خۆیان دووپات بکەنەوە لە جەنگی داهاتوودا کە دەبێتە هۆی هێنانی ئەمن و ئاسایش بۆ گەلەکەی و مەملەکەتەکەی.

ئەوانەش کە هاوڕێ و گەورەپیاوانی خێزانەکە بوون کەسیان بۆ یەک چرکەش لێی دوودڵ نەبوون و هاتنە پێشەوە و دەستیان لەسەر بەردەکە دانا و سوێندی دڵسۆزییان خوارد.

**

ئەوانەی کە پێیان وابوو پادشا تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە بانگی کردوون هەڵە بوون، لەبەر ئەوەی هێشتا شتێکی تر مابوو کە پێیان بڵێت. هەموویان چاوەڕێ بوون، کەسێکی نەناسراو دەهاتە پێشەوە لە شوێنەکە.

## ٣

## سەربیلی فاڵچی

لە دوورەوە بۆنی ئەو نەناسراوە هەر لەوە دەچوو کە هالەیەکی وزەبەرزی هەبێت، بۆیە هەمووان وایان هەست دەکرد کە مەترسییەک لێیان نزیک دەبێتەوە، تەنیا شمالی و حەکیم نەبێت کە تەماشای باڵندەی عنقائەکەیان کرد ئارام و لەسەرخۆیە، زانییان هیچ مەترسییەک لە ئارادا نییە و بەڵکو پادشا خۆی داوای چاوپێکەوتنی کردووە، ئەگەر نا باڵندەکە یەکەم کەس دەبوو کە هێرشی بۆ دەبرد.

لە چەند چرکەیەکدا و لە نێو درەختەکاندا ئافرەتێکی بە تەمەن هاتە دەرەوە کە هەرچەندی لاواز بوو، بەڵام هێشتا جوانی لە ڕوخساریدا دەبینرا، دوو چاوی زەیتوونی هەبوو هەر لە بێستانی زەیتوون دەچوون، خاڵێکی ڕەنگ تۆخی هەبوو وەک ئەوە بوو مانگ لەسەر ڕوخساری نەخشێنرابێت، ناوی سەربیلی فاڵچیی ئەبابیل بوو.

کەس دەنگی لێوە دەرنەدەهات، بەڵام بە تەواوی لە ڕوخساریاندا ئەوە دەبینرا کە لەنێو ناخیاندا بوو، هەموویان پرسیاری ئەوەیان لە مێشکدا بوو بۆچی ئەو فاڵچییە بانگ کراوە بۆ کۆبوونەوە نهێنییەکەیان، تا ئەو ساتەی ڕووی کردە پادشا و گوتی:

- دڵنیایت لەوەی کە دەتەوێت؟

- ئەگەر وا نەبوایە ئەمڕۆ بانگم نەدەکردیت.

- باشە، ئامادەی بکەن.

عاسف کچەکەی بەرز کردەوە لەسەر بەردەکە و خستییە نێو دەستەکانی فالچییەکەوە، بەڵام منداڵەکە نوکەی لێوە نەدەهات لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە باوەشی هیچ کەسێکی نەناسدا خۆی نەدەگرت، دەستی بە سەریدا هێنا و گوتی:

- مەترسە من لێرەم، لەگەڵتدام بچکۆلەکەم.

لەگەڵ ئەوەی منداڵەکە بە تەمەن بچووک بوو، بەڵام کە گوێبیستی دەنگی باوکی بوو ڕاستەوخۆ هێورتر بوویەوە.

**

لەبەر ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتبوو فالچییەکە دەمی نزیک کردەوە لە گوێی منداڵەکە و چەند وشەیەکی سەیری گوت کە کەس لێی تێنەدەگەیشت.

خەیزەران خۆی پێ نەگیراو گوتی:

- ئای خودایە، ئەو جادووی بەسەردا دەخوێنێت!!

شمالی وەڵامی دایەوە:

- بۆچی کارێکی وەها دەکات؟

- عاسف دەیەوێت بزانێت ئایا کچەکەی دوورەگە وەکو خۆی یاخود نا.

هەمووان لە نێو یەکتردا بە دەنگی نزم مشتومڕیان بوو، بەڵام دەیانزانی ئەگەر بێتو کچەکەی پادشا کە "جومانا"یە دوورەگ بێت، ئەوا پادشا داوا لە فالچییەکە دەکات کە وزەی ئاگر لەنێو ناخیدا دابگیرسێنێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت دەست بەسەر تواناکانیدا بگرێت.

دوای ئەوەی فاڵچییەکە تەواو بوو لە قسەکانی، گوێی خستە سەر سنگی منداڵەکە و گوێی لە لێدانەکانی دڵی گرتبوو بۆ ماوەیەکی زۆر، لە کۆتاییدا سەری بەرز کردەوە و هەواڵەکەی پێدان:

- بەڵێ، دوورەگە.

**

عاسف لەو ساتەدا پێویستی بە دوو سی زیادە هەبوو تاکو هەناسەی پێ بدات، لەبەر ئەوەی منداڵەکەی لە ئێستادا لە هەموو کاتێکی تر زیاتر دایکی خۆی بیر دەخاتەوە.

هەموویان چاوەڕێی ئەوە بوون کە پادشا داوا لە فاڵچییەکە بکات هێزی ئاگر لە دڵی منداڵەکە کار پێ بکات، بەڵام عاسف بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکانەوە منداڵەکەی کردەوە باوەش و گوتی:

**- دەری بهێنە، هێزی ئاگر لە دڵی دەربێنە.**

هەمووان سەرسام بوون لە دەوروپشتی بەردەکە، بەڵام تەنیا ئەیوبی سکرتێری کۆشک نەبێت کاردانەوەی نەبوو، ئەویش پێدەچوو پێش وەختە بە شتێک بزانێت کە ئەوانی تر نایزانن.

## ٤

## کێوی غوراب

لە شەوی ڕابردوودا کە عاسف ئەو کۆبوونەوەیەی کرد بە ڕابەرایەتی سکرتێری کۆشک، پێشوەختە بانگی کرد تاکو پێی بڵێت:

- دەمەوێت یاوەریم بکەیت بۆ کێوی غوراب، دەمەوێت چاوم بە سەربیل بکەوێت.

لەوکاتەدا بێزاریی بە دەموچاوی ئەیوبەوە دەبینرا، هۆکارەکەشی ئەوەبوو دەیویست بیرۆکەکە لە مێشکی عاسف بکاتە دەرەوە، گوتی:
- کچەکەت جەنگاوەرێکی بەهێز دەردەچێت ئەگەر هێزەکەی لە ناخدا بهێڵێتەوە.

- بەڵام ئەو شازادەیە و سەربازی سوپا نییە.

- بەڵکو ئەو تاکە سەربازی تۆیە دوای ئەوەی هەموویان بە خوێنی سەرت تینوو دەبن، ئەو لە پشتت دەوەستێت و ئەو کاتەی هەمووان وازت لێ دەهێنن.

زیاتر ڕوونی کردەوە:

- لەم ژیانەدا لە تۆ زیاتر ژیاوم و تاقیکردنەوەی زۆرم دیوە، لە پشت هەموو پیاوێک ئافرەتێکی بەهێز هەیە کە هەرگیز ناشکێت، هەر بۆیە ڕێگە بە کچەکەت بدە کە هێزەکەی هەبێت و دوای ڕۆیشتنت ببێت بە شوێنگرەوەت.

ئەو هۆکاری تری هەبوو بۆیە چەند هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە و ئامۆژگارییەکەی ڕەت کردەوە و گوتی:

- زۆرمان قسە لەم بارەیەوە کرد ئەیوب، نامەوێت لەمە زیاتر گوێبیستی ئامۆژگارییەکانت بم.

پاشان گوتی:

- ئاساییە ئەگەر لەگەڵمدا نەیەیت.

ئەیوب لەو کاتەدا زەردەخەنە گرتی، عاسف لێی پرسی:

- بە چی پێدەکەنیت؟

- لەبەر ئەوەی لە هەڵسوکەوتدا لە بەحری باوکت دەچیت، ئەویش هەرکاتێک ئامۆژگارییەکم کردبایە ڕاستەوخۆ دەیگوت: (ئەیوب ئەگەر دەتەوێت دەتوانیت بکشێیتەوە)، دەزانیت ئەو کاتە من چیم پێ دەگوت؟

- چی؟

- دەمگوت کە پیاوە ڕەشەکە هەرگیز دەست لە هاوڕێکەی هەڵناگرێت.

- ئەی چی بە من دەڵێیت؟

- هەمان ڕستەت پێ دەڵێمەوە، پیاوە ڕەشەکە هەرگیز دەستبەرداری هاوڕێکەی نابێت.

عاسف دەستی خستە سەر شانی ئەیوب و گوتی:

- دوای ئەوەی لەم جەنگەی لە پێشمانە تەواو دەبین بە دوای ئافرەتێکی جواندا دەگەڕێین بۆت، تاکو خێزانێکی جوانی لەگەڵدا پێک بهێنیت.

ئەیوب بە بیستنی ئەوە دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوەی بە تەمەندا دەچوو ئەوە کۆتا هیواکانی ئەو بوو کە ئافرەتێک ئەو دڵە چۆڵەی پڕ بکاتەوە، منداڵێکی کوڕیشی ببێت.

بەڵام هۆکاری ئەوەی کە دەیویست کوڕی ببێت ئەوە نەبوو کە کوڕی بەلاوە باشتر بێت، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە دەیویست ناوی هاوڕێی تەمەنی "بەحر"ی لێ بنێت.

عاسف بیرکردنەوەی پچڕاند و گوتی:

- با خێرا بچین بۆ چیاکە بەر لەوەی خۆر هەڵبێت.

- باشە، بەڵام با هەندێک سەرباز لەگەڵ خۆماندا ببەین.

- نەخێر ئەیوب، من و تۆ و سرابی بە بابەتەکە دەزانین نابێت بە کەسی تر بڵێین، ئەگەر نا هەواڵەکە بڵاو دەبێتەوە.

- بەڵام کێوی غوراب زۆر دوورە و ڕێگەکەش مەترسیدارە، هیچ شتێک باش نابێت ئەگەر بێت و یەکێک لە دژمنەکان بمانبینێت، لەبیرت چوو لە بەرانبەر کەللەسەرت خەڵاتی گرانبەهایان داناوە؟!

- بێخەم بە بە ئاگادارییەوە دەچینە ئەوێ، کەس چاوی پێمان ناکەوێت.

**

هەردووکیان بەرەو ئەو جێیە چوون، بە وریاییەوە توانیان بە ئاسانی نارەحەتییەکان تێپەڕ بکەن کە لە ڕێگادا دەهاتە بەردەمیان، بەڵام دوای ئەوەی گەیشتنە بەردەم دەروازەی چیاکە ئەیوب وەستا بەبێ هۆکار، پاشان گوتی:

- کەسێک دوامان کەوتووە.

لەبەر ئەوەی بە تەواوی تـــاریکیی بـــاڵی کێشـــابوو بەســـەر شوێنەکەدا، دوای ئەوەی کە عاسف بۆ دواوە ئاوڕی دایەوە، بینی لە ژێــر ســـێبەری مـــانگەکەدا کۆمەڵێــک لە جـــادووگەران لە دوایەوە وەستابوون و چاوەڕێی ئەوە بوون کە دیارییەکەیان بە دەست بهێنن.

ترسەکەیان زیاتر بوو لەو بارودۆخەدا، بۆیە لەو کاتەدا بە چەند تەلیســمێکی کەم دەیـانتوانی کۆمەڵێـک ســوپای گەورە لە جنـۆکە و شـەیتان ئامـادە بـکەن، بەڵام لەو کـاتەدا ئەیـوب بە خێرایـی ڕاپەڕی و سەری هەر هەموویانی لێ کردەوە و لە سـەر زەوییەکە بە یەکجار کەوتن.

عاسـف بەو دیـمەنە سەرسـام بـوو نەک لەبەر ئەوەی ئەیـوب بە توانـــا بـــوو، بەڵکـــو لەبەر ئەوەی هێنـــدە خێرابـــوو لەگەڵ ئەوەی جەستەیەکی گەورەی هەبوو لە کاتێکدا مرۆڤە و تواناى دیاریکراوی هەیە.

دوای ئەوەی تەواو بـوو، ویسـتیان دووبـارە بەڕێ بـکەونەوە بـۆ چیاکە، ئەیوب لە جێی خۆی وەستابوو، عاسف پرسیاری لێ کرد:

- چیتە؟

- هەست دەکەم شتێک لە نزیکمانەوە وەستاوە.

لەگەڵ ئەوی شـتێک جوڵا و کەمێـک ون بـوو، دووبـارە گەڕایەوە، منـداڵێکی بە دەسـتەوەبوو کە تەمەنـی شەشســاڵانی تێـپەڕ نەدەکـرد، خستی بە زەویدا و گوتی:

- پێــدەچێت لەگەڵیانــدا هاتبێــت، بەڵام بەشـــداری جەنگەکەیـــانی نەکـردووە بەڵکـو تەواوی کـاتەکە خـۆی شــاردبۆیەوە، بەڵام لە هەر بارودۆخێکدا بێت نابێت ڕێگەی پێ بدەین بڕوات.

بەڵام لەو کـاتەی کە ئەیـوب تەواوی هێـزەکەی کـۆکردەوە لە دەسـتیدا و ویسـتی بیـدات لە منـداڵەکە، منـداڵەکە چـاوی داخسـت لە ترساندا و گوتی:

- تۆ لە کوێی دایکە.

- دوای ئەوەی عاسف گوێبیستی ئەوە بوو خۆی بیر هاتەوە پێش چەندان ساڵ کە لە گۆڕستان هـاواری دایکەمردووەکەی دەکرد دوای ئەوەی کە بینی تەواوی خەڵکی لادێکە دایکی دەنێژن. بۆیە گوتی:

- ئازادی بکە، با بۆ لای دایکی بڕوات.

- دەزانیـت کە ئەو بە ئەنقەسـت وادەکـات، ئەو جـادووگەرە و دەگەڕێتەوە بۆ لای هـۆزەکەی و پێیـان دەڵێت دەربـارەی شـوێنەکە و دواتر جادووت لێ دەکەن و خەڵاتەکە دەبنەوە.

عاسـف لە جـادووگەرە منـداڵەکە نزیـک بـۆیەوە و یـارمەتی دا لە زەوییەکە هەستێتەوە:

- ناوت چییە؟

- یاسین.

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە یاسین؟

- بەڵێنم پێ بدە کە لێم تـووڕە نەبیت ئەگەر ڕاسـتییەکەت پێ بڵێم گەورەم؟

- بەڵێن بێت.

- هۆزەکەمان لە جێیەکی دوور دەژی کە هێندە تـاریکە ڕوونـاکی خـۆری پـێ ناگـات، بیسـتوومە کە دەڵـێن لە بەرانـبەر سـەرتدا خەڵات هەیە، پارچە زەوییەکەی گەورە لە ئەبابیل و پێنج شـاخ لە ئاڵتوون و زیو.

عاسف بابەتەکەی هەڵهێنا:

- تۆش دەتویست بمکوژیت تاکو ئەو پارچە زەوییە ببەیتەوە و خێزانەکەت بهێنیت بۆ ئێرە و لەو زەوییە تاریکە ڕزگاریان بکەیت وایە؟

- بەڵێ، ئەوە هۆکارەکەیە گەورەم.

- کەواتە بۆچی لەگەڵ ئەوانەی تردا هێرشت نەکردە سەرم؟

- شتێک لە ناخمدا لە کۆتاییدا پێی گوتم کە ئەوەی دەیکەم هەڵەیەکی گەورەیە، بۆیە ئەو کاتەی هاتن بەرەو ڕووت هێرشت بکەنە سەر من لە پشتی درەختەکەوە خۆم شاردەوە.

عاسف سەرسام بوو بەو منداڵە کە لە کۆتاییدا بڕیاری ڕاستی داوە، هەر بۆیە شتێکی لە بازنەکەی دەستە چەپی کردەوە کە لە قڕ و زەیت و بەردی تایبەت دروست کرابوو کردییە دەستی یاسین و گوتی:

- ئەمە هاوسەرەکەم بە دەستی خۆی بۆی دروست کردووم. دەبێت زۆر بە باشی ئاگاداری ببیت و بۆم بگەڕێنیتەوە بۆ کۆشک ئەو کاتەی سەردانت کردم. ئەو کاتە پارچەیەک زەوی گونجاو دەدەم بە خێزانەکەت.

- هەر بە ڕاستیتە گەورەم؟

- بەڵێ، ئەو زەوییە دەبێتە هۆکاری هاوڕێیەتیمان، باشە؟ یاسین سەری لەقاند بە هێمای بەڵێ و لە کۆتاییدا سوپاسی کرد و عاسف پێی گوت:

- ئێستا دەتوانیت بە سەلامەت بگەڕێیتەوە.

یاسین کۆمەڵێک تەلیسمی خوێند و پاشان ونبوو.

**

عاسف و ئەیوب بەسەر چیاکەدا سەردەکەوتن، هەر خالێک کە بەسەریدا سەردەکەوتن زیاتر و زیاتر سارد دەبوو لەبەر ئەوەی یەکپارچە سەهۆڵ بوو.

بەردەوام بوون تاکو گەیشتنە لوتکەی چیاکە و خۆیان بینیەوە لە بەردەم کوخێکی بچووکی تەنگەبەردا، لەگەڵ ئەوەی لەنێو ئەو بەفرەدا بوو بەڵام پێدەچوو دووکەڵی گەرمی لە نێو ئاگردانەکەدا بێتە دەرەوە. لە ئاسمانیشەوە ڕووناکی مانگ دەبینرا.

ئەیوب لە دەرگای دا، دوای چەند چرکەیەک فاڵچییەکە دەرگاکەی بۆ کردەوە:

- داوای لێبوردنمان هەیە لەم کاتە درەنگەدا هاتین.

ژنەکە لە ڕوخساری عاسفی دەڕوانی لەبەر ئەوەی شێوەی لە ڕوخساری کوڕە ونبووەکەی دەچوو.

ئەیوب خەیاڵەکانی پچڕاند و گوتی:

- جەنابی فاڵچی؟

ڕاستەوخۆ ڕووی کردە ئەیوب:

- دەمانەوێت لە کارێکدا یارمەتیمان بدەیت.

ڕێگەی بۆ چۆڵ کردن بێنە ژوورەوە و گوتی:
- وەرنە ژوورەوە.

**

لە نێو کوخەکەدا فاڵچییەکە لەسەر زەوی دانیشت و لە بەرانبەریشیدا عاسف و ئەیوب دانیشتن، پرسیاری لێ کردن:

- چ جۆرە خزمەتێکتان لە من دەوێت؟

عاسف کەوتە قسە:

- سبەی شەو کۆبوونەوەیەکمان هەیە دەمەوێت تۆش ئامادەبیت.

فاڵچییەکە هیچ قسەیەکی نەکرد:

- دەمەوێت دڵنیام بکەیتەوە ئایا کچەکەم دوورەگە یاخود نا.

گوتی:

- بەڵام زۆر کەس هەیە کە لەنێــو گەورەپیــاوانی خێزانەکەتــدا دەزانـن ئەو جـۆرە جـادووانە بخـوێنن، بـۆ داوا لەوان ناکەیـت وەک لەوەی لە منی داوا دەکەیت.

ئەیوب هەڵیدایە:

- ئێمە لەبەر ئەوە نەهاتووین سەربیل.

ڕاستەوخۆ ئارامی لەدەست دا و گوتی:

- ئایا واز لەم گفتوگۆ پڕنهێنییە دەهێنن؟

- دەیەوێت دوای ئەوەی کە بەوە دەزانیت ئایا دوورەگە یاخود نا هێزەکەی لە ناو ببەیت.

ڕووی کردە عاسف و گوتی:

- بۆچی دەتەوێت هێزی ئاگر لە دڵی کچەکەدا دەربهێنیت؟

وەڵامــی نەدایەوە لەبەر ئەوەی دەترسـا چارەنووسـی نزیـک بێـت لەوەی خـۆیەوە، ئەویـش بە هەمـان شـێوە لەو هەمـوو ناخۆشـییانەدا بژی کە خۆی تێیدا ژیاوە.

فاڵچییەکە چاوەڕێ بوو و تەماشـای چاوە قاوەییەکانی دەکـرد کە ڕووناکییەکەی تێدا دەبینرا گوتی:

- دەترسم بمرێت.

بە سەرسامییەوە پرسی وەک ئەوەی مەترسییەکە ڕوون بکاتەوە:

- ئێمە لە مردن ناترسین بەڵکو لەوانە دەترسین کە دوای ئێمە دێنە سەر حوکم.

چاوەکانی زیاتر نیگەرانییان تێدا دەبینرا، ئەوەش وای کرد خوێندەوەی چاوەکانی ئاسانتر بێت، بەڵام هەوڵی دا زیاتر وەڵامێکی ڕاست و دروست وەربگرێت.

ئەوەشی دۆزییەوە ئەوە بوو:

**- تۆ دەترسیت بمریت و کەسێک هێزی کچەکەت بقۆزێتەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاری بێنێت، وەک ئەوەی نەنکت لەگەڵ تۆدا کردی ئەو کاتەی کە منداڵ بوویت.**

هیچ قسەی نەکرد لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەوەی لە چاوەکانیدا خوێندبویەوە ڕاست بووە، گوتی:

- ڕابردوو بەوەوە ناو نراوە کورەکەم، لەبەر ئەوەی تەنیا لە دوێنێدا کۆتایی نەهاتووە وەکو هەندێک کەس پێیان وایە، بەڵکو ڕابردوو تەواوبوونی ئەمڕۆ و داهاتووشمان دەگرێتەوە.

پاشان پرسی:

- سبەی شەو کۆبوونەوەکە لە کوێ دەبێت؟

ئەیوب وەڵامی دایەوە:

- لەنێو یەکێک لە هۆڵەکانی کۆشک.

پاشان پێشنیاری کرد:

- نەخێر، با لە بەردەم بەردە پیرۆزەکە بێت.

هەرچەندی کۆبوونەوەکە گرنگ بوایە، بەو جۆرە جەبار لەگەڵ گەورەپیاواندا کۆبوونەوەی دەکرد.

ئەیوب و عاسف تەماشای یەکیان کرد و دواتر بە پێشنیارەکەی ڕازی بوون، دوای ئەوەی عاسف هیچ شتێک نەما لاری لێی هەبێت. گوتی:

- کێشە نییە، کەواتە کۆبوونەوەکە لای بەردەکە دەکەین.

فاڵچییەکە دەستی بۆ دەرگاکە ڕاکێشا و گوتی:

- ئێستا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە لێوەی هاتوون، سبەی شەو لە کۆبوونەوەکە ئامادە دەبم.

**

دوای ئەو کاتەی عاسف و ئەیوب ڕۆیشتن، فاڵچییەکە کەسێکی پێکەنیناوی بینی لە بەردەم دەرگاکەیدا وەستابوو، جلوبەرگێکی سەیر و کڵاوێکی قوماشی ئەستوری لە سەردا بوو:

بە سەرسامییەوە پرسی:

- کێیە؟

کەسەکە کڵاوەکەی سەری داگرت و قژی بڵاو بووەوە بەسەر شانەکانیدا، ئەوەی سەیر بوو ئەو کەسەی کە بینی ئافرەت بوو، پیاو نەبوو.

تەماشای کرد و پرسی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟!

٥

## تارای ماری کوبرای جنۆکە

لە دوای گەڕانەوە بۆ بەردە پیرۆزەکەی کۆبوونەوەکە، هەمووان ئامادە بوون. جگە لە ئەیوب هەمووان سەرسام بوون بەوەی کە بیستیان پادشا داوای چاوپێکەوتنی فالچییەکەی کردووە.

لە خۆیان ئەپرسی ئایا ئەوەی بینیویانە خەیاڵە یاخود ڕاستییە.

شاژنە سرابی لەو کاتەدا قایل نەبوو، بەڵام ڕوخساری بە جۆرێک بوو کاردانەوەی خۆی هیچ پیشان نەدەدا، تاکە کەس کە بە مەترسی بابەتەکەی دەزانی کە بەسەر منداڵەکەدا دێت تەنیا حەکیم بوو، هێشتا زۆر بچووک بوو، بێگومان ڕەنگە جەستەی بەرگەی ئەو جادووانە نەگرێت، هەنگاوێک چووە پێشەوە و بە دەنگی بەرز گوتی:

- خولەکێک، من ڕازی نیم.

هەر کە حەکیم هەنگاوێک چووە پێشەوە، ڕاستەوخۆ شمالیش چووە پاڵی شانبەشانی یەک، تەنانەت هێشتا بە تەواوی نەیدەزانی چی لە نێو مێشکی حەکیمەکەدا دەخولێتەوە، بەڵام هاوڕێیەتی واتە ئەوەی لە پاڵ یەکدا بوەستن و دواتر پرسیار ئاراستەی یەک بکەن.

عاسف وەڵامی دایەوە بەر لەوەی گفتوگۆیەکە دەست پێ بکات:

- ئەمە کچی منە، من چاکەی ئەو باشتر دەزانم وەک لە هەر کەسێکی تر.

حەکیمەکە بە کەللەڕەقەییەوە وەڵامی دایەوە:

- من بەر لە کەمێک سوێندم خواردووە کە بیپارێزم.

پاشـان بە دەنگـی بەرز وەلامـی دایەوە بە جۆرێـک کە بەرانـبەر پادشا وەستاوە:

- ڕێـگەت پێنـادەم ئـازاری بـدەیت تەنـانەت ئەگەر هێـزەکەت بەکاربهێنیت!!!

لەگەڵ سەرمای کەشەکەدا، بەلام ئەو قسانە وایان کرد هەمووان هەست بە گەرموگوڕی بکەن.

عاسـف کە چـاوەڕێی ئەوە نەبـوو بەو ڕادەیە حەکـیم لەسـەر قسەکانی خۆی سور بێت کە کەمێک بەر لە ئێستا کردوویەتی، بۆیە ڕووی کردە فاڵچییەکە و گوتی:

- گوێی پێ مەدە، ئەوە بکە کە لەسەری ڕێککەوتووین.

- فەرمانتە خاوەن شکۆ.

لەو کاتەدا فاڵچییەکە دەستی کرد بە خوێندنی جادووەکەی.

دوای ئەوەی حەکیم هەستی کرد کە هیچ ڕێگەیەک نەماوەتەوە بۆ هەڕەشەپێکردن بۆیە ڕاستەوخۆ شمشێرە درێژەکەی کە لە شمشێری ساموورای دەچوو بە پشتی شمالییەوە بوو دەری هێنا و هێرشی کردە سەر فاڵچییەکە بەبێ ئەوەی بوار بدات کەس بیوەستێنێت.

بەلام بەر لەوەی حەکیمەکە بە تەواوی لێی نزیک بێتەوە شتێکی تونـد لە دواوە زەبـری پـێ گەیانـد و شمێشـرەکەی لە دەسـت کەوتە خوارەوە و خۆشی کەوت بە زەویدا و خوێنی لێ دەچۆڕا:

باڵندە عنقائەکە "ئیکلیل" ڕێگەی بە کەس نەدەدا هێرش بکاتە سـەر میوانی پادشا.

شـمالی بەرگەی ئەوەی نەگـرت، بە تـوورەییەوە شمشـێرەکەی لەسـەر زەوی هەڵگـرتەوە و پەلامـاری عاسـفی دا لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگەی بە باڵندەکە دا هێرش بکاتە سەر حەکیمەکە.

لەوێدا عاسـف تووشـی کێشـە بـوو لەبەر ئەوەی ئەوانە هـاوڕێی بوون، ئەگەر کارێکی هەڵەی بکردایە ئەوا شکۆی لەبەردەم هەمووانـدا دەشکا، هەر بۆیە ڕەنگی چاوی گۆڕی بۆ سـور و کەڵبە و چڕنـووکی درێژ بوو، بە ئاراستەی باڵندەکە هێرشی کرد.

لەو کـاتەدا هەمــووان سەرسـام بــوون بەوەی کە ڕوویــدا، نەیاندەزانی چۆن دەمەقاڵێکە کۆتای پێ دێت، لێرەدا بونەوەرە ڕەشـە ترسناکەکە لە نێوان درەختەکاندا هاتە دەرەوە بەرەو لایان.

**تارای ماری کوبرای جنۆکە** لە ژێر لێوەوە بە دەنگێکی ترسـناک گوتی:

**- خێرا ئەم یارییە بوەستێنن کوڕینە.**

هەمـووان لە جێی خۆیانـدا وەسـتان دوای ئەوەی گوێبیسـتی ئەو توورەبوونە بوون.

شـمالی بەرەو حەکـیم ڕایکـرد تـاکو دڵنیـابێتەوە دۆخـی باشـە:
- حەکیم تۆ گوێت لێمە؟!

حەکیم نەیـدەتوانی لێـوی بجوڵێنێت چـونکە دەمـی پڕ بووبـوو لە خۆڵ، بەڵام تەنیا سەری لەقاند و وەڵامی دایەوە.

شمالی هەڵی ساندەوە و گوتی:

- دەست بخە سەر شانم، لێرە دەڕۆین چونکە لێرە هیچ جێیەک بۆ ئێمە نەماوەتەوە.

برینەکەی سـەری تـا ڕادەیەک قووڵ بـوو هێندەی لەپـی دەسـتێک دەبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە یارمەتی هەبوو بۆ هەستانەوە بەهۆی خۆبەزلزانییەکەیەوە یارمەتی وەرنەگرت، بۆیە بە قورسی هەستایەوە و گوتی:

- کێشە نییە، خۆم دەتوانم هەڵبستمەوە.

شمالی بەرەو ڕووی ئەیوب چوو، گوتی:

- ئێمە هاوڕێی تۆشین ئەیوب، ئایا بەوە قایل دەبیت کە کەسێک ئازاری هاوڕێکانت بدات؟

ئەیوب وەڵامی نەدایەوە، شمالی هاواری کرد بەسەریدا:
- تۆ هەرگیز هێندە ترسنۆک نەبوویت، قسە بکە!!

ئەیوب سەری لەقاند و گوتی:

- قایل نیم.

شمالی گوتی:

- وەرە لەگەڵماندا ئەم جێیە جێ دەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ دێی جەساسە.

ڕاستبوو کە ئەیوب لە کۆتاییدا ئەو ڕەفتارەی عاسفی بە دڵ نەبوو، لە هەندێک کاتدا هەستی بە سەیریی هەڵسوکەوتی دەکرد، بەڵام دەیزانی ناچارە کە لەگەڵیدا بمێنێتەوە. نەک لەبەر ئەو، بەڵکو لەبەر **جومانا و بەحر**، ئەو دووانە لە دونیادا نەمابوون بەڵام هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی بەیانییەکی نوێ بوون. دڵنیابوون کە هاوڕێیەتییەکەیان تاکە شتە دەمێنێتەوە.

شمالی پرسی:

- دەمێنیتەوە یاخود لەگەڵماندا دێیت؟

- لێرە دەمێنمەوە.

حەکیمەکە دەستی بە پشتییەوە گرتبوو گوتی:

- کێشە نییە جەنابی گۆریلا، بمێنەرەوە وەک ئەوەی پێت خۆشە.

دوای ئەوەی لەسەر زەوییەکە هەستایەوە سەر پێی خۆی، بە ڕقەوە ڕووی کردە عاسف پاشان خۆڵەکەی لە دەمی کردەوە تاکو بە ڕوونی بتوانێت قسە بکات و گوتی:

- لێرەدا هاوڕێیەتیمان کۆتایی پێهات.

ئەو وشانە عاسفی ئازار دا، ئەو هاوڕێکانی زۆر خۆش دەویست، ئێستا بووبووە دێوێکی تێکشکاو، بەو وشانەی کە لە دڵییەوە بوو دەربارەی کچەکەی، ئەو دەیویست داوای مانەوە بکات، بەڵام ئەوەی لە دەمی هاتە دەرەوە ئەمە بوو:

- ئەوە بکەن کە خۆتان پێتان خۆشە...

بەو جۆرە حەکیم و شمالی بەرەو گوندی جەساسە بەڕێکەوتن.

**

فاڵچییەکە دەستی کرد بە ڕێوڕەسمەکە کە پێویستی بەوە هەبوو کۆمەڵێک تەلیسمی سادە بخوێنێت تاکو منداڵەکە خەوی لێ بکەوێت. لەسەر خۆڵەکە پاڵیکەواند و لە دەوروپشتیدا هێڵێکی بازنەیی دروست کرد، تاکو بە ئاسانی بتوانێت بیخوێنێت:

- ئەی سەرداری گەورە و ئازا، بەوەی کە بە منت بەخشیوە، داوا دەکەم بۆم جێبەجێ بکە... لە خاکی ئێوەوە بۆ خاکی ئێمە بینێرە.

چەند جارێک گوتییەوە و گوتییەوە تاکو زەوییەکە لە ژێر پێی هەمووان دەستی بە لەرزین کرد و شەق بوو، سێ سەری سووری گەورە کە لە کوولەکەی تەڕ دەچوون هاتنە دەر، سێ لە جنۆکە خزمەتکارەکان بوون کە بە دەم داواکارییەکەوە هاتبوون.

هاتنه سەر زەوی و بە دەوری شازادە خەوتووەکەدا دەخولانەوە و جەستەیان دەلەراندەوە وەکو سەگی هار، بە دەنگێکی ترسناک ئەم دێڕەیان دەگوتەوە:

- "لە خاکی ئێمەوە بۆ خاکی ئێوەوە، هاتووین فەرمایشتەکەتان جێبەجێ بکەین".

بەردەوام بوون لە گوتنەوەی ئەو قسانە، بە دەوری کچەکەدا دەخولانەوە بە شێوەیەکی بازنەیی تاکو ڕووناکییەکی شین لە منداڵەکەوە پەیدا بوو.

دوای چەند خولەکێکی کەم، ڕووناکییە شینەکە تەواویی جەستەی گرتەوە، بەڵام منداڵەکە بە جۆرێک خەوتبوو هیچ هەستی بە خۆی نەدەکرد.

**

لە کۆتاییدا کە تەواو بوون لەو مەراسیمە، هەرسێ خزمەتکارەکە گەڕانەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێوەی هاتبوون. فالچییەکە منداڵەکەی گرتبوو بە دەستییەوە و بەرزی کردەوە لە بەردەم هەمووانـدا بە دەنگی بەرز ڕای گەیاند:

**- ئێستا شازادەکەتان مرۆڤە.**

عاسف چاوی بڕییە دانە بە دانەی ئامادەبووان تاکو دڵنیاببێتەوە لەوەی کە زانیارییەکە بە هەموویان وەکو یەک گەیشتووە، زانیان کە ئێستا کچەکە بووەتە کچێکی ئاسایی و ئیتر کەس لە داهاتوودا ناتوانێت بەکاری بهێنێت.

لە دوای ئەوەی ئەوە تەواو بوو فەرمانی پێدان بە هەنگاوی دواتر:

- سوپاکە ئامادە بکەن، لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا دەردەچین.

لە کۆتاییدا دوای ئەوەی چیتر پێویستی بەوە نەدەکرد فاڵچییەکە لەوە زیاتر بمێنێتەوە، منداڵەکەی گەڕاندەوە باوەشی دایکی و گوتی:

- شیر بدە بە منداڵەکەت و ئاوی باشی پێ بدە، کچەکەت ماندووە و تاکو حەوت ڕۆژ چاک نابێتەوە.

دەبوو دوای ئەوە فاڵچییەکە بڕوات، بەڵام تەماشای چاوەکانی دەکرد وەک ئەوەی بیەوێت کە لە کارێکی گرنگ ئاگاداری بکاتەوە پاشان بڕوات.

ڕەنگیشە لەبەر ڕووناکی شوێنەکە بووبێت، بەڵام کەس ئاگاداری ئەو ئاڵوگۆڕی نیگایانە نەبوو جگە لە یەک کەس نەبێت، ئەویش 'تارا'ی ماری کوبرا جنۆکە بوو.

## ٦

## ڕاسپاردە

دوای ئەوەی ئەو شـەوە سـەختە تێپەڕی و لە جـێگەی کۆشـکی پادشایەتیدا کچەکەی خرایە سـەر جێگەکەی و لەبەر ئەوەی کەشـەکە زۆر ساردبوو، بە لێفەیەکی قورس داپۆشرا.

مـاوەیەکی زۆر بە دیـار کـچەکەیەوە وەسـتا وەک ئەوەی بیەوێت شـێوەی کـچەکەی لە بەرچاویدا خەزن بکا، هێندەی خۆش دەویسـت ئامادەبوو هەواشی بۆ لا ببات ئەگەر بیزانییایە ئازاری دەدات.

سەری لێی نزیک کردەوە و بۆنی یاسـەمینی لێ دەهـات، دڵنیـابوو لەوەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بمرێت دووبـارە بەو بۆنە یاسـەمینەدا دەزانێت کە دووبارە لەدایک بۆتەوە.

بە گوێیدا چپاندی:

**– تەواوی تەمەنـت لە بیـرت بێـت کـچەکەم، خـودای گەورە وەڵامی نزاکار دەداتەوە هەر کاتێ نزا بکات.**

کەمێک بێدەنگ بوو، گوێی لە دەنگێکی فریشتە ئاسا بوو:

– هەر نزایەک باوکە؟

ماچێکی ناسکی کرد و گوتی:

**– بەڵێ هەر نزایەک.**

دوای ئەوەی لە ماڵئاوایی کچەکەی تەواوبوو، بەر لەوەی بڕوات بەرەو ڕووی هاوسەرەکەی، چوو کە لە پاڵیدا دانیشت و تەماشای دەکرد:

- بۆچی سوپاکە نانێریت و خۆت لێرە بمێنیتەوە؟

گوتی:

- خۆزگە توانیبام وام کردبایە، بەڵام ناتوام سرابی... ناتوانم داوا لە سەربازەکانم بکەم ماڵ و خێزانییان بەجێ بهێڵن و خۆیان بکەنە مەترسییەوە، منیش لێرەدا چاوەڕێی گەڕانەوەیان بکەم.

- بەڵام دەترسم ئازارت پێ بگات.

بە تۆنێکی گاڵتەوە وەک ئەوەی بیەوێت ترسەکەی کەم بکاتەوە گوتی:

- خەمت نەبێت هەر هێندەی دژمن بمبینێت ڕاستەوخۆ دەکشێتەوە بەبێ جەنگ، چییە هێزەکەمت لە بیر کردووە؟

- هەرچەند بەهێز بیت هێشتا دڵم لات دەبێت.

پاشان لەبەر ئەوەی بیری کەوتەوە کە دەتوانێت لەگەڵیدا بڕوات گوتی:

- بۆچی لەگەڵ خۆتدا نامبەیت بۆ جەنگەکە، منیش وەک تۆ بەهێزم، تەماشا بکە.

چەند جوڵەیەکی جەنگی سەیری ئەنجام دا کە تەنیا ئەوە بوو خستییە پێکەنین دواتر شمشێرێکی دەرهێنا.

- ئەمە بگرە.

دواتر وا خۆی پیشان دەدا کە لە بەرانبەریدا دژمن وەستاوە و لێیان دەدات.

نەدەوەستا تاکو لە پرێکدا هاوسەنگی خۆی لەدەستدا و کەوت، هێندەی نەمابوو شمشێرەکە بەسەریدا بکەوێت و زیانی پێ بگات، بەڵام ڕاستەوخۆ عاسف گرتییەوە.

سەری خستە سەر سنگی:

- کەمێک هاوسەنگی خۆمم لەدەست دا، تکایە لەگەڵ خۆتدا بمبە.

- مـن هێـزم لە تـۆوە وەرگرتـووە سـرابی، مـانەوەت لێـرە و بەشـدارینەکردنت لە جەنگـدا گرنگیـت کەم ناکـاتەوە، لێـرە باشـترە ئاگاداری جومانای کچمان بیت، باشە؟

سەری لەقاند و گوتی:

- باشە.

بەڵام عاسف ئەزمـوونی ڕەفتـارکردنی نەبـوو لەگەڵ ئافرەتانـدا و سـرابیش یەکەم کـچ بـوو کە هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا دەکـرد، هەسـتی دەکـرد دەیەوێت پەیوەنـدییەکەی بەردەوام بێـت و لەو کـاتەدا مـاچی بکات.

بەرەو لای دۆڵابی چەکە تایبەتەکانی بەڕێکەوت:

- دەبێـت جلـوبەرگی جەنـگ لەبەر بـکەم، دوای کەمێـک سـوپاکە دەست بە جوڵە دەکات.

جلە حەریرەکانی داکەند کە لەشە ڕووتەکەی داپۆشیبوو.

سرابی بەرەو لای چوو:

- با یارمەتیت بدەم.

ئەو جلـەی بـۆ هەڵبـژارد کە لە پێسـتی ڕێـوی دروسـت کرابـوو، شـانەکانی داپۆشـی و ئەوەی مـایەوە لە جەسـتەی بە پـارچەیەک

فەرووی بەرخ داپۆشی، تاکو لەو کەشە سەرمایەدا هەست بە سەرما نەکات.

دوای ئەوەی تەواو بوو گوتی:

- ئێستا کاتی بەستنی زرێکەیە.

- پێویستم بە بەستنی زرێ نییە، چونکە لە کاتی جوڵەدا جەستەم قورس دەکات.

- بەڵام سەلامەت دەتهێڵێتەوە، تکایە لەبەر من لەبەری بکە.

سەری لەقاند و گوتی:

- تەنیا لەبەر تۆ.

سرابی بە زرێ ئاسنینەکەی کە جنۆکە ئاسنگەرەکە لە زیو بۆی دروست کردبوو، تەواوی سنگ و سکی دادەپۆشی، وە بەشی پشتەوەی بە پێستە داپۆشرابوو.

هەرچەندە سەرقاڵ بوو بە قژییەوە، بەڵام بە چاوەکانی قسەی لەگەڵدا دەکرد.

**لەو ساتەدا دەیویست پێی بڵێت وەکو بارانی دوای وشکەساڵی وەهایت کە زەوی تینوو دژیەنێتەوە،** بەڵام نەیتوانی وەها بڵێت، نەک لەبەر ئەوەی بەرانبەری وەستابوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیدەزانی چۆن وشەکانی بهۆنێتەوە بە جۆرێک کە لە بەرانبەریدا پێکەنیناوی نەبێت.

لێی نزیک بۆیەوە نەک لەبەر ئەوەی دەڕۆیشت، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەو تاکە کەسە کە دەتوانێت لەگەڵیدا بمێنێتەوە لەنێو ئەو هەموو پشێوی و کێشەیەی کە ڕوویداوە.

- ئێستا کاتی کڵاوەکەیە.

سرابی کڵاوەکەی لە نێو دۆڵابەکەدا دەرهێنا، دواتر کڵاوەکەی بە دەستەوە گرت و لەسەر نوکەپێ وەستا تاکو بیخاتە سەر سەری، بەڵام لەبەر ئەوەی عاسف باڵای لەو بەرزتر بوو نەیتوانی بە سەری بگات، بۆیە ئەم جارە عاسف خۆی بۆ نوشتاندەوە.

دوای ئەوەی کردییە سەری لە جێی خۆی جێگیری کرد، سێ هەنگاو چووە دواوە تاکو بە تەواوی لێی بڕوانێت، لە سەرییەوە تاکو نووکی پێی، وەکو دایکێک کە کوڕەکەی ڕەوانەی جەنگ دەکات و نایەوێت لە هیچ شتێکی کەم بێت، گوتی:

- دەزانم چیت کەمە.

پاشان بەرەو دۆڵابە شووشەییەکە چوو لە نێویدا گیراوەیەکی ڕەنگبۆری دەرهێنا.

بە سەرسامییەوە پێکەنی و گوتی:

- پێم نەڵێیت بە ڕاستتە، دەتەوێت بۆن بدەیت لە سەربازێک کە دەچێت بۆ جەنگ؟

- هیچ یاسایەک هەیە ئەوە ڕەت بکاتەوە؟

بێدەنگ بوو، نەیدەزانی چۆن ئەوە ڕوون بکاتەوە ئەوان دەچن بۆ ڕێی مردن پێویست ناکات بۆن بدەن لە خۆیان، ئەگەر بێت و مردن بۆنیان بکات ئەوا دەیانفڕێنێت، بۆیە خۆیدا بە دەستەوە:

- باشە، ئەوە بکە کە پێت خۆشە.

سرابی بە پێکەنینەوە چەند قەترە زەیتێکی گوڵی سەوسەنی پێدا پرژاند، چەند جارێک دەستی بە ڕوخساریدا هێنا کە تازە تاشیبووی.

دوایی کە تەواو بوو گوتی:

- بەم جۆرە بۆنی منت پێوەیە، ئێستا تۆ دەجەنگیت و منیش لەگەڵتدام.

هەردووکیان لەو کاتەدا زیاتر لە یەک نزیک بوونەوە، هێشتا وەکو دوو باڵندە وەها بوون کە تازە دەگەڕێنەوە نێو هێلانەکەیان، نەیدەزانی لە خۆشەویستیدا هەندێک ڕەفتار بچووک و سادەیە، بەڵام کە ئەنجام دەدرێت مانای زۆرە یاخود بێ هۆکارە.

بە چەند چرکەیەک پرسیاری لێ کرد:

- بەڵێنم پێ دەدەیت بە سەلامەت بگەڕێیتەوە؟

- کێشەی منت نەبێت، ئەوە یەکەم جارمان نییە تێیدا بچین بۆ جەنگ.

دووبارە پرسییەوە.

- بەڵێنم پێ دەدەیت بە سەلامەت بگەڕێیتەوە؟

وەکو ئەوەی ڕوونکردنەوە بۆ منداڵێکی بچووک بکات لە بەرانبەر ئەو شتەی کە دەیەوێت:

- جەنگیش یاسای خۆی هەیە سرابی، لە جەنگدا بەڵێن نادرێت.

- لانی کەم دەتتوانی درۆم لەگەڵدا بکەیت و دڵنیام بکەیتەوە.

- ببورە، بەڵام من ناتوانم بەڵێنی درۆ بدەم.

بە داماوییەوە گوتی:

- ئەگەر بە سەلامەت بگەڕێیتەوە، ئەوا ماچێکت دەکەم.

زەردەخەنەیەکی بێتاوانانەی کرد، نەیدەزانی کە چ چارەنووسێکی نادیار چاوەڕێی خۆی و کچەکەی دەکات، چ جۆرە داماوییەک تووشی خۆی دەبێت لە جەنگەکەدا. سەری گرت و گوتی:

- ئەگەر تووشی کێشەیەک بووم...

بە توورەییەوە قسەکەی پێ بڕی:

- وا مەڵێ تۆ هیچت لێ نایەت!!

دەمی داخست و هاواری بەسەردا کرد، ڕەنگی چاوی لە پشتی کڵاوە ئاسنینەکەیەوە بۆ سور گۆڕا کە زۆربەی ڕوخساری داپۆشیبوو:

- ئەگەر تووشی ناخۆشییەک بووم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوا جومانا لەگەڵ خۆت ببە و بچنە جێیەکی سەلامەت و ژیانێکی تازە دروست بکەن، ڕێککەوتین؟؟

دەمی لە دەستی دوورخستەوە:

- پێم نەگوتیت کە خەمی منت نەبێت؟

بە توورەییەوە گوتی:

- بەڵێ گوتت، بەڵام نازانین ئاسمان چی بۆ هەڵگرتووین، نازانین ئەوەی لە پشتی بەردە نەفرەتییەکەوە ڕوودەدا چییە.

پاشان وەک ئەوەی وەسییەتی کۆتایی بۆ بەجێ بهێڵێت:

- ئەگەر تووشی کێشەیەک بووم... نامەوێت ژیانت بوەستێنیت، ئەم ژیانە لە چەند چرکەیەکی قورسدا دەست پێدەکات و دواتر تێدەپەڕێت و پڕ دەبێت لە شتی جوان، بۆیە تۆش شایەنی ئەوەیت کە هەموو ڕۆژێک لە پێناویدا هەستیت.

لە قسەکردن وەستا، بەڵام لە پشت کڵاوە ئاسنینەکەوە شتێکی تری دەگوت:

**- هەمیشە پێبکەنە، تۆ نازانیت لەم جیهانەدا چ تاریکییەک چاوەڕێت دەکات.**

پرسی:

- بەڵێنم پێ دەدەیت لە نەبوونی مندا سەلامەت بیت؟

- ببورە من بەڵێنی درۆ نادەم.

بە هەموو هێزییەوە باوەشی کرد، دەیویست جەستەی لەگەڵ خۆیدا ببات و لە جێیەک بیشارێتەوە کە هیچ کەس دەستی پێی نەگات و نەتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت، لە نێو باوەشیدا بوو لە خۆی پرسی "بۆچی هەست دەکەم ئەم گەردوونە... ئەم گەردوونە تەنگەبەرە، بۆچی هەست دەکەم باوەشی ئەو هێندەی جیهان فراوانە".

پرسی:

- چی بکەم ئەگەر بیرم کردیت؟

وەڵامەکەی ئامادە کردبوو بە گوێیدا چپاندی بە گوێیدا:

**- گۆرانیم بۆ بلێ سرابی، گۆرانیم بۆ بلێ ڕۆحم ئامادە دەبێت و سەمات بۆ دەکەم.**

**

لەو کاتەدا کە باوەشی کردبوو، گوێبیستی دەنگی دەرگا بوون، سکرتێری کۆشک بوو بانگی دەکرد لە پشتی دەرگاکەوە:

- جەنابی خاوەنشکۆ هەمووان چاوەڕێت دەکەن و پلانەکە ئامادەیە.

عاسف لێی دوورکەوتەوە و بەرەو دەرگاکە چوو تاکو بیکاتەوە، بەڵام بەر لەوەی بڕوات دووبارە تەماشای کردنەوە و زەردەخەنەی کرد و فرمێسک لە چاوانی هاتنە خوارەوە، کەمێک دوودڵ بوو بەوەی کە لە چاویدایە، لەو کاتەدا بڕیاری دا کە لە هەر بارودۆخێکدا بێت دژی مەترسییەکان دەوەستێتەوە و تەنانەت لە دژی هەموو یاساکانی

جەنــگ دەوەســـتێتەوە بە هەمـــوو هێــزییەوە، زەردەخەنەی کــرد و ڕۆیشت:

**- دڵت ئامادە بکە من بەڕێوەم بۆ لات.**

# دەروازەی

# دووەم

## ١
## تەپڵەکانی جەنگ

چەند کاتژمێرێک بەر لە هەڵهاتنی خۆر، هەمووان لە دەوری بەردە پیرۆزەکە کۆبوونەوە لە یەکێک لە هۆڵەکانی کۆشکدا، چاوەڕێی هاتنی پادشا بوون تاکو پلانەکە بنووسنەوە.

دوای چەند خولەکێک دەرگای هۆڵەکە کرایەوە، عاسف هاتە ژوورەوە ئەیوبیش لە پاڵییەوە دەڕۆیشت، باڵندە عنقائەکەش "ئیکلیل" بە ئاسمانەوە بەسەریانەوە دەفڕی.

لە بەشی سەرەوەی مێزەکەدا لەسەر کورسییەکە دانیشت و کڵاوەکەی لەسەری کردەوە و لە پاڵ خۆیدا داینا، هەر لە کیسەڵ دەچوو.

یەکێک لە گەورەپیاوانی خێزانی ئیمپراتۆر هەستایەوە کە ناوی "**بورکام**" بوو، پارچە کاغەزێکی گەورەی لە پێستە دروستکراوی کۆنی پێوە بوو کە بە مرەکەبی ڕەش نەخشەی مەملەکەتی ئەبابیلی لەسەر کێشرابوو، گوتی:

- تەواوی هێزەکەمان دەخەینە گەڕ بەدوای دژمن دەکەوین.

پاشان گووتی:

- هەر درەختێک خۆیانی لە پشت شاردبێتەوە یاخود هەر لادێ و ماڵ و زەوییەک کە تێیدا دەمێننەوە، دەیسوتێنین.

ئیمپراتۆرەکـان ڕانەهـاتبوون بە شـەڕی نـاوخۆیی، هەر بـۆیە بیرۆکەی سـوتاندنی شـوێنەکان بـاش نەبوو و گرەنتـی سـەرکەوتنی نەدەدا، ئەوەش وای کرد ئەیوب ناڕازی بێت و بڵێت:

- ئەم پلانە پڕە لە کەلێن.

جنۆکەکە سەری بە ئاراستەی بەرز کردەوە:

- ئـێمە ڕووبەڕووی دژمنێـک دەبیـنەوە کە لەسـەر خاکەکەمـانە، ئەمەش مانـای ئەوەیە ئـێمەش هاوبەشـی ئەو ئـازارانە دەبـین کە خاکەکەمان تووشی دەبێتەوە.

لەو کـاتەدا جنـۆکە "سـوندوس" دای بەسـەر کۆبـوونەوەکەدا، ڕوخساری گرژیی و تووڕەبوونی لەسەر دەرکەوتبوو لەبەر ئەوەی هەرچەندە گەورەی خێزانەکە بوو، بەڵام بانگێشت نەکرابوو.

بە تۆنێکەوە کە پێدەچوو بەدوای شەڕدا بگەڕێت گوتی:

- تەماشا بکەن گەیشتوون بە چ ئاستێکی زەلیلی و سەرشـۆڕی ئەی گەورانی ئیمپراتۆر، لە هیچتان کەم نەبوو ئەم مرۆڤە ڕەشپێستە گەمژەیە نەبێت کە ئامۆژگاری گەورەیـانی جن بکـات و پلانتـان بۆ دابنێت تاکو لەسەری بڕۆن!!

عاسف بە توندی کێشای بە مێزەکەدا تـاکو قسەکان ڕەت بکاتەوە و ڕووی کردە جنۆکەکە و پێدەچوو کە قسەکانی لە دڵەوە بێت:

- ئەوەی بـابەتەکە بە سوکایەتی و زەلیلی دەبینێت دەتوانێت ئەم شوێنە چۆڵ بکات.

سوندوس شـوێنەکەی جێ نەهێشت بەڵکو لەسـەر کورسییەکەی دانیشت بەدوای کێشەی زیاتردا دەگەڕا.

دوای ئەوەی کەمێک بارودۆخەکە هێور بۆیەوە، ئەیوب پلانەکەی ڕوون کردەوە:

- دەبێـت سـوپاکە دابەش بکەیـن بـۆ دوو دەسـتە یـا (فەیـلەق) دەستەی یەکەم ڕاوی دژمن بکات.

دیسانەوە سوندوس بە شێوازێکی ناشرین قسەکەی پێ بڕی:

- ئەی دەستەی دووەم بۆ کوێ دەچێت ئەی پیاوی ڕەشپێست؟

ئەیوب حەکیمەکەی لێ دەرچێت ئارەزووی ئەو جۆرە توانجانەی نەبـوو، بـۆیە هیـوای دەخواسـت لەو کـاتەدا لە نێـو کۆبـوونەوەکەدا نەبوایە تاکو وەڵامی بێڕەوشتییەکەی سوندوس بداتەوە پێی بڵێت کە فەیلەقی دووەم دەچنە کوێوە.

کەمێک بێدەنگ بوو تاکو ئاسوودەیی بگەڕێتەوە بۆ مێشکی، پاشان بەڕێزەوە وەڵامی دایەوە:

- خـاتوو سـوندوس دەسـتەی دووەم لە دوورگەی ئەربـاب دەمێنـنەوە، بـۆ پاراسـتنی کۆشـک لە ئەگەری ڕوودانـی هەر پەلاماردانێکی هەڵگەڕاوە کە دەکرێت خۆیـان بۆ نەبوونی ئێمە ئامادە کردبێت.

کەمێک بێدەنگ بـوو بەڵام ڕوون بـوو کە پلانەکەی تەواو نەبوو، دوای کەمێک وەک ئەوەی بیەوێت ئەوەی دواتر دەیڵێت لەمانە گرنگتر بێت:

- بەڕێزان ئێمە ڕووبەڕووی سوپایەکی یەکگرتوو نابینەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی کـۆمەڵێکی زۆر لە چەتەی جنـی ڕاهێنـراو دەبیـنەوە کە زۆر شارەزان لە هونەری جەنگدا.

سوندوس قسەکەی پێ بڕی وەک کەسێکی لاواز گوتی:

- خەمت نەبێت هەرچەندە بەهێز بن هێشتا وریا دەبین.

ئەیوب قسەکەی فەرامۆش کرد و گوتی:

- گرووپی یەکەممان دەبێت گەورە و ئاشکرابێت بۆ دژمن، بەو جۆرە بە ئاسانی دەتوانین بیانشکێنین و خۆمان سەرکردایەتی دەستەکە بکەین.

عاسف پرسیاری لی کرد:

- پێشنیاری چی دەکەی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟!

وەلامی دایەوە:

- دەبێت لەگەڵیاندا مەیدانی جەنگ دیاری بکەین گەورەم.

لێرەدا دووبارە جنۆکە سوندوس تێکەڵ بە قسەکان بۆیەوە:

- دەڵێی تۆ قسەی خۆت لە بیر دەکەیت، تۆ کەمێک پێش ئێستا نەتگوت کە ئێمە ڕووبەڕووی هێزیکی یەککگرتوو نابینەوە، ئێستا بۆ دەڵێیت کە مەیدانی جەنگ دیاری بکەین؟!

ئەیوب دەنگی نزم کردەوە وەک ئەوەی دیوارەکانیش گوێبیستی ئەو قسانە بن کە ئێستا دەیکات:

- بەو جۆرە هێرش دەکەینە سەریان و لەناویان دەبەین.

پاشان بە دەنگی نزم پلانەکەی ڕوون کردەوە:

- ڕاستە ئێمە ڕووبەڕووی چەند دەستەیەکی جیاواز دەبینەوە، بەلام دەبێت ئەوەشمان لا ڕوون بێت ئەوان لە یەک خاڵدا هاوبەشییان هەیە، هەموویان بە دوای کەللەسەری پادشاوەن، ئێمەش دیارییەکیان پێشکەش دەکەین.

وەزیرە خەیزەران بە گرنگییەوە پرسی:

- مەبەستت چییە دیارییەکیان پێشکەش دەکەین؟

وەلامی دایەوە و بە پەنجە گەورەکانی ئاماژەی کرد، دەستی بۆ بەشی باکووری نەخشەکە ڕاکێشا کە بە مەزاری شوهەیب ناسرابوو،

ئەوێ زەوییەکی فراوان بوو چواردەوری بە چیای بەرز و ڕووبار گیرابوو، بەوە جیا دەکرایەوە کە دوور بوو لە شار و گوندەکان و خەڵکی.

گوتی:

- لەوێدا پڕوپاگەندە بڵاو دەکەینەوە کە پادشا بەوێدا تێپەڕ دەبێت و چەند پاسەوانێکی کەمی لەگەڵدایە... ئەم پڕوپاگەندانە بەس دەبێت بۆ ئەوەی تەواوی دژمنەکان بەرەو ئەوێ بەڕێ بکەون بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەن کە ئەوە بۆسەیە.

کۆتایی پلانەکەی ڕوون کردەوە:

- بەو جۆرە بەڕێزان ئێمە بە تەنیا شوێنی جەنگەکە دیاری ناکەین، بەڵکو کاتی جەنگەکەش دیاری دەکەین.

بێدەنگییان واتای ڕازیبوون بوو، ماوەیەکی زۆری پێنەچوو ڕاستەوخۆ جنۆکە سوندوس ڕووی کردە پادشا و پرسی:

- کێ سوپای دەستەی یەکەم و دووەم بەڕێوە دەبات؟

خێرا وەڵامی دایەوە وەک ئەوەی هەر ئەو کاتەی کە ئەیوب پلانەکەی شی کردۆتەوە ئەو داینابێت:

- من دەستەی یەکەم بەڕێوە دەبەم و فەرمانیان پێ دەدەم، دەستەی دووەمیش کە لە دوورگەکە دەمێننەوە بۆ پاراستنی کۆشک ئەوا وەزیرە خەیزەران بەڕێوەیان دەبات، لەبەر ئەوەی هاوڕێی نزیکمە و بە تەواوی متمانەی پێ دەکەم ئەو کارەی پێ بسپێرم.

سوندوس ناڕازی بوو گوتی:

- بەڵام تۆ هیچ کارێکی گرنگت بۆ من نەهێشتووەتەوە ئەنجامی بدەم.

- کێ گوتی کە تۆ هیچ کارێکی گرنگ ئەنجام نادەیت؟!

کەمێک قسەکانی پادشا گرتی و بە دڵی بوو گوتی:

- کەواتە کاری من چی دەبێت؟

بە جددیاتەوە گوتی:

- لە زیندانی خوارەوەی کۆشک بەندت دەکەم چونکە متمانەت پێ ناکەم.

لەبەر ئەوەی بە پێـی ڕیزبەنـدی خێزانـی، دوای جەبـار دەبـوو سوندوس بچێتە سەر تەخت و ببێتە شاژن، بەڵام لەبەر ئەوەی جەبار تەختـەکەی بـۆ نەوەکەی بەجێهێشـت، بەو هۆکـارە تەواوی کـاتەکە سوندوس سـەرقاڵی پلاندانان و کوتلەکاری بوو تاکو لەسـەر تەخت لای ببات و دووبارە مافی خۆی بەدەست بهێنێتەوە.

هەر بەو هۆکـارە بە شـێوەیەکی گشـتی لێـی دڵنیـا نەبـوو، لەگەڵ ئەوەشدا دووری خستەوە لە جەنگەکە و بڕیاری دا بیخاتە نێو یەکێک لە زینـدانەکانی کۆشـکەوە، تـاکو بە تەواوی دڵنیـابێتەوە کە بە هـیچ جۆرێک پلانەکەیان تێک نادات. بەو جۆرە زۆر لە شـکۆی شـکا، لەبەر ئەو قسانەی پێی گوترا لەسەر کورسییەکەی هەستایەوە:

- پێـدەچێت دایکـت بە باشـی تەربێتـی نەدابێـت و فێـری ئەوەی نەکردبێتیت کە ڕێز لە خۆت گەورەتر بگریت، بۆیە هەر کە لە جەنگ هـاتیتەوە کـاتی تایبەتت بۆ تەرخـان دەکەم تـاکو بە باشـی وانەیەکی ڕەوشتت دابدەم.

بە تەواوی تـوانی سـەرکەوتوو بێت لە تـووڕەکردنی، بۆیە ڕەنگی چـاوی چەپی گـۆڕا بـۆ سـور، ویسـتی هێرش بکـاتە سـەری لە کۆتـا ساتدا چپەیەک هاتە نێو گوێی:

- گوێ بە قسەکانی مەدە تەنیا دەیەوێت توورەت بکات و کارێکی وەها بکات دووبەرەکی لە نێو خێزانی ئیمپراتۆردا دروست ببێت.

بەڵام گـــوێی بە دەنـــگەکە نەدا بەڵکـــو بەرەو ڕووی ســـوندوس ڕۆیشـت، لە بەردەمیدا وەستا و مستێکی توندی لێدا تاکو کەوت بە زەویدا.

بەڵام بەر لەوەی بگـات پێـی ئەیـوب لە بەردەمیـدا پەیـدا بـوو، وەستاندی و گوتی:

- تاکەکانی خێزانەکەش پێیان باشە کە زیندانی بکرێت، بەڵام بەوە قایـل نـابن هێـرش بکەیـتە ســەری، ئەو کـاتە دەســتەکانی خێـزانەکە پارچەپارچە دەبن و ئەمەش وا دەکات لە جەنگەکەدا لاواز بیت.

عاسـف ئـارام بـۆیەوە کە گـوێی لەو قسـانە بـوو ڕەنگـی چـاوی گەڕایەوە باری ئاسـای خـۆی، کشـایەوە لە هێرشکردنە سـەری، بەڵام لەوە نەکشـایەوە لە مافی خۆی خۆش ببێت:

- سـوندوس تـۆ یەکێـک بوویـت لەوانەی کە سـوێندت بـۆ جەبـار خـوارد بـبمە پادشـا، بەڵام کە مـرد تەواوی کـاتەکە هەوڵـت دا لەسـەر حوکم لام ببەیت.

دەنگی زیاتر بەرز کردەوە و گوتی:

- دایکم فێری کرووم ڕێزی هەمووان بگرم، بەڵام بە هەمان شێوە فێری کردووم کە پێڵاوەکەم بۆ دژمن بەرز بکەمەوە.

لەبەر ئەوەی دەیزانـی لەگەڵ پادشـادا پێـی ناکرێت تەنـانەت لەگەڵ ئەیوبیشدا، بۆیە بە دەنگێکی پیسەوە گوتی:

- تۆ ڕاست دەکەیت من شایەنی ئەوەش نیم پێڵاوەکەتم بە ڕوودا بەرز بکەیتەوە. دواتر ڕۆیشت بەرەو لای پاسەوانەکان.

دوای ئەوەی هـۆڵەکەی بەجێهێشـت، عاسـف گەڕایەوە جـێگەکەی خۆی و کڵاوە ئاسنینەکەی کردەوە سەر و گوتی:

- با بڕۆین، کاری زۆرمان هەیە دەبێت ئەنجامی بدەین.

**

تەپڵەکـانی جەنـگ دەسـتیان بە لێـدان کـرد، سـرابیش بەرەو بەر هەیـوانەکە ڕایکـرد، لەوێـدا پۆلپـۆل ئەسپسـوارەکانی دەبینـی، چـۆن سوپایەک لە جن و مرۆڤ شانبەشانی یەکتر پێشڕەویان دەکرد.

کـاتێکی زۆری نەبـرد تـاکو چـاو بە نێـو سـەربازەکاندا بگێڕێـت و پێشـەنگەکەیان ببینێـت بە سـواری ئەسـپەکەوە کە نـاوی **"سـابح"**ی باڵدار بوو.

هەلـی کۆتـایی لەدەسـت نەدا تـاکو بـۆ کۆتـا جـار تەماشـای هاوسـەرەکەی بکـات، لەگەڵ ئەوەشـدا دڵنیـابوو لەوەی کە بە تکـاوە تەماشای دەکات و وەک ئەوەی بڵێیت بەڵێنی ئاسمان بێت بەوەی بە بەزەییەوە تەماشای بکات، وەک ئەوەی جیهان بێت.

لەگەڵ ئەوەی مـاوەیەکی زۆر هەبـوو لە نێـوان سـەربازەکاندا و دەنگی پێی ئەسپە باڵدارەکانیان دەهات، بەڵام بەردەوام تەپڵەکـان لێ دەدران، دەتوانرا گوێبیستی قسەکانی ببێت:

- ئایا نەبوونیت زۆر دەخایەنێت؟

پێکەنـی لە پشـتی کـڵاوە ئاسـنینەکەیەوە، هیچـی نەگـوت، بەڵام گوێبیستی بوو کە گوتی:

- نەخێر، لەبەر ئەوەی تۆ لە دڵمدا هەڵت گرتووم، چۆن بڕۆم و تۆش منت لە نێو مۆختدا هێشتۆتەوە؟

لە بەردەم خۆیەوە زەردەخەنەیەکی کرد.

هەر کە ئەو زەردەخەنەیەی کرد ڕاستەوخۆ عاسف دەرپەڕی، بە قاچی کێشای بە سابحدا ئەوەش واتای ئەوە بوو کە دەرچێت و بە دوایەوە سێ هەزار سەرباز هەبوون.

سرابی هێشتا چاوی لەسەر مێردەکەی بوو تاکو بە تەواویی لە بەرچاوان نەما، ماوەیەکی زۆر مایەوە لە بەرهەیوانەکە دواتر بڕیاریدا بچێتەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، بەڵام گەڕایەوە بۆ دواوە شتێکی بەدی کرد کە هەرگیز چاوەڕێی دیتنی نەبوو، دیتی تارای ماری کوبرا بەرانبەری وەستاوە بە چاوە ڕەشە ترسناکەکانی لێی دەڕوانێت.

## ٢

## سرابی

سرابی لە جێی خۆیدا وشک بوو بەوەی تارا بەو جۆرە تەماشای دەکرد و خۆی پێیدا لوولدا:

- با قسە لەسەر ئەو نیگایانە بکەین کە لە نێوان تۆ و فاڵچییەکەدا دەگۆڕدرایەوە.

بە بێتاوانییەوە وەڵامی دایەوە:

- ئئئئ... ئەوە تەنیا تەماشاکردنێکی ئاسایی بوو.

تارا زمانە ژەهراوییە درێژەکەی لە گوێی نزیک کردەوە بە شێوازی گاڵتەئامێز گوتی:

- ئەو کاتە تۆ لەبەردەم مەمکی دایکت بوویت شیرت دەخوارد من تەمەنم حەوتسەد ساڵی تێپەڕاندبوو، پێت وایە هێندە ئاسانە درۆکردن لەگەڵم؟!!

- حەوتسەد ساڵ؟ تەمەنێکی درێژە!!

بەو جۆرە سرابی بیری دەکردەوە لەو کاتەدا بە هەمان شێوە بیری لەو چیرۆکانە دەکردەوە کە دەربارەی جنۆکە مارە کوبراکە تارا دەگوترا، کە دەگوترا لەنێو جەستەیدا چەندان ڕۆح هەیە ڕەنگە ڕاست بووبێت نەوەک ئەفسانە.

تارا بیرکردنەوەکانی پچڕاند و گوتی:

- تەماشای چاوم بکە و پێم بڵێ...

سرابی تەماشای چاوە ترسناکەکانی کرد و گوتی: - دەتەوێت چیت پێ بڵێم؟

- ئایا سەربیلی فاڵچی هێزەکەی لە جەستەی کچەکەت دەرهێنا یاخود هێشتا دوورەگە؟

لەو کاتەدا دەیزانی کە ناتوانێت درۆی لەگەڵدا بکات بۆیە دانی پێدانا:

- بەڵێ، هێشتا دوورەگە.

**

وەڵامەکە کتوپڕ بوو بۆ مارە کوبرا جنەکە بە جۆرێک ئاگاداری خۆی نەبوو توندتر بە دەوری سرابیدا خۆی پێچا و پرسیاری دواتری لێ کرد:

- چۆن دەبێت لە کاتێکدا هەمووان بینییان وزەکەی لە جەستەی دەردەهێنا؟!

- سەرەتا جەستەم ئازاد بکە... ئازادم بکە تاکو پێت بڵێم... خەریکە دەخنکێم تارا...

تارا جەستەی بەرەڵا کرد، سرابی هەندێک کاتی ویست تاکو خۆی کۆ بکاتەوە، دوای ئەوەی خۆی کۆکردەوە لە سەرەتاوە چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە:

- ئەو شەوە عاسف پێی گوتم لەگەڵ ئەیوبدا دەچیت بۆ لای فاڵچی تاکو هێزی ئاگر لە دڵی کچەکەماندا دەربکات، بۆیە ڕاستەوخۆ ئیکلیلم ڕاسپارد یاوەریم بکات و ڕۆیشتین.

- بۆ کوێ؟

- بۆ کێوی غوراب، تاکو منیش چاوم بە فاڵچییەکە بکەوێت.

لەو شەوەدا دوای ئەوەی عاسف و ئەیوب کۆشکیان جێهێشت، سرابی باڵندە عنقائەکەی بانگ کرد ئەویش دوا نەکەوت لە هاتنی.

لەبەردەمیدا نیشتەوە و گوتی:

- چۆن خزمەتت کەم خانمەکەم؟

- سەرەتا بەڵێنم پێ بدە ئەوەی پێت دەڵێم بە هیچ جۆرێک بە عاسفی نەڵێیت.

سرابی دەیزانی کە باڵندەکە هیچ شتێک لە گەورەکەی ناشارێتەوە بۆیە بە تکاوە گوتی:

- تکایە ئیکلیل من ناتوانم پشت بە کەس ببەستم تۆ نەبیت.

- باشە بەڵێنت پێ دەدەم. بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە ڕوون بێت، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە من هاوکاریت دەکەم، ئێستا پێم بڵێ چییە.

- عاسف... دەیەوێت هێزی ئاگر لە دڵی جومانا لابدات.

- ئایا ئەویش دووڕەگە؟

- بەڵێ، بەڵام دڵنیا نییە...

- تۆ چۆن ئەوەت زانی کە دووڕەگە؟

دانی پیدانا:

- جیاواز لە منداڵانی تر خێرا گەشە دەکات، چاوی چەپی بەبێ هۆکار دەگۆڕێت بۆ سور وەک ئەوەی کە چاوی عاسف وای لێ دێت لە کاتی تووڕەبووندا.

- ئەی تۆ بۆ دەتەوێت بچێت بۆ لای فاڵچییەکە؟

- تاكو داواى لێ بكەم هێزەكە لە دڵى كچەكەمدا لانەبات.

- چۆن لە دژى فەرمانەكانى پادشا دەوەستيەوە؟

- سەرەتا هەوڵ دەدەم بە قسە فاڵچييەكە قايل بكەم.

بەڵام هەر لەو دێرەيندا دەردەكەوت كە پلانى دووەمى هەيە لە بارودۆخێكدا پلانى يەكەم سەرنەگرێت:

- ئەى ئەگەر ڕازى نەبوو؟

پارچەيەك ئاسنى دەرهێنا لە ژێر جلەكانييەوە، - ئەو كاتە بە دەستى خۆى چارەنووسى خۆى ديارى دەكات.

ئيكليل بە سەرساميیەوە تەماشاى خەنجەرە تيژەكەى دەستى كرد كە شاژن لە ژێر جلەكانييەوە شاردبۆيەوە دەيزانى كە چەندە تيژە.

دەستى تكاى بەرز كردەوە دووبارە:

- يارمەتيم بدە تكايە، من ناتوانم بە تەنيا بڕۆم بۆ ئەوێ.

هيچى نەكرد ڕاستەوخۆ فڕى و لە پەنجەرەكە چووە دەرەوە ئەوەش واتاى ئەوە بوو كە يارمەتييەكەى ڕەت كردەوە، بۆيە دانيشت لە پاڵ جێگاكەدا و بيرى لە پلانێكى تر دەكردەوە، ئيكليل گەڕايەوە لە پەنجەرەكەوە و گوتى:

- ڕێگەيەكى سەلامەتم بۆ دەرچوون لە دوورگەكە دۆزييەوە. بەڵام دەبێت خێرا بڕۆين و بگەڕێينەوە بەر لەوەى كەس هەست بە نەبوونمان بكات.

بە دڵخۆشييەوە گوتى:

- زۆر سوپاس ئيكليل، من قەرزاربارى تۆم.

- دەمەوێت شتێكى گرنگ بزانيت، من بەوە قايل نەبووم يارمەتيت بدەم لەبەر ئەوەى شاژنيت، بەڵكو لەبەر ئەوەى هاوڕێميت، دەبێت

هاورێ یارمەتی هاورێ بدات هەرچەندە شتەکە بۆ ئەو هیچ گرنگ نەبێت.

دوای ئەوەی لە قسەکانی تەواو بوو، ڕێگەی پێدا ئەویش قسەی خۆی بکات:

- ئێستاش با بڕۆین درەنگە.

**

سرابی خێرا جلێکی سەیری لەبەر کرد و کڵاوێکی زلی کردە سەری کە لە کێک دەچوو، لە ژێر قوماشەکەدا دەمووچاوی شاردەوە دوای ئەوەی لە کۆشک دەرچوون و بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن بەبێ ئەوەی کەس بیانبینێت.

دوای ئەوەی لە کۆتاییدا گەیشتنە سنووری ڕۆژئاوای دوورگەکە، وەستان و نەیاندەزانی هەنگاوی دواتر بۆ کوێ بچن، ئیکلیل وەستا و بە دەنووکی ئامـاژەی بە لای دارستانەکە کرد لە لایەکەی تریەوە.
- بەرەو ئەو دارستانە خانمەکەم، دەبێت بگەین بەوێ، سەرەتا لەوێ سابح چاوەڕێمان دەکات و دەمانبات بۆ لوتکەی کێوی غوراب.

- ئەسپە باڵدارەکەی عاسف بە بابەتەکە دەزانێت؟

- ماوەی چیای غوراب زۆر و مەترسیدارە بۆیە سەخت دەبێت بتوانیت بە ڕاکردن بیبڕیت بۆیە داوای هاوکاریم کرد.

قسەکەی پێ بڕی بەر لەوەی تەواوی بکات:

- بابەتەکەم بۆ ڕوون کردیتەوە و داوام لێ کردیت کە بە پادشا نەڵێیت.

کەمێک بیری لە بابەتەکە کردەوە پاشان هەوڵی دا قسەیەک بکات کە قایلی بکات:

- بۆچی داوات لێ نەکرد کە لە دوورگەکە بمانبینێت ئاوا ئاسانتر نەبوو؟

- وایە... بەڵام لەو کاتەدا پلانەکەمان ئاشکرا دەبوو، چونکە یەکێک لە پاسەوانەکان کە تۆیان دەبینی لەگەڵ سابحدا بە پادشایان دەگوت، بۆیە داوام لێکرد لە دارستانەکە بیبینین.

- چۆن ئەو ماوە دوور و درێژەی دارستانەکە ببڕین، بیرت لە بابەتەکە نەکردەوە؟

بە دەنووکەکەی ئاماژەی بۆ بەلەمەکان کرد کە لەنێو دەریاچەکەدا وەستابوون، گوتی:

- هیچ ڕێگەیەکت لەبەردەستدا نییە ئەوە نەبێت سواری یەکێک لەم بەلەمانە ببیت.

- نەخێر، بەلەمەکانیش سەرنجی پاسەوانەکان ڕادەکێشن.

- چۆن ئەو ماوەیە دەبڕیت کەواتە؟!

- بە مەلە دەیبڕم.

ماوەکە زۆر زۆرە کە نزیکەی هەزار و حەوتسەد و پەنجاوسی مەترە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانیت ئەو ماوە زۆرە بە مەلە ببڕیت، بەڵام کۆمەڵێک پڕوپاگەندەی ئیمپراتۆر دەڵێن کە ئەو دەریاچەیەی دوورگەی ئەرباب پڕە لە دێوی دەریایی ترسناک، ئەمەش وا دەکات سەخت بێت دژمن لێی بپەڕێتەوە.

ئیکلیل گوتی:

- بەڵام مەلەکردن لەوێدا مەترسیدارە خانمەکەم.

- دوای ئەوەی بابەتەکە دەبێتە بەدیهێنانی ئامانج، هیچ هەڵبژاردنێک سەلامەت نییە.

**

دەریاکە شەپۆلی دەدا، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ئاگاداری دەکاتەوە لەو دێوانەی کە لە قولاییەکەیدایە، بەلام نەدەترسا و خۆی خستە نێو ئاوەکە، بەهۆی خۆشەویستییە زۆرەکەی بۆ کچەکەی و ویستی گەڕانەوەی بۆ چارەنووسێکی باشتر.

سرابی بە دەست و قاچ، بەر بووە ئەو گیاندارە مەترسیدارانەی کە لەنیو قولای دەریاکەدا مەلەیان دەکرد، خۆریش لە پشت سەرییەوە بوو.

بەلام تووشی مەترسی زۆر نەبوو، نەک لەبەر ئەوەی باڵندەکە بەسەر سەرییەوە بوو تەواوی کاتەکە وەکو فریشتە چاودێری دەکرد، لەبەر ئەوەی بە باوەڕە بەهێزەکەی توانی هەموو بەربەستەکانی بەردەمی بشکێنێت.

کە گەیشتە لایەکەی تر، بە ڕاکردن ڕایکرد بەرەو قولایی دارستانەکە بەبێ ئەوەی گوێ بە تاریکی ڕێگەکە بدات یاخود ئەو هەوا ساردەی کە دەیدا لە جەستەی.

ئەسپە باڵدارەکە لەنیو دارستانەکەدا چاوەڕێی دەکرد، خۆی دانەواندەوە تاکو سرابی بچێتە سەر پشتی.

سرابی سەرکەوت و گوتی:

- دەی، با کاتمان لێ نەڕوات.

ئەسپەکە بە خێرایی ڕۆیشت، سرابی دەیویست بە خێرایی بگات.

قژە درێژەکەی گرت و لە جێیەکدا سابح بازی هەڵدا و فڕی شانبەشانی باڵندە عنقائەکە.

**

له کۆتاییدا کە گەیشتنە دەروازەی چیاکە وەستان، لەبەر ئەوەی جەستەی چەند جادووگەرێکیان بینی لەسەر زەوییەکە کەوتبوون، سابح بۆنی کردن و گوتی:

- بۆنی پادشایان لێ دیت، هەروەها سکرتێری کۆشکیش هێشتا لێرەیە.

ئیکلیل وەڵامی دایەوە و ڕووە و ڕووی جادووگەرەکان:

- پێدەچێت هەوڵیان دابێت زیان بە جەنابی پادشا بگەیەنن، بۆیە کوشتوونی.

دوای ئەوەی لە یەکێک لە جەستەکان نزیک بۆیەوە و بە زمانی تامی خوێنەکەی کرد و گوتی:

- هێشتا گەرمە.

سرابی پرسی ئەوە مانای چییە؟

- مانای ئەوەیە کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبووە بەسەر ئەو کوشتارگەیەی کە لێرەدا ڕوویداوە.

پاشان گوتی و سەری بەرز کردەوە بە ئاراستەی لوتکەی چیاکە:

- پێدەچێت هێشتا لە ڕێگا بن بۆ گەیشتنیان بە فاڵچییەکە.

- لەم بارودۆخەدا پێویستە ئێمە چی بکەین؟!

- دەبێت سەرەتا چیاکە جێ بهێڵین تاکو لە نیوەی ڕێگا نەمێنینەوە.

لە پشت یەکێک لە درەختەکان خۆیان شاردەوە کە دوور بوو لە دەروازەکەوە، کەمێک لەوێدا مانەوە تاکو دڵنیابوونەوە لە ڕۆیشتنی عاسف و ئەیوب، دوای ئەوە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن تاکو لە کۆتاییدا گەیشتن بە کوخە دارینەکە کە بەفر گرتبووی، لە دەرگایان دا.

فالّچییەکە دەرگاکەی کردەوە و تەماشای ئەو کەسە سەیرەی دەکرد کە جلوبەرگێکی سەیری لەبەردایە و دەموچاویشی بە قوماشێک داپۆشیوە، بە وریاییەوە پرسی:

- کێیە؟

سرابی قوماشەکەی لەسەر دەموچاوی لادا و کڵاوەکەی لە سەری کردەوە قژە درێژەکەی وەکو تاڤگە بەسەر شانەکانیدا بڵاوبوونەوە.

تەماشای کرد و لێی پرسی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

وەڵامی دایەوە، بەڵام ددانەچورکێی بوو لە سەرماندا..

- با لە ژوورەوە قسە بکەین، سەرماکە زۆر توندە.

فالّچییەکە ڕێگەی پێدا بێتە ژوورەوە و گوتی:

- وەرە...

پاشان تەماشای باڵندەکە و ئەسپە باڵدارەکەی کرد و گوتی:

- ئێوە لە دەرەوە بمێننەوە.

**

سرابی چووە ژوورەوە بۆ نێو کوخە گەرمەکە، بەرەو زۆپاکە چوو، سابح و ئیکلیلیش گوێیان شل کردبوو لە دەرەوە تاکو بزانن لە ژوورەوە چی ڕوودەدات.

دوای ئەوەی بێدەنگییەکی ماوەدرێژ دروست بوو لە نێوانیاندا، فالّچییەکە گوتی:

- پێم وانییە ئەوەی تۆی هێنابێت بۆ ئێرە ئەوەبێت لەبەردەم زۆپاکەدا دابنیشیت.

سرابی ڕووی کردە فاڵچییەکە و گوتی:

- هــاتووم بــۆ ئێــرە تــاکو پێــت بڵــێم ئەوە جێبەجــێ مەکە کە هاوسەرەکەم داوای لێ کردوویت.

فاڵچییەکە بۆ ساتێک سەرسام بوو بەو هۆکارانەی کە وای کرد ئەو داوایەی لێ بکات، ئەوەی دۆزییەوە لە چاوەکانیدا کە پڕە لە ترس و دڵەڕاوکێ و گومـان، بـۆیە نەیتـوانی بە ڕوونـی وەڵامێکـی دەسـت بکەوێت:

- بۆچی دەتەوێت هێزەکە لە دڵی کچەکەتدا دەرنەهێنم؟

سرابی لە دێوەزمەکانی ڕابردوو زۆری چەشتبوو لە نێو یادگەیدا هەموویانی ناشتبوو، چونکە دەترسا دووبارە بەسەریا ڕووبدەنەوە.

لە وەڵامەکە ڕایکرد و گوتی:

- ئەوەیان تایبەتە ناتوانم ڕوونی بکەمەوە..

- کەواتە کاروبارە تایبەتییەکانت لە من دوور بخەرەوە...

- مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە ناتوانم کارێک بکەم باوەڕم پێی نەبێت.

- بەڵام من شاژنم و فەرمانت پێ دەدەم کە وا بکەیت.

فــاڵچییەکە بە تــووڕەییەوە تەماشــای کــرد و پاشــان چمکــی کراسەکەی گرت و گوتی:

- تـۆ شـاژنی ئەبابیلیت، بەڵام ئێسـتا کە لە مـاڵەکەی منـدایت، مـن شاژنی ماڵەکەمم.

پاشان خستییە سەر زەوییەکە و گوتی:

- ئێستا بڕۆ، قسەکانمان تەواو بوون.

بەو جۆرە هیچ ڕێگایەکی لە بەردەمدا نەمایەوە جگە لە پلانە یەدەگەکە نەبێت تاکو ڕێگری لێ بکات لە هاتنی سبەینێ. ویستی خەنجەرەکەی کە لەژێر جلەکانی شاردبۆیەوە دەربکات، بەڵام نەیدۆزییەوە بۆیە باشتر گەڕا، بەڵام لە هێچ جێیەک نەیدۆزییەوە.

فاڵچییەکە بەرزی کردەوە و پیشانی دا:

- بەدوای ئەمەدا دەگەڕایت؟

سرابی چاوی دەرپەڕی بەوەی کە بینی شەرمی لە خۆی دەکردەوە، پاشان شەرمەکەی شکا و بە گریان و پەژارەوە دەستی پێکرد.

فاڵچییەکە سەرسام بوو بەو کاردانەوەیە:

- بۆچی دەگریت لەبەر ئەوەی خەنجەرەکەم لێ سەندیت؟

- نەخێر.

بە گریانەوە گوتی:

- لەبەر ئەوەی من زۆر لاوازم.

قسەکان کەمێک کارییان تێکرد، پاشان بەدەم گریانەوە فرمێسکەکانی سڕی، دواتر کە هەستی کرد دەتوانێت قسە بکات، گوتی:

- بە منداڵی دەستدرێژیان کردە سەرم... جلەکانیان دراندم لە بازاری کەنیزەک و کۆیلەکاندا، دواتر ڕێیان دا کڕیارەکان دەست بۆ جەستەم ببەن تاکو دڵنیاببنەوە لەوەی کە ئایا شایەنی ئەو نرخەم یاخود نا، هەموو ئەو شتانە ڕوویاندا لەبەر ئەوەی زۆر لاواز بووم.

دووبارە دەستی کردەوە بە گریان، بەڵام خۆی گرت و گوتی:

- دایکم لە بەردەممدا مرد سەربیل، مرد ئەو کاتەی هەوڵی دا ڕزگارم بکات لە دەست بازرگانەکە و پیاوەکانی، ئەگەر بەهێز بوومایە ئەو شتانە ڕوویان نەدەدا...

فاڵچییەکە بە پەرۆشییەوە گوێی بۆ شل کردبوو.

- ئەو ڕۆژە دێت کە جومانا گەورە دەبێت و بڕیار دەدات بە تەنیا بژی، ئەو کاتە دەمەوێت هێندە بەهێز بێت کە بتوانێت پارێزگاری لە خۆی بکات لە هەر بەڵایەک کە دێتە ڕێیی. **دەمەوێت بەهێز بێت، لەم خاکەدا ئەوەی لاوازبێت دەکوژرێت...**

فاڵچییەکە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

- پێویستم بەم وەڵامە بوو تاکو ڕای خۆم بگۆڕم.

باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد:

- بە ڕاست؟

- سبەی شەو کە کۆبوونەوەکە ئەنجام دەدرێت هەمووان وا دەزانن کە من هێزی ئاگر لە دڵی کچەکەتدا دەردەهێنم، بەڵام لە ڕاستیدا من هێزی ئاگر لە ناخیدا دەجوڵێنم بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات.

- بەڵام چۆن ئەو کارە دەکەیت بەبێ ئەوەی کەس سەرنجت بدات؟ ئایا پێویستت بە باڵندەیەکی عنقا نابێت بیسوتێنیت و جەستەی کچەکەمی پێ دابپۆشیت تاکو هێزی ئاگر لە جەستەی بجوڵێنیت، وەک ئەوەی تاج لە ڕابردوودا کردی تاکو هێزی ئاگر لە دڵی عاسفدا بجوڵێنێت؟

وەڵامی دایەوە و ڕوونی کردەوە:

- تاج دەبوو وەها بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە عاسف گەورە بووبوو نزیک بووبۆوە لەوەی کە تەمەنی هەرزەکاری تێپەڕ بکات،

بۆیە پێویستی بە ئاگرێکی زۆر هەبوو، بەڵام کچەکەت هێشتا بچووکە، دڵــی بێخەوشــە، تەنیــا بە چەنــد جــادوویەکی کەم هێــزەکەی دڵــی دەجوڵێنم.

فاڵچییەکە خەنجەرەکەی بۆ گەڕاندەوە و گوتی:

- ئێستاش بگەڕێرەوە، سبەی وەک ئەوە دەبێت کە دەتەوێت.

## ٣

## پێشبینی

دوای ئەوەی سـرابی تەواو بـوو لە گێـڕانەوەی ڕاسـتییەکە بە تەواوی بێـدەنگ بـوو، پاشـان سـەری داخسـت بەرەو خـوارەوە، چاوەڕێی قسەکان بوو کە تارا پێی دەڵێت بەهۆی شکاندنی فەرمانی پادشاوە.

تارا دوای چەند ساتێک لە بێدەنگی گوتی:

- ئاساییە فەرمانەکان بشکێنین ئەو کاتەی دەزانین هەڵەیە.

سرابی سەری هەڵبڕی و بە سەرسامییەوە پرسی:

- تۆ لە من تووڕە نیت کەواتە؟

- تۆ کارێکی ڕاستت ئەنجام داوە، بەڵام دەترسم سزا بدرێیت.

- مەبەستت ئەوەیە عاسف سزام بدات دوای ئەوەی بە ڕاستییەکە دەزانێت؟

- لێت تووڕە دەبێت بەڵام سزات نادات.

پاشان گوتی:

- هەمیشە خۆشەویستی لێبوردەیە هەرچەندی تاوان بکەیت.

- کەواتە کێ سزام دەدات ؟

- ئیمپراتۆرەکان، چونکە ئەوان بێدەنگ نابن دوای ئەوەی دەزانن شاژن بێفەرمانیی پادشای کردووە، بۆیە دەبێت هێزی کچەکەت بشارینەوە تاکو چارەسەرێکی تری بۆ دەدۆزینەوە لە کاتێکی تردا.

- چۆن بیشارینەوە؟

- پەنا دەبەینە بەر جادوو.

- نەمزانیبوو تۆ توانای بەکارهێنانی جادووت هەیە.

- بەکاری ناهێنم، بەڵام هەندێک جادووم لەبەر کردووە بۆ کاتی پێویست.

پاشان گوتی:

- ئایا بیرت لە فێربوونی جادوو نەکردۆتەوە جەنابی شاژن؟

- ئارەزووی کارکردن لەگەڵ شەیتانەکان ناکەم.

تارا لە منداڵەکە نزیک بویەوە، پاشان هەندێک جادووی بۆ خوێند تاکو هێزەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی نەمێنێت. دوای ئەوەی تەواو بوو گەڕایەوە بۆ لای دەربارەی بابەتی جادووەکە قسەی لەگەڵدا بکات گوتی:

- هیچ کەس پێی باش نییە لەگەڵ شەیتانەکاندا کار بکات جەنابی شاژن، بەڵام دەبێت هەندێک جادوو فێر ببیت و لە کاتی پێویستیدا بەکاری بهێنیت.

- بۆچی من دەخەیتە نێو ئەم بابەتەوە تارا؟

بە دەنگی نیگەرانییەوە تارا وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی هەست دەکەم مەترسییەک لێت نزیک دەبێتەوە.

سرابی بەو پێشبینییە ترسا، بۆیە هەوڵی دا وا خۆی پیشان بدات کە باوەڕی پێی نەهێناوە و ئەو قسانە دوورن لە ڕاستییەوە، گوتی:

- عاسف دڵنیای کردمەوە کە هەموو شت باش دەبێت.

- هیوادارم کە وابێت.

بەڵام لە نێوان هەموو جادووەکاندا تەنیا یەک دانەت فێر دەکەم، ئەو کاتەی مەترسی ڕووت تێدەکات دەتوانیت خۆتی پێ بشاریتەوە بەوەی بە شێوەیەکی دروست بیڵێیتەوە.

ڕێگەی نەدا قبوڵی بکات یاخود ڕەتی بکاتەوە گوتی:

- فێرت دەکەم کە چۆن شەیتانی **خافینا** بانگ بکەیت، بەڵام لەبەر ئەوەی من جادووگەرێکی تەواو نیم ئەوا ئەوە بزانە ئەم جادووە ماوەیەکی کورتخایەن دەبێت.

- مەبەستت چیە کە کاریگەرییەکەی کاتی دەبێت؟

تارا پرسیارەکەی پشتگوێ خست و سەرنجی لەسەر چاوی شاژن بوو گوتی:

- سێ جار بڵێ خافینا وەرە بمانشارەوە.

سرابی سەرەتا دوودڵ بوو لەبەر ئەوەی دەترسا شەیتانەکە بانگ بکات، بەڵام تارا قسەکەی خۆی بیرخستەوە:

- دەبێت بەهێز بیت تاکو بتوانیت بژیت، زەوی شوێنی لاوازەکان نییە.

ئەو قسەیە خاڵی لاوازی بوو، بۆیە سرابی سێ جار گوتییەوە:

خافینا وەرە بمانشارەوە.

خافینا وەرە بمانشارەوە

خافینا وەرە بمانشارەوە

دوای ئەوەی کە تەواو بوو بەرەو لای ئاوێنەکە ڕۆیشت تاکو دڵنیاببێتەوە لەوەی سەری گرتووە یاخود نا، بەڵام کە چووە بەردەم ئاوێنەکە خۆی بینی و پرسی:

- ئایا سەری گرت؟

تارا گوتی:

جەنابی شاژن زیاتر لە پێویست دەترسیت، دەبێت شەیتانەکە بە تەواوی هەست بکات تۆ ئارامیت تاکو بێتە لات.

پاشان گوتی:

- دەی دووبارەی بکەرەوە بەڵام بە سەرنجێکی زۆرەوە، بە ئارامییەوە، ئەگەر سەرکەوتوو بوویت ئەوا خۆیت پیشان دەدات و داوایەکت لێ دەکات ئەگەر قایل ببیت ئەوا دەتشارێتەوە.

- داوای چیم لێ دەکات؟

- نازانم، بەڵام ئەگەر بتوانیت جێبەجێی بکەیت بۆی ئەوا سەرت بلەقێنە بە ئاراستەی بەڵێ، ئەگەر ناڕازی بوویت ئەوا سەرت بە ئاراستەی نەخێر بلەقێنە.

- ئایا دەتوانم جگە لە خۆشاردنەوە شتێکی تری لێ داوا بکەم؟

لێرەدا تارا تووڕە بوو گوتی:

- نەکەیت ئەو کارە بکەیت، نەکەیت.

پاشان بە دەنگی تووڕەبوونەوە گوتی:

- دەی دووبارەی بکەرەوە.

سرابی دووبارە سەرنجی خۆی کۆکردەوە و ئارام بۆیەوە دوای ئەوەی شەیتانەکە بە ڕەنگی شین لەبەردەمیدا دەرکەوت کە شەیتانێکی لاواز بوو، گوێیەکانی بۆ سەرەوە بەرز بووبوونەوە، لوتی

درێژ وەکو دەنووکی باڵندەی توقان وەها بوو، بازنێکی ئاسنین لە دەستیدا بوو گوتی:

- تاڵێک لە قژتم دەوێت.

شێوەی ترسناک نەبوو بەڵام چاوی داخست، لەبەر ئەوەی بیری لەوە دەکردەوە بەڕاستی شەیتانێک لە بەردەمیدا وەستاوە. سەری لەقاند بە ئاراستەی بەڵێ لەو کاتەدا کاریگەری جادووەکەی لەسەر دەرکەوت.

کە چاوی کردەوە تەماشای ئاوێنەکەی کرد دیتی جەستەی ون بووە جگە لە جلەکانی بە هەوادا هەڵواسرابوون، پرسی:

- ئەمە مەبەستت ئەوە بوو کە جادووەکە کاریگەرییەکەی دیاریکراوە؟

- شەیتان تەنیا پارچەکانی جەستەت لانابات دەبێت جلەکانت لاببەیت ئەگەر بتەوێت بە شێوەیەکی تەواو ون ببیت.

- تێگەیشتم... چۆن ڕەتی بکەمەوە و بگەڕێمەوە بۆ باری ئاسایی خۆم؟

- ئەوەی داوای کرد شەیتانەکە پێی بدە ڕاستەوخۆ کاریگەری جادووەکە نامێنێت.

سرابی لەنێو یەکێک لە دۆڵەبەکانیدا مەقەستەکەی دەرهێنا و تاڵێک لە قژە قاوەییە درێژەکەی بڕی و خستییە سەر زەوییەکە، ڕاستەوخۆ دەرکەوتەوە.

تارا بەر لەوەی بڕوات پێی گوت:

- ئەگەر سبەی بارودۆخەکە لەباربوو دووبارە دێمەوە بۆ لات و فێری جادوویەکی ترت دەکەم.

ســــــــــرابی لە جێـــــــــی خۆیــــــــــدا وەســــــــــتاندی:
- ئایا هێشتا هەست بە مەترسی دەکەیت؟

جنــۆکە مــارە کــوبراکە چــاوی داخســـت وەک ئەوەی تەواوی سـەرنجی لەسـەر خاڵێک کۆ بکاتەوە، کە چاوی کردەوە پڕ بوو لە ترس و نیگەرانی:

- ئێسـتا گـوێم لە دەنگی هەناسـەبڕکێ و هەنگاوەکـان دەبێـت کە زیاتر نزیک دەبنەوە.

- ئەو کەسە کێیە کە لە هاتنی دەترسیت بەم جۆرە؟

وەڵامی نەدایەوە بەڵام بەر لەوەی بڕوات گوتی:

- ئاگادار بە جەنابی شاژن...

مارە کوبرا جنەکە بێدەنگ بوو، پاشـان بە هێواشی و بە خشپەیی ژوورەکەی شاژنی چۆڵ کرد و ڕۆیشت.

**

نیگەرانی کەوتە نێو دڵی سرابییەوە، هەوڵی دا کەمێک خۆی ئارام بکاتەوە بۆیە پەنجەرەکەی کردەوە کەمێک تەماشای ئاسمان بکات، بەڵام لەوێـدا سـەرنجی دا کە باڵنـدەکان بە نیگەرانیـیەوە دەفـڕن بە خێرایـی و بە شـێوەیەکی نائاسـایی و وەک ئەوەی بڵێیـت لە شـتێک ڕابکەن، بۆیە لەو کاتەدا هەستی کرد شتێکی ترسناک هەیە.

## ٤

## کەسە نامۆکە

لە جێیەکی دوور لە هێزە بڵاوەپێکراوەکان: دەنگۆیەکی بەهێز بڵاو بۆیەوە کە کەس سەرچاوەکەی نەدەزانی، پادشا عاسف دوای چەند کاتژمێرێکی کەم بەشی باکوور تێدەپەڕێت کە ناوی مەزاری شوهەیبە، لەوێدا تەنیا چەند سەربازێکی کەمی لەگەڵدا دەبێت.

بە خێرایی سەرکردە و گەورەکەیان کە جنۆکە **"هامان"** بوو، ویستی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و خەڵاتە گەورەکە بەرێتەوە کە لە بەرانبەر سەری پادشادا دانراوە.

بۆیە ڕاستەوخۆ هێزەکانی ڕێکخستەوە لەسەر خاکی ئەبابیل، هەموویان لە بەردەمی کۆبوونەوە و دەستی بەرز کردەوە و خەڵاتە گەورەکەی بیر هێنانەوە:

- پارچەیەک زەوی فراوانی ئەبابیل بۆ هەمیشە دەبێت بە هی ئێمە، پێنج شاخیش لە ئاڵتون و زیو.

پاشان بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئامادە بن پیاوە بەهێزەکان، هێرش دەکەینە سەر عاسف و لەناوی دەبەین!!

زەوی لە ژێر پێیان دەلەرییەوە، لەبەر ئەوەی بە هەموو هێزێکیان هاواریان دەکرد، وەکو ورچێک کە بەرەو نێچیرەکەی دەچێت.

چەند خولەکێک بەر لە دەرچوونیان گوێیان لە تەپەی پێ بوو کە لێیان نزیک دەبۆیەوە، کە تەماشای دەنگی سەرچاوەکەیان کرد پیاوێکی سەیریان بینی بەرەو لایان دەهات.

ئەو پیاوە سەیرە دەموچاوی داپۆشیبوو، جلێکی چەرمی تەسکی لەبەردابوو کە وردەکاری جەستەی دەرکەوتبوو، وەک ئەوە بوو لە بەرد هەڵکۆڵرابێت.

لە بەردەم سەرکردەکە وەستا و بە شێوەیەکی ئامۆژگاری پێی گوت:

**- ئەوە تەڵەیە.**

لەگەڵ ئەوەی هامان چلوپێنج هەزار بەکرێگیراوی هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی لە ئاست ئەو کەسە نەناسراوەدا قسە بکات لەبەر ئەوەی هالەیەکی شینی هەبوو بە جۆرێک پێی وابوو کە دژمنێکی زۆر مەترسیدارە.

هامان پرسی:

- چۆن دەزانیت تەڵەیە؟

کەسە نامۆکە وەڵامی دایەوە:

- هەموو شت دەزانم.

دەنگی هێندە دڵنیابوو لە دڵەوە بوو، وای لە هامان کرد ڕاستەوخۆ بە هێوری پرسیاری دووەم بکات:

- کەواتە پێشنیاری چیمان بۆ دەکەیت ؟

نەناسەکە بە دەنگێک کە هەمووان گوێبیستی ببن گوتی:

- ئێوە ئەوەی ئەنجامی دەدەن لە پێناو پارچە زەوییەکی سادەی ئەبابیل و پێنج شاخ لە ئاڵتون و زیوە، ئێوە زۆر پەلە دەکەن، چونکە

ژمارەتان زۆر زیاترە لەو پارچە زەوییە، ئەوەش وا دەکات کە دزی و ژیانە هەژارانەکەتان کۆتایی نەیەت.

پاشان بە دەنگێکی پڕ وزەوە گوتی:

- بەڵام ئەگەر بەدوام بـــکەون بەڵێنتـــان پـــێ دەدەم کە تەواوی ئەبابیـــل بە تەخـــت و گەنجینەکـــانیەوە، خەڵـــکەکەی، ئاســـمان و زەوییەکەی ببێت بە هی ئێوە!!

**

وشەکانی بە جۆرێک کاریگەری لەسـەریان بەجێ هێشت کە هەر یەکەیـان هیچیـان لە بـارەوە نەدەزانـی، هامـان لە جیـاتی هەموویـان پرسی:

- چۆن متمـانەت پێ بکەیـن لە کاتێکدا یەکەم جـارە چاومـان پێت دەکەوێت؟

زەردەخەنەیەکی کرد بە چاوە شینەکانی لە پشت دەمـامکەکەیەوە، بە دەنگێکـی بەرز وەک ئەوەی بیریـان بهێنێـتەوە کێـیە و بەر لەوەی خۆی بناسێنێت:

**- من خودام.**

پاشـــان دەمـــامکەکەی لە دەمـــی کـــردەوە هەموویـــان تەماشـــای ڕوخسـاریان دەکـرد چاوەڕێیـان نەدەکـرد کە ئەوەی دەیبیـنن ڕاسـت بێت:

**- تەماشا بکەن... ئەوە نابفیلە... ئەوە ئەوە گەڕاوەتەوە.**

لەو کـاتەدا هەموویـان زانییـان کێـیە، بـۆیە وەکـو پـولی دۆمیـنە هەموویـان بە زەویـدا کەوتـن و کڕنوشـیان بـۆ بـرد، بە یەک تـۆن هەموویان ئەمەیان دەگوتەوە:

– شوێنکەوتەتین، شوێنکەوتەتین ئەی تاغین.

٥

## پلانی پادشا "تەڵەی مەرگ"

هەر کە گەیشتنە مەزاری شوهەیب، ڕاستەوخۆ عاسف فەرمانی دا کە پلانەکەی جێبەجێ بکەن، بۆیە داوای کرد دەستەکە ببنە دوو بەش کە هەر یەکەیـان لە حەفتاوسـێ ئەسپسـوار پێکهـاتبوون، هەمـووان جەنگـاوەری خێزانـی ئیمپراتـۆر بـوون کە زۆر بە باشـی شـارەزای جەنگ بـوون، لەگەڵ ئەوەشـدا پێویستی بە ئەیـوب و باڵندە عنقائـەکە 'ئیکلیـل' هەبـوو لەگەڵیانـدا بـن تـاکو سـەرکەوتوو بـن لە نـانەوەی بۆسەکەدا.

ئەوەی کە مایەوە لە سەربازەکان، خۆیان شاردەوە لە پشت چیا بەرزە دوورەکـان کە لە چـاوان دوور بـوون، نەکـا ئەو هێـزە بەکرێگیراوەی کە دێن بۆ هێرشکردن لەوە زیاتر بن، تاکو لە دواوە بتوانرێت بە یەکجار هێرش بکرێتە سەریان.

**

بەڵام تـاغین کە وردەکـاری بۆسـەکەی دەزانـی بە باشـی خـۆی ئامـادە کردبـوو کە کـارێکی تـر ئەنجـام بـدات، بـۆیە لەگەڵ ئەو بەکرێگیراوانەی لەگەڵیدا بوون بەرەو زنجیرەچیا بەرزەکە ڕۆیشتن، تاکو گەمارۆیان بدەن.

لە پشـتی شـاخەکەوە دەنگـی بەکرێگیراوەکـان دەهـات، عاسـف و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون گوێبیسـتی بـوون، هەنـدێکیان بە بێدەسـەڵاتی تەماشـای یەکیـان دەکـرد و هەسـتیان بە بێدەسـەڵاتی خۆیـان دەکـرد،

کەسیشیان نەیاندەزانی چارەنووسیان بە چی دەگات لە پشتی ئەو چیایەوە.

عاسف ئەسپە باڵدارەکەی "سابح"ی ڕاکێشا و ئاراستەی کرد بەرەو چیاکە، پاشان بە سەربازەکانی گوت:

- با بڕۆین و بزانین چی ڕوویداوە.

کە گەیشتنە ئەویَ سەرسام بوون بەوەی کە بینییان تاغین وەستاوەوە و لە دوایەوە سوپایەکی گەورە لە بەکرێگیراوان هەیە، لەسەر لاشەی سەربازە کوژراوەکان وەستاون.

**

دوای ئەوەی ئەیوب ئەو دیمەنەی بینی لە ئەسپەکەی دابەزی و درکی بەوە کرد کە لە ڕیزەکانیاندا کەسێکی ناپاک هەیە، ئەو ناپاکە بووە کە پلانەکەی بۆ تاغین ئاشکرا کردووە.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- ناپاکێک هەیە لە نێوانماندا جەنابی پادشا.

بەڵام عاسف هێندە پەشۆکا بوو گوێبیستی قسەکەی ئەیوب نەبوو، ڕاستەوخۆ بەرەو تاغین ڕۆیشت تاکو بیکوژێت.

بەخۆی گوت:

**- ئەمە کۆتاییە.**

٦

## جەنگی مەزاری شوهەیب

عاسف کۆتاجاری بیر نەدەکەوتەوە کە هەستی بە ترس کردبێت وەک ئەوەی ئێستا هەستی پێ دەکات، ڕووبەڕووی تاغین وەستابوو تەماشای سەربازەکانی دەکرد کە چۆن لەسەر زەوییەکە لە خوێنی خۆیاندا گەوزاون، هەر وەک ئەوەی تەقیبێتنەوە.

ترسەکەی قۆستەوە، دەیزانی کە هیچ دەرفەتێک بۆ ئەو و ئەیوب و باڵندە عنقائەکە و حەفتاوسێ ئەسپسوارەکە نییە ڕزگاریان ببێت.

تاغین  بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

– چیتە؟ پێم وابوو دیتنی من دڵخۆشت دەکات.

کەمێک کات تێپەڕ بوو، بەڵام عاسف وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بیری لە چارەنووسی دەکردەوە کە چاوەڕێی هاوسەر و کچەکەی دەکات دوای مردنی، بەڵام تاغین دەرفەتی نەدا لەوە زیاتر بیر بکاتەوە، دەستی بەرز کردەوە و فەرمانی کرد بە هێزەکەی:

**– هەموویان بکوژن، یەک سەگیشیان مەهێڵنەوە.**

ئەیوب دەستەوەستان نەوەستا دوای ئەوەی بینی مەترسی نزیکی عاسف دەبێتەوە، بە دەنگی بەرز هاواری کرد  بۆ هەر حەفتاوسێ سەربازەکە:

**– پادشا بپارێزن... بە هەموو هێزتانەوە!!**

به خێرایی سەربازەکان بازنەیەکی پاراستنیان بە دەوری ئەیوب و عاسفدا بەست، دەورەی ئەیوب و عاسفیان دا، ڕاستەوخۆ شەڕ لە نێوان سوپا گەورەکەی تاغین و پادشا دەستی پێ کرد.

**

بارودۆخەکە پێویستی بە زیرەکی و شارەزایی زۆر نەبوو لەو حەفتاوسێ سەربازەدا، لەگەڵ ئەوەی بەهێز بوون، بەڵام نەیاندەتوانی پارێزگاری زۆر بکەن لە بەرانبەر ئەو سوپایەدا، بۆیە ئەیوب بە عاسفی گوت:

- دەبێت لێرە ڕابکەیت!!

- نەخێر، هێندە ترسنۆک نیم ڕابکەم!!

ئەیوب زلەیەکی قایمی کێشا بە دەموچاویدا و هاواری لەسەر کرد:

- کەی واز لەم لاسارییەت دەهێنیت و وەکو پادشا ڕەفتار دەکەیت؟؟

ئەیوب شانەکانی دەلەرزاندەوە، هێشتا لە ژێر کاریگەری زلەکەدا بوو:

**- تۆ پادشایت، کەوتنی تۆ واتە کەوتنی ئەبابیل!!**

عاسف بابەتەکەی بە هەند وەرگرت لەو کاتەدا گوتی:

- چی بکەم؟

ئەیوب پێی گوت:

- بگەڕێنەوە بۆ کۆشک لەوێدا دەستەی دووەم بەکار بهێنە و دووبارە هێرش بکەرەوە سەر تاغین، دەبێت پارێزگاری لە پادشایەتیت بکەیت، تێگەیشتی چی دەڵێم؟

- وەرە لەگەڵمدا با ڕابکەین!!

شمشێرەکەی لە کەمەری دەرهێنا و ئامادەی شەڕ بوو:

عاسف ویستی قسەیەک بکات، بەڵام ئەیوب مەجالی نەهێشتەوە بێت ڕاستەوخۆ کێشای بە پشتی ئەسپەکەیدا و گوتی:

**- دووری بخەرەوە لێرە سابح، دەیی!!!**

سابح بازی هەڵدا لە هەوادا و بە هەموو هێزییەوە بە باڵەکانی دەفڕی، ئەیوب پێکەنی و لەو کاتەدا دانە سپییەکانی دەرکەوتن دانەیەکیان نەبێت کە ئالتوونی بوو گوتی:

- ماڵئاوا ئەی مێرووی بێزارکەری بچووک.

## ٧

## ئەیوب

ئەیوب هاواری لە سەربازانی دەستەکە کرد، تاکو دووبارە ڕۆحی جەنگیان لە دڵدا زیندوو بکاتەوە، هەر ئەوەندەی عاسف دوور بکەوێتەوە و بگاتە جێیەکی سەلامەت:

**- بە هەموو هێزتانەوە بکوژن، لە مردن مەترسن، ئەوەی لە پێناو خاکەکەیدا بمرێت لە ئاسمان زیندووە!!**

دوای ئەوەی هەندێک کات تێپەڕ بوو، لەوە نزیک دەبۆیەوە کە لە بازنەی بەرگرییەکە نزیک ببەنەوە، سەری بەرز کردەوە تەماشای ئیکلیلی دەکرد کە بە شێوەی پارێزگارێک بە دەورییاندا وەستابوو، بازی دەدا و پارێزگاری لێ دەکردن:

- ئیکلیل وەرە بۆ ئێرە.

دەیزانی کە لە نێوان عاسف و هاوڕێکانی "حەکیم و شمالی"دا ناکۆکی هەیە، دەیزانی کە هەرچەندی ناکۆکیەکەیان گەورەتر بێت هەرگیز هەر کاتێک تەنگانە بێتە پێشەوە پشتی هاوڕێکەیان بەرنادەن:

- بڕۆ بۆ جەساسە و ئەوەی ڕوویداوە دەربارەی عاسف بە حەکیم و شمالی بڵێ.

باڵندەکە فەرمانەکەی جێبەجێ کرد و ڕاستەوخۆ بەرەو ئاسمانی جەساسە فڕی.

له جەنگـی مەزاری شـوهەیبدا ئەیـوب زۆربەی بەکرێگیراوانـی کوشـت بەر لەوەی تـاغین دەسـتگیری بکـات، بەڵام ئەو کـاتەی کە نزیـک بـۆیەوە لەوەی بیکـوژن ئەیـوب کەوت بە زەوییـدا، بەڵام بە پێکەنینەوە سـەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە بۆ هەردوو هـاوڕێکەی 'جومانا و بەحر' کە چاوەڕێی هاتنی بوون.

**

لەو کـاتەدا عاسـف بە خێرایـی هەوڵـی ڕاکردنـی دەدا بە ئەسـپە باڵدارەکەی، لە پڕێکدا ئاسمان بە بێ ئاگاداری پێشـوەختە بـارانێکی بە خـوڕی بارانـد بەسـەر سـەریدا، بەو جۆرە زانـی کە ئەیـوبی هـاوڕێی مردووە.

بەردەوام بـوو لە هەڵهـاتنەکەی لەگەڵ بـارانەکەدا فرمێسـکیش لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە.

دوای ئەوەی تـاغین دانە بە دانەی هەر حەفتاوسـێ سـەربازەکەی کوشـت، بەرەو جەسـتە کەوتـووەکەی ئەیـوب ڕۆیشـت کە لەسـەر زەویەکە کەوتبوو کە لەگەڵ بارودۆخی ئاساییدا یەکی نەدەگرتەوە.

چاوی داخست و فەرمانی دا بە سەربازەکانی خۆی:

- گۆڕێکی بۆ ئامادە بکەن کە شایستەی بێت، شۆرشـگێڕێکی ئـازا بوو، شایەنی ڕێزە.

جنۆکەکان گۆڕێکی گەورەیان بۆ هەڵکەند، تاغین بە دەستی خۆی خسـتییە نـاوی دواتـر خۆڵیـان دا بەسـەریدا، تـاغین ڕووی کـردەوە سەربازەکانی و بە جۆش و خرۆشەوە پێی گوتن:

**- ئێوە ئامادەن بۆ گرتنەوەی تەختی ئەبابیل؟؟**

دەنگی سـەربازەکان بە جۆشـەوە دەهـات وەک ئەوەی دڵنیـا بن لە بابەتەکە.

بە تیلەی چاو ئاماژەی بۆ کردن:

- کەواتە با بەرەو دوورگەی ئەرباب بەڕێ بکەوین.

## ٨

## ئیکلیل بەرەو دێی جەساسە

ئیکلیـل بە خێرایـی بەرەو دێـی جەساسـە دەچـوو, لەگەڵ ئەوەی سـەردانی حەکـیمەکەی بـۆ یەکجـار نەکردبـوو لەوکـاتەوە نەبێـت کە باڵندەیەکی بچووک بوو, بەڵام بە باشی ڕێگەکەی دەناسییەوە.

دوای ئەوەی مـــاڵەکەی کەوتە بەرچـــاوان، ڕاســـتەوخۆ بەرەو خوارەوە نیشتەوە لە بەردەم دەرگای مـاڵەکەدا و لەو کاتەدا تەپوتـۆز و خۆڵی باڵەکانی هەڵی کرد.

شمالی و حەکیم تووشی کۆکە بوون بەهۆی ئەو هەموو خۆڵەوە, هەردووکیان کە خۆڵەکە نیشتەوە تەماشایان کرد چی ڕوویداوە.

بینیان کە باڵندە عنقائـەکەیان لە بەردەمدایە:

- لە کاتێکی باشدا هاتیت مریشکی سور، ئێمە زۆر برسیمان بـوو، هیچیشمان نەبوو لێی بنێین بۆ ئیوارە!!

ئیکلیل ڕاستەوخۆ گوتی:

- عاســـف لە جەنگـــی مەزاری شـــوهەیبدا بەزی، تـــاغین و ســـربازەکانی بەڕێگـــاوەن بـــۆ دوورگەی ئەربـــاب تـــاکو دەســـەڵات بگرنەوە دەست!!

هەواڵەکە وەکو هەورەبروسکە وابوو بۆیە پرسیان بە یەکجار:

- چۆن ئەوە ڕوویدا؟

ئیکلیل بە خێرایی گوتی:

- لە ڕێگا هەموو شتیکان بۆ باس دەکەم با کات لەمە زیاتر بە هەدەر نەدەیــن، دەبێــت زوو بگەیــنە کۆشــک بەر لەوەی تــاغین و سوپاکەی بگەنە کۆشک، ئەگەر نا ئەو کات درەنگ دەبێت و هەموو شت لەدەست دەدەین.

حەکیمەکە ڕاستەوخۆ گوتی:

- دەی با بڕۆین؟ قنی زۆرمان لە بەردەستە لێیان بدەین!!

## ٩

## دارستانی ئەخدود

دوای ئەوەی باران وەستایەوە هەورێکی ڕەش هەڵی کرد، لەو کاتەدا عاسف دەیزانی ئەگەر بێت و بەرەو کۆشک بەڕێ بکەوێت ئەوا جێیەکەی ئاشکرا دەبێت بۆ دژمن، بۆیە فەرمانی بە ئەسپە باڵدارەکەی کرد (سابح) بەرەو دارستانەکەی لە ژێریانەوە بوو لەوێدا بوەستن:

- لەم دارستانە بنیشەوە سابح.

سابح ڕاستەوخۆ بە باڵە گەورەکانی لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا نیشتەوە:

- ئەم جێیە پێدەزانیت؟

- ئەمە دارستانی ئەخدودە گەورەم.

- دەتوانین لێرەوە بگەین بە کۆشک ؟

- بەڵێ، دوورگەی ئەرباب لە دەروازەی ئەم دارستانەیە.

عاسف لەسەر پشتی ئەسپەکەی دابەزی و بە پێ دەیویست ڕێگەکە ببڕێت، سابح لێی پرسی:

- بۆچی نایەیتە سەر پشتم گەورەم، دارستانەکە گەورەیە، ئەگەر لەسەر پشتی من بیت ئەوا زووتر دەگەین.

وەڵامـی دایەوە و کـڵاوەکەی لەسـەری کـردەوە، پـارچە پـارچە قەڵغانەکەی لە لەشی دەکردەوە:

- ئەگەر لەسـەر پشـتت بـم ئاسـان دەکـرێمە ئامـانج، بەڵام ئەگەر جیابینەوە باشترە.

لە کۆتاییدا کە تەواو بوو لە لێکردنەوەی پارچەکانی قەڵغانەکەی، ڕەشوی ئەسپەکەی گرت و گوتی:

- ئەگەر شتێکی خراپم لێ بەسەر هات نامەوێت یارمەتیم بدەیت، دەمەوێت ڕاستەوخۆ بچیت بۆ دوورگەکە، جومانا و سرابی لە کۆشک ببەیت و بچن بۆ جێیەکی سەلامەت، ڕێککەوتین؟!

- بەڵام گەورەم ئەگەر بەڵایەکت بەسەر بێت نابێت کە...

- نـا نـا، پێویسـتی ناکـات یـارمەتیم بـدەیت، ئەوەی فەرمانـت پـێ دەدەم ئەنجـامی بـدە. سـرابی و جومانـا ببـە بـۆ جێیەکـی سـەلامەت، باشە؟

سابح سەری لەقاند:

- وەک ئەوەی وتت، فەرمانتە خاوەنشکۆ.

- زۆر باشە.

پاشان ئامادەی ڕاکردن بوو:

**- ئێستا بە هەموو هێزمانەوە با ڕابکەین.**

## ١٠

## عاسف و سابح بەرەو کۆشک

هەردووکیان جیابوونەوە و بە هەموو هێزیانەوە ڕایان دەکرد بەنێو دارستانی ئەخدودا، دەیانویست بەر لە تاغین و داروودەستەکەی بگەن بە کۆشک.

عاسف هێشتا دڵتەنگ بوو بەهۆی مردنی ئەیوبەوە، فرمسێکیش لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە کە وای کردبوو بە باشی چاوی نەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵ دەیزانی ڕێگا ڕاستەکە هەڵببژێرێت.

بە خێرایی دەڕۆیشت، چەندان گرد و دۆڵ و درەختی تێپەڕاند، هەستی دەکرد ئومێدێک لە ناخیدا چەکەرە دەکات و ڕۆحی زیاتر و زیاتر ئەمانە دەڵێتەوە:

- سرابی... جومانا... مەترسن وا دێم بۆ لاتان.

لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشییەکەی تەواو نەکرد کە ماوەیەکی کەم مابوو، نزیکەی کاتژمێرێک تێپەڕیکرد بە ڕێگەیەکی هەڵەدا ڕۆیشت، قاچی نا بە تەڵەیەکدا، هەر کە قاچی لێی هەڵکەوت بە دەستی دەمی خۆی گرت تاکو هاوار نەکات و ئاشکرا نەبێت، بەڵام لە بێبەختیدا هەندێک زەنگۆڵەی ئاسنینی پێوە کرابوو ڕاستەوخۆ خاوەنی تەڵەکەی ئاگادار دەکردەوە کە کەسێک بووە بە تەڵەکەیانەوە.

لەو کاتەدا سابح بە بێ ئاگایانە بەرەو لای گەورەکەی ڕێگەی گۆڕی و لێی نزیک بۆیەوە تاکو لە کۆتەکە ڕزگاری بکات بەڵام

بێسوود بوو. لەبەر ئەوەی ددانەکانی بە قووڵی چەقیبوون بە قاچیدا و کات و هێزی زۆری پێویست بوو تاکو لێی بکرێتەوە:

- کاتمان نییە سابح، ئەوە بکە کە فەرمانم پێ کردیت، دەی!!

سابح گوێی بە قسەکەی نەدا، بە ددانی هەوڵی دەدا تەڵەکە بکاتەوە، عاسف بە تووڕەییەوە هاواری بەسەردا کرد:
- سابح تەماشام بکە!!

- تەنیا با هەوڵێک بدەم گەورەم...

- سابح تەماشام بکە!!

سابح بە بەزەییەوە تەماشای گەورەکەی کرد و عاسف گوتی:

- خەمت نەبێت من باش دەبم، ئێستا بڕۆ بەرەو کۆشکەکە و سرابی و جومانا ببە بۆ جێیەکی دوور، باشە... ڕێککەوتین دەی!!

سابح دەیویست چەند و چونی لەگەڵدا بکات بەڵام عاسف گوتی:

- قسەکەم ڕەت مەکەرەوە ئەمە فەرمانی شاهانەیە!!

سابح سەری دانەواند بە دڵتەنگییەوە گوتی:

- فەرمانتە خاوەنشکۆ.

پاشان ڕاستەوخۆ بەنێو دارەکاندا ڕۆیشت بەرەو ئاراستەی کۆشک. لەو کاتەدا عاسف ئازاری دەچەشت بەهۆی ئەو تەڵەیەوە.

دوای ماوەیەکی کورت عاسف هەستی دەکرد قاچی سڕ دەبێت و چاوی قورس دەبێت و نیوەی دادەخرا..

پاڵی دا بەو درەختەی کە لێوەی نزیک بوو:
- بە نەفرەت بێت، ددانەکانی ئەم تەڵەیە بە مادەی بێهۆشکەر چەور کراوە.

چاوی داخست و له کۆتاییدا خۆی دا به دەستەوە بۆ دەرمانەکە، هێندەی نەمابوو بکەوێتە نێو خەوەوە، پێکەنینەکانی کچەکەی (جومانا) دەهاتنە بەرچاوی، زۆر بە تامەزرۆییەوە دەیویست دووبارە هاوسەرەکەی ببینێتەوە و لە ئامێزی بگرێت و ماچی لێوەکانی بکات و بۆنی قژی بکات کە بە زەیتی گوڵی سەوسەن چەوری دەکات، پێویستی بە هێز و توانا هەبوو تاکو لەو نەهامەتییە ڕزگاری ببێت.

کە چاوی کردەوە دووبارە ڕەنگی چاوی چەپی گۆڕا بۆ سوورێکی تێر، هێزەکەی بەکارهێنا و توند دەمی تەڵەکەی کردەوە لە کۆتاییدا توانی خۆی لێ ڕزگار بکات.

هەستایەوە لەسەر پێ و خۆی بە دارەکە گرتەوە، ئامادەباشی وەرگرت تاکو دووبارە بەرەو کۆشک ڕابکات، بەر لەوەی هەنگاوێکیش هەڵبهێنێت لەبەردەمیدا دوو پیاوی کەتەی باڵابەرزی ڕەش دەرکەوتن کە شاخدار بوون.

یەکێکیان ناوی **ئیسیم** بوو داسێکی درێژی بە دەستیەوە گرتبوو، ئەوی تر ناوی **شوعەیب** بوو، لەسەر پشتی کۆمەڵێک تیری پێبوو لەگەڵ کەوانەکەیدا.

عاسف هەوڵی دا لە بەردەمیاندا ئازارەکەی بشارێتەوە و باش خۆی پیشان بدات تاکو نەیناسنەوە، چونکە نەیدەزانی ئایا ئەوانە کار بۆ تاغین دەکەن یاخود نا.

دوای ئەوەی شوعەیب بینی تەڵەکەیان تەقیوە و هیچ شتێکی نەگرتووە بیخۆن بە بێ هیواییەوە گوتی:

- پێدەچێت ئەم ئێوارەیە بە برسێتی بەسەر ببەیت ئیسیم.

دوای بیستنی ئەو ڕستەیە عاسف هەستی بە ئارامی کرد و دڵی هێور بۆیەوە، **ئەوانە ڕاوچییەک زیاتر هیچی تر نین بە دوای پڕکردنی سکیانەوەن.**

ئیسیم لەبەر ئەوەی ددان لە دەمیدا نەمابوو قسەکانی ئەیگرت و هەندێک جار بە (ث) قسەی دەکرد لە نێوان وشانەی بە پیتی (س) و (ش) دەردەبڕدرێن:

- پێت چۆنە ئەمە بخۆین.. هەشت دەکەم گۆستەکەی خۆش بێت!!
شوعەیب بە بەزەییەوە گوتی:

- نەخێر، ڕەنگە خێزانی هەبیت و چاوەڕێی هاتنەوەی بکەن.

پاشان گوتی:

- ئەوە بە کەڵکی خواردن نایەت تەماشای ماسولکە بەهێزەکانی بکە، ئەمەش مانای وایە گۆشتەکەی جیڕە و بۆمان ناجورێت.

- هێشتا ئێشکەکانیمان بەسە.

پاشان گوتی:

- تەنیا تامی دەکەین.

شوعەیب بە تووڕەییەوە گوتی:

- گوتم نەخێر!!

لەو کاتەدا عاسف بیری لەوە دەکردەوە چۆن خۆی لەم کێشەیە ڕزگار بکات لە دەست ئەم دوو پیاوە ڕەفتار سەیرە، بۆیە گوتی:

- هیوای خوانێکی باشتان بۆ دەخوازم بەم ئێوارەیە.

بەڵام هەر ئەوەندەی قاچێکی جوڵاند ڕاستەوخۆ لە تاو ئازار کەوت بە زەویدا، بۆیە پێویستی بە دەستێکی هاوکاری هەبوو.

شوعەیب لێی نزیک بۆیەوە بینی برینەکەی چەندە قوڵە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، سەری هەڵبڕی تاکو پێی بڵێت بەڵام دیتی دەموچاوی هەر لە هی پادشا دەچێت بۆیە گوتی:

- تکایە گاڵتەم پێ مەکەن.

ئیسیم لە دواوە گوتی

- ڕات گۆڕی و بڕیارت دا بیخۆین؟

شوعەیب ڕاستەوخۆ وەک ئەوەی دێوێکی دیبێت گوتی:

- ئەوەه... ئئئئ... ئەوە پادشایە!!!

ئەسیم دەستی لە لووتی دەرهێنا و پێکەنین گرتی و گوتی:

- پێدەچێت برسییەتی کاری لە مێشکیشت کردبێت!!

- وەرە، وەرە و خۆت بە چاوی خۆت ببینە ئەگەر باوەڕ ناکەیت!!

ئیسیم لێی نزیک بۆیەوە تاکو لە قسەکانی دڵنیا ببێتەوە، گوتی:

- بەڕاستی، ئەوە بەڕاست پادشایە!

شوعەیب پێشنیاری کرد:

- وەرە با یارمەتی بدەین و بیگەڕێنینەوە بۆ کۆشک!!

ئیسیم بەو بڕیارە ڕازی نەبوو بەڵکو بیرۆکەیەکی تری لە مێشکدا بوو گوتی:

- شێت بوویت؟ چۆن دەتوانین ئەوە بەرانبەر پادشا بکەین؟

ئیسیم دووبارە هەوڵی دا ڕازی بکات

- تەماشای دەوروپشتی خۆت بکە... بە تەنیایە و بریندارە، ئەوە تاکە هەلی ئێمەیە تاکو دەوڵەمەند بین دڵنیابە، زەوییەکمان لە ئەبابیل پێ دەدەن لەگەڵ پێنج شاخ لە ئالتون و زیو.

هەندێک کەس پارە و سامان کاریان تێناکات بەڵام هەندێکیتر وەها نین، هێندی نەمابوو شوعەیب بێتە سەر ڕای هاوڕێکەی و گوتی:

- باشه کەواتە با خێرا لەم کارە ڕزگارمان بێت.

بێگومــان عاسـف بە زووتـرین کـات دەیتـوانی لەم بـارودۆخە ڕزگـاری ببێـت لەو دوو کـابرا قۆچـدارە ئەگەر جەسـتەی بە مـاددە بێهۆشـکەکەرە سـڕ نەبـوایە، بەڵام بە تەواوی لە پەلوپـۆ کەوتبـوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە نەبوو بە ئاسانی خۆی بدات بەدەستەوە بە بێ شەڕ.

لەگەڵ ئەوەشـدا شـوعەیب بە خێرایـی ویسـتی مسـتێکی لـێ بـدات هەرچەنـدە عاسـف خـۆی لـی دوورخسـتەوە، بەڵام قـاچی هاوکـاری نەبوو بۆیە هاوسەنگی خۆی لەدەست دا و کەوت بە زەویدا.

هەوڵـی دا دووبـارە هەسـتێتەوە، بەڵام ئیسـیم لەقەیەکـی لێـدا ئەوەندەی تر کەوت بە پشتدا، بەو جۆرە هەستانەوەی قورس بوو.

ئیسیم بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

- پێـدەچێت قسـەکەت هـاتبێتە دی جەنـابی پادشـا، ئێسـتا کـاتی ئەوەیە کە خوانێکی خۆش بخۆین.

پێکەنی:

- خواردنێکی خۆشی پڕ بۆن و بەرامە.

عاسف دەیویست هەستێتەوە بەڵام دڵتەنگ بوو، لەبەرئەوە نا کە دەمـرد، بەڵکـو لەبەر ئەوەی زەوی بەجـێ دەهێڵێـت بەر لەوەی لە سەلامەتی کچەکەی و ژنەکەی دڵنیا ببێتەوە.

ئیسیم داسەکەی بەرز کردەوە تاکو سەری عاسفی پێ لێبکاتەوە:
- ئێستا، بە یارمەتی خۆت جەنابی پادشا.

پاشان داسەکەی لە ملی دا.

# دەروازەی

# سێیەم

## ١

## کۆشک

بەر لەوەی  تەورەکە بگات بە ملی عاسف شتێک بە خێرایی وەکو تیر بەر جەستەی ئیسیم و شوعەیب کەوت، لە هەمان کاتدا هەردووکیان کەوتنە سەر زەوی.

عاسف ڕاستەوخۆ تەماشای کرد دیتی هاوڕێکەی شمالی و حەکیم کە چەند هەنگاوێک دوورن و لە سەریانەوە باڵندە عنقائەکە (ئیکلیل) خوێن لە دەنووک و چاوانی دەهاتنە خوارەوە.

**

ڕاستەوخۆ هەستایەوە باوەڕی بەو سەرەتا تازەیە نەدەکرد کە بۆی نوسراوە، بەڵام دەیزانی ئێستا کاتی سوپاسکردنی هاوڕێکانی نییە، بۆیە گوتی:

- بە خێرایی دەبێت بگەین بە کۆشک!!

حەکیمەکە تەماشای قاچی کرد و گوتی:

- قاچت خوێنی زۆر لێ دێت، دەترسم دواتر چارەسەری قورس بێت، ئەگەر ئێستا چارەسەری نەکەم.

عاسف گوتی:

تاکە شت کە سەخت دەبێت چارەسەرەکەی، ئەوەیە تاغین بگاتە کۆشک بەر لە ئێمە ئەو کاتە چارەسەری ئاسان نابێت.

شمالی هەمان ڕای هەبوو:

- ڕاست دەکەیت، با بەڕێ بکەوین بۆ کۆشک.

حەکیم ڕووی کردە شمالی، مۆڕەی کرد و ڕووی وەرگێڕا، بە خێرایی ڕایان دەکرد تاکو بەر لە تاغین و شوێنکەوتەکانی بە کۆشک بگەن.

**

هەر کە گەیشتنە دەروازەی دارستانەکە لە کۆتاییدا دوورگەکە لە بەردەمیاندا دەرکەوت، بەڵام کەسیان نەیانتوانی یەک هەنگاویش بچنە پێشەوە، ئەوەی بینییان هەرگیز چاوەڕێی نەبوون:

**بینیـــان کۆشـــەکەکە دەســـوتێت، دوای ئەوەی تـــاغین و دارودەستەکەی دەستەی دووەمی سوپاکەشیان کوشتووە!!**

## ٢

## گەمارۆدان

لەو کاتەی کە عاسف خۆی لە ناوەندی ئەو هەموو ڕووداوە بینییەوە، ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبوو دۆڕانە یەکلەدوایەکەکەی و لەدەستدانی تەختەکەی بوو، تەواوی هۆشی لای کچەکەی و ژنەکەی بوو.

بەلام تۆسقاڵێک هیوا لە دڵیدا مابوو کە پێی دەگوت ئەسپە باڵدارەکەی، بێگومان توانیویەتی لە کاتی گونجاودا بگات بە کۆشک و ژنەکەی و منداڵەکەی ببات بۆ جێیەکی سەلامەت، بەلام هەر زوو ئەو هیوایەشی نەما، چونکە خێرا سەربازەکانی تاغین بەر لەوەی سنووری دەریاکە تێپەڕ بکات سابحیان گرتبوو.

ئەمەش واتای ئەوە بوو ژنەکەی و کچەکەی دوورگەکەیان بەجێ نەهێشتووە، لێرەدا دوو گریمانە دەهاتە پێشەوە:

**یەکەم: لە ئاگرەکەدا مردوون.**

**دووەم: بە ڕێگەیەک توانیویانە لەو کێشەیە ڕزگاریان ببێت.**

لەگەڵ ئەوەی ئەگەری ڕزگاربوون زۆر کەم بوو، بەلام دەیزانی شایەنی ئەوەن کە ژیانی لە پێناویاندا بکاتە قوربانی.

- ئامادە بن، دوورگەکە دەبەزێنین.

ئیکلیل ئامادە بوو بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانەکە، بەلام شەمالی پێشنیارێکی تری هەبوو، گوتی:

- ئەگەر بچینە ناو دوورگەکە واتای ئەوەیە بێگومان دەمرین، لەبەر ئەوەی ئەوان سوپایەکی تەواون و ئێمەش تەنیا چوار کەسین!!

حەکیمیش هاوڕابوو لەگەڵیدا گوتی:

- هههە، مەبەستت ئەوەیە سێ کەسن، چونکە من لەگەڵتاندا نایەم بۆ ئەوێ.

- "ترسنۆکانە".

عاسف وای گوت و خۆی ئامادە کرد بۆ بازندان بۆ ناو دەریاکە، گوتی:

- من و ئیکلیل دەڕۆین، دەتوانن ئەگەر ئێوە دەتانەوێت بگەڕێنەوە بۆ جەساسە.

حەکیمەکە داکۆکی لە خۆی لە شمالیش دەکرد بەوپەڕی ترسنۆکییەوە:

- تەماشای ئەوان بکە و تەماشای ئێمە بکە، مردن پێشوازیمان لێ دەکات هەر پێ بخەینە نێو دوورگەکەوە!!

پاشان بە ئیکلیلی گوت:

- قسەیەک بکە، بێدەنگی وەکو ترسنۆکێک پیشانمان دەدات!!

ئیکلیل گوتی:

- بە بێ چەند و چوون فەرمانی پادشا جێبەجێ دەکەم.

سەرسام نەبوو بە وەڵامەکەی، بۆیە گوتی:

- بەڵام ناوبانگت شتێکی تر دەڵێت، نەفرەت لە خۆت و پەڕەکانیشت.

شمالی گوێبیستی قسەی ئیکلیل بوو کە گوتی فەرمانی پادشا ڕەت ناکەمەوە، بەبێ چەند و چوون بیری کردەوە ئەوەی لە بەردەمیاندا وەستاوە عاسفی هاوڕێیان نییە، بەڵکو پادشایە و دەبێت لە بەرانبەریدا دڵسۆزی خۆیان بنوێنن، بۆیە گوتی:

- ئیکلیل ڕاست دەکات.

عاسف سەرسام بوو بەو قسەیە، شمالی نەیدەتوانی لەوە زیاتر بەو جۆرە بمێنێتەوە و تەماشای دیمەنەکە بکات، بۆیە شمشێرە درێژەکەی دەرهێنا و بە عاسفی گوت:

- ئەمە بەسە!!

عاسف لە جێی خۆی وەستا، چاوی بڕییە نێو چاوی شمالی و گوتی:

- ئایا ئێستا لە دژم دەوەستیتەوە؟!!

- ئێمە دژمنی یەکتر نین تاکو لە پاڵ یەکتاندا بوەستم و لە دژی ئەوەی تریان بم، ئێمە هاوڕێی یەکین.

وەڵامی دایەوە بە دەنگی نزم، بەڵام تووڕەی زۆری هەڵگرتبوو:

- مەڵێ هاوڕێین، من هاوڕێی کەسانی ترسنۆک نیم.

قسەکەی پێ بڕی، حەکیمەکە شمێشێرەکەی لە ملی عاسف دوورخستەوە، پاشان بە دەنگێک کە لەنێو دەمە وشکەکەی دەهات گوتی:

- من ترسنۆک نیم.

دووبارە دەستی بەرز کردەوە بۆ خۆبەدەستەوەدان:

- دەشتوانیت بە دەستی خۆت توانای من تاقی بکەیتەوە و یەک لە دوای یەک لێم بدەیت تاکو دەکەوم لە بەردەمتدا و دەمرم.

عاسف بێدەنگ بووبوو، حەکیم بەردەوام بوو:
- ئێمە ناترسین لەوەی لەم ژیانە بڕۆین چونکە لە کۆتاییدا هەر دەڕۆین، بەڵام بابەتەکە کەوتۆتەوە سەر کاتە گونجاوەکەی کە تێیدا دەمرین. گرنگ ئەوەیە بە شکۆمەندییەوە بمرین.

عاسف دەستی بۆ کۆشکە سوتاوەکە ڕاکێشا و بە دڵتەنگییەوە گوتی:

- تۆ تێناگەیت چەندە سەختە مرۆڤ بە بەرچاوییەوە خەونەکانی دەسوتێت و ئەمیش هیچی لە دەست نایەت جگە لەوە نەبێت لە دوورەوە بە بێدەنگی تەماشای دووکەڵەکەی بکات.

- من لەوە تێدەگەم، تۆ ناتوانیت خۆت بدەیت بەدەستەوە تا ئەوەی خەونەکەتی سوتاند سزای نەدەیت.

یەخەی گرت و هاواری بەسەردا کرد:

- دەتەوێت بمریت بەر لەوەی تۆڵەی هاوسەر و منداڵەکەت بکەیتەوە لەو ستەم کارە؟!!

عاسف لە جێی وەستابوو، بەڵام ڕوخساری خوێنی لێدەباری، وەک ئەوەی لە خەونەکەی بە ئاگاهاتبێتەوە.

حەکیمەکە بە تووڕەییەوە قسەکەی تەواو کرد:

- دەتەوێت بمریت بەر لەوەی تۆڵەی مردنی ئەیوب بکەیتەوە؟ مردنی سەربازانی سوپاکەت؟ مردنی وەزیرە خەیزەران؟ سوتاندنی کۆشک؟ چارەنووسی نادیاری سابح؟ ئەگەر تۆ ئەوەت دەوێت من نامەوێت.

پاشان گوتی:

- بەڵێنت پێی دەدەم دەچینەوە نێو دوورگەکە و تۆڵەی مردنی هاوڕێکانمان دەکەینەوە، بەڵام ئەوکاتەی کە بۆ کردنی ئەو کارە ئامادە دەبین.

لەو کاتەدا عاسف ئەو قسەیەی بیرکەوتەوە کە دایکی پێی گوت کە منداڵ بوو:

**(ڕۆڵەکەم لە بیرت بیت خودای گەورە وەڵامی نزاکانمان دەداتەوە هەر کاتێک ئەنجامی بدەین)**

سەری بەرز کردەوە بە ئاسمانی فراواندا و بەردەوام تەماشای دەکرد لە سوچێکەوە یان لە کونێکەوە بەڵکو ڕوخساری خودا ببینێت.

بەڵام کە لە ئاسماندا ئەو کونجەی نەدۆزییەوە کەوتە سەر ئەژنۆ و کڕنووشی برد وەک ئەوەی بڵێت بەو ڕێگایە بگات بە خودای گەورە.

داوای ئارامی و سەرکەوتن و بەدیهێنانی شۆڕشی دەکرد لەگەڵ ئەوەی هێندەی ئەوەندە دەیزانی کە ئەوەی بڕوات بەرەو مردن ناگەڕێتەوە، چپاندی لە کڕنووشەکەیدا:

- بۆم بگەڕێنەوە خودایە، کچ و ژنەکەمم دووبارە بۆ بگەڕێنەوە ژیان.

دوای ئەوەی دایکی لەدەست دا، عاسف لە هەموو لەدەستدانێکی تر دەترسا، بەڵام لەدەستدانی هاوسەر و کچەکەی لە یەک ڕۆژدا شتێک بوو کە نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت، بۆیە ئەو داوایانەی دەکرد کە ئەو شتە نەبینێت، لە دڵتەنگی خۆیدا نغرۆ بووبوو.

هاوڕێکانی بەرەو لای ڕۆیشتن، حەکیمەکە گوتی:

- پێویستت بە چارەسەر هەیە با لەم دارستانە دەربچین و بتبەین بۆ جێیەکی تر کە دوور بێت لە سەربازەکانی تاغین .

هەڵیانگرت و بەڕێکەوتن، بەڵام کەسیان نەیاندەزانی ئەو جێیەی کە عاسف سەری لەسەر دانابوو کەمێک پێشتر، تۆوێک هەبوو کە پێویستی بە یەک دڵۆپ فرمێسک بوو تاکو لە زەوی بێتە دەرەوە کە لەو چاوە خەمبارانە کەوت.

## ٣

## ئاگرەکە

هەر کە تاغین گەیشتە دوورگەی ئەرباب، ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی چەتە بەکرێگیراوەکانییەوە بەسەر دەستەی دووەمدا سەرکەوت.

لەگەڵ ئەوەی دەستی دووەم هەزار سەربازی تێپەڕ نەدەکرد، بەڵام ئەوان هێڵی بەرگری کۆتایی ئەبابیل بوون، دەیانتوانی تاغین و ئەوانەی لەگەڵیدان بیانکوژن بەر لەوەی سنووری کەنارەکەش تێپەڕ بکەن.

بەڵام شەڕەکە زۆری نەخایاند تاکو وەزیرە خەیزەران فەرمانی کرد فوو بکەن بە بوقەکەدا، داوای لە سەربازەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ کۆشک.

یەکێک لە سەربازەکان ڕەتی کردەوە، گوتی:

- جەنابی وەزیر، تاغین بە سەربازەکانییەوە بە دواماندا دێت و بەسەرماندا سەردەکەوێت ئەگەر بکشێینەوە.

- ئێمە دەستەکەی تر دەپارێزین.

- بەڵام تۆ فەرمانی مردن بەسەر دەستەکەی تردا دەسەپێنیت.

- باشترە وەک لەوەی فەرمانی مردن بەسەر هەموو سەربازەکانی دەستەکە بسەپێنم.

- بەڵام سەربازەکان ورەیان بەرزە، لێیان گەڕێ با پارێزگاری لە دوورگەکە بکەن.

- بەردەوام نابن سەرباز، خۆیان بۆ هێرشی سادە ئامادە کردووە نەک ئەم هێزە گەورەیەی کە تاغین هێناوییەتی.

- بەڵام بە کشانەوەمان زیاتر ڕێگە خۆش دەکەیت بەوەی بێنە نێو کۆشکەوە.

- زۆر نـــامێنینەوە لە ژوورەوە، بێگومـــان پادشـــا دوای ئەوەی هەواڵەکە دەبیستێت دێت، دەبێت بکشێینەوە لە پێناو پاراستنی شاژن و شازادە بچکۆلەکەدا.

سـەربازەکە ویسـتی بڵێت نابێت گـوێ بەو مەترسییە بدەن، بەڵام دڵنیا نەبوون لەوەی پادشا و دەستەکەی کە ڕۆیشتوون باشـن یاخود ئەوانیش تووشی کێشە بوونەتەوە، یاخود دوا دەکەون لە هاتنیان.

بەڵام وەزیـر هـیچ ڕێگەیەکی بـۆ نەهێشـتەوە تـاکو ڕوونکـردنەوە بدات، هاواری کرد بەسەر ئەوەی بوقەکەی پێبوو:

- کشانەوە، فەرمانی کشانەوە بدە!

ئەوەی بـوقەکەی پێبـوو هەناسـەیەکی قـوڵی هەڵمـژی و پاشـان بە ئاوازێک فووی پێدا کرد کە سـەربازەکان تێبگەن و ڕاسـتەوخۆ بـوون بە دوو دەستەوە:

دەستەیەکیان ڕاستەوخۆ کشـانەوە بەرەو کۆشـک، بەڵام بەشـیکی کەم مانەوە بۆ پاراستنی ئەو دەستەیەی کە کشاونەتەوە.

لە کەمتـر لە کاتژمێرێکدا تـاغین تـوانی دەسـت بەسـەر ئەو بەشـە کەمەدا بگرێت و کەنارەکە بگرێت و بەرەو کۆشک بەڕێ بکەوێت.

سـەربازەکانی هەناســەیان نەدەدا، بەڵکــو بەردەوام پێشــڕەویان دەکرد بەرەو کۆشک، بەڵام بەر لەوە هامان هات و هەواڵێکی تری بۆ هێنا:

- گەورەم فەرمانمان پێ گەیشتووە کە ئەسپێکی باڵداریان بینیوە بەسەریاندا فڕیوە بەرەو ئاراستەی کۆشک.

- ئەوە سابحە.

- چی بکەین گەورەم؟

- فەرمانی گرتنی دەربکە.

پاشان بەرەو درەختەکانی دارستانی ئەخدودی بەرانبەر دوورگەی ئەرباب ڕۆیشت و گوتی:

- پێدەچێت عاسف لێرەوە ڕۆیشتبێت یاخود لەپشت یەکێک لەم درەختانەوە خۆی شاردبێتەوە.

- فەرمانت بە چییە گەورەم؟

- فەرمان بدە لە سەربازە ئازاکان بچن و بەدوایدا بگەڕێن، خۆی و هاوڕێ بێزارکەرەکانی بگرن، وا لە سوپاکە بکە کە کەنارەکە بپارێزن، ئێمەش پێشڕەوی بەرەو کۆشک دەکەین.

تاغین سوپاکەی بە سەرجەم ڕێگاکانی دوورگەی ئەرباب بڵاوە پێکرد کە لە پشت درەختە بەرزەکاندا خۆیان شاردبۆیەوە، تاکو لە هەموو لایەکانەوە گەمارۆی کۆشکەکەی دا.

هامان نزیک بۆیەوە:

- فەرمان بدەم بە سەربازەکان بەسەر دیوارەکەدا سەر بکەون؟

تاغین به تۆنێکی گاڵتەوە گوتی:

- بەڵێ، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بووە هیچ شتێکی پێکەنیناویم نەدیوە.

هامان لەو ڕستەیە تێنەگەیشت تاکو فەرمانی بە سوپاکە دا کە لە سەد و پەنجا سەرباز پێکهاتبوون باز بدەن بەسەر دیوارەکەدا تاکو دەرگاکان بۆ سەربازەکانی تر بکەنەوە.

جنۆکەکە بازی هەڵدا، بەڵام ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە ئاگر بەسەریدا باری و بوو بە خەڵوز.

لە کاتێکدا سەربازەکانی تاغین هاواریان دەکرد لە تاو ئازار و هەندێکیان مردن و ئەوانەی تر ترسیان لێ نیشتبوو، کەچی تاغین لە پێکەنیندا کەوت بە زەویدا.

هامان پرسی:

- دەتزانی ئەوەیان بەسەر دێت گەورەم؟

- بێگومان، من هەموو شتێک دەزانم.

- بۆچی نەتوەستاندن؟

- پێم گوتیت کە ماوەیەکی زۆر تێپەر بووە و هیچ شتێکی پێکەنیناویم نەدیوە. ئای هامان، ئایا پێکەنیناوی نەبوون کە لە ئاسمانەوە ئاگر بەسەریاندا دەباری؟

هامان ترسا لەوەی لە دژی گەورەکەی بوەستێتەوە، بۆیە ئەویش دەستی کردە پێکەنینێکی درۆزنانە:

- بەڵێ گەورەم پێکەنیناوی بوون!!

ڕاستەوخۆ تاغین کەوتە جددیاتەوە، گوتی:

- ئیمپراتۆرەکان تەلیسمی زۆریان کردووە بە دیوار و دەروازەکانی کۆشکەوە تاکو کەس نەتوانێت پێیدا تێپەڕ ببێت هەر لەبەرئەوەش سەربازەکان وایان لێهات.

- ئەی دەربارەی دەرگاکان چی؟

- بە هەمان شێوەی دیوارەکان، ناتوانیت لێی نزیک ببیتەوە ئەگەر داخرابێت.

- لەم کاتەدا بەردەوام دەبین لە گەمارۆدانیان.

تاغین کەمێک بێدەنگ مایەوە، پاشان گوتی:

- دەزانیت مرۆڤە ئەسمەرەکان چۆن مارەکان دەگرن لە کاتێکدا لەنێو کونەکەیاندا و نایانەوێت بێنە دەرەوە؟ ئاگر هەڵدەدەنە نێو کونەکەیانەوە هامان، بەو جۆرە هەڵبژاردەیان پێ دەدەن یان دەبێت بێنە دەرەوە یان لە ژوورەوە بە ئاگر بسوتێن.

- تۆ فەرمانت بە چییە گەورەم؟

- ئێمەش هەمان هەڵبژاردنیان پێ دەدەین.

بۆیە سەرنجی تەواوی لەسەر نیشانەکەی بوو پاشان تیرێکی گڕگرتووی بە هەموو هێزییەوە هاوێشت بە ئاراستەی کۆشک، بە خێرایی ئاگرەکە بڵاو بۆیەوە بە دیوارەکاندا و ئاگرەکە بە هەوادا دەچوو.

بەو جۆرە کۆشکەکە دەستی بە سوتان کرد.

کاتێکی زۆر تێپەڕ نەبوو تاکو دەروازەکانیان کردەوە، چوونە ژوورەوە لەوێدا گرووپی دووەم دەرفەتی دەرچوونیان نەبوو لەبەر ئەوەش سەربازەکانی تاغین بە خێرایی دەستیان بە کوشتنیان کرد.

**

لەگەڵ ئەوەی تاغین لە جەنگەکەدا سەرکەوت، بەڵام خۆشی دڵنیا نەبوو لەو سەرکەوتنەی، دڵنیا بوو لەوەی سەرناکەوێت تاکو عاسف نەکوژێت، بۆیە هەر هەنگاوێکی دەنا، هەستی بە پەژارە دەکرد.

فەرمانی بە کۆمەڵێک لە سەربازەکان دا:

- بەدوای هاوسەرەکەی عاسف و کچەکەیدا بگەڕێن.

سەربازەکان لە جن، شەیتان، جادووگەرەکان و مرۆڤە ئاساییەکان بە دوای سرابی و جوماناادا دەگەڕان تاکو بیهێنن بۆ تاغین .

هامـــان نزیـــک بـــۆیەوە لە گەورەکەی، دیتـــی کە چـــۆن چیـــژ لە سوتانەکە دەبینێت گوتی:

- کەی دەچیتە نێو کۆشک گەورەم؟

**- دوای ئەوەی زۆربەی لەنـــــاودەچن و ئەوانەی لەناویـــــدان دەمرن.**

٤

## هەڵهاتن

دوای ئەوەی سـرابی بینـی ئـاگر لە کۆشـکەکە بەر دەبێـت، بیـری لەوە دەکردەوە کچەکەی هەڵبگرێت و ڕابکات تا عاسف پێی دەگات و ڕزگاری دەکات. دەیزانـی کە ڕاکردن سـەخت دەبێت لە بـارودۆخێکی وەک ئێستادا، بەڵام نامرێت تاکو هەوڵ نەدات.

کچەکەی لەسەر جێگەکەی هەڵگرت و ڕای کرد، بە زەحمەت توانی لە نێـو ئەو دووکەڵە ڕەشـە چـڕە خنکێـنەرەدا ڕزگـاری ببێـت، تـاکو گەیشـتە ڕێڕەوە نهێنییەکەی لە بەشـی پشـتەوەی کۆشـک هەبـوو بـۆ ڕاکردن لەم جۆرە بارودۆخانەدا.

کە گەیشـتە ئەوێ دەرگـاکەی کـردەوە ویسـتی بـاز بـدات، بەڵام یەکێک لە شەیتانەکان گرتی.

هەوڵی دا لە دەستی ڕزگاری ببێت، بەڵام شەیتانەکە بەهێزتر بوو، ویستی بیبات بۆ ئەو جێیەی کە داواکراوە، بەڵام گوێبیستی دەنگێکی تۆقێنەر و ترسناک بوو:

**– دەستت دوور بخەوە هەی شەیتانی قێزەون.**

سرابی دڵخۆش بوو بە بیستینی ئەو دەنگە، کە دیتی مارە کوبرا جنەکە تارا وەستاوەوە و لێی نزیک دەبێتەوە وەکو منداڵێک کە هیوای بۆ دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی دەکەوێتە کێشـەیەکی گەورەوە بەڵام لە کۆتا ساتەکاندا دایکی ڕزگاری دەکات.

شـێوەی تـارا و چـاوە ڕەشـەکانی لە ناوەڕاسـتی ئەو دووکەڵەدا ترسناک بوون، ترسی دەخستە دڵی هەر شـەیتانێکی ترەوە کە لەوێدا بـووایە، ئەوەش هاوکـار بـوو بـۆ ئەوەی سـرابی بتوانیـت لە دەسـتی ڕابکات.

سرابی بەرەو ڕووی تارا چوو پرسی:

- بـــۆ خـــاتری خـــودا ئەوە چـــی ڕوودەدات تـــارا؟

- ئەمە ئەو مەترسییە بوو کە بۆم باس کردیت، "تاغین"ە...

- پاسەوانەکانی دوورگەکە چی؟

- هەموویان کوژراون.

- عاسف...

بە ترسەوە پرسی

- عاسف لە کوێیە؟

- نازانم، بەڵام دەڵێن لە جەنگی مەزاری شوهەیب دۆڕاوە.

- مەحاڵە، عاسف نادۆڕێت تارا... عاسف نادۆڕێت!!

- دڵنیا نین، تەنیا هەواڵێکە ڕەنگە وانەبێت.

بە شێوازی ئاگادارکردنەوە پێی گوت:

- هەمـوو ئەوەی لەسـەرتە ئێسـتا کـچەکەت هەڵبگریـت و ڕابکەیـت بەر لەوەی کەس پێت بزانێت.

- ئەی تۆ چی دەکەیت؟

- بە هەموو توانامەوە هەوڵ دەدەم بیوەستێنم.

پاشان گوتی بەر لەوەی تووڕە ببێت:

- دەی کاتت نییە جەنابی شاژن، ڕابکە، دوور بکەوە لە کۆشک، ئێرە بۆ تۆ مەترسیدارە.

**

سرابی بازی هەڵدایە ڕێگا نهێنییەکە و پاشان ڕای کرد و کچەکەی لە باوەشدا بوو لە کۆتایی دەروازەکە گەیشت بە باخچەی دواوەی کۆشک.

بەردەوام بوو لەنێو ئەو هەموو مێش و مەگەزە و ئاو و درەختە چڕوپڕەدا تاکو لە کۆتاییدا گەیشتە بەشی دواوەی کەناری دوورگەی ئەرباب.

بیری لەوە کردەوە کە یەکێک لە بەلەمەکان بەکاربهێنێت و بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەر، بەڵام دواتر هەستی دەکرد کە هاوسەرەکەی لە هەر ساتێکدا بێت دێت و ڕزگاری دەکات.

**

دووکەڵی ئاگرەکە بە تەواوی ڕوخسارە جوانەکەی داپۆشیبوو، توند کچەکەی گرتبوو بە باوەشییەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

**(تۆ لە کوێیت، بۆچی هێندە دواکەوتیت؟)**

دوای ئەوەی کات تێپەڕی تەماشای ڕوخساری کچەکەی کرد دیتی ڕەنگی زەردبووە، زانی برسییەتی.

تەماشای ڕاست و چەپی خۆی کرد، دوای ئەوەی زانی کەسی لێ نییە ڕاستەوخۆ مەمکی دەرهێنا کە وەکو گوێزێکی هندی پێگەیشتوو بوو، لە دەمی منداڵەکەی نزیک کردەوە:

- خەمت نەبێت باوکت بەجێمان ناهێڵێت، کەمێکی تر دێت و ڕزگارمان دەکات.

منـداڵەکە نیـوە هـۆش بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا شـیرەکەی دەخوارد.

دوای ئەوەی بەردەوام بـوو لە شـیرپێدانی منـداڵەکەی، دیتـی لە دوورەوە پێنج لە جادووگەرەکان بەرەو ڕووی دێن:

**- ئای لەو کارەساتە، ئای لەو کارەساتە!!**

٥

## دەریا

باش خۆی شاردبۆیەوە بەبێ ئەوەی کەس بیبینێت، بیری لە بەکارهێنانی ئەو جادووە کردەوە کە تارا فێری کردبوو، بەڵام ئەوەشی لەبیر بوو کە تارا پێی وت:

- لەبەر ئەوەی تۆ جادووگەر نیت، ئەو جادووانەی دەیخوێنیت کاریگەریان دیاریکراو دەبێت.

دەیتوانی بە تەواوی ون ببێت ئەگەر خۆی ڕووت بکردایەتەوە، بەڵام کچەکەی دیار دەکەوت، بۆیە دەبوو بیر لە چارەسەرێکی تر بکاتەوە جگە لە بەکارهێنانی جادووەکە.

دڵی کەوتە دڵەڕاوکێ لەگەڵ نزیک بوونەوەی جادووگەرەکان لە شوینەکەی، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

- چی بکەم، چی بکەم؟!!!

دوای ئەوەی دەنگی شەپۆلەکان بەرز بوونەوە بە شێوەیەکی سەیر، وەک ئەوەی بڵێیت کە دەریاکە بانگی دەکات بۆ لای خۆی:

- بەلەمەکان، دەچمە سەر یەکێک لە بەلەمەکان!!

ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی یەکێک لە بەلەمەکان ڕایکرد و پەتەکەی لێ کردەوە کە پێوەی بەسترابوو، دواتر هەوڵی دا بەلەمەکە لە دەریاکە دوور بخاتەوە کە دانیشتبوو لەناویدا، بەڵام سەخت بوو:

- دەی دەی دەی دەیی... دوور بکەوە دوور بکەوە!!

بەڵام بەلەمەکە بە حـــاڵ دوور دەکەوتەوە، ئەوەش وای کـــرد کە بزانێت جادووگەرەکان پێی دەگەن و ئەویش و کچەکەشی دەستگیر دەکەن، بۆیە دەبوو لەو کاتەدا بڕیارێکی چارەنووسساز بدات کە زۆر سەخت بوو بۆی:

**کە کچەکەی بەجێ بهێڵێت لە نێو بەلەمەکەدا و خۆی بگەڕێتەوە بۆ دوورگەکە جادووەکەی بەکاربهێنێت دواتر بگەڕێتەوە بۆ لای بەلەمەکە و کچەکەی ببات و بڕوات.**

هیچ چارەیەکی تری لە بەردەستدا نەبوو ئەوە نەبێت کچەکەی بە ســـەلامەت ڕزگـــاری ببێـــت، بەڵام بە هەمـــان شـــێوە ئەگەری ئەوەی کچەکەی بکەوێتە دەستی تاغین و بمرێت زۆر بەهێز بوو.

بە توندیی بۆنی کچەکەی دەکرد بە جۆرێک سییەکانی پڕ کرد لە هەوا و داوای لێبوردنی لێ کرد:

**– بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر دووبارە یەکمـان بینییەوە هەرگیـز بەجێت نەهێڵم.**

پاشان بازی هەڵدایە دەرەوەی بەلەمەکە بەرەو کەنارەکە ڕۆیشت، بە مەلە کردن بەرەو دواوە ڕای دەکێشا.

بە خێرایی جلەکانی لەبەری کردەوە، جەستە ناسکەکەی دەرکەوت وەکو نانی سەر تەنوور وەها بوو.

پاشـــان جـــادووی ونبـــوونەکەی بەکـــار هێنـــا، بەڵام دیتـــی بەهـــۆی ئەوەی کە نیگەرانە ناتوانێت بە باشی جادووەکە بخوێنێت.

جادووگەرەکـــان لێـــی نزیـــک دەبـــوونەوە ئەوەش بـــارودۆخەکەی سەختتر کردبوو، هەر هێندە نزیک بووبنایە لێوەی، بە ئاسانی بەلەمی کچەکەیان دەبینی.

چاوەکانی داخست و بە خێرایی جادووەکەی دەگوتەوە، بە هێمنی چاوی نەکردەوە کە گوێی لە دەنگەکە بوو کە گوتی:

- دەمەوێت خوێنت بلێسمەوە.

سەری لەقاند بە ئاماژەی بەڵێ، ڕاستەوخۆ ون بوو.

**

ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی پێچەوانەی دەریاکە دەچوو لەوێدا جادووگەرەکان نزیک دەبوونەوە ئەگەر تۆزێکی تر نزیک بووبونایە بەلەمەکەیان دەدیت.

ڕاستەوخۆ کە گەیشتە لێواری کۆتایی باخچەی دواوەی کۆشکەکە، بە خێرایی چڵێک لە درەختەکەی شکاند..

شانی وەشاند و شەیتانەکە لە خوێنەکەی لێسایەوە دووبارە دەرکەوتەوە. بەڵام ڕاستەوخۆ یەکێک لە جادووەگەرەکان دیتی و هاواری کرد ئەوەتا لەوێیە.

سرابی بە هەموو توانایەکییەوە ڕای کرد بۆ نێو قوڵایی باخچەکە، بەڵام جادووگەرەکە لەوە خێراتر بوو کە پێشبینی دەکرد بەدوای کەوت گوتی:

- کچەکەت لە کوێیە بەڕەڵا؟

وەڵامی نەدایەوە، بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە لەنێو دەریاکەدایە، لێیان دا و ئازاریان پێ گەیاند، بەڵام وەڵامی نەدانەوە، یەکێک لە جادووگەرەکان سەرنجی دا کە جەستەی تەڕە و بۆنی خۆڵی دەریای لێدێت و قژی تەڕە گوتی:

**- پیسی بێکەڵک!! کچەکەی خستۆتە نێو یەکێک لە بەلەمەکانەوە و لە دەریاکە جێی هێشتووە!!**

جادووگەرەکان بەرەو دەریاکەدا ڕۆیشتن دوای ئەوەی دیتیان کە بەلەمەکە ئاســەواری نەمــاوە، نەیانــدەزانی بەرەو چ ئاراســتەیەک ڕۆیشتووە بۆیە غیلان گوتی:

- واز لە منداڵەکە بهێنن!! لە کۆتاییدا هەر دەبێت بە خوانی یەکێک لە دڕندەکانی دەریا.

لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی سرابی ڕووت بوو یەکێکیان لە جەستەی سرابی دەڕوانی کە چەندە سپی و ناسکە، وەکو سەگ زمانی دەرهێنا و گوتی:

- پێتان چۆنە کەمێک چێژی لێ وەربگرین هاوڕێیان!!

زۆربەیـان بە بڕیـارەکە ڕازی بـوون، پێـدەچوو لەنێـو خۆشـیاندا نۆرەکەیـان دابەش کردبێت، دواتـر بەر لەوەی کەسـیان دەسـتی لـێ بدەن یەکێک لە جادووگەرەکان گوتی:

- بەڵام گەورەمان تاغین تووڕە دەبێت ئەگەر بەو بـابەتە بزانێت، ڕەنـگە پێـی خـۆش بێـت سـەرەتا ئەو چێژی لـێ ببینێت، پێتـان چـۆنە بیـبەین بـۆ لای و داوای مـۆڵەتی لـێ بکەیـن. ئەگەر مـۆڵەتی پێـداین بێگومان ئەنجامی دەدەین.

ئەگەر مــۆڵەتی نەدایــن ئەوا دەبێــت چــاوەڕێی تووڕەبــوون و سزاکەشی ببین.

هەرچەنــدی لەو کــاتەدا ئەوان لەوپەڕی شــەهوەت و هەوەســی خۆیاندا بـوون، بەڵام دوای بیسـتنی نـاوی تـاغین ڕاسـتەوخۆ ترسـیان لێ نیشت.

گەورەکەیان غیلان بە بێئومێدییەوە گوتی:

- ئەو کابرایە ڕاست دەکات، با بیبەین بۆ گەورەمان و مۆڵەتی لێ بخوازین.

ملیان کۆت و بەند کرد و بردیان لەگەڵ خۆیاندا، وەکو کۆیلەیەکی دەستوپێ بەستراو بە ڕووتی بەدوایاندا دەڕۆیشت.

لە نێــوان هەر دوو هەنگاوێکــدا کە دەینــا ئــاوڕێکی بــۆ دواوە دەدایەوە، تەماشای دەریاکەی دەکرد و بەترسەوە ئەمەی دەگوتەوە:

- خودایە، تکایە پشتیوانمان بە.

# دەروازەی
# چوارەم

# ١

## شازیمان

شەو داهات و نیوەی ڕۆژەکەش تێپەڕی تاکو حەکیم و شمالی و ئیکلیل توانیان هاوڕێکەیان لە دارستانی ئەخدود دوور بخەنەوە، بڕیاریان دا کەمێک بوەستن و پشوو بدەن و بیر لە هەنگاوی دواتریان بکەنەوە.

شمالی پێشنیاری کرد:

- ناتوانین ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە بە ئاشکرا بمێنینەوە، دەبێت خۆمان بشارینەوە.

حەکیمەکە پێشنیاری کرد:

- پێتان چۆنە بچینە دێی جەساسە، خەڵکەکەی ئەوێ عاسفیان خۆش دەوێت و وەکو کوڕی خۆیان تەماشای دەکەن و هەر لەوێش لەدایک بووە و گەورە بووە، بێگومان میوانداربیەکی باشی دەکەن.

شمالی وەڵامی دایەوە:

- دەبێت بیر لە جێیەکی تر بکەینەوە.

پاشان هۆکارەکەی خستە ڕوو:

- ئەوکاتەی کەسێک دەچێتە سەر تەختی پادشایەتی یەکەمین کار کە دەیکات کوشتنی پادشای پێشووە تاکو نەتوانێت دووبارە دەسەڵات بگرێتەوە دەست، بۆیە تاغین بێگومان هەوڵی تەواوی خۆی دەدات لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆ کوشتنی عاسف، ئەو کاتە

جەساسە یەکەمین شوێن دەبێت کە سەربازەکانی دەنێرێت تاکو بەدوایدا بگەڕێن.

ئیکلیلیش پێشنیاری خۆی کرد:

- پێتان چۆنە بچین بۆ لای **شازیمان** و داوای لێ بکەین لە دێکە بمانشارێتەوە.

شازیمان سەرکردەی یەکێک لە هۆزە مرۆڤەکان بوو کە بنەچەیدا گۆڕابوون، زۆر چیرۆکی سامناک و ترسناکیان لەبارەوە دەگێڕنەوە کە مرۆڤ شێت دەکات.

حەکیمەکە ناڕازی بوو، گوتی:

- بەڵام ئێمەش مرۆڤین ئەی باڵندەی گەمژە، ئێستا ئێمەش خواردنی بەتامین بۆ ئەوان، ئەگەر بچین بۆلایان ئەوا بێگومان چارەنووسمان لەنێو سکیاندا دەبێت.

ئیکلیل بە دڵنیاییەوە گوتی:

- شازیمان یەکێکە لە دۆستەکانی خێزانی ئیمپراتۆر، بێگومان ئەگەر هانایان بۆ ببەین هەرگیز بێئومێدمان ناکەن.

- چی دەبێت ئەگەر بچینە ئەوێ و نەتوانین چاومان پێی بکەوێت؟

- بۆچی نەتوانین چاومان پێی بکەوێت؟

- لەبەر ئەوەی ئەو کەسێکی ئاسایی هۆزەکە نییە ئیکلیل، ئەو گەورەیانە، بۆیە هەلی چاوپێکەوتنی هەر وا ئاسان نابێت، تێگەیشتیت؟

- بەڵام کارەکە شایەنی هەوڵدانە، ئەوە تاکە لادێیە کە لێمانەوە نزیکە و بتوانین بۆی بچین و عاسف دووبارە هەستێتەوە.

هەرسێ هاوڕێکە کەمێک بێدەنگ بوون، ئەوە یارمەتیدەریان بوو خۆیان بشارنەوە لەو سەربازانەی کە دوای چەند کاتژمێرێکی کەم

دەست هەڵدەگرن، ئەو کاتە لە ڕۆژدا قورس دەبێت خۆیان بشارنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ.

شمالی ڕای خۆی دەربڕی:

- من هاوڕام لەگەڵ ئیکلیلدا.

حەکیمەکە هەر ناڕازی بوو، گوتی:

- بەڵکو چارەیەکی ترمان هەیە، بۆچی نەچین بۆ لای هۆزی ئەشاوس، ئەوان بەهێزن و بێگومان لە ڕابردوودا یارمەتیان داوین ئێستاش یارمەتیمان دەدەنەوە.

شمالی گوتی:

- ڕاستە ئەشاوس بەهێزن، بەڵام زۆر دوورن لێمانەوە، کاتێکی زۆری دەوێت وەک لەوەی لە بەردەستماندایە تاکو دەگەینە لایان.

لەوکاتەدا زەوی لە ژێر قاچییان دەلەرییەوە، هەستیان بەوە دەکرد شتێک لێیان نزیک دەبێتەوە، ئیکلیل بەرز فڕی تاکو بزانێت چییە، گەڕایەوە هەواڵی پێبوو:

- سەربازەکانی تاغین بەرەو ئێرەوە دێن.

بە خێرایی عاسفیان هەڵگرت و لەنێو درەختە چڕەکاندا خۆیان شاردەوە، تاکو سەربازەکان بەوێدا تێپەڕ بن و مەترسییان نەمێنێت.

لەو کاتەدا کە حەکیمەکە لە نزیکەوە ئەو شەیتان و عفریتە بەهێزانەی بینی، ترس دڵی داگرت و هەستی دەکرد دەبێت بە خێرایی بڕیارێک بدات و لەم مەترسییە ڕزگاریان ببێت.

دوای ئەوەی مەترسییەکە تێپەڕی، پرسی:

- ئەو هۆزە گۆڕاوانەی کە شازیمان بەڕێوەیان دەبات ئیکلیل...

- چییانە؟

- ئایا دەگۆڕێن بۆ پشیلە؟

- بەڵکو بۆ گورگ، بۆیە بە گورگەکان ناودەبرێن.

- دەی هیوادارم گورگێکی دەستەمۆ بن.

حەکیم و شمالی بە هاوکاری یەکتر عاسفیان هەڵگرت و بەرەو ئاراستەی خۆرئاوا کەوتنە ڕێ بەرەو هۆزەکانی گورگەکان، باڵندە عنقائەکەش چاودێری ڕێگاکەی دەکرد و لە پێشیانەوە دەفڕی.

## ٢

# گورگە پرچسپییەکە

هەرسێ هاوڕێکە زۆر بە ئاگادارییەوە لە ژێر تاریکایی شەودا دەڕۆیشتن، تاکو سەرنجی پاسەوانانی سنووری پادشا نوێیەکە نەوروژێنن، بەردەوام بوون تاکو گەیشتنە دێی گورگەکان.

دێیەکە لەسەر گردێکی بەرز بوو، بە جۆرێک کە مانگەکە لە پشتیانەوە هێندە نزیک دەردەکەوت هەستت دەکرد خەڵکی لادێیەکە دەتوانن دەستی لێ بدەن ئەگەر بێت و بازێک بدەن.

بایەکە کە لە لادێکەوە هەڵی کرد، بۆنی خوێن و گۆشتی تازەوردکراوی پێوە بوو، بە جۆرێک ترسی خستە نێو دڵی حەکیمەکەوە لە جێی خۆی وەستا و گوتی:

- لەگەڵ ئەوەی ئاو نەچۆتە نێو گەدەم لە بەیانییەوە بەڵام ئێستا زۆر بە سەختی دەمەوێت میز بکەم.

شمالی گوتی:

- ئەگەر کەمێکی تریش بڕۆین ئەوا ڕزگارمان دەبێت، ئەگەر بگەڕێینەوە ئەوا دەکەوینە دەستی سەربازەکان.

- ڕقم لێتە ئەو کاتانەی کە ڕاست دەکەیت، دەی با بەردەوام بین.

عاسفی هاوڕێیان برد بەرەو لادێکە، بەڵام بەر لەوەی بچنە ناوی، بە بیستوپێنج مەتر دووریی گوێیان لە لوورەی ترسناکی گورگ بوو کە نەیاندەزانی لە چ ئاراستەیەکەوە دێت.

ئیکلیل بە دڵخۆشییەوە گوتی:

- ئەوان پێشوازیمان لێ دەکەن.

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە:

- بەڵکو پێشوازی لە خوانی ئێوارەیان دەکەن.

لەو کاتەدا کە لوورەی گورگەکان بەرز دەبۆیەوە حەکیمەکە گوتی:

- بیستتان؟ ئەوە دەنگی هەندێکیانە بە هەندێکی تریان دەڵێن و بە ئێمە دەڵێن وەرنننننننننننن... خوانی ئێوارە گەیشت... وەرنننننن...

شـــمالی هەســـتی بە نیگەرانـــی دەکـــرد بەو لـــووره لـــووره یەکلەدواییەکە گوتی:

- بارودۆخەکە لە باش ناچێت، با بکشێینە دواوە و کەمێک بیر لە بابەتەکە بکەینەوە.

حەکیمەکە بە دڵخۆشییەوە گوتی:

- خۆشم دەوێت ئەو کاتەی عاقڵانە بڕیار دەدەیت.

بەڵام هەر هێنـدەی ویسـتیان ئـاوڕ بـدەنەوە ڕاسـتەوخۆ دیتیـان دەورە دراون بە حەوت گورگی گەورەی کەتە کە کەڵبە و چڕنووکی گەورەیان هەیە.

حەکیمەکە بە ترسەوە گوتی:

- پێدەچێت برسی بن، پێتان چۆنە عاسفیان بۆ بەجێ بهێڵین و نۆشی بکەن و ڕابکەین؟

شمالی دەستی برد بۆ شمشێرەکەی کە بە پشتییەوە بوو وەکو ئاگـاداركردنەوەیەک بـۆ گورگەکـان کە ئامـادەی شـەڕین ئەگەر بارودۆخەکە وەها بخوازێت، گوتی:

- نەهاتووین کەس ئازار بدەین.

گەورەکەیان کە گورگێکی پەرچەم سپی بوو گوتی:

- چی ئێوەی هێناوە بۆ ئێرە مرۆڤینە؟

حەکیمەکە گوتی:

- پێم گوتن کە نەیەن بۆ ئێرە، بەڵام بەگوێیان نەکردم.

گورگە پرچسپییەکە وەڵامی دایەوە:

- کەس پرسیاری لە تۆ نەکردووە.

حەکیمەکە ویستی قسەیەک بکات، بەڵام شمالی دەیزانی هەر حەکیم دەم بکاتەوە قوڕ دەکات بەسەریاندا و گورگەکان تووڕە دەکات، بۆیە یەکسەر قسەی کرد:

- هاتووین بۆ لای شازیمان داوای هاوکاری لێ بکەین.

- شازیمان هاوکاری مرۆڤ ناکات، بەڵکو دەیانخوات.

گورگە پرچسپییەکە کەڵبە تیژەکانی پیشان دا و ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوویان ڕایکرد پەلاماریان بدات، بەڵام ئیکلیل لەبەر ئەوەی ئاگاداری بابەتەکە بوو، ڕاستەوخۆ بەرەو ڕوویان چوو، هەندێک ئاگری کرد بە ڕوویاندا تا بترسن.

بەڵام گورگەکان لە ئاگر ناترسن، بەڵکو زیاتر پێی تووڕە دەبن. هاوڕێکان زانیان هیچ چارەیەکیان لە بەردەستدا نییە جگە لەوە نەبێت کە ڕووبەڕوویان ببنەوە، عاسفیان دانا و بوونە دیواری پارێزگاری.

شمالی شمشێرە درێژەکەی دەرهێنا، ئیکلیلیش ڕاستەخۆ ڕەنگی چاوی ڕاستی گۆڕا بۆ سوور و لەو کاتەدا حەکیمیش دەستی کردە گیرفانییەوە و خەنجەرێکی دەرهێنا کە بۆ بارودۆخی لەناکاو پێی بوو.

- ئەگەر بە دەمەکەی نەمرن ئەوا بە بۆنەکەی دەمرن.

لەو کاتەدا بەر لەوەی تێکهەڵبگژێن، دەنگی لوورەیەکی خەمبار لە لادێکەوە هات کە لە ئاوازێکی خەمگین دەچوو، بە بیستنی ئەو دەنگە ڕاستەوخۆ چاوە پڕ تووڕەییەکانیان گۆڕان بۆ چاوانێکی پڕ لە خەم.

گورگە پرچسپییەکە ڕووی کردە دێیەکە و گوتی:

- پێدەچێت شازیمان بارودۆخی تێکچووبێت، با بکشێینەوە.

هەر هێندەی گورگەکان کشانەوە و مەترسییەکە کەم بۆیەوە، حەکیمەکە ڕووی وەرگێڕا بۆ دێیەکە و گوتی:

- پێدەچێت تەمەنێکی نوێمان بۆ نوسرابێت، با ئێمەش بکشێینەوە.

بەڵام شمالی ڕایەکی تری هەبوو:

- بوەستە... ئایا هیچ شتێک سەرنجی ڕانەکێشایت لەو قسانەی کە گورگە پرچسپییەکە  کردی؟!

- بەڵێ، گوتی کە شازیمان مرۆڤەکان ناپارێزێ، بەڵکو دەیانخوات.

- نەخێر، بەڵکو شازیمان زۆر نەخۆشە.

حەکیمەکە چاوی بز کردەوە بە تۆنێکی پڕگومانەوە پرسی بەوەی کە شمالی دەیەویت بیڵێت:

- ئێ جا ئەو بە تۆ چی؟!

- دەمەوێت چارەسەری بکەیت، ڕەنگە پێت بکرێت.

- تاکە کەس پێویستی بە چارەسەر هەبێت مێشکی تۆیە گەمژە، ئایا دەتەوێت چارەسەری بکەم تاکو بمانخوات؟

- نەخێر، بەڵکو تاکو ببین بە هاوڕێیان، بیرت چۆتەوە عاسف بێهۆشە و پێویستی بە چارەسەر و پشوودان هەیە.

ئیکلیل گوتی:

- ئەم مشتومڕە جگە لە کاتکوشتن هیچی ترمان پێ ناگەیەنێت.

حەکیمەکە دەیزانی ئەوان لەسەر هەقن، بۆیە دەمی کردەوە قسە بکات و گوتی:

- باشە، بەڵام ئەگەر لەنێو ئەم دنیەدا مردین ئەوا لە دۆزەخدا بەم خەنجەرەی دەستم کەوڵتان دەکەم.

## ٣

## گوندی گورگەکان

چوونە نێو لادێکە و عاسفیشیان هەڵگرتبوو ئێکلیلیش بە هەوادا دەفڕی، کە گەیشتنە ناوەندی گوندەکە دیتیان کە کۆمەڵێک چاو لە دوورەوە چاودێریان دەکەن.

شمالی بە ئاگادارکردنەوە گوتی:

- ئەوان چاودێریمان دەکەن هاوڕێیان.

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە:

- پێت وابوو بە ئازادیی دەچینە نێو گوندی گورگەکان؟ هاتینە ئێرە بە ویستی خۆمان، بەڵام چوونە دەرەوەمان بە ویستی ئەوان دەبێت.

بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن بە نێو دێیەکەدا، گوێیان لە دەنگی لوورەلوور بوو تاکو گەیشتنە نێو مەیدانێکی گەورە، دیتیان لەوێ زۆربەی تاکەکانی هۆزەکە کۆبوونەتەوە و شێوەیان مرۆڤە.

- لە بەردەم کوخێکی دارینی گەورە وەستاون، ئەو کوخەیان بەراورد بە کوخەکانی تر گەورەتر بوو، کەواتە ئەوە بێگومان کوخی شازیمانە.

لەبەر ئەوەی شمالی.دەیزانی لە هەر ساتێکدا بێت هێرش دەکرێتە سەریان، بۆیە دەنگی بەرز کردەوە هۆکاری هاتنەکەی ڕوون بکاتەوە. گوتی:

- بەرێزان.

کە تاکەکان ئاوڕیان بۆ دایەوە دەستی حەکیمی گرت و بەرزی کردەوە:

- حەکیمێکی زیرەکم بۆ هێناون کە دەتوانێت چارەسەری شازیمان بکات لە نەخۆشییەکەی.

حەکیمەکە دەستی داگرتەوە و چپاندی بە گوێیدا:
- هەی گەمژە!! لانی کەم دەبێت بزانم چییەتی ئەو کاتە بڕیار بدەم دەتوانم چارەسەری بکەم یاخود نا.

مرۆڤێک لە کوخە دارینەکە هاتە دەرەوە کە ناوی ئەوس بوو، بالآیەکی بەرزی هەبوو، سنگێکی پان، جەستەی هەمووی ماسوولکە و تاتۆ بوو، کە تەماشای کەمەریت دەکرد هەستت دەکرد داتاشراوە.

**ئەوس** قژێکی ڕەشی درێژی هەبوو کە بەسەر پشتیدا درێژ بووبۆیەوە لە کلکی ئەسپ دەچوو، نێوچەوانێکی پانی هەبوو، پەرچەمی سپی. کە هاوڕێکان تەماشایان کرد بێ دوودڵی زانیان ئەوە ئەو گورگە بوو کە پرچە سپییەکەی هەبوو لە سنووری لادێکە هێرشی کردە سەریان:

- هەر بە ڕاستی دەتوانیت چارەسەری باوکم بکەیت؟

**سەرەتا دەبێت پشکنم دواتر بزانین**، ئەوە وەلامی حەکیمەکە بوو کە بە خۆی گوت بەلام لەبەر ئەوەی دەترسا بۆیە گوتی:

- ئا ئا ئا بەڵێ، بێگومان دەتوانم، من حەکیمێکی بەتوانام دەتوانم چارەسەری بکەم.

ئەوس دەستی بۆ نێو کوخەکە ڕاکێشا و گوتی: وەرە و تەماشای بکە.

حەکـیمەکە کـاتیکی زۆری پێچـوو بەر لەوەی  بێـتە دەرەوە لە کوخەکە و بە هەمووان بڵێت کە شازیمان باش دەبێت.

تاکەکانی هۆزەکە هەستیان بە دڵخۆشی دەکرد چەپڵەیان بۆ لێدا و گۆرانی و سەمایان دەکرد بەر لەوەی  بگەڕێنەوە بۆ نێو کوخەکانیان.

شمالی بە توندی دەستی خستە سەر شانی حەکیمەکە و گوتی:

- متمانەم پێت بوو کە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت..

حەکیمەکە دوای ئەوەی ئاسایش ڕووی کردە شوێنەکە گوتی:

- بەداخەوەم کە متمانەکەت لە جێی خۆیدا نەبوو.

- مەبەستت چییە، ئایا شازیمان باش نابێت؟

- نەخێر، بارودۆخی زۆر مەترسیدارە ڕۆژێک یاخود دوو ڕۆژی تر دەمرێت.

- بۆچی درۆت لەگەڵدا کردن؟

- دەترسام لە کاردانەوەیان.

حەکیم گوتی:

- دواتر ئەوەت نەبینی کە چییان دەگوت دەربارەی شـازیمان، ئەو گەورە و کەتە و بەهێزە، تەماشـا بکە چی لە جلەکانم هـاتووە خۆمم تەڕ کـردووە لە ترسـاندا دوای ئەوەی دەسـتم خسـتە دەمییەوە تـاکو پشکنینی بۆ بکەم.

شمالی بە تووڕەییەوە گوتی:

- ئایـا لەوە نەترسـایت چیمـان بەسـەر یەت دوای ئەوەی هیـوای سـاختەت لە دڵیانـدا دروسـت کـردووە؟ ئێسـتا چـۆن خۆمـان لەو بارودۆخە ڕزگار بکەین وریا؟

- خەمــت نەبێــت ئەوان متمانەیــان پێمــانە، ئەوەی لەســەرمانە بیانخلافێنین و عاسف هەڵبگرین و بۆ دوور ڕابکەین.

لەو کاتەدا لە پشتەوە ئەوسیان لێ پەیدا بوو بە ڕقەوە تەماشـای دەکردن، گوێی لە هەموو قسەکانیان بوو:

- لەم شوێنە ناچنە دەرەوە هەتاکو باوکم چارەسەر نەکەن!!

حەکیم پۆزشی بۆ هێنایەوە:

- هەلی چاکبوونەوەی زۆر کەمە، ژەهرەکە بە لەشیدا بلاو بۆتەوە و دڵی بە لاوازی لێ دەدات.

- ئەگەر ژیانی کۆتای پێ بێت تۆش لەگەڵیدا دەمریت.

شمالی هەستی بەو خەمە دەکرد کە ئێستا ئەوس پێیدا تێدەپەڕی بەرانبەر شازیمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە سوکایەتی دەکرد بۆیە گوتی:

- ئێمە دەزانـین لێـرە بە سـەلامەت ڕزگارمـان نابێـت، چـونکە بە تەواویی لە ژێر چنگتانین، بەڵام دەمەوێت بزانن ئێمەش نـامرین تـاکو ڕۆحی زۆربەتان نەکێشین.

ئەوس ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

- تۆ لە بارودۆخێکدا نیت تاکو هەڕەشەمان لێ بکەیت.

بە خێرایـی شــمالی دەســتی خســتە نێــو زەنبــیلەکەی کە بە کەمەرییەوە بوو کەمێک خۆڵی دەرهێنا و پرژاندی بە چاوی ئەوسدا کە بووە هۆی ئەوەی چاوی نەبینێت.

ئەوس نەیدەتوانی چاوی بکاتەوە تاکو شمالی شمشێرە درێژەکەی دەرهێنا و خستییە سەر ملی:

- من هەڕەشە ناکەم، من ئەوەی دەیڵێم ئەنجامی دەدەم.

لەگەڵ ئەو بارودۆخە شەرمهێنەی کە ئەوسی تیکەوتبوو، بەڵام بە یەک هاوار دەیتوانی تاکەکانی خیزانەکەی کۆ بکاتەوە، بارودۆخەکە بە قازانجی خۆی هەڵبگێڕێتەوە، بەڵام گوتی:

- شمشێرەکەت لەسەرم لا بدە.

پاشان سەری بۆ لای عاسف درێژ کرد:

- گەورەکەتان بریندارە، گەورەکەمان بریندارە، با بیر لە ڕێگەیەک بکەینەوە چارەسەریان بکەین نەوەک کات لە هەردووکمان بڕوات.

شمالی وازی لێ هێنا و داوای لێبووردنی کرد.

- تۆ ڕاست دەکەیت.

پاشان شمشێرەکەی خستەوە شوێنی خۆی پرسی:

- پێمان بڵێ باوکت بۆچی لەو بارودۆخەدایە؟

ئەوس بە نیگەرانییەوە گوتی:

- ئەوە بە هۆکاری هۆزی خوێنە.

پاشان ڕوونی کردەوە:

- لە نەوەیەکی درندەیە لە مرۆڤ کە بە خوێنی گیاندارە زیندووەکان دەژین.

- چۆن توانیان باوکت بریندار بکەن؟

- لە نێوان ئێمە و ئەواندا دەمەقاڵێ ڕوویدا، لەو کاتەدا باوکم پێوە بوو. جادووگەری لادێکەمان **باپیرە قسورە** هەوڵی دا چارەسەری بکات، بەڵام بێسوود بوو. ئەو خوێنمژە لەنێو کەڵبەکانیدا ژەهرێکی کوشندە هەبوو کە ناوی ."**زەعافە**"، ئەوەش وا دەکات بە ئاسانی نێچیرەکەی بکوژێت هەر ئەوەندەی گەزەیەکی لێ بدات.

٤

ئەوس بەردەوام بوو:

- لە شەڕەکەدا شازادەکەیان **"تەلید"**ی ناو بوو، هەر ئەوەندەی هێرشی کردە سەر باوکم ڕاستەوخۆ کەڵبەکانی تێچەقاند، پاشان گوتی:

- گەورەکەیان بە شارەزاییەکی زۆرەوە دەجەنگا کە پێشتر کەسی ترم وەها نەدبیوو لە ژیانمدا... هەموو سنوورەکانی جەنگی تێپەڕان بە ئاسانی و گەیشت بە شازیمان، پاشان گەڕایەوە بەبێ ئەوەی کەس دەستیشی لێ بدات.

حەکیمەکە پرسی:

- کەی ئەم شەڕە ڕوویدا؟

- پێش سێ ڕۆژ.

ئەوس بە تکاوە گوتی:

- تکایە یارمەتی بدەن، لە بەرانبەردا هەرچیتان بوێت بۆتان دەکەین.

٤

## ڕێککەوتن

لە سەرەتادا شمالی جگە لە حەشاردانی ئەو و هاوڕێکانی لە لادێکەیان و دووبارە هەستانەوەی عاسف داوای هیچی تری نەدەکرد لە گورگەکان.

بەڵام دوای ئەوەی کە ئەوس گوتی لە بەرانبەردا هەرچیتان بوێت پێتانی دەدەین.

ئەو کات بیری لە شتێکی تر کردەوە جگە لە خۆحەشاردان. داوای شتێکی تری لێ بکات ئەویش ئەوە بوو کە ئەوان لەبەر ئەوەی دوورەگن واتە بە گورگ دەبن تاکە هۆزی بەهێزن کە دەتوانن ڕووبەڕووی جنۆکە ببنەوە.

دەستی درێژ کرد بۆ ئەوس ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکات:

- باوکت چارەسەر دەکەین لە بەرانبەردا دەبێت هۆزەکەتان بەشداربێت لەگەڵماندا لەو جەنگەی لە دژی تاغین دەیکەین، پێت چۆنە؟؟!

ئەوس دەستی شمالی سەندەوە، حەکیم کەوتە نێوانیانەوە:
- بۆستن هەردووکتان، خۆ پێم گوتن ژەهر بە تەواوی جەستەیدا بڵاوبۆتەوە، لێدانی دڵیشی زۆر لاواز بووە.

شمالی:

- بەڵام گوتت کە هەلی چاکبوونەوەی کەمە، نەتگوت مەحاڵە. هیچ زەرەر ناکەیت ئەگەر هەوڵێک بدەیت.

لێرەدا باڵندەکە بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی:

- بەڵکو دەیکەین.

هەموویان ڕوویان لە باڵندەکە کرد:

- ئەگەر شازیمان بمرێت لە کاتی چارەسەرکردنەکەدا ئەو کاتە تاکەکانی هۆزەکە پێیان وایە کە حەکیمەکە بەرپرسە لە مردنەکەی، لەو کاتەدا هەرگیز واز ناهێنن تاکو نەیکوژن، بەوەشەوە ناوەستن هەموومان دەکوژن لە ناو هەمووشماندا عاسف.

ئەو شتانەی کە ئیکلیل گوتی هەموو ئەوە بوو کە حەکیمەکە لێی دەترسا، لە کاتی هەوڵی چارەسەری شازیماندا خۆی و هاوڕێکانی زیانیان پێ بگات.

حەکیمەکە ڕووی کردە ئەوس و گوتی:

- ئایا گرەنتی ئەوەمان پی دەدەیت کە بە سەلامەت لەم لادێیە بچینە دەرەوە لە کاتێکدا نەمتوانی چارەسەری باوکت بکەم، چونکە ئەگەر ئەوەم بۆ بکەیت ئەوا بێگومان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەم.

دوای چەند چرکەیەک لە بێدەنگی ئەوس وەڵامی دایەوە:

- درۆت لەگەڵ ناکەم حەکیم، ئەگەر بە ڕاستی سەرکەوتوو بوویت ئەوا بە ڕۆحمان پارێزگاریتان لێ دەکەین و لە جەنگەکەدا لەگەڵتاندا دەبین تا دوا دڵۆپی خوێنمان.

پاشان بە دەنگێکی ڕاستگۆیانەوە گوتی:

- بەڵام ئەگەر مـرد لە کـاتی چارەسـەرکردنەکەدا ئەوا هەرگیـز هـۆزەکە لێتـان خـۆش نـابن و دەتکوژن، منـیش نـاتوانم ڕێگەیـان لـێ بگرم.

ئەوس دەستەکانی بە هەوادا بەرز کردەوە:

- ئەوە دەستە بەستراوەکانمە بۆتان، یان هەوڵی چارەسەری بدەن یان ڕابکەن ئێستا بەر لەوەی کەس بتانبینێت.

حەکیمەکە هەر لە سەرەتاوە شەفاف بوو:

- نـاتوانم بە ژیـانی ئەو و هاوڕێکـانمەوە کێشـمەکێش بـکەم لە شتێکدا کە بزانم دەیدۆڕێنم، بۆیە هەڵبژاردنی ئەوە دەکەم کە ڕابکەم.

دەستی خستە ژێر شـانی عاسفەوە و لە شـمالی وەرگرت و کە ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە شمالی دەستی ئەویشی گوشی و گوتی:

- تەواو ڕێککەوتـین، باوکـت چارەسـەر دەکەیـن لە بەرانـبەردا ئێوەش هاوکارمان بن لە جەنگی داهاتوومماندا.

حەکـیم تـووڕە بـوو، ڕاسـتەوخۆ بەرەو ڕووی چـوو، پـاڵی دا و هاواری کرد بەسەریدا:

- تۆ ناتوانیت بە تەنیا بڕیاردەر بیت!!

شـمالی کەوتە سـەر زەویـیەکە بەهـۆی لێـدانە بەهێـزەکەی حەکیمکەوە:

- بەڵام تۆش بە تەنیا بڕیاری کشانەوەت دا؟!

- دەکشێینەوە تاکو ژیانمان لە مردن ڕزگار بکەین گەمژە!!

- ناتوانین لە مردن ڕزگاری بکەین، لانی کەم دەتوانین مـردنەکەی دوابخەین بۆ کاتێکی نادیار.

لەگەڵ ئەوەدا حەکیم قسەیەکی عاسفی بیر کەوتەوە کە گوتی:

ئێمە لە مرن ناترسین، چونکە لە کۆتاییدا هەموومان دەمرین لە کاتی دیاری کراوی خۆماندا هەموو ئەوەی کە دەمانەویت مردنێکی شەرەفمەندانە بمرین.

ئەوەش ڕاستییەکی تاڵە کە ماوەیەکی زۆرە لێی بێئاگا بووم بە خۆی گوت:

**- هەمووومان لەم زەویەدا زیندانی کراوین، ئاسمان بەر لە مردنمان دادگەریمان دەکات، هەموو ئەوەی بونیادەم لە دەستی دێت لەم زیندانە گەورەیەدا، ئەوەیە حوکمی لەسێدارەدانەکەی دوابخات!!**

شمالی هەستایەوە لەسەر زەوییەکە، جلەکانی تەکاند، ڕەش بووبوون لە خۆڵدا، حەکیمەکە نزیک کەوتەوە، گوتی:
- کاتێک زریان تەنگت پێ هەڵدەچنێت و تۆش بە پێی پەتی وەستاویت نەکەی بترسیت و سەرت بە ئاراستەی زریانەکە با بدەیت. بەڵکو پێویستە باز بدەیت و خۆت بە دەستی خۆت سەرکەوتنی خۆت بنوسیتەوە لە کاتی کەوتنتە خوارەوەتدا.

- چی دەبێت کاتمان هێندە کەم بێت ڕاستەوخۆ بکەوینە خوارەوە؟

باڵندە عنقائەکە وەڵامی دایەوە لە جیاتی شمالی:

- ئەو کاتە بە شەرەفەوە دەمرین.

**

حەکیمەکە دەستی کردبوو بە بیرکردنەوە لەوەی چۆن شازیمان چارەسەر بکات و بێدەنگ مایەوە بەبێ ئەوەی کەس بیپچڕێنێت، دەترسان لەوەی بیرکردنەوەی پەرت ببێت یاخود بێزاری بکەن.

لە کۆتاییدا گوتی:

- یەک ڕێگا هەیە، بەڵام زۆر مەترسیدار و بێ گرەنتییە.

هەموویان چاویان ئەبڵەق بوو بە ئاراستەی ئەوس:

- دەتوانین چارەسەر بۆ باوکت پەیدا بکەین، بەڵام پێویستمان بە ژەهر دەبێت.

- مەبەستت چییە پێویستمان بە ژەهر دەبێت؟

- تۆ گوتت کە باوکت بەو خوێنمژانە وای لێهاتووە وایە؟

ئەوس سەری لەقاند بە ئاگادارییەوە لەبەر ئەوەی دەترسا لە ڕستەی دواتری.

حەکیم بەردەوام بوو:

- دەچین بۆ لایان و داوی هەندێک لەو زەعافییە دەکەین، ئەو کاتە دەتوانین بەو زەعافییە چارەسەر بۆ باوکت دروست بکەین.

- ئەوان چۆن دەتوانن لەگەڵماندا هەماهەنگ ببن؟ ئێمە دژمنی ئەوانین، باشترە کە بمرێت گەورەکەمان تاکو پەرتەوازە ببین و لاواز ببین.

ئیکلیل گوتی:

- کەسێکیان لێ دەرفێنین ئەگەر پێویست بکات.

ئەوس وەڵامی ئەگەرەکەی ئیکلیلی دایەوە کە مەحاڵە:

- ئێمە لە ئێستادا لە جەنگداین لەگەڵیاندا بۆیە ئەوە شتێکی سەخت دەبێت بە ئاسانی بتوانین بچینە نێو خاکەکەیان و کەسێکیان بە ئاسانی لێ بڕفێنین.

شمالی گوتی:

- پلانێک دادەنێین و جێبەجێی دەکەین.

حەکیم گوتی:

- کاتمـــان نیـــیە تـــاکو پـــلان دابنێـــین کە ئەگەری ســـەرکەوتن و شکستی هەبێت. لە دوو ڕۆژ زیاتر کاتمان نییە، چونکە هەر هێندە ژەهرەکە بگات بە دڵی، شازیمان دەکوژێت. پێویستمان بە ئەگەرێکی سەد لە سەد هەیە!!

هێندەی نەمابوو هیوا لەدەست بدەن لە کۆتاییدا ئەوس گوتی:

- بەرقا دەکرێت تاکە ڕێگەمان بێت.

شمالی پرسی:

- بەرقا کێیە؟

هەمویان ڕووی دەمیان لە ئەوس بوو گوتی:

- کچێکە لە هۆزی خوێن...

- پەیوەندیت چییە لەگەڵیدا؟ چۆن هاوکاریمان دەکات؟

دانی پێدانا:

- خۆشم دەویست، بەڵام جیابووینەوە...

- بۆچی تۆ لەوە دڵنیایت کە یارمەتیمان دەدات؟!

حەکیم لە جیاتی ئەوس وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی خودای گەورە دڵی بە جۆرێک دروست کردووە کە هەرگیز لە دڵی خۆشەویستەکەی جودا نابێتەوە.

پاشان بە کاریگەرییەوە گوتی:

- جیابوونەوە واتای وازهێنان نییە لە خۆشەویستی یەکتر، بەڵکو واتای ئەوەیە کە ڕێگامان جیابۆتەوە.

شمالی ڕووی کردە ئەوس و گوتی:

- چۆن بەرقا بدۆزینەوە؟

ئەوس گوتی:

- ئەو کچی شازادە تەلیدە و هەروەها...

- کچـی شـازادە...!! ئەوەی کە بـاوکتی تووشـی ئەو بـارۆدخە کردووە؟

ئەوس سەری بە ئاراستەی بەڵێ لەقاند و قسەکانی تەواو کرد:

- بـاوکی لە یەکێـک لە بورجەکـانی قەڵاکە بەنـدی کـردووە دوای ئەوەی پێی زانی کە کەوتۆتە داوی خۆشەویستی دژمنەوە.

هەمـوو ئەوەی لەسـەرمان پێویسـتە، سـنووری خێڵەکـانی خـوێن تێپەڕێنـین، لەوێـدا لە یەکێـک لە بورجەکـانی قەڵاکەی باوکیـدا دەیدۆزینەوە و داوای هەندێک زەعافی لێ دەکەین.

ئیکلیل ئامادەی فڕین بوو، گوتی:

- من دەچم.

ئەوس:

- نەخێـر، چـونکە تـۆ قەبـارەت گەورەیە قـورس دەبێـت بچیـتە ناوچەکەیان و نەبینرێیت پێویستمان بە شتێکی قەبارە بچووک دەبێت بچێتە ئەوێ و کەس نەیبینێت.

ئەوس لە قسـەکەی تەواو نەبـوو ڕاسـتەوخۆ شـمالی و ئیکلیـل ڕوویان کردە حەکیم و گوتیان، وەک ئەوەی بە چاویان پێی بڵێن تۆ کۆتا دەرفەتی ئێمەیت.

لە سەرەتا حەکیمەکە لە تەماشاکردنەکە تێنەگەیشت دواتر گوتی:

- ئایا هێندە بچووک دەردەکەوم تاکو بتوانم بچمە ئەو جێیە بەبی ئەوەی ببینرێم؟

شمالی گوتی:

- ڕەنگە بتوانیت ئەگەر ببیت بە مشک.

- مشک بچێتە نێو پانتۆڵەکەتەوە، من بەوە ڕازی نیم بێگومان!!

- تۆ کۆتا هیوای ئێمەیت بۆ گەیشتن بەوێ.

- نەخێر، نەخێر، باشترە بیر لە پلانێکی تر بکەینەوە.

- بەڵام خۆت نەتگوت کاتی ئەوەمان نییە پلان دابنێین؟ هەموو لایەکانیان لە حەکیم گرت، بەڵام بەردەوام بوو لە ڕەتکردنەوە:

- بۆچی تۆ نابیت بە مشک، بۆچی من ئەم کارە قورسە بکەم؟

- بەڵام ئەو کاتە پێوستمان بە کاتێکی زیاتر دەبێت تاکو ببمەوە بە مشک و بچم و نێو هۆزەکانی خوینەوە، بەڵام تۆ لەگەڵ ئەوەدا کێشەت نییە.

حەکیم دەیزانی کە قسەکانی ڕاستە و ماوەی چەند هەفتەیەکی دەوێت تاکو دووبارە ببێتەوە بە مرۆڤ.

شمالی هەوڵی دەدا باوەڕی پێ بهێنێت:

- ئێمە پێویستە زیاتر یەکگرتوو ببین تاکو دووبارە دەسەڵات یەک بخەینەوە و تۆڵەی هاوڕێ کوژراوەکانمان بکەینەوە، ئەو کاتە خێڵی گورگەکان پشتیوانیمان لێ دەکەن لە جەنگی داهاتوومان‌دا دەتوانین بە ئاسانی بەسەر جنەکاندا سەربکەوین.

- بەڵام ئئێ...

- هیچ مەڵێ تکایە، ئەوە شتێکی کاتییە، هەر ئەوەندەی کارەکەت تەواو دەکەیت دووبارە دەبیتەوە بە مرۆڤ.

هەناسەیەکی قوڵی هەڵمی پاشان:

- ئەوەی هـانم دەدات بـبم بە مشـک ئەوەیە بە ئاسـانی دەتـوانم کهـان بەلای خۆمـدا ڕابکشـێم و بە جەسـتەیاندا سـەربکەوم بەبـێ ئەوەی هەست بە بوونم بکەن.

ئەوس هیچ تێنەگەیشت. گوتی:

- چۆن دەبیت بە مشک، ئایا تۆ لەو جۆرانەیت کە دەگۆڕێن؟

شمالی وەلامی دایەوە:

- لە ڕێگا چیرۆکەکەت بۆ باس دەکەم، بەلام سـەرەتا پێویسـتمان بە کوخێک هەیە تاکو عاسفی تێدا چارەسەر بکەین.

**

عاسفیان هەڵگرت و کردیانە نێو یەکێک لە کوخەکانی لادێکەوە، لەسەر جێگایەکی کۆن دایان نا کە لە پێستەی مەڕ دروست کرابوو.

حەکیم هەندێک لە گژوگیای هێنا تاکو چارەسەری قاچی بکات کە ژەهراوی بووبوو، پاشان بە قوماشێکی خاوێن بەستی، تـاکو تووشـی هەوکردن نەبێت.

دەستی بە ئاو شوشت و گوتی:

- پێشتر ئەمەی بەسەر هاتووە.

شمالی پرسی:

- چی بەسەر هاتووە؟

- کە عاسف بە منداڵی دایکی مرد نەیدەتوانی بەرگەی ئەو خەم و پەژارەیە بگرێت، بۆیە ڕۆحی لە جەستەی جودا بۆیەوە و چوو بۆ جیهانێکی تر.

پاشان دەستی سڕی و گوتی:

- ئەوکات پێمان وابوو کە ڕۆحی بۆ هەمیشە لەدەست دەدەین، بەڵام دواتر ڕۆحی بۆ گەڕایەوە.

- ئایا ئەمجارەش ڕزگاری نابێت وەک ئەوەی پێشتر ڕزگاری بووە لێی؟

حەکیمەکە بە تۆنێکی ڕاستەقینە گوتی:

- عاسف منداڵ بوو کە لە پێناو ژیاندا دەجەنگا ئێستا هێندە گەورە بووە تاکو حەقیقەتی خۆی بزانێت.

پاشان بە کاریگەرییەوە گوتی:

- دوێنێ پادشایەکی بەهێز بوو وڵاتی بەڕێوە دەبرد کە زۆر لە خەڵکی تێدا دەژیا، بەڵام ئێستا دەرکراو و ڕاونراو و جێی بەزەییە، هاوڕێیان لە ڕاستیدا ئەم دونیایە شایەنی ئەوە نییە مرۆڤ لە پێناویدا بجەنگێت.

پاشان دەستی خستە سەر دڵی عاسف و گوتی:

- ئێستا دڵی چووە بۆ جیهانەکەی تر دەتوانم هەست بە دڵتەنگییەکەی بکەم و هیچ ویستی نییە بگەڕێتەوە، دەترسم لەوە بڕیاری ئەوە بدات بۆ هەمیشە لەوی بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە.

ئێکلیل بە دڵتەنگییەوە گوتی:

- ئایا هیچ کارێک هەیە بتوانین بۆ یارمەتیدانی ئەنجامی بدەین ؟

- هیچ شتێک نییە جگە لەوە نەبێت نزا بکەین و لە ئاسمان بپاڕێینەوە.

ئەوس چەند ساتێک بێدەنگ مایەوە:

- چەندە سەیرە، ئێوە ئامادەن قوربانی بدەن بە ژیانتان لە پێناو کەسێکدا کە دڵنیاش نین لەوەی ئایا لە خەونەکەی هەڵدەستێتەوە یاخود دەخەوێت بۆ هەمیشە.

شمالی وەڵامی دایەوە:

- ئەوە مانای هاوڕێیەتی ڕاستەقینەیە.

دوای ئەوە هەرسێکیان "حەکیم و شمالی و ئەوس" ڕۆیشتن بۆ لای جادووگەری لادێکە کە ناوی باپیرە قسورە بوو تاکو داوای جادوویەکی لێ بکەن حەکیم بکاتەوە بە مشک.

باڵندەکەش لە پاڵ گەورەکەیدا لە کوخەکەدا دانیشتبوو نوێژی دەکرد و نزای دەکرد چاک ببێتەوە.

## ٥

## باپیرە قسورە

لەوپەڕی لادێکە گەیشتن بە کوخێکی بچکۆلانە کە هیچ کوخێکی تری لە پاڵدا نەبوو، ئەوس لە دەرگای دا، پیاوێکی بەتەمەن هاتە دەرەوە کە پشتی بۆ پێشەوە چەمابۆیەوە و قژێکی درێژی هەبوو، هێندە چڵکن بوو کە مێروو و جاڵجاڵۆکە تێیدا بوو.

ئەوس بە شەرم و ڕێزەوە گوتی:

- باپیرە قسورە هاتووین بۆلات دەمانەوێت ئەم پیاوەمان بۆ بکەیت بە مشک.

لەگەڵ ئەو چیرۆکە سەیرانەی کە باپیرە قسورە گوێبیستی بووبوو، بەڵام هەرگیز گوێبیستی شتێکی لەم جۆرە سەیر نەبووبوو.

باپیرە قوسورە کەمێک لە دەموچاوی حەکیم ورد بۆیەوە و گوتی:

- پێدەچێت ڕووخسارت ناشرین بێت، بەڵام شتێکی جوان دەبینم لە ناختدا.

پاشان گوتی:

- هیوادارم واز لەم بیرۆکەیە بهێنیت و لەگەڵ ڕوخسارە ناشرینەکەتدا بە ئاسایی بژیت.

حەکیمەکە وەڵامی دایەوە:

- ڕەنگە پێکەنیناوی دەربکەوم لە بەردەمتدا، بەڵام سوێند دەخۆم ئەگەر بە دەستێک لێت بدەم ئەوا هیچ کام لە جادووەکانت فریات ناکەون.

باپیرە قسورە سەری هەڵکراند و جاڵجاڵۆکەیەکی بچووک کەوتە خوارەوە لێی، دوای ماوەیەک لە بێدەنگی و بیرکردنەوە گوتی:

- ئەگەر ئەمە ویستی تۆ بێت کەواتە باشە.

- تەنیا بۆ چەند ڕۆژێکە، دواتر دێمەوە بۆلات و داوات لێ دەکەم دیسانەوە بمکەیتەوە بە مرۆڤ.

لێرەدا ڕووخساری باپیرە قسورە گۆڕا و گوتی:
- بەڵام من ناتوانم بتگەڕێنمەوە بۆ مرۆڤ.

هەمووان سەرسام بوون بە بیستنی ئەو هەواڵە:

- بۆچی ناتوانیت بمکەیتەوە بە مرۆڤ؟

کەمێک جەستەی حەکیمەکەی گوشی تاکو دڵنیاببێتەوە لەو شتەی کە بیری لێ دەکاتەوە، پاشان بە دڵنیاییەوە گوتی:

- لەبەر ئەوەی پێشتر جادوویەکی بەهێزیان لێ لێکردوویت، ئەگەر ئەمجارەش هەمان جادووت لێ بکەمەوە ئەوا جەستەت بە جۆرێکی لێ دێت کە چیتر کاری لێ نەکات:

پاشان گوتی:

- دەتوانم بتکەم بە مشک، بەڵام کەس ناتوانێت دڵنیایت پێ بدات کە دووبارە دەکرێ ببیتەوە بە مرۆڤ، مەگەر جادووگەرێکی جیهانی ژێر زەوی بتوانێت.

دوای ئەوەی هاوڕێکان بیستیان کە ڕێگەیەک هەیە تاکو حەکیمەکە بگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ هیوا لە دەموچاویاندا دەباری.

دەربارەی جادووگەرەکەی جیهانی ژێر زەوی پرسیاریان کرد:

- چۆن دەتوانین یەکێکیان بدۆزینەوە؟

باپیرەکە دەستی ڕاوەشاند وەک ئەوەی پێیان بڵێت بابەتەکە لەبیر بکەن:

- ئەوانە زۆر دەگمەنن، لەم جیهانەدا هەلی چاوپێکەوتنیشیان مەحاڵە.

پاشان بە حەکیمی گوت:

- باش بیر لە بابەتەکە بکەرەوە و بڕیاری خۆت بدە، ڕەنگە ژیانت لەوە بەبەها تر بێت بە مشکی تەواوی بکەیت..

بەر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوخەکەی و دەرگاکەی دابخات کۆتا قسەی خۆی کرد:

- هەر کاتێکیش ئامادە بوویت ئاگادارم بکەرەوە تاکو بڕیارەکەت بۆ جێبەجێ بکەم.

هەموویان بێدەنگی دایگرتن دڵتەنگی لە دەموچاویان دەباری، سەخت بوو باوەڕ بە حەکیم بهێنن ببێت بە مشک دوای ئەوەی بیستیان کە بوونەوە بە مرۆڤی ڕەنگە سەخت بێت.

شمالی ڕووی کردە ئەوس بە خەمبارییەوە لەبەر ئەوەی دەبوو بە ناچاری ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە:

- ئێمە زۆر بەداخەوەین ئەوس، بەڵام ناچارین بکشێینەوە...

ئەوس بە تێگەیشتوویانە گوتی:

- ئەوەندەی هەوڵی یارمەتیمتان دا بەسە.

شمالی ڕووی کردە حەکیم تاکو پێی بڵێت دەکشێینەوە، بەڵام حەکیمەکە بیری لە جێیەکی تر بوو، شمالی پێی سەیر بوو بۆ کوێ چووە.

کەمێک سەرسام مایەوە لەبەر ئەوەی نەیدەزانی بۆ کوێ چووە.

بەڵام دەنگی خشە خش دەهات لە ژێر دەرگای کوخەوە کە بینییان لە نێو کوخەکەی باپیرە قسورەدا مشکێکی ڕیش درێژ هاتە دەرەوە لە ژێر دەرگاکەوە.

هەموویان سەرسام بوون گوتیان:

- ئەی شێت چۆن کارێکی وا دەکەیت، ئەی ئەگەر نەتوانین جادووگەرێکی جیهانی ژێر زەوی پەیدا بکەین بتکاتەوە بە مرۆڤ؟

حەکیم وەستا بەپێوە و گوتی:

- ئەو کاتە دەبم بە مشکێکی زۆر جوان کە هەمووان دەتوانن بەرگەی خوێنتاڵی و زمانە پیسە درێژەکەم بگرن، خێزانێکی مشک پێک دەهێنم.

شمالی پێکەنی بەو وەڵامە و گوتی:

- گوێت لە باپیرە قسورە نەبوو کە گوتی ڕەنگە تەواوی ژیانت بەم جۆرە بەسەر ببەیت؟

- ئایا ئەوکات وازم لێ دەهێنیت شمالی؟ مەبەستم ئەگەر تەواویی تەمەنم بەم جۆرە بمێنمەوە تۆ و عاسف و ئیکلیل دەستبەردارم دەبن؟

- نەخێر هەرگیز ئەوە ڕوونادات.

- دەی کەواتە لەوە زیاتر هیچ شتێکی ترم لەم جیهانەدا بەلاوە گرنگ نییە کە خێزانەکەم لە پشتم بن.

شمالی فرمێسک لە چاوانی کەوتنە خوارەوە:

- بۆ خاتری خودا بۆ وات لە خۆت کردووە؟

حەکیم نیگایەکی پرسیارئامێزانەی کرد، بەڵام خۆشەویستی و هاوڕێیەتییەکەی شاردەوە، دەستە بچووکەکانی بۆ جەستەی درێژ کرد و کلکە درێژەکەی دەسوڕاند بە شەرم و دوودڵییەوە:

- هاوڕێیەکی ئازیز جارێکیان پێی گوتم کە کاتێک ڕەشەبا هەڵدەکات و ئێمەش لە لێواری ڕێگەکەین نابێت بترسین و سەرمان زیاتر نەوی بکەینەوە، بەڵکو دەبێت خۆمان لە سەربانەکە هەڵبدەین و لە کاتی خۆهەڵدانەکەدا ڕێگای ڕزگاربوونمان بدۆزینەوە.

**

ئەو پەیوەندییەی کە حەکیم و شمالی و ئێکلیلی پێکەوە دەبەستەوە بە بەهێزیی و خەمخۆریی و نیگەرانیان بۆ عاسف بە جۆرێک وای کرد کە ئەوسی گورگ پێیان سەرسام بێت، لەبەر ئەوەی پێشتر بە هیچ جۆرێک پەیوەندییەکی لەم جۆرە پیرۆزی نەدیبوو کە تاکەکان پێکەوە بە گیان و خوێن ببەستێتەوە.

قوتوویەکی شوشەی بچووکیان هێنا بۆ حەکیم کە بە هێندەی پەنجەیەک دەبوو، چووە نێوییەوە تاکو دواتر چەند دڵۆپێک زەعافی بەرقای تێبکات.

جوان بەستیانەوە تاکو لە کاتی گواستنەوەکەیدا نەجوڵێت، ئەوس تاڵێک لە قژی خۆی بڕی و بەستییەوە بە قوتووە شوشەییەکەوە و خستییە سەر پشتی حەکیم.

**

مشکەکە چووە سەر پشتی باڵندە عنقائەکە بۆ بەشی باکوور، دەبوو بفڕێت بۆ سنووری هۆزەکانی خوێن، پاشان لەوێ دایدەنا تا

کاره گرنگەکەی ئەنجام بدات، چاوەڕێی دەکرد تاکو دواتر هەڵی بگرێت و بیهێنێتەوە.

**هاوڕێکان پلانیان دانا بۆ هێنانی زەعاف تاکو یارمەتی شازیمانی پێ بدەن و چاک بێتەوە. بەڵام قەدەر پلانێکی تری بۆیان هەبوو.**

# دەروازەی
# پێنجەم

## ١

## تاغين

بەهۆی ئەو وێرانکاری و ئاگرەی کەوتبۆیەوە بەشێکی گەورەی کۆشک ڕووخابوو، زۆربەی ئەوانەی کە لە نێو کۆشکەکەدا بوون مردبوون، هەندێکیشیان بنمیچەکە ڕووخابوو بەسەریاندا، هەندێکی تر سوتابوون و بەشێکی کەش بە دووکەڵەکە مردبوون.

هامان لە "تاغین"ی مەزن نزیک بۆیەوە و گوتی:

- گەورەم زۆربەی بەشەکانی کۆشک ڕووخاوە و هەموو ئەوەی لە ژوورەوە بوون مردوون، سەربازەکانیشمان دەیانەوێت بچنە ژوورەوە.

- پێیان بڵێ لە دەرگای جیاواز بچنە ژوورەوە، بەشێکی گەورەش با لە پشتمەوە بڕۆن، دەچین بۆ دەستبەسەرداگرتنی تەختەکە.

**

دەرگاکان کرانەوە، تاغین و هەزاران سەرباز چوونە ژوورەوە کە هەرگیز بە ژیانیان نەچووبوون، زۆربەیان خەونیان بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێک دێت و دەچنە نێو کۆشکی ئەبابیلەوە...

تاغین پێشکەوت لە دەرگاکانی کۆشکەوە، چووە ژوورەوە بەرەو هۆڵەکەی پادشا، لەوێدا کە هەنگاوی دەنا بۆ پێشەوە یادەوەری ڕابردووی بیر دەهاتەوە کە ڕۆژانێک هەبوون لەگەڵ باوک و دایک و خوشکەکەی لێرە بوون.

لەگەڵ ئەوەی ســاڵانێکی زۆر تێــپەڕ بووبــوو، بەڵام ئەوە تــاکە یــادەوەری بـوو کە بەشـێوەیەکی ڕاسـت لە مێشـکیدا مـابۆیەوە، هەر دەرگایەکی دەکردەوە شتێکی بیردەکەوتەوە:

لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا کاتێک خێزانەکە دڵخۆش بوون لە ماڵەوە، دەنگـی دەرگـا دەهـات، ئەو کـاتە (تـاغین) ی بچـووک هەسـتایەوە، بە هەمــان شــێوە منــداڵە بچــووکەکەی تــریش خوشــکەکەی (تــاج)، هەستانەوە هەر کامێکیان دەیانویست زووتر دەرگاکە بکەنەوە.

بەڵام لە دەنگی **میعراجی** باوکیان ڕاچڵەکین:

- تاغین، تاج مەکەن!!

هەردوو منداڵەکە بەرەو باوەشـی دایکیان کە نـاوی **عاسییە** بـوو ڕایـان کـرد، بە سەرسـامی تەماشـای باوکیـان دەکـرد کە بـۆچی بەو جۆرە لێیان توورە بوو:

- لە جێی خۆتان بمێننەوە.

پاشان خۆی هەستا بزانێت کێیە لە دەرگا دەدات، بەڵام تـاغین کە تەمەنـی نەدەگەیشـتە هەشتسـاڵان نەیتـوانی خـۆی بگرێـت و نەزانێـت کێیە.

معراج بەر لەوەی دەرگاکە بکاتەوە گوتی:

- کێیە؟

دەنگی پشتی دەرگاکە گوتی:

- منم "سائر" سەرۆکی سەربازانی پادشا، دەرگاکە بکەرەوە و لە ماڵەکەت ڕا مەکە، چونکە ماڵەکەت گەمارۆ دراوە.

لەو کـاتەدا دڵـی بە توندی لێـی دەدا، بـۆچی ئەو سـەربازە هـاتووە بۆلای:

میعراج لەو ماوەیەدا ڕێکخراوێکی دانابوو بۆ تێرکردنی منداڵەکانی، دزی و ڕێگری دەکرد لە کەسانی بازرگان.

کە بازرگانەکان و دەوڵەمەنەکان چوون بۆلای پادشا تاکو سکاڵای لێ بکەن، ئەو کاتە پادشا جەبار فەرمانی بە فاڵچی سەربیل دا کە تەواوی شەیتان و عفریتەکان بەدوای ناوی ئەو دزانەدا بگەڕێن.

فاڵچی سەربیل بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ون بوو دواتر کە گەڕایەوە لیستێک ناوی لە چەرمی ئاژەڵ پێ بوو تێیدا ناوی ئەو گرووپ و دەستەیەی تێدابوو کە بە ئاسانی هەر هەموویان دەگیران.

جەبار لەو کاتەدا هێزێکی دروست کرد بە ناوی سائر، پارچە پێستەکەی پێیدا و گوتی:

- دانە بە دانەیان لەناو ببەن و معراجم بە زیندوویی بۆ بهێنن.

**

دووبارە دەنگی لە دەرگادان هاتەوە:

- دەرگاکە بکەرەوە معراج، هەوڵی ڕاکردن مەدە چونکە ماڵەکەت گەمارۆ دراوە.

معراج بیری لە ڕاکردن دەکردەوە، بەڵام لەو کاتەدا دەیزانی کە ماڵەکەی بە سەرباز و جادووگەر گیراوە، بڕیاریدا خۆی بەدەستەوە بدات. خێزانەکەشی بە ترسەوە تەماشایان دەکرد، دەیزانی لە بەردەمیاندا دەستبەسەر دەکرێت.

لە دەرگاکە نزیک بۆیەوە و گوتی:

- دەرگاکە دەکەمەوە، بەڵام تکایە لە بەردەم خێزانەکەمدا دەستبەسەرم مەکە.

دەنگەکە گوتی:

- دەرگاکە بکەرەوە بەر لەوەی بیشکێنم بەسەر خۆت و دانە بە دانەی خێزانەکەتدا.

هەر کە معراج دەرگاکەی کردەوە ڕاستەوخۆ سەربازەکان خۆیان بۆی هەڵدا و دەستیان بەستەوە، پاشان بازنێکی جادووی سووتێنەریان کردە دەستی تاکو هێزەکەی لەدەست بدات.

تاغین زۆر بەوە کاریگەر بوو کە بینی باوکی بەو جۆرە گیرا و دەستبەسەر کرا، وەکو بەچکە شێرێک وەها بوو کە لە باوشی دایکیدا پەلامار دەدات تا باوکی ڕزگار بکات، بەڵام باوکی هاواری کرد لەبەر ئەوەی دەترسا ئازاری کوڕەکەی بدەن:

- تاغین نەکەیت!!

تاغین لەجێی خۆی وەستا، نەک لەبەر ئەوەی باوکی هاواری کرد بەسەریدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوە جاری یەکەم بوو باوکی دەنگی ترسی لێ ببارێت.

معراج گوتی:

- خەمت نەبێت من باش دەبم، تەنیا ئاگاداری دایکت و خوشکەکەت بە.

سائر دەمی بەستەوە و بردی بۆ پادشا.

**

پادشا جەبار خەمبار لەسەر کورسییە دارینەکەی دانیشتبوو، لە چواردەوریشی گەورەپیاوانی ئیمپراتۆر هەبوون لەگەڵ وەزیرەکانی، کە سەرۆک سائر هاتە ژوورەوە معراجی بە دەستەوە بوو فڕێیدایە سەر زەوییەکە.

جەبار بە تووڕەییەوە تەماشای معراجی کرد و گوتی:
- ئەوە تۆیت ئەم تاقم و دەستە دزانەت دروست کردووە؟

لەبەر ئەوەی بە پەتی جادووی دەستەکانی بەسترابوونەوە، بە سەختی توانی هەستێتەوە سەر پێی وەکو ڕێزێک بۆ پادشا و بەڕێزەوە گوتی:

- ڕەنگە دز بم لەبەر ئەوەی ترسنۆک نیم، بەڵێ خاوەنشکۆ من دروستم کردووە.

جەبار لەبەر ئەوەی خۆی ڕێزی لە هەر کەسێکی بە توانا و ڕاستگۆ دەگرت، بۆیە ئەویش وەکو ڕێزێک لە بەردەم معجرادا هەستایەوە، لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- بۆچی دەستت بۆ پارەیەک درێژ کردووە کە هی تۆ نییە؟

- تاکو منداڵەکەم تێر بکەم.

- بە پارەی دزی؟

معراج وەڵامی دایەوە ئەوەندەی توانی:

- ئەو کاتەی برسییەتی تەنگ بە منداڵەکانت هەڵدەچنێت جەنابی پادشا هەموو ئەوەی لەدەستت دێت ئەوەیە سکی تر بکەیت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە ئەم خواردنە دزراوە یاخود نا.

ئەو وەڵامە بەسبوو بۆ ئەوەی دڵی جەبار بلەرزێنێت و ویژدانی بکەوێتە جوڵە، بۆیە ڕاستەوخۆ فەرمانی بە وەزیرەکانی کرد: ئەگەر لەو خۆش ببیت جەنابی پادشا ئەوا ڕێگە بۆ خەڵکی تریش خۆش دەکەیت.

باوەڕی بە قسەکەی وەزیرەکە هێنا، لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە ئاسایشی وڵاتەکەی بکات و دەبوو سەرپێچی یاسا نەکات.

دووبارە دانیشتەوە لەسەر عەرشەکەی و حوکمی کۆتایی دەرکرد:
- تاکەکانی ڕێکخراوەکە فەرمانی زیندانی هەتاهەتاییان بەسەردا دەسەپێنین، بەڵام تۆ فەرمانی لێکردنەوەی سەرت دەدەین لەبەردەم

خەڵکیدا، تاکو ببیت بە پەند بۆ ئەوانەی کە دەیانەویت تاڵانی بکەن و دەست درێژ بکەن بۆ ماڵی خەڵکی.

لەو کاتەدا معراج نیگەران بوو بەو بڕیارە، لەبەرئەوە نا کە لە ژیاندا نەدەمایەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی دوای چەند ڕۆژێک هەواڵی مردنی بە خێزانەکەی دەگات.

٢

## لەسێدارەدان

لەنێو هەموو ڕارەوەکانی کۆشکدا تاغین بەرەو ئەو هۆڵە چوو کە بە هـۆڵی پادشـا ناسـرابوو، لەگەڵ ئەوەی ئـاگرەکەش کوژابـۆیەوە دووکەڵ هەموو لایەکی گرتبۆیەوە.

سەربازەکان لە پشتییەوە گۆرانییان دەگوت و ئاهەنگیان دەگێڕا بە سـەرکەوتنەکەیان، بەڵام ئەو نەبێـت بێـدەنگ لەنێـو یادەوەرییەکانیـدا نوقم بووبوو...

ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ دایک و خوشکەکەی بوو لە ماڵەوە هەواڵی لە سێدارەدانەکەیان پێ گەیشت.

**

دوای ئەوەی کە هەواڵـی لەسـێدارەدانی معـراج گەیشـت دڵـی داخورپـا لە تـاوا، تونـد کـچەکەی لە بـاوەش کـرد وەک ئەوەی ئەو کردارە شیفای دڵە شکاوەکەی بێت، تاغین پرسی:

- ڕێگەیان بدەین سەری لێ بکەنەوە بەبێ ئەوەی هیچ بکەین؟

تاج گوتی:

- تۆ ڕاست دەکەیت، دەبێت کارێک ئەنجام بدەین.

دایکیان گوتی:

- ئەم قسانە مەکەن، ئەوە فەرمانی پادشایە.

منداڵەکە هەشتساڵانەکە دەرپەڕی:

- کاتێک بابەتەکە دێتە سەر سەلامەتی خێزان، هیچ گەورە و بڕیارێک لەسەری ناوەستێتەوە.

دایکەکە سەرسام بوو بە بیستنی ئەو وشانەی کە لە دەمی منداڵە بچووکەکەی دەهاتە دەرەوە، کێشەکان وا دەکەن کە منداڵان لە پڕێکدا گەورە ببن.

قسەکەی تەواو کرد:

- دەستەوەستان لێرەدا ناوەستم و چاوەڕێ بکەم باوکم لە سێدارە بدەن و تۆش بەم جۆرە لە نێو فرمێسکەکاندا نوقم ببیت.

دایکی زلەیەکی لێدا، ئەو زلەیە هێشتا هەستی پێ دەکرد کە بە نێو ڕاڕەوەکاندا تێپەڕدەبوو، پاشان بە تۆنێکی پڕ گریانەوە گوتی:

- نامەوێت گوێبیستی ئەم جۆرە قسانە ببم لێتەوە، تێگەیشتیت؟

کەمێک وەستا و ڕووی کردە کچەکەی:

- ئەم قسانە بۆ تۆشە. باوکتان تاوانبار بوو، حوکم درا، جێبەجێ کرا، هەر ئەوەندە...

تاغین نەیدەویست کەس تەماشای بکات، ئەوەی دەیزانی دایکی تێک شکاوە، بۆیە بە دەستی دەموچاوی داپۆشی و گوتی:

- دەمەوێت بچین بۆ مەیدانی لەسێدارەدانەکە دایکە، باوکمان شایەنی ئەوەیە لەلای بین لە کۆتا ساتەکانیدا تکایە، تکایە.

تاجیش بە هەمان شێوە پاڕایەوە:

- دەمانەوێت بۆ کۆتا جار چاومان پێی بکەوێت تکایە.

لەگەڵ ئەوەی بەوە قایـل بـوون کە فەرمـانی لەسـێدارەدانەکەی بەسەردا بسەپێنرێت، بەڵام بەرگەی بینینی ئەو دیمەنەی نەدەگرت کە یەکێک لە سەربازەکان ملی مێردەکەی لە لاشەی بکاتەوە.

لەو کـاتەدا دەیزانـی مـافی منـداڵەکانییەتی، هاوسـەرەکەی دوای هەمـوو سـاتە کە لەگەڵیانـدا ژیـاوە شـایەنییەتی بـۆ کۆتـا سـاتەکان لەگەڵیدا بن:

- بـا بـڕۆین، بەڵام بەبـێ ئەوەی لەوێ تووشـی هـیچ کێشـەیەکم بکەن.

منداڵان گوتیان بەیەکەوە:

- بەڵێنت پێ دەدەین.

**

ڕۆژی لەسێدارەدانەکە:

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەبابیل لە جن و مرۆڤ کۆوبوونەوە لە مەیدانەکە تاکو تەماشای بڕیاری لەسێدارەدانەکە بکەن، عاسییەش لەگەڵ دوو منداڵەکەیـدا لەنێـو حەشـاماتەکە وەسـتابوو، تەنیـا یەک ئـاواتی دەخواسـت، چـاو دابخـات و بیکـاتەوە هەمـوو ئەمـانەی کە ڕوویانداوە تەنیا خەونێکی ناخۆش بن و هیچی تر.

کـاتێکی زۆر تێنەپەڕی تـاکو سـەربازێک هـات و معراجـی پێبـوو، بردیـانە سـەرەوە بـۆ تەختـە داریـنەکەی لەسـێدارەدانەکە، پاشـان جەلادەکە پەتەکەی گـرت بە دەسـتییەوە کە بە پـارچە دارەکەوە بەسترابوو، چاوەڕێی فەرمانی سائر بوو.

هەموو خەڵکەکە بە جارێک هاواریان دەکرد: تاوانبارەکە لەسێدارە بـدەن، معـراجیش لەسـەر ئەژنـۆ وەسـتابوو، دەسـتی لە پشـتیەوە

بەسترابۆیەوە، نەدەترسا بەڵام دڵتەنگ بوو، لەبەر ئەوەی نەیتوانی بۆ کۆتا جار چاوی بە خێزانەکەی بکەوێت.

لەو کاتەدا هاوسەرەکەی عاسییە بە دەنگی نزم وەکو نەسیم گوتی:

**- ئێمە لێرەین لەگەڵتداین.**

لەگەڵ ئەوەی خەڵکەکە ژاوەژاو و دەنگەدەنگیان نابۆیەوە، بەڵام هێشتا لە دڵیدا گوێی لەو سێ وشەیە بوو. معراج سەری بەرز کردەوە و لەنێو خەڵکەکەدا بەدوای سەرچاوەی دەنگەکەدا دەگەڕا کە لە کۆتایدا بینینی بە چاو گوتی:

**- دڵنیابووم کە دێیت.**

هاوسەرەکەی "عاسییە" تاجی حەوتساڵانی لە باوەشدا بوو، تاغینیش وەستابوو بە پێوە تەماشای ئەو سەربازە بێبەزەییانەی دەکرد کە چۆن کارەکە ئەنجام دەدەن.

هەنگاوی کۆتایی بەر لە لەسێدارەدانەکە سائر لێی هاتە پێشەوە و پرسی:

- ئایا هیچ شتێک هەیە بتەوێت بیڵێیت؟

معراج پێش چەند خولەکێک پلانی بۆ ئەوە دانابوو کە لە دڵیدایە بیڵێت، بەڵام ئێستا وشەکانی پڕن لە بەخشین و لێبوردن بۆ خێزانەکەی، کاتێکی تەواوی نەبوو، بۆیە تەنیا توانی هەر ئەوەندە بڵێت و زەردەخەنەیەک بکات:

- تا ئەو کاتەی دووبارە یەک دەبینینەوە ماڵئاوا.

- هەر لەو قسەیەی تەواو بوو، ڕاستەوخۆ سەرکردە سائر فەرمانی بە جەلادەکە دا جێبەجێی بکات جەلادەکە پەتەکەی کردە ملی معراج و ڕای کێشا تاکو بەرز بۆیەوە.

کە عاسییە ئەوەی دی هاوسەرەکەی لە بەردەمیدا گیانی لەدەست دا، ڕاستەوخۆ تووڕە بوو، کچەکەی داگرت و گوتی:

**– دەستی براکەت بگرە و لەگەڵیدا بمێنەرەوە.**

هەر قسەکەی تەواو کرد ڕاستەوخۆ لە جێی خۆی ون بوو، لەو کاتەدا سەری سائر لە جەستەی بووەیەوە و لەپاڵ جەستەی هاوسەرەکەیدا کەوت.

بەڵام بەهۆی تووڕەبوونە زۆرەکەیەوە عاسییە ڕووبەڕووی هەموو سەربازەکان بۆیەوە بەهێزێک کە وێنەی نەبوو، زۆربەیانی کوشت و بە بێدەنگی مایەوە تەواوی شەڕەکە.

خەڵکەکە تووڕەتر بوون، بۆیە ڕاستەوخۆ فەرمانیان دا کە ئەو جنۆکەیە بکوژن، بەڵام بێسوود بوو، لەبەر ئەوەی لە تۆڵەی خۆشەویستیدا دەجەنگی، ئەوەشی لە پێناو خۆسەویستیدا بجەنگێت نابەزێت.

شەڕەکە کۆتایی نەهات کە تاغین بڕیاریدا یارمەتی دایکی بدات لە شەڕەکەدا، دەستی خوشکەکەی بەردا و گوتی:

**– لێرە بمێنەرەوە و نەجوڵێیت.**

پاشان چووە مەیدانی شەڕەکە.

منداڵ و لاواز بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بووە هۆکاری بێزاری بۆ سەربازەکان کە لە پشتەوە لێی دەدان.

لەو کاتەدا سەربازێک ویستی لێی بدات، بەڵام تاج لە دوورەوە تەماشای شەڕەکەی دەکرد، گوتی:

– تاغین وریای دواوەت بە!

تــاغین ئــاوڕی دایەوە، بینـــی کە لێـدانەکە بەرەو ڕووی دێــت، چاوەکانی داخست و دەستی بە دەموچاوییەوە گرت، بەڵام لێدانەکە زۆری ویست تاکو پێی بگات، دیتی دایکی لە بەردەمیدا وەستاوە و پارێزگاری لێ دەکات.

سەری بەرزکردەوە و بە ترسەوە پرسی:

- تۆ، تۆ باشیت دایکە؟

هەوڵی دا خۆی باش پیشان بدات تاکو نەترسێت، بەڵام ئەو لێدانە پشتی شکاندبوو، هێندە بە بەهێزی لێیدابوو کەوت بە زەویدا.

زانـی کە ئەو بـووەتە هۆکـاری شکسـتەکەی دایکـی، بە گریـانەوە گوتی:

- بمبورە دایکە، من تەنیا دەمویست.

- شششش، هیچ مەڵێ من شانازیت پێوە دەکەم.

لە کۆتاییـدا سـەربازەکان زانیـان شکسـتیان پـێ هێنـاوە، بـۆیە جەسـتەی سـائر و سـەرە لـێ جودابۆوەکەیـان هەڵگـرت لەگەڵ هاوڕێکانی تریاندا و گەڕانەوە بۆ کۆشک.

عاسییە هێشـتا لە بەردەم کچەکەیـدا وەسـتابوو، منـداڵەکەی لێـی دەپاڕایەوە و دەگریا:

- با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە دایکە.

- ئەمشەو بە تەنیا دەخەویت کچە جوانەکەم.

- تکایە بگەڕێوە لەگەڵماندا.!!

کـاتی ئەوە نەبـوو کە مـردن بـۆ منـداڵەکە ڕوون بکـرێتەوە، بـۆیە دەستی کوڕەکەی گرت و وەسییەتی بۆ کرد بەر لەوەی جەستەی سارد ببێتەوە:

- من لەگەڵ باوکتدا دەڕۆم، تۆ گرنگی بە خوشکەکەت بدە تاغین .

**

لەگەڵ مردنی دایکی شتێک لە دڵی تاغین دا مرد، بەڵام هەر زوو درکی پێکرد کە ئەو بەرپرسە لە خوشکەکەی، بۆیە ئەو ئێوارەیەی کە دایک و باوکی ناشت نەگریا.

بە هەمان شێوە نەگریا کە گەڕانەوە بۆ لادێکە و دیتیان خێزانێکی نەناسراو لە ماڵەکەیاندا دەژین، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە باوکی ماڵەکەی لێ دزیبوون گەڕانەوە تاکو لە ماڵەکەی خۆیاندا بژین، چەندان ڕۆژ و هەفتە تێپەڕی و دڵتەنگی و ڕق لە ناخیدا زیاتر چەکەرەی دەکرد و دەیویست تۆڵە بکاتەوە، بە هەموو شێوەیەک دەیویست هەموو کارێک بکات تاکو ببێت بە پادشای ئەبابیل، نەک لەبەر ئەوەی ویستیەتی، بەڵکو لەبەر تۆڵەکردنەوەی لە جەبار کە باوکی کوشت، هەروەها لەو خەڵکەی کە هانی سەربازەکانیان دا بۆ کوشتنی دایکی.

**

هامان دوو هەنگاو هاتە پێشەوە بەر لەوەی بڵێت:

- گەورەم تا چەندێکی تر بەم جۆرە تەماشای دەرگای پادشایەتی دەکەیت؟

ئەو پرسیارە لە یادەوەرییەکانی پەرتەوازە کرد، ئاوڕی دایەوە بۆ سەربازەکانی دیتی هەموویان وەکو مەیت بێدەنگ بوون، زانی کە ماوەیەکی زۆرە لەنێو بیرکردنەوەکانیدا ماوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری بکاتەوە فەرمانی پێدان:

- دەرگاکە بکەنەوە.

دەرگـای هۆڵەکەیـان کـردەوە کە لە ئـاڵتونی بـێخەوش دروسـت کرابوو، بەڵام ئەم بەشە هیچ نەسوتابوو بەهۆی پتەوییەکەیەوە، دە لە جنە بەهێزەکان دەرگاکەیان کردەوە و بە هەموو هێزی خۆیـان، ئینجا کرایەوە.

تـاغین چـووە ژوورەوە، یەکەمـین شـت کە کـردی لە کۆتـایی هۆڵەکەدا تەماشای عەرشەکەی دەکرد، بەڵام ڕاستەوخۆ جەستەیەکی ڕەشـی گەورەی بینی لە ڕێگەی دا وەستابوو، جەستەی مـارە کوبرا جنەکە بوو "تارا".

## ٣

## عەرشەکە

لەگەڵ ئەوەی لەو کاتەدا تاغین سەربازی زۆری لەگەڵدا بوو مارە کوبرا جنەکەش بە تەنیا خۆی بوو، بەڵام هێشتا هەستی بە نیگەرانی و ترس دەکرد کە لە بەرانبەریدا بینی.

چاوی بڕییە نێو چاوی و گوتی:

- بگەڕێوە ئەو جێیەی لێوەی هاتوویت، ئەم تەختە بۆ تۆ نییە.

نەیدەویست لەبەردەم سەربازەکانیدا بێ شکۆ و بێ کەرامەت دەربکەویت، بۆیە ڕاستەوخۆ گوتی:

**- عەرشەکان موڵکی کەس نیین، بەڵکو تەنیا بۆ بەهێزەکانە.**

- لەم جەنگەدا بردتەوە لەبەر ئەوەی کەسێک ناپاکی لە پادشا کرد پلانەکەی بۆ تۆ ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا دڵت هێندە دڵخۆش نەبێت لەبەر ئەوەی عاسف دێت و دووبارە تەختی باووباپیرانی وەردەگرێتەوە، بەڵێنت پێ دەدەم.

ئەوە بە تەواوی هەڕەشەلێکردن بوو.

- تارا، تەواوی ژیانت هەرگیز بەڵێنکت نەشکاندووە، ئایا پێت وانییە کە کاتی مردنت نزیک بووبێتەوە؟ بۆیە پێویست ناکات بەڵێنێک بدەیت کە بەدی نایەت.

پاشان گوتی:

- سەربازەکان و خێزانەکەی و هەموو هێزەکەیم لەناو بردووە.

- بەڵام هێشتا هاورێکانی لەگەڵیدان، ئەوەش بەسە تاکو بەسەرتدا سەربکەوێت. ئامۆژگاریت دەکەم بگەڕێتەوە دواوە، عاسف هەرگیز وازت لێناهێنێت، **ئەو کوڕی جومانایە، کوڕی جومانا هەرگیز بە دۆڕانی بە کەس قایل نابێت.**

- تۆ زیاد دەڕۆیت تارا، کە بووم بە پادشا کۆمەڵێک هێز و هاوپەیمانی پێک دەهێنێم کە کەس نەتوانێت بیبەزێنێت، تەنانەت ئەگەر هەموو سەربازانی جیهان کۆ ببنەوە. ئەم عەرشە تەنیا و تەنیا بۆ منە و بۆ کەس چۆڵی ناکەم.

مارە کوبرا جنەکە زانی کە هیچ دەرفەتێکی تر نەماوەتەوە بۆ قایلکردنی، بۆیە ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ ڕەشی قەتران، پاشان بۆ بەرگریکردن لە عەرشەکە ئامادە بوو:

- ئەگەر ئەوەندە سوریت لەسەر گەیشتنت پێی ئەوا سەرەتا دەبێت بەسەر جەستەی مندا بڕۆیت.

تاغین هەرگیز هێرش ناکاتە سەر کەس مەگەر دڵنیا نەبێتەوە لەوەی کە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دەیویست سەرەتا ماندووی بکات ئەو کاتە هێرشی بکاتە سەر.

جەنگەکە دەستی پێکرد لە نێوان تارا و سەربازەکاندا، لەگەڵ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە هێرشییان بۆ دەکرد، بەڵام ئەو دەیتوانی لە هەمان کاتدا هێرش بکاتە سەریان و بە توندی لێیان بدات.

بەشێکی زۆری سەربازەکانی ڕەوانەی مردن کرد، تاغین کۆمەڵێکی تری بۆ نارد کە بەهێزتر بوون، بارودۆخەکە وای کرد هەستی بە ماندووبوون دەکرد.

له کۆتاییدا که تاغین هەستی کرد که هێزەکەی کەم بۆتەوە، له کۆتاییدا دیتی که هالەیەکی ڕەنگ شینی لێ پەیدا بووە، بۆیە به هەموو هێزییەوە لێیدا و جەستەی کەوتە سەر زەوی.

**

تارا نەکەوت دوای ئەو لێدانه له جێی خۆی وەستایەوە، بەڵام جەستەی له جوڵه کەوت، ئەوەش وای کرد سەربازەکان بتوانن به ئاسانی لێی بدەن.

سەربازەکان له لێدانی نەوەستان تاکو له کۆتاییدا کەوتە سەر زەوی.

لەگەڵ ئەوەدا تاغین دەیزانی چیتر ناتوانێت زیانی پێ بگەیێنێت، به چەند هەنگاوێک لێی نزیکبۆیەوە و گوتی:

- تارا ئەمڕۆ زۆر بەجەرگانه جەنگایت، بۆیه هەست دەکەم مافی خۆته بەر له مردن ناوی ئەو کەسەت پێ بڵێم که پلانەکەی بۆ ئاشکرا کردم و ناپاکی له عاسف کرد.

به دەنگی نزم پێی گوت، چاوەکانی تارا زەقبوونەوە له توڕەییاندا، لەبەر ئەوەی باوەڕی بەوە نەدەکرد که گوێبیستی بوو.

بەڵام تاغین زۆر به خێرایی دەرفەتی نەدا سەرسامییەکەی زیاتر بخایەنێت هێزەکەی له دەستی چەپیدا کۆکردەوە و لێیدا، چاوەکانی تارا داخران له تووڕەی و سەرسامیدا.

**

دوای ئەوەی کوشتیان فەرمانی دا:

- بیبه دووری بخەنەوە و سەری له لاشەی بکەنەوە.

جەستە کەوەتووەکەی لەسەر زەوییەکە پێویستی بە پانزە جن هەبوو تاکو هەڵی بگرن، بەر لەوەی بە تەواوی هۆڵەکە جێ بهێڵن گوتی:

- بیرتان نەچێت سەری لە لاشەی بکەنەوە.

دوای ئەوەی مەترسییەکەی تێپەڕاند، لە کۆتاییدا بەرەو کۆتای هۆڵەکە ڕۆیشت، گەیشتە عەرشەکەی ئەبابیل کە بە چەندان جادوو وشە و وێنەی هەڵکەندراو نەخشێنرابوو، قاچ لەسەر قاچ لەسەری دانیشت.

**

دوای کەمێک پێنج جادووگەرەکەی کە سرابییان گرتبوو هاتنە ژوورەوە، بە سەرکردایەتی غیلان هۆکاری هاتنەکەی ڕوونکردەوە:

- سرابیمان گرت گەورەم، ئێستا لە دەرەوەیە بۆت بیهێنینە ژوورەوە ؟

- نەخێر، ئەم شوێنە شایەنی ئەو شتە پیسە نییە.

پاشان پرسی:

- ئەی کچە بچووکەکەی لە کوێیە؟

غیلان دڵنیا نەبوو لە چارەنووسی منداڵەکە، بەڵام دەیزانی کە دەریاکە بەسە بۆ ئەوەی منداڵەکە بکوژێ:

- مرد.

تاغین سەری داخی دانەواند و گوتی:

- مرد؟؟ بە داخەوە

گوتی:

- بە داخەوە، بە داخەوە!!

جادووگەرەکان سەرسام بوون بەوەی کە گەورەکەیان وەها بینی، هەموویان سەیری یەکتریان دەکرد بە سەرسامییەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەم جار بوو گەورەکەیان هەست بە خەمباری بکات.

غیلان گوتی:

- نەماندەزانی مردنەکەی هێندە خەمبارت دەکات گەورەم.

تاغین سەری بەرز کردەوە و بە پێکەنینێکی شەیتانییەوە گوتی:

- من دڵتەنگم گەمژە، لەبەر ئەوەی زۆر دڵخۆشتر دەبووم ئەگەر بە دەستی خۆم بمکوشتایە!!

جادووگەرەکان لەگەڵیدا پێکەنین، لەو کاتەدا زانیان ئێستا دەتوانن داواکارییەکەیان بکەن بە گەورەکەیان و چێژ لە جەستەی دیلەکە ببینن.

بەڵام بەر لەوەی بابەتەکە بە تاغین بڵێن غیلانی سەرکردە گوتی:

- دەمەوێت کە چاوت پێی کەوت شتێکی پێ بڵێیت.

غیلان تێنەگەیشت:

- بە کێ بڵێم؟

- بە منداڵەکە.

- چۆن پێی بڵێم کە مردبێت؟

- مەبەستم ئەوەیە کە لە دونیاکەی تردا دەیبینیت، پێی بڵێ نەترسێت بەم زووانە دایک و باوکیشی بۆ لای دەنێرم.

قسەکەی تەواو نەکرد، ڕاستەوخۆ تاغین لە سەری دا و کەوت بە زەویدا.

جادووگەرەکـان کە بینییـان بەو جـۆرە جەسـتەی گەورەکەیـان کەوتووە ڕاستەوخۆ دوورکەوتنەوە و بێدەنگ بوون.

پـانزە کەس لە جنەکـان جەسـتەی تارایـان بە سـەختی هەڵگرتبـوو بردیان بۆ دارستانی ئەخدود، لەوێدا لەسـەر زەوییەکە دایان نا تاکو فەرمـانەکە جێبەجـێ بـکەن، بەڵام جەسـتەکەی زۆر جیـڕ بـوو دوای چەندان هەوڵ جنێکیان گوتی:

- لێکـردنەوەی سـەری کـاتێکی زۆری دەوێـت، پێتـان چـۆنە بەم جۆرە لێی گەڕێین و بگەڕێینەوە بـۆلای گەورەمـان و پێـی بڵێین کە لێمان کردۆتەوە.

دانەیەکی تر گوتی:

- ئەو مـردووە هـیچ سـوودمان پـێ ناگەیەنێـت ئەگەر سـەری لـێ بکەینەوە با لێی گەڕێین و بڕۆین.

ئەم پێشنیارانە وایان کرد کە جنۆکەکانی تر پێی قایل بن، لەبەر ئەوەی لە جەنگی کۆتایدا زۆر ماندوو بوون، پێویستیان بە حەوانەوە هەبـوو، دەیـانزانی کە مـارە کـوبرا جـنەکە مـردووە و تەواو بـووە، لێکردنەوەی سەری هیچ سوودێکیان پێ ناگەیەنێت.

جنەکان دەستیان کرد بە ڕۆیشتن، بەڵام دانەیەکیان گوتی:

- جەسـتەی زۆر گەورەیە بێگومـان کەسـێک دەیبینێت و هەوڵەکە بە گەورەمـان دەدات و ئەو کـاتە ئاشـکرا دەبـین و تـووڕە دەبێـت، بـا گۆڕێکی بۆ هەڵبکەنین و جەستەکە بشارینەوە.

هەڵکەندن بۆ ئەوان باشتر بوو وەک لە لێکـردنەوەی سـەری. بۆیە جنەکان گۆڕێکی درێژیان بۆ هەڵکەند، پاشان خستیانە ناوی و خۆڵیان بەسەردا دا و ڕۆیشتن.

بەلام بەر لەوەی بە تەواوی بڕۆن، یەکێکیان ئاوڕی دایەوە بۆ ئەو جێیەی کە مـارە کوبراکەیـان ناشـتبوو، شـتێکی بچـووک ڕوویـدا و دەنگەکە نەما.

بەلام نەیـانزانی لەرزینـی زەویـیەکەی ژێریـان بە هۆکـارێکی تـر بووە.

## ٤

# زیندانەکە

جادووگەرەکان سرابیان کردە نێو قەفەسێکی بچووکەوە کە وەک هی ئاژەڵەکان وابوو، دەبوو دەست و پێی خۆی کۆ بکاتەوە تاکو جێی ببێتەوە.

دوای ئەوەی خستیانە ناوی جێیانهێشت، تەنیا یەک جادووگەریان نەبێت لەوێ مایەوە، چەند هەنگاوێک لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- خانمەکەم.

بە سەختی لای لێکردەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ بیری هاتەوە کێیە. ئەو ئەو جادووگەرە بوو کە بە ئەوانی تری **گوت "بەڵام گەورەمان تاغین لێمان تووڕە دەبێت، ڕەنگە باشتر بێت سەرەتا ئەو چێژی لێ ببینێت. پێتان چۆنە بیبەین بۆلای و مۆڵەتی لێ وەربگرین. ئەگەر ڕەتی بکاتەوە ئەو کاتە دەمانکوژێت".**

- چیت دەوێت؟

- تاغین سبەی دەتکوژێت پێویستە لەم زیندانە هەڵبێیت.

- جا بە تۆ چی؟

- لەبەر ئەوەی مێردەکەت هاوڕێمە.

- تۆ درۆ دەکەیت. ئەی تۆش نەبوویت دەتویست چێژ لە جەستەم ببینیت وەکو هەموو جادووگەرەکانی تر؟

پاشان پێشنیارت بۆ کردن کە بمبەن بۆلای و مۆڵەتی لێ وەربگرن یاخود ڕەنگە سەرەتا خۆی بیەوێت چێژم لێ وەربگرێت!؟؟

- ئەوەم گوت لەبەر ئەوەی بتپارێزم نەوەک زیاتر.

گومانی لە بابەتەکە هەبوو، قۆڵی هەڵکرد و بازنەکەی دەستی پیشان دا کە لە قڕی ئەسپەکە و خۆی و هەندێک بەرد و یاقوت دروست کرابوو، گوتی:

- ئەم تەمیمەیە هیچ شتێکت بیر ناهێنێتەوە؟

تاریکاییەکە زیندانەکەی گرتبۆیەوە، بەلام لەگەل ئەوەدا هێندە بەس بوو کە بتوانێت تەمیمەکە ببینێت.

- ئەوە ئەو تەمیمەیە کە بۆ دەستی هاوسەرەکەمم دروست کردبوو.

بە سەرسامییەوە لێی پرسی:

- لەکوێت بوو؟

دەستی خستە سەر دەمی:

- دەنگت نزم بکەرەوە.

پاشان گوتی:

- هاوسەرەکەت پێی دام و پێی گوتم کە بێمەوە بۆ کۆشک، تاکو پارچەیەک زەویم پێ بدات لە ئەبابیل تاکو لەگەڵ خێزانەکەمدا لێی بژیم.

- ناوت چییە؟

**- یاسین.**

بەڵێ، بیری کەوتەوە ئەوشەوە کە عاسف لە کێوی غوراب هاتەوە باسی ناوی ئەو جادووگەرەی بۆ کرد کە ناوی یاسین بوو، هەروەها چیرۆکەکەشی، بە گومانەوە لێی دەنواڕی ئاخۆ چیٚ لە نێو مێشکیدایە، پاشان گوتی:

- خۆم خزاندە نێو سوپاکەیەوە لەبەر ئەوەی دەمزانی من بەسوود دەبم بۆ هاوسەرەکەت، ڕۆژێک بوونم لەبەردەمت ئەوە دەسەلمێنێت کە هەستەکانم لە جێی خۆیاندا بوون.

پاشان دەنگی جادووگەرەکان دەهات لە دەرەوە بانگیان دەکرد:

- یاسین بۆ کویٚ چوویت؟

کە گوێی لە دەنگیان بوو گوتی:

- دەبێت بە زووترین کات ڕابکەیت خانمەکەم.

- چۆن ڕابکەم بۆ کویٚ بچم؟

- ئەگەر ڕاستگۆ ببم لەگەڵتدا نازانم بەڵام شوێنێکی باش پێدەزانم کە دەتوانیت لێی بمێنیتەوە دوای ڕاکردنت.

پاشان کاغەزێکی پیٚ دا و گوتی:

- ئەمە بگرە.

- ئەمە چییە؟

- ئەگەر توانیت ڕابکەیت ئەوا کاغەزەکە بسوتێنە، ڕاستەوخۆ دێم بۆ هاوکاریت.

سرابی کەمێک سەرسام بوو، بەڵام گوتی:

- جادووگەرەکان نزیک دەبنەوە، نابێت بمانبینن بەیەکەوە، دەی بیبە.

سرابی دەستی درێژ کرد و وەری گرت و خستییە نێو دەمی.

ڕێک لەو کاتەدا جادووگەرەکە هاتە ژوورەوە تەماشای کرد.

پاشان بۆ دواوە کشایەیە و دەرگاکەی داخست.

- لێرە نییە. پێدەچێت چووبێت بۆ جێیەکی تر.

٥

# خەونەکە

دڵی تەنگ بوو، هەستی بە خەمباری دەکرد لە نێو ئێسکەکانیدا هەر یەک فووی بەس بوو تاکو بکەوێت، ئەوە یەکەمین جار بوو کە هێندە خەمبار بووبوو، تەنانەت نەیدەتوانی بگری.

هەستی دەکرد ژیان ستەمی لێدەکات بەوەی ئەم هەموو بەڵایەی بەسەردا هاتووە، بۆیە لە ناخی خۆی دەپرسی ئایا دەبێت چ گوناحێکی کردبێت وا ئەمڕۆ ئاسمان بەم جۆرە سزای یەکلەدواییەکی بەسەردا دەبارێنێت.

تەنانەت بیرکردنەوەکانی ناخیشی ماندوویان دەکرد، ئایا منداڵەکەی باشە یاخود یەکێک لە دڕندەکانی بنی دەریا قوتیان داوە؟ ئەگەر نەیانخواردبێت ئەی ئایا هاتۆتەوە کەنارەکە یاخود کەسێک بەلەمەکەی نوقم کردووە؟

ئەی هاوسەرەکەی چی؟ ئایا لە جەنگەکەدا کوژراوە؟ یاخود بە پەرجوویەک ڕزگاری بووە؟ ئایا ئەو باشە یاخود بریندارە، یاخود بە ڕۆحی باجی هەموو ئەو کارەساتانەی داوە.

ئەو دایک بوو، لەبەرئەوەش چارەنووسی خۆی بۆی گرنگ نەبوو، هەموو ئەوەی لەو ساتەدا بیری لێدەکردەوە خێزانەکەی بوو. ئەگەر یەک ئاواتی هەبێت ئێستا بێتە دی ئەوا داوای لە خودا دەکرد ژیان لە ئەم بسەنێتەوە و بیدات بە مێرد و منداڵەکەی.

لەگەڵ ئەو هەموو بیرکردنەوە و گومانەدا هەرچەندی نەیدەویست چاوی بچێتە خەو، بەڵام هەستی بە ماندووبونێکی زۆر دەکرد، بۆیە بە دانیشتنەوە چاوی چووە خەو، لە خەونەکەیدا دیتی کچێک لێی نزیک دەبێتەوە.

کچێکی جوان بوو بە شتێک داپۆشرابوو کە لە هەور دەچوو، چاوەکانی قاوەیی بوون جەستەی بۆنی یاسەمینی لێدەهات. لەگەڵ ئەوەی یەکەم جاری بوو ئەم کچە ببینێت بەڵام ناسییەوە.

- تۆ جومانای دایکی عاسفیت، ڕێک وەکو ئەوەیت کە عاسف بۆی باس کردبووم.

جومانا گوتی:

- سرابی دەبێت بیر لە ڕێگەیەک بکەیتەوە و لێرە دەربچیت.

- ناتوانم، وەکو دەبینیت زیندانەکە داخراوە، کاتی تەواویشم بۆ ڕاکردن نییە، تاغین سبەی دەمکوژێت.

**- لەبەر ئەوەی زیندوویت کەواتە هێشتا کاتت لەبەردەستدایە شتێک بکەیت وەک لەوەی خۆت بدەیتە دەستەوە یاخود بڵێیت دۆڕاوم.**

سرابی بێدەنگ بوو هیچی نەگوت:

- کە یەکەم جار عاسف تۆی دیت شتێکی لە تۆدا بەدی کرد کە منی بیردەهێنایەوە، هەر بۆیە زوو خۆشی ویستیت، لەوە دڵنیابۆیەوە کە نزیکی لە تۆوە شوێنی منی بۆ پڕ دەکاتەوە.

لەو کاتەدا سرابی زانی ئەو نهێنییە چییە کە وای لە عاسف کردووە بەو خێراییە بکەوێتە خۆشەویستییەوە، لەو کاتەدا هاتۆتە ژیانییەوە کە عاسف بەدوای شتێکدا دەگەڕا نەبوونی دایکی پێ پڕ بکاتەوە.

جومانا تەواوی کرد:

- کە عاسف منی لەدەست دا هەموو ئەو هۆکارانەی لەدەست دا کە دەیبەستەوە بە ژیانەوە، بەلام کە تۆی بینی هۆکارێکی تری بۆ ژیان دۆزییەوە، ئەوەش وای کرد دووبارە دەست بە ژیانەوە بگرێت. بۆیە مەمرە و بەجێی مەهێڵە.

ڕاستەوخۆ گوتی:

- ئایا ئەو باشە؟

جومانا سەری لەقاند و گوتی:

- کچەکەشت باشە.

سرابی لە خۆشیاندا خەریک بوو دەفڕی:

- ئایا تۆ دڵنیایت لەوەی کە دەیڵێیت؟

جومانا سەری لەقاند:

- دەستم بگرە شتێکت پێ پیشان دەدەم.

- چۆن لەگەڵتدا بێم من لێرە بەستراومەتەوە؟

- جەستەت لێرە دەمێنێتەوە بەلام ڕۆحت لەگەڵمدا دێت.

جومانا دەستی گرت و هەستی بەوە دەکرد کە ڕۆحی لە جەستەی دەبێتەوە، بۆ سەرەوە بەرز دەبۆیەوە.

زیندانەکە پاشان بەردەکان پاشان دیوارەکانی کۆشکی بەجێهێشت و گەیشتە ئاسمان تاکو ئەبابیل لە ژێریدا بوو.

پرسی:

- بۆ کوێم دەبەیت؟

وەڵامی دایەوە:

- کەمێکی تر دەزانیت.

٦

## گەشتی کۆمەڵەی یەکەمی ڕۆحەکان

جومانا بە ئاراستەی باکوور فڕی بۆ سەرەوە تاکو گەیشتە دەریا، لەوێدا سرابی دەیتوانی بە ئاسایی بگەڕێت.

لە دوورەوە بەلەمەکەی بینی، سەرەتا وای زانی کەسی لەسەر نییە، بەڵام کە لێی نزیک بۆیەوە دیتی کە کچەکەی لەسەرییەتی، هاواری کرد:

- کچەکەم!!

پڕیدایە بەرەو لای بچێت، بەڵام لەبیری کردبوو ئەو ڕۆحێکی ئەسیرییە، دەستی بۆ ڕاکێشا هەڵی بگرێت، بەڵام نەیتوانی لەبەر ئەوەی جەستەی ماددیی لەوێدا بوونی نەبوو:

- بۆچی ناتوانم دەستی لێ بدەم؟

- چونکە تۆ ڕۆحیت.

ئەو قسەیە دڵتەنگی کرد، بەڵام بە خێرایی لە بابەتەکە تێگەیشت، لە کۆتاییدا بەلەمەکە لە کەنارەکە لەنگەری گرت.

پرسی:

- ئەم شوێنە کوێیە کە بەلەمەکەی لێ وەستا؟

- ئەوە یەکێکە لە مەملەکەتەکانی جیهانی گەورە، پێی دەوترێت مەملەکەتی ئەژدیها.

- کچەکەم چی بەسەر دێت لەوێدا ؟

- لەوێ سەلامەت دەبێت، بەڵام پێویستی بە خواردن هەیە.

پاشان گوتی:

- کچەکەت ماوەیەکی زۆر بە برسییەتی ماوەتەوە، بەڵام هۆکاری ئەوەی تا ئێستا زیندووە ئەوەیە کە دووڕەگە و هێزی تایبەتی هەیە، بەڵام لەمە زیاتر بەرگەی برسییەتی ناگرێت.

جومانا بە ئامانجی ئەوەی هێزی پێ بدات گوتی:

- کچەکەت بە تەنیا دەبێت لەوێ، تۆ ناتوانیت ڕزگاری بکەیت، چونکە تۆ جگە لە ڕۆحێکی ئەسیری هیچی تر نیت.

سرابی چاوی دەبریسکایەوە:

- مادام هێشتا هەناسە دەدەم کەواتە زووە بۆ خۆبەدەستەوەدان و دۆڕان.

دواتر کەمێک بەرزتر فڕی و بەدوای هۆکارێکدا دەگەڕا کە یارمەتی کچەکەی پێ بدات. پیاوێکی بینی ناوی **"غیاس"** بوو، دانیشتبوو لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرز لە ئاستی دەریاکەوە، چێژی لە تیشکی خۆرەکە دەبینی و ماسی دەگرت. سەگێکی گەورەی فەروو پڕی لەگەڵدا بوو کە خەتێکی سپی بە چاوی چەپیدا هاتبوو، هەر لە هەورە بروسکە دەچوو.

لەگەڵ ئەوەی غیاس نزیک بوو لە بەلەمەکەوە، بەڵام بەهۆی دەنگی شەپۆلەکان و ڕەشەبایەکە بە ئاسانی نەیتوانی گوێی لە گریانی منداڵەکە بێت.

بۆ جاری دووەم ویستی هەوڵ بداتەوە، بەڵام دیتی جگە لە ڕۆحێکی ئەسیر هیچی تر نییە ناتوانێت بچێتە نێو جەستە

ماددییەکانەوە، بۆیە چوو بۆلای پیاوەکە و داوای هاوکاری لێ کرد:

- ئەی پیاو تکایە یارمەتی کچەکەم بدە ئەو...

وەستا لە قسەکردن کە زانی کەس نایبینێت و نایبیستێت، بیری لە ڕێگەیەکی تر کردەوە. لەو کاتەدا سەگەکە پێی دەوەڕی، زانی کە سەگەکە دەتوانێت ببینێت، بۆیە دەستی کرد بە تووڕەکردنی تاکو بەدوای بکەوێت..

پلانەکەی سەرکەوتبوو سەگەکەی تووڕە کرد و بە دوای دەکەوت و پێی دەوەڕی، بەڵام دواتر دەگەڕایەوە بۆ لای خاوەنەکەی. سرابی کۆڵی نەدا تاکو وای لێکرد بە تەواوی دوای کەوت لە تووڕەیاندا.

سەگە ڕەشەکە بەردەوام بوو لە بەدواکەوتنی تاکو گەیشتە لای بەلەمەکە، پاشان سرابی لەبەرچاو ون بوو.

کە سەگەکە بەلەمەکەی بینی ئەو هۆکارەی بیر چووبۆیەوە کە تووڕەی کردبوو، بۆیە بۆنی دەوروبەری دەکرد.

پاشان تەماشای نێو بەلەمەکەی کرد دیتی کە منداڵێکی تێدایە، ئەو کاتە ڕاستەوخۆ ڕای کرد بەرەو خاوەنەکەی کە لەسەر بەردە گەورەکەی تەپۆلکەکە بوو، بە دەنگی بەرز دەوەڕی بەوەی پیشانی دەدا کە دیتبووی.

غیاس گوتی:

- چیتە ڕەعد، دەبینم زیاد لە پێویستی خۆت دەوەڕیت؟

سەگەکە بەردەوام بوو لە وەڕین زیاتر و زیاتر، غیاس هەر تەماشای دەکرد بەڵام دەیزانی کە سەگەکەی شتێکی نائاسایی دیوە بۆیە وا دەوەڕێت.

غیاس لەسەر بەردەکە بازیدا:

- باشە ڕەعد، با بزانین چیت دیوە.

پاشان بەدوای سەگەکەدا ڕۆیشت:

- بەڵام نەکەی شتەکە بێمانا بێت، ئەگەر نا پارچە پارچەت دەکەم و دەتدەم بە ماسییەکان.

سەگەکە بەرەو بەلەمەکە بردی و لەوێدا غیاس منداڵەکەی بینی دەگریا.

منداڵەکەی هەڵگرت و پرسی:

- لە کوێوە هاتوویت منداڵە جوانەکە؟

پاشان تەماشای چواردەوری خۆی کرد تاکو بزانێت منداڵەکە بە تەنیا هاتووە یاخود کەسێکی لەگەڵدایە، کەسی نەبینی بۆیە بە سەگەکەی گوت:

- پێدەچیت بە تەنیا بێت و کەسی نەبێت جگە لە ئێمە ڕەعد.

سەگەکە دەنگێکی دەرکرد کە دڵخۆشی ئەوی پیشان دەدا، غیاس دەیزانی چی دەڵێت گوتی:

- ئۆو بەڵێ، ئێستا بووین بە خێزانێکی سێ کەسی، من و تۆ و ئەم منداڵە.

غیاس بە گرنگی دەزانی کە ناوێک بۆ منداڵەکە بدۆزنەوە بۆیە کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

- ناوی دەنێین نەورەس، لەبەر ئەوەی لە کەناری دەریا دۆزیمانەوە.

سەگەکە کلکە بچووکە چەماوەکەی دەلەقاند و زمانە درێژەکەی لە دەمی دەرهێنا و دڵخۆش دەردەکەوت بە بوونی خێزانە نوێیەکەیانەوە.

غیاس منداڵەکەی بە تەواوی کردە باوەش و گوتی:

- با بچینەوە بۆماڵەوە ڕەعد، منداڵەکە پێویستی بەوە هەیە پاکی بکەینەوە و پشوو بدات و هەندێک خواردن بخوات.

**

سرابی تەماشای جومانای کرد و گوتی:

- دەمەوێت بەدوایدا بچم تاکو زیاتر لێی دڵنیا ببمەوە.

- سوودی نابێت.

دەستی گرت و گوتی:

- با بچین بۆ جێیەکی تر بێگومانم کە دەتەوێت بیبینیت.

## ٧

# گەشتی دووەمی ڕۆحەکان

ئەم جارە ئەو شوێنەی کە جومانا بۆی برد دێیەکی گەورە بوو، کە لە سەرەوە تەماشایان دەکرد بە جۆرێک بوو لادێکە هێندە بەرز بوو خەڵکەکەی هێندە لە ئاسمانەوە نزیک بوون ئەگەر بازیان بدایە دەیانتوانی دەست لە مانگ بدەن.

سرابی پرسی:

- ئەم شوینە کوێیە کە بۆی هاتووین؟

دەستی گرت و بەرەو دێیەکە بردی:

- وەرە و خۆت ببینە.

هەردوو ڕۆحی سرابی و جومانا نیشتنەوە لە نێو دێیەکەدا تاکو گەیشتنە کوخێکی بچکۆلانە، توانیان بە دیوارە دارینەکەیدا بچنە ئەودیو، بینیان جەستەیەک لەسەر جێگاکە کەوتووە و چاوی داخستووە:

- ئەوە عاسفە.

پاشان ڕووی کردە جومانا و پرسی چی بەسەر هاتووە بۆچی بەم جۆرە هۆشی لەدەست داوە؟

- پێی وایە تۆ و کچەکەتی بۆ هەمیشە لەدەست داوە، بۆیە بەرگەی بارودۆخەکەی نەگرتووە و بەو جۆرە لە هۆش چووە.

- ئایا باش دەبێت؟!

- ئێستا ڕۆحی لە جیهانێکی ترە ویست و هیوای بۆ گەڕانەوە بۆ ئەم جیهانە نەماوە.

پرسی:

- چۆن؟

- قسەی لەگەڵدا بکە.

- دەتوانێت گوێبیستم ببێت؟

- نەخێر، بەڵام دەتوانێت هەستت پێ بکات.

لێی نزیک بۆیەوە و لێی پاڕایەوە:

- عاسف.

کەمێک بێدەنگ بوو وەک ئەوەی پێویستی بەهێزێکی زیاتر بێت تاکو ناوی بهێنێت، پاشان گوتی:

**- من هەورە بارانـاوییەکەتم، کە هەموو دەریاکانی زەوی وشک دەکەن ئەو کاتە لە تینویتییاندا هەموو زەوی دەژییەنمەوە.**

پاشان دەستی خۆشەویستی بە دەموچاویدا هێنا وەک ئەوەی دەست بدات لە دڵی، بەردەوام بوو:

- ئەمە ئەو قسانە نەبوو کە ئەو جارە دەتویست بە منی بڵێیت بەڵام وشەکان ناپاکییان لێ کردیت و نەتتوانی بە زمان بیانڵێیت و بە چاوەکانت وتت؟!

هەرچەندی وشەکان بەس نین بۆ دەربڕینی هەستی خۆت هەر هێندەی تەماشای چاوەکانت بکەم دەتوانم وشەکانی نێوی بخوێنمەوە.

دووبـاره وەڵامـی نەدایەوە ڕووی کـردەوە جومانـا و بە ترسـەوە پرسی:

- وەڵام ناداتەوە؟!

- بەردەوام بە لە گفتوگـۆکردن لەگەڵیـدا، دەنگـت تـاکە شـتە کە دەتوانێت ڕۆحی بە ئاگا بهێنێتەوە و ڕێگا ڕاستەکەی پیشان بدات.

ئەو کـاتە سـرابی قسـەکانی بیـر هـاتەوە کە بەر لە ڕۆیشـتنی پێـی گوت کە لە نەبوونی ئەو دا باش بێت، لە بەردەمیدا وەکو درەختێکی وشکهەڵهاتوو وەها بوو.

بە گریانەوە لێی نزیکتر بۆیەوە و گوتی:

- بەڵام ناتوانم لە نەبوونی تۆدا باش ببم، ناتوانم پارێزراو ببم. بە بـێ بـوونی تـۆ نـاتوانم پێکەنیـنم بـخەمە کـار و تـۆش بەم جـۆرە کـوژابیتەوە، تکـایە بگەڕێـرەوە، نازانیـت ئەم جیهـانە بەبـێ تـۆ چەنـدە ترسناک و ناخۆشە.

وشەکانی وەکو جادوو دووبارە دەکردەوە:

**عاسف بگەڕێوە، مەمرە، من و کچەکەت پێویستمان پێتە.**

**عاسف بگەڕێوە، مەمرە، من و کچەکەت پێویستمان پێتە.**

ئەو وشـانەی دووبـارە و دووبـارە دەکـردەوە بەبـێ بیـزار بـوون، نەدەوەسـتا تـاکو دووبـارە ڕۆحـی گەڕایەوە بـۆ جیهـانی ئاسـایی و چاوەکانی کردەوە.

***

دەستی درێژ کرد تاکو باوەشی پێدا بکات بەڵام دەستی لە جەستەیەوە دەرچوو، جومانا لێی نزیک بۆیەوە و گوتی

- هێشتا دەرفەتت هەیە تاکو کۆتایی تەمەنت لەگەڵیدا بمێنیتەوە، بەڵام سەرەتا پێویستە بگەڕێیتەوە بۆ جەستەت و بەر لە سبەی ڕێگای دەربازبوون لەو زیندانە بدۆزیتەوە، ئەگەر نا تاغین دەتکوژێت.

ئەمجارە بە پڕ لە هیواوە گوتی:

- باشە، ئەگەڕێمەوە بۆ جەستەم و ڕێگایەک دەدۆزمەوە.

دوای چەند چرکەیەک سرابی چاوەکانی کردەوە، دیتی هێشتا لەنێو زیندانە شێوە قەفەسەکەدایە، لە خۆی پرسی:

**- ئایا هەموو ئەوەی دیتم خەون بوو یاخود ڕاستی؟**

هیچ هۆکارێکی نەبوو تاکو وەڵامی ڕاستی پێبدات بۆ ئەو پرسیارە، بەڵام دەستی هێشتا بۆنی یاسمەینی لێدەهات و لە ناخی دڵییەوە هەستی دەکرد کە ئەوەی دیویەتی ڕاستی بووە نەوەک خەون و خەیاڵ.

سێ جار دووبارەی کردەوە:

-خافیتا ونم بکە.

شەیتانەکە لە بەردەمیدا دەرکەوت، ئەمجارە لێی نەترسا چاوەکانیشی دانەخست لەگەڵ ئەوەی تارا ئاگاداری کردبۆیەوە کە داوای هیچ شتێکی تری لێ نەکات جگە لە خۆشاردنەوە نەبێت. گوتی:

- دەمەوێت داوای شتێکی ترت لێ بکەم جگە لە خۆشاردنەوە.

شەیتانەکە هێندە دڵخۆش بوو بەو قسەیە وەک ئەوەی بڵێیت چەندان سەدەیە چاوەڕێی ئەو ڕستەیەیە.

بە دەنگێکی گڕەوە گوتی:

- هەر شتێکم لێ داوا بکەیت بۆت دەکەم خانمەکەم.

سرابی سەرسام بوو بەوەی هێندە ئاسان قایل بوو، بۆیە دەیزانی کە شتێکی تر لە پشت بابەتەکەوە هەیە.

- ئەی لە بەرانبەردا هیچ داوا ناکەیت؟

دەستە بە کۆت و بەندەکانی بەرز کردەوە و گوتی:

- بێگومان دەیکەم.

- چیت دەوێت؟

- ئەگەر بتەوێت جگە لە خۆشاردنەوە شتێکی ترت بۆ بکەم ئەوا دەبێت ئەم دوو دەستە لە کۆت و بەندەکە ڕزگار بکەیت.

- چۆن بیکەم؟

شەیتانەکە لەم کاتەدا کەوتە ڕەسمیات و بە جۆرێک هەستت دەکرد قسەکانی بۆ نوسراوەتەوە لەسەر پەڕەیەک دەیخوێنێتەوە.

- ئازادکردنی شەیتانی پادشاکان بە مەرجێک دێتە دی مرۆڤێک هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

بە تووڕەییەوە گوتی:

- بەڵام من هاوسەرم هەیە!!

ئەویش بە هەمان تووڕەییەوە گوتی:

- بەڵام قسەکانم هێشتا تەواو نەبوون.

بێدەنگ بوو تاکو قسەکانی تەواو بکات.

شەیتانەکە دووبارە دەستی کردەوە بە قسەکردن لە سەرەتاوە:

- ئازادکردنی شەیتانی پادشایەتی پێویستی بە هاوسەرگیریکردنی ئافرەتێکی مرۆڤ هەیە، بە مەرجێک هاوسەردار بێت ئەو ئافرەتە.

سرابی بێدەنگ بوو لەبەر ئەوەی شۆک لێیدابوو، بەردەوام بوو شەیتانەکە نەیتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێی بکات، هەوڵی دا قایلی بکات:

- لەم شوێنە ڕزگارت نابێت بەو مەرجە نەبێت ڕازی ببیت.

بەردەوام بوو لە قسەکردن:

- بڵێ بەڵێ، دەتبەمە دەرەوەی ئەم کۆشکە.

سرابی ماوەیەک وەستا و تەماشای دەکرد، نەیدەزانی چی بڵێت ئەگەر ڕزگاری ببێت و بچێتە دەرەوە لە مردن ڕزگاری دەبێت، ئەگەریش ڕەتی بکاتەوە لەنێو قەفەسەکەدا دەمێنێتەوە و سبەی تاغین دەیکوژێت، شەیتانەکە بە چاوە پیسە بریقەدارەکانی گوتی:

- ئایا دەڵێیت بەڵێ؟!!

# دەروازەی
# شەشەم

## ١

## عاسف

پاش ئەوەی عاسف بە ئاگا هاتەوە و تەماشای دەوروبەری کرد جگە لە تاریکی هیچی تری نەدەدیت، سەرەتا وای دەزانی ژوورەکە زۆر تەنگەبەرە، لەبەر ئەوەی بەرچاوانی ڕەش بوون.

بەلام دوای چەند چرکەیەکی کەم هەستی بە دەنگی ئاگرێک کرد لە پالیدا، کە لای کردەوە هەستی دەکرد لە تەنیشتی ئاگرێک داگیرساوە.

لە خۆی پرسی:

- بۆچی ناتوانم ببینم؟

بە توندی چاوەکانی خوراند بە جۆرێک هەستی دەکرد چاوی دەچێتە ناوەوە، دووبارە هەولی دا ببینێت بەلام جگە لە تاریکی هیچی تری نەدەدیت.

ئەم جارە بە دەنگێکی بیستراو گوتی:

- بۆچی نابینم؟

شمالی هات بۆ لای کە گوێی لە دەنگی بوو، لە دەرەوەی کوخەکە دانیشتبوو کە بینی عاسف بە ئاگا هاتۆتەوە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی چوو باوەشی کرد:

- بیرمان دەکردیت، دەترساین هەرگیز نەگەڕێیتەوە.

بە توورەییەوە گوتی:

- هێی شمالی پێم بڵێ ئایا ئەم شوێنە ڕووناکە؟

شمالی سەرسام بوو بەو قسەیە:

- بەڵێ ئەم کوخەمان بە ئاگر ڕووناک کردۆتەوە.

عاسف ترس قورگی گرت و گوتی:

- کەواتە بۆچی من هیچ شتێک نابینم؟

شمالی زمانی شکا و نەیتوانی هیچ قسەیەک بکات.

- چیتە شمالی بۆ بێدەنگ بوویت؟؟ قسە بکە پێم بڵێ بۆچی من لە تاریکی زیاتر ناتوانم هیچ شتێکی تر ببینم؟

- لە ڕاستیدا... من منن نازانم... با چاوەڕێی هاتنەوەی حەکیم بکەین و پێی بڵێین ئەو کاتە بزانین بۆ وات لێهاتووە.

- حەکیم بۆ کوێ چووە؟

- لەگەڵ ئیکلیلدا چوون بۆ لای هۆزی خوێن.

- بۆچی چوون؟

- چیرۆکێکی درێژە، دانیشە ئێستا بۆت باس دەکەم.

گوێی لە قسەکەی نەگرت بەڵکو بە توورەییەوە ویستی هەستێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرچاوی تاریک بوو نەیدەتوانی بە باشی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت، کەوت بە زەویدا و سەری بەر زەوییەکە کەوت.

شمالی ڕاستەوخۆ هەڵیساندەوە:

- من باشم، پێویستم بە یارمەتی نییە.

- با کەمێک چاوەڕێ بکەین تاکو حەکیم دەگەڕێتەوە..

- تۆ چاوەڕێی بکە، من دەچم بە دوای هاوسەر و منداڵەکەم دا دەگەڕێم.

- هەردووکیان مردن.

شمالی بیری هێنایەوە:

- ئەو کاتەی تاغین دوورگەکەی داگیر کرد مردن، کۆشکەکەی سوتاند، بیرتە؟

- خەمت نەبێت یادگەم لەدەست نەداوە، تەنیا ئەوەیە کەمێک بەر لە ئێستا گوێبیستی بووم کە بانگی دەکردم، ژنەکەم و کچەکەشم هێشتا لە ژیاندان هەردووکیان.

- ڕۆژ و نیوێکە بێهۆشیت هاوڕێکەم، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت تەنیا خەونێکت دیبێت و هیچی تر.

باوەڕی بە قسەکانی هێنا لەبەر ئەوەی تەواوی کاتەکە بێهۆش بووە و دەنگی هاوسەرەکەی بە گوێیدا هاتووە، کەواتە دەگونجێت ئەوە تەنیا خەونێک بووبێت.

دواتر کە یادەوەریی ئاگرەکە و مردنی هەموو خێزانەکەی و ئەیوب و وەزیرە خەیزەران و گرتنی ئەسپەکەی بیرکەوتەوە تورەبوون دایگرت:

- دەبێت بیاندۆزمەوە!!

دووبارە لە جێی خۆی هەستایەوە، سێ هەنگاو بەرەو دواوە چوو پاشان خۆی بۆ دیوارە دارینەکە هەڵدا تاکو لێوەی بچێتە دەرەوە، بەڵام سەری بەر دیوارەکە کەوت و کەوت بە زەویدا.

شمالی پێی گوت:

- بەم دڵتەنگییەوە ناتوانیت هێزەکەت بەکاربهێنیت.

قسەکەی فەرامۆش کرد و دووبارە هەستایەوە، ئەمجارە دەستی بە شتەکانی دەوروبەرییەوە دەگرت تاکو گەیشتە دەرگای کوخەکە، بەڵام هەر هێندەی دەرگاکەی نەدی بۆیە بە شمالی گوت:

- شمالی، بمبە بۆ دەرگای ئەم شوێنە.

شمالی دەستی گرت و بەرەو دەرگاکەی نزیک کردەوە:

- ئاگادار بە، لە بەردەمتدا دەرگاکەیە.

عاسف قاچی بەرز کردەوە تاکو دووبارە قاچی لێی هەڵنەکەوێت، شمالی بەردەوام بوو لە هاوکاریکردنی تاکو بردییە دەرەوە، پاشان دەستی بەردا و گوتی:

- ئێستا لە دەرەوەی کوخەکەیت.

عاسف دوو هەنگاوی نا و وەستا، لەگەڵ ئەوەی ئاسمان لە سەرییەوە بوو ئەو زەوییە فراوانەش لە ژێر پێی بوو، بەڵام تاریکی هەموو لایەکی گرتبوو، هەستی دەکرد چەندە لاوازە.

زۆر خۆی نەگرت کەوتە سەر ئەژنۆی و توند دەیکێشا بە زەویدا تاکو بە چنگی زەوییەکەی هەڵکەند پاشان تووڕەبوو:

- بە نەفرەت بیت کوێریش بووم.

سەری بەرز کردەوە و دەستی وەک دەمی بوق لێکرد تاکو باشتر دەنگی بگات بە خودا، پاشان بە هەموو هێزییەوە هاواری دەکرد هێندی نەمابوو دەمارەکانی بتەقێت:

- **ئەی خوداااا!!**

تەواوی خەڵکی لادێکەی بە ئاگا هێنایەوە، ڕاستەوخۆ ئاگرەکانیان هەڵکرد و هاتنە دەرەوە، هەندێکیشیان لە پەنجەرەکانەوە تەماشای دەرەوەیان دەکرد بزانن چی ڕوویداوە:

- ئەی خودایە، تەماشا بکە چیم لێهاتووە کوێر بووم، بۆچی وام لەگەڵ دەکەیت؟.. بەم شێوەیە وەڵامی نزا دەدەیتەوە؟؟ ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە یارمەتیم دەدەیت تۆڵە بستێنمەوە؟؟؟

ڕاستەوخۆ لەو کاتەدا هەورەتریشقە لە ئاسماندا ڕوویدا و ئاسمانی ڕووناک کردەوە و باران بەسەر لادێکەدا باری...

شمالی بەزەیی بە هاوڕێکەیدا دەهاتەوە، بۆیە بەرەو لای چوو، یارمەتی دا بۆ هەستانەوە:

- با یارمەتیت بدەم، دەبێت بچینە نێو کوخەکە بەر لەوەی سەرمات ببێت.

بەڵام کەشە باران و ساردەکە کاریگەری لە عاسف نەکرد، دووبارە بە هاوڕێکەی گوت:

- ئەگەر دەتەوێت یارمەتیم بدەیت وەکو هاوڕێیەک، ئەوا لێرەدا گۆڕێکم بۆ هەڵبکەنە، من ئیتر کوێر بووم، چ سوودی هەیە جەنگاوەرێک کوێر ببێت؟؟

بە گاڵتە و دڵتەنگییەوە گوتی:

- ئێستا من وەکو مەمکی پیاوان بێسوودم.

شمالی نوشتایەوە و لە بەردەمیدا دانیشت:

- ئەگەر کوێریش ببیت ئەوا من دەبم بە چاوت تاکو پێی ببینیت.

- تاوانی تۆ چییە تاکو قورسایی کەسێکی نابینای وەکو من هەڵبگریت؟

- لەبەر ئەوەی من هاوڕێتم، هاوڕێکان بەم جۆرە یارمەتی یەکتر دەدەن.

پاشان گوتی:

- من دەتوانم لە جیاتی تۆ بڕۆم هەر ساتێک کە بتەوێت، من بەندەی تۆ نیم، قورگیشم بە تۆوە کۆت و بەند نەبووە، بەلام من خۆم ئەوەم هەڵبژاردووە کە ببم بە چاوت تاکو پێی ببینیت تاکو مست بهاویت، هاوار بکەیت و دژمنانت ڕابکەن... دەزانیت بۆچی ئەمانەت بۆ دەکەم؟

شمالی بە تورەییەوە قسەکانی کرد تاکو بە تەواویی متمانە لە دڵیدا دروست بکات...

عاسف پرسی:

- لەبەر ئەوەی هاوڕێمیت و هاوڕێکان وەها بۆ یەکتر دەکەن؟

- ڕێک بەو جۆرە، لەبەر ئەوەی هاوڕێمیت و ئەوە ئەو کارەیە کە هاوڕێکان بۆ یەکتری دەکەن.

کەمێک کات تێپەڕی بەر لەوەی عاسف هێور ببێتەوە، پاشان پرسی:

- ئێمە لە کوێین؟ لە نەبوونی مندا چی ڕوویداوە؟ بۆچی حەکیم و ئیکلیل ڕۆیشتوون بۆ لای هۆزی خوێن؟

شمالی یارمەتی دا هەڵبستێتەوە، دوو هەنگاو چوونە پێشەوە و ڕاستەوخۆ شمالی وەستا، سەری هەڵبڕی و گوتی:

- ئەوە ئیکلیل هاتەوە.

باڵنـده عنقـائەکە نزیـک بـۆیەوە لێـی و دڵخـۆش بـوو بە بینینـی گەورەکەی کە هەسـتاوەتەوە لە بێهۆشـییەکەی، بەڵام شـمالی ڕاستەوخۆ پرسی:

- حەکیم لە کوێیە بۆ لەگەڵتدا نییە؟

بەڵام ئەوەی ئیکلیل گوتی زۆر سەیر بوو:

- کۆترێک فەرمانی پێ کردم کە بگەڕێمەوە.

لەو کاتەدا ئەویش پرسی:

- چ کۆترێک؟؟!

## ٢

## کۆترەکە

حەکیمەکە توانی بە نێوان قاچەکانی سەربازەکاندا بڕوات کە سنووری ناوچەی هۆزەکانی خوێنیان دەپاراست، شێوەیان زۆر ترسناک بوو لە نزیکەوە.

لە ڕاستیدا هەندێک لە سەربازەکان سەرنجیان دا کە لە نێوان قاچەکانیان دەڕوات، بەڵام کەس بیری لەوە نەکردەوە بیوەستێنێت، بە بیری کەسیاندا نەدەهات کە مشکێک مرۆڤ بێت و هاتبێت نامەیەکی لە دژمنەوە هێنابێت.

**

حەکیمەکە لە نیوەی ڕێدا تووشی پشیلەیەکی بەد بوو، دیتی سەرقاڵە و خۆی بە تۆپێکی دەزوورییەوە سەرقاڵ کردووە:

- ئای خودایە ئایا کۆتاییەکەم بەوە نوسراوە ببمە خواردنی پشیلەیەک؟

دەیزانی کە جەستەی بچووکە و ناتوانێت هاوکاری بێت تاکو پارێزگاری لە خۆی بکات و نەیدەزانی چۆن لە دەستی پشیلەیەکی ڕاهێنراو ڕابکات کە شارەزایە لە ڕاونان و ڕاوکردن.

بە بیریدا هات کە ڕابکات، ڕاستبوو بیرۆکەکەی گەمژانە بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی زیاتری نەبوو بۆ بیرکردنەوە، بۆیە گوتی:

له جیاتی ئەوەی ڕابکەم لە دەستی و بگیرێم باشترە ڕووبەڕووی ببمەوە و خۆم ئازا پیشان بدەم، بەو جۆرە ڕەنگە بیترسێنم و نەمخوات.

کە پشیلەکە دیتی مشکەکە هێرشی دەکاتە سەر پێی وابوو ترسا و نەیوێرا هێرشی بکاتە سەر بۆیە ڕاستەوخۆ کشایەوە و ڕای کرد.

دوای ئەوەی حەکیمەکە بەسەر سک دەڕۆیشت باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد لەو مەترسییە ڕزگاری بووە، دوای کەمێک دەنگێکی نەرم لە پشتییەوە هات:

- ئایا تۆ باشیت ئەی مشک؟

کە ئاوڕی دایەوە دیتی کۆترێکی سپی لە پشتییەوەیەتی:

- هەرگیز هیچ مشکێک لە دەست ئەم پشیلەیە ڕزگاری نەبووە.

هەستایەوە و خۆی تەکاند:

- لەبەر ئەوەی لە دەستی ڕایان دەکرد بەو جۆرە ئاسان تر بوو لە دواوە ڕاو بکرێن.

- تۆ ڕاست دەکەیت، مەترسییەکان دەمانبەزێنن کاتێک لێی ڕادەکەین و پشتی لێ هەڵدەکەین، بەڵام ئەو کاتەی بڕیار دەدەین ڕووبەڕووی ببینەوە دەیبەزێنین.

لەبەر خۆیەوە دەیگوت چۆن دەبێت ئەم کۆترە ئەم هەموو زانیارییەی هەبێت.

**وەک ئەوەی کە گوتی مەترسییەکان کاتێک دەمانبەزێنن پشتیان بۆ دەچەمێنینەوە، بەڵام ئەوکاتەی بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی دەدەین دەیبەزێنین.**

کۆترەکە بیرکردنەوەی پچڕاند و گوتی:

- پێدەچێت خەڵکی ئەم ناوە نەبێت.

- هـاتووم بەدوای قەڵای شـازادەی خێڵەکانـدا دەگەڕێـم، لەبەر ئەوەی چارەنووسی هاوڕێکانمی پێوە بەندە، دەمبەیت بۆ ئەوێ؟

لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- وەرە سەر پشتم ئەی حەکیم بۆ ئەوێت دەبەم.

کە گوتی حەکیم سەرسام بوو، چۆن دەبێت نازناوەکەی بزانێت لە کاتێکدا پێی نەگوتووە.

بارودۆخەکە پێویستی بە نیگەرانی هەبوو، بەڵام کاتی دەویست تا ڕوون ببێتەوە و دەبوو کاری لەوە گرنگتر ڕاپەڕێنێت، بۆیە حەکیمەکە بێدەنگ بوو.

## ٣

## بەرقا

کۆترەکە لە قەراغی یەکێک لە پەنجەرە بەردینەکان نیشتەوە کە لە لوتکەی بورجێکی بەرزدا بوو، سەری بردە ژوورەوە دیتی کچێک دانیشتووە و سەری لەسەر قاچەکانی داناوە و دەگری.

کۆترەکە پێی گوت:

- ئەم کچە بەرقایە، بڕۆ و داوای کەمێک زەعافی لێ بکە دەی.

حەکیمەکە ئارامی لەدەست دا و گوتی:

- من نە ناوی خۆم و نە ناوی کچەکەم پێ گوتیت و نە پێشم گوتیت بۆ ئەوە هاتووم داوای زەعافی لێ بکەم، هەموو ئەوانەی گوتت چارەنووسی هاوڕێکانمی پێوە بەندە لەم قەلایەدا، بەلام تۆ چۆن بەو هەموو شتەت زانی؟

کۆترەکە ڕووی کردە پەنجەرەکە و گوتی:

- بڕۆ دواتر هەموویت بۆ باس دەکەم.

**

حەکیمەکە بە ئاگادارییەوە بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوت و دواتر دابەزییەوە سەر زەوییەکە، پاشان لە بەرقا نزیکبۆیەوەیە.

که گەیشتە لای نەیدەزانی چۆن دەست بە قسە بکات، بیری لەوە دەکردەوە دڵخۆش خۆی دەربخات تاکو بتوانیت یەکەمین بەربەستی نێوان خۆی و ئەو بشکێنێت، گوتی:

- سڵاو ئەی جوانکیلە!!

بەرقا سەری بەرز کردەوە دیتی کێ قسە دەکات، مشکێک کە قوتوویەکی لەسەر پشتی هەڵگرتووە، بەڵام دڵنیا نەبوو ئەو دەنگە لە ئەوەوە هاتبێت.

هێشتا بەردەوام بوو لە شکاندنی بەربەستەکە:

- زۆر زۆر جوانیت ئەگەر پیاو بوومایە دەمرفاندیت.

بەرقا بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد و داوای یارمەتی لە پاسەوانانی قەڵاکە کرد تاکو رزگاری بکەن لە دەست ئەم مشکە قسەکەرە بێرەوشتە.

لەگەڵ ئەو هاوارەدا حەکیمەکە هەستی کرد کە چەندە گەمژەیە، راستەوخۆ گوێبیستی دەنگی پێی پاسەوانەکان بوو بەسەر پلیکانەکاندا سەردەکەوتن و لە ژوورەکە نزیک دەبوونەوە.
- تکایە بەرقا بمبوورە زمانم درێژە، هەموو شتت بۆ باس دەکەم، بەڵام تکایە مەمدە دەست پاسەوانەکان.

بەرقا پەشۆکابوو، هیچ گوێی بەوە نەدەدا کە لە دەوروبەری روودەدات.

باڵندەکە هاتە ژوورەوە دەیزانی کە پاسەوانەکان لە ژوورەکە نزیک دەبنەوە:

- دەی حەکیم وەرە ئەوان دێن با رابکەین.

دەرفەتی ڕازیکردنی بەرقا نەمایەوە جگە لەوە نەبێت ڕاستەوخۆ بۆلای کۆترەکە ڕای کرد و بەڵام بەر لەوەی بگاتە لای کۆترەکە، بەرقا دەستی درێژکرد و گرتی:

**

پاسەوانەکان هاتنە ژوورەوە:

- چیێ بووە خاتوو بەرقا؟

ڕاستەوخۆ بەرقا دەستی خستە پشییەوە:

- نەخێر... تەنیا هەستم کرد شتێکم دیوە.

پاشان گوتی:

- بچنەوە جێی خۆتان و دەرگاکە لە دوای خۆتانەوە دابخەن.

کە سەربازەکان ڕۆیشتن بەرقا چنگی کردەوە، حەکیمەکە سەرسام بوو،

- ئایا ڕای خۆتت گۆڕی؟

پرسیارەکەی فەرامۆش کرد و سەرنجی لەسەر ئەو تاڵە قژانە بوو کە بە قوتووە شوشەییەکەوە بوو، لەسەر پشتی لێی کردەوە و بۆنی کرد و پرسی:

- ئەمەت لە کوێ بوو؟

گوتی:

- هەوڵم دا پێت بڵێم کە ئەوسی کوڕی شازیمان منی ناردووە بۆ لات، بەڵام تۆ ڕێگەت نەدام قسە بکەم.

کە گوێی لە ناوەکەی بوو ڕاستەوخۆ ڕوخساری وەکو خۆر گەشایەوە.

- ئەو چۆنە؟

وەڵامی دایەوە:

- باشە، بەڵام باوکی لە بارودۆخێکی خراپدایە.

حەکیمەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و توورە بوو.

- هەموو ئەو کێشانەی کە لە نێوان هۆزەکانماندا ڕوویان داوە بەهۆی ئەو گەمژەیەوەیە کە چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا سەردانی کردین.

بە جددییەتیەوە پرسی:

- کێ بوو ئەو کەسە؟ دەتوانیت پێمان بڵێیت چی ڕوویدا؟

دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە:

- لە ڕابردوودا ئێمە لەگەڵ هۆزی گورگەکاندا بە ئاشتی دەژیاین بەهۆی پەیماننامەی نەبەزاندنی سنوورەکانمانەوە کە بۆمان دیاریکرابوو... بەڵام ئەوەی هەموو بارودۆخەی تێکدا ئەو پیاوە پیرە بوو کە پێش چەند هەفتەیەک هات و سەردانی کردین و داوای کۆبوونەوەی گەورەپیاوانی هۆزەکەی کرد.

کۆترەکە پرسی:

- لەو کۆبونەوەیەدا چی ڕوویدا؟

## ٤

## شێخەکانی هۆزەکانی خوێن

ئەو ڕۆژە بەرقاش ئامادە بوو لەو کۆبوونەوەیەدا وەکو جێگرەوەی باوکی کە شازادە تەلید بوو..

شازادە لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکەدا دانیشتبوو لە پشت مینبەرێکی دارینەوە، بەرقای کچیشی لە پاڵیدا بوو، دواتر شێخەکانی هۆزەکە بە دەستە ڕاست و چەپدا بڵاو بووبوونەوە.

پیرە پیاوەکە سەرنجی لە هەمووان دەدا و گوتی:

- من جگە لەوەی کە ئامۆژگاریکەرێکم و بەرژەوەندی ئێوەم دەوێت، دەروونم ڕێگەم نادات دەبینم کە ئێوە مافتان دەخورێت و تووشی برسییەتی و تینویەتی و وشکەساڵی دەبنەوە.

هەمووان گوێ قوڵاخ بوون بۆ قسەکانی، بەردەوام بوو:

- ژمارەی ئێوە یەکسانە بە ژمارەی گورگەکان بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئێوە دووبارە سنوورەکان دابەش بکەن و پارچە زەوییەکی زیاتر ببەن.

قسەکانی ئاسوودەیەکی وای بەخشی بە شێخەکان بە جۆرێک هەستیان دەکرد کە دەبێت هێرش بکەنە سەر گورگەکان و سنوورەکانیان فراوان بکەن.

بەڵام بەرقا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی پیاوەپیرەکە گوتی:

- بەڵام تۆ بابەتێکی گرنگت بیرچوو.

هەمووان گوێبیستی قسەکانی بوون:

- تاکەکانی هۆزی گورگ لە ئێمە گەورەترن ئەمەش وا دەکات لە ئێمە زیاتر برسی و تینوو ببن، بۆیە ئێمە بە دادوەری شتەکانمان دابەش کردووە.

بەرقا بەو قسانەی ئاگرەکەی کوژاندەوە کە لە دڵی شێخەکاندا دروست بوو، بەڵام پیاوەپیرەکە لەبەر ئەوەی نیەتی خراپ بوو گوتی:

- پێم وابوو لایەنگری هۆزەکەت دەکەیت جەنابی ڕاوێژکار، بەڵام هیچ سەرسام نیم کە پشتگیری هۆزی گورگ دەکەیت لە نێویشیاندا ئەو کەسەی کە خۆشت دەوێت و خۆشی دەوێیت.

ئەو قسەیە وای کرد بێدەنگ بێت، تەلیدی باوکی هێندە توورە بوو بەو سوکایەتییەی کە بە کچەکەی کرا ڕاستەوخۆ ڕوخسارە سپییە جوانەکەی سوور بۆیەوەو گوتی:

- ئەگەر دەتەوێت بە زیندوویی لەم شوێنە بچیتە دەرەوە باشترە داوای لێبوردن بکەیت لە بەرانبەر ئەم درۆیەت هەی پیرەپیاو.

- من درۆ ناکەم، ئەگەر دەتەوێت خۆت لێی بپرسە.

لەوێدا هەمووان چاویان لەسەر بەرقا بوو چاوەڕێ بوون بەرگری لە خۆی بکات و بێدەنگییەکەی زیاتری خایاند، باوکی گوتی:

- شتێک بڵێ بێدەنگیت قسەکانی دووپات دەکاتەوە.

پیاوەپیرەکە لێی نزیک کەوتەوە گوتی:

- تەماشای چاوم بکە و پێم بڵێ کە تۆ ئەوسی کوڕی شازیمانت خۆش ناوێت.

دەیزانی کە ناتوانێت درۆ بکات و لە چاوەکانیدا خۆشەویستی دەدۆزیەوە هەر لەبەر ئەوەش شەرمەزاری کرد.

تەماشای چاوەکانی پیاوەکەی کرد و گوتی:

- من ئەوسی کوڕی شازیمانم خۆش دەوێت.

کە قسەکانی تەواو بوون هەموویان سەرسام بوون.

* *

شازادە تەلید چیتر نەیدەتوانی بەرگری لە کچەکەی بکات، لەبەر ئەوەی بە دەمی خۆی دانی پێدا نا، بۆیە دەبوو بە دەستی خۆی سزای بدات بانگی سەربازەکانی کرد:

- سەربازەکان!!!

کە سەربازەکان هاتن دەستی بۆ بەرقا ڕاکێشا.

- ئەم کچە لە یەکێک لە بورجەکانی قەلاکەدا بەند بکەن، بۆ گۆڕەکەی نەبێت مەهێڵن بۆ هیچ جێیەک بچێت.

کە بەرقا زانی ئەو پیرەپیاوە توانیویەتی باوکی و شێخەکانی تر باوەڕ پێ بهێنیت لەگەڵ گورگەکاندا بەشەڕ بێن و دووبارە ناوچەی ڕاوەکە دابەش بکەنەوە.

- بەرقا بێدەنگ بوو، حەکیم پێی وابوو چیرۆکەکە تەواو بووە... بەلام کۆترەکە لێی نزیک بۆیەوە و تەماشای چاوەکانی دەکرد دەیویست بەشە ونبوەکەی چیرۆکەکە بدۆزێتەوە گوتی:

- بەرقا شتێکی تر هەیە کە دەیشاریتەوە وایە؟

- لە یەکێک لە پاسەوانانی بورجەکە گوێبیستی بووم ئەو پیاوەپیرە توانیویەتی شێخەکان قایل بکات کە کوشتنی شازیمان سەرکەوتنمان بەدەست دەخات. مەبەستم ئەوەیە کە...

کەمێک بێدەنگ بوو لەبەر ئەوەی دوودڵ بوو لەوەی کە ئایا حەکیم و کۆترەکە باوەڕ بەو قسەیە دەکەن کە دواتر دەیڵێت.

حەکیم ئارامی لەدەست دا گوتی:

- تەواوی بکە!

گوتی:

- باوەڕی پێهێنان کە تاکە ڕێگە بۆ کوشتنی شازیمان ئەوەیە بچێتە لەشی باوکمەوە. گوتی بەو ڕێگەیە دەتوانێت ئەوە دەستەبەر بکات کە زەعافەکە دەیکوژێت.

بە فزولییەتەوە پرسی:

- ئەو پیاوەپیرە بۆ کوێ چوو بەرقا؟

- نازانم، دوای جەنگەکە وەها ون بوو وەک ئەوەی هەر نەهاتبێت.

حەکیمەکە بە گومان بوو پرسی:

- شێوەی چۆن بوو بۆمان باس بکە؟

- بە تەمەندا چووبوو، ڕیشێکی سپی پڕی هەبوو، سمێڵی دەمی داپۆشیبوو، جلێکی کورت و فراوانی لەبەردا بوو.

حەکیمە بەو وەسفانەدا بۆی دەرکەوت کە پیرەپیاوەکە تاغین نییە.

بەڵام کۆترەکە پرسی:

- ئەی چاوەکانی، وەسفی چاوەکانیمان بۆ بکە.

کەمێک بیری کردەوە و گوتی:

- دوو چاوی سەیری هەبوو لە تەمەنی زۆرررر گەنجتر دەردەکەوت.

کۆترەکە بە گومانەوە پرسی:

- چ ڕەنگ بوو؟

- شین

- ئایا هیچ نیشانەیەکی تایبەتی هەبوو؟

- بەرقا بیربکەوە.

- بەڵێ، زۆر درەوشاوە بوون وەک ئەوەی بڵێیت...

کۆترەکە قسەکەی بۆ تەواو کرد:

- وەک ئەوەی هەورە بروسکەی ئاسمان بێت بدرەوشێتەوە، وایە؟

گوتی:

- ڕێک منیش دەمویست وا بڵێم.

کۆترەکە پرسی:

- هەموو جنەکان ناتوانن ڕەنگی چاویان بگۆڕن، هەر لەبەرئەوەشە دڵنیام تاغین خۆی بووە بە شێوەی پیاوێکی پیر هاتووە.

حەکیمەکە لە خۆی پرسی:

چۆن ئەم کۆترەکە هەموو ئەم شتانە دەزانێت؟

کۆترەکە ئاگاداری بەرقای کردەوە:

- شازیمان بە زەعافەکەتان ژەهراوی بووە، ئەگەر بمرێت ئەوا بۆ هەمیشە هۆزەکەی ئێوە بە دژمنی خۆی دادەنێت، ئەگەر جەنگەکەش تەواو ببێت ئەوا یەکێک لە هۆزەکان ئەوەی تر قڕ دەکەن.

- ئایا هیچ ڕێگەیەک هەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم جەنگە؟

- یەک ڕێگە هەیە ئەویش ئەوەیە شازیمان نەمرێت.

- چۆن؟

حەکیمەکە قوتووە شوشەکەی لەسەر پشتی کردەوە وەڵامی دایەوە:

- چەند دڵۆپێک لە زەعافەکەت یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی.

پاشان گوتی:

- دەی جلەکانت دابکەنە و کەمێکمان لە زەعافەکەت بدەرێ.

بەڵام کۆترەکە گوتی:

- پێویست بە داکەندنی جلەکانت ناکات.

حەکیمەکە تووڕە بوو:

- بە نەفرەت بیت کۆترەکە، باوەڕی بە بابەتەکە کردبوو، ئایا ئەم هەموو قوربانییەم داوە شایەنی تۆزێک خەڵات نیم؟

بەرقا قوتووە شوشەییەکەی لە دەمی نزیک کردەوە و شلەیەکی ڕەشی خەستی لە یەکێک لە کەڵبەکانییەوە دەرکردە دەرەوە، دووبارە شوشەکەی دایەوە بە حەکیمەکە و ئەویش بە دەستە بچووکەکانی دایخست و خستییە سەر پشتی و بە تاڵە قژەکەی بەستی، پاشان ڕۆیشت.

بەرقا گوتی:

- ئەی حەکیم.

گوتی:

- کە ئەوت بینی پێی بڵێ زۆر بیری دەکەم و هیوادارم بتوانم ئەو ژیانەی کە ماومە لەگەڵیدا تەواوی بکەم.

سەری لەقاند پاشان چووە سەر پشتی کۆترەکە، ئامادەبوون بۆ بەجێهێشتنی ژوورەکە، بەڵام کە دیتی بەرقا بە دڵتەنگییەوە

دانیشتەوە، دووبارە گەڕایەوە نێو خەم و دڵتەگییەکەی هێشتا هیوادار بوو بۆ جاری کۆتایی بتوانێت ماچی ئەوس بکات.

لەسەر پشتی کۆترەکە دابەزی و ڕووبەڕووی وەستا و گوتی:

- دەتـوانم متمـانەی ئەوەت پـێ بـکەم ئەم زەعـافە ببەیـت بـۆ هاوڕێکانم؟

- ئەی تۆ بۆ کوێ دەچیت؟

- دەمەوێت لەگەڵ بەرقادا بمێنمەوە و خەونەکەی بەدی بهێنم.

بە دەنگێکی خەمبارەوە گوتی:

- مەبەستت چییە؟

حەکیمەکە ئاوڕی دایەوە بۆ بەرقا و گوتی:

- دەمەوێـت بـۆ هەڵهـاتن لەم زینـدانە یارمەتیـت بـدەم بەرقـا و بـتگەیەنم بە ئەوس تـاکو ئەو ژیـانەی کە مـاوتە لەگەڵیـدا بژیـت، ئەو خۆشەویسـتییەیی ئێـوە خـاوەنین شـایەنی ئەوەیە زۆر لەمە جـوانتر کۆتایی پێ بێت.

- بەڕاست لەبەر من دەمێنیتەوە؟

لەگەڵ ئەوەی خولەکێک لەمەوپێش باوەڕی وەها بوو کە دەتوانێت بمێنێتەوە یـارمەتی بدات، بەڵام هەر زوو ڕای خـۆی گـۆڕی، دەترسـا لەوەی کـۆترەکە نەتوانێـت زەعـافەکە بگەیەنـێ بە هاوڕێکـانی. بـۆیە گوتی:

- بەڵام نـاتوانم متمـانەت پێ بـکەم ئەی کـۆتر... نـاتوانم متمـانە بە هیچ کەسێک بکەم کە یەکەم جارە دەیبینم.

کۆترەکە گوتی:

- تۆ دڵێکی زۆر باشت هەیە حەکیم، بەڵام زۆریش گەمژەیت لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو هەموو کاتە لەگەڵمدا بوویت بەڵام نەتزانی من کێم.

که حەکیمەکە سەرنجی چاوەکانی دا و لەو دوو چاوە سەوزانە ورد بۆیەوە کە هەر لە بێستانی زەیتوون دەچوو گوتی:

- ئا ئا ئا ئەوە تۆیت!

- بەڵێ منم.

قسەکەی تەواو نەکرد شتێک بە شێوەی هەور هاتە سەر سەری و گەورە بوو تاکو بووە مرۆڤێکی تەواو نەوەک کۆترێکی بچووک.

کە هەورەکە ڕۆیشت دوای کەمێک ناسییانەوە.

سەرنجی دەدا و باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد قوتووەکەی لێ وەرگرت و گوتی:

- خەمت نەبێت ئاگاداری دەبم و دەیگەنم بە شازیمان لە کاتی خۆیدا ئەگەر سوودی لێ وەربگرێت.

حەکیمکە گوتی:

- داوای لێبوردنم بە هاوڕێیان بگەیەنە و پێیان بڵێ کە زیاتر دواناکەوم.

- مانەوەت لێرە تەنیا بۆ بەرقا بەسوود نابێت بەڵکو بۆ هاوڕێکانیشت بەسوود دەبێت.

- مەبەست چییە؟

فاڵچییەکە گوتی:

- دوای ئەوەی هاوکـاری بەرقـا دەکەیـت لە بـورجەکە ڕابکـات، دەمەوێت لەگەڵ شـازادە و شێخەکاندا کۆ ببیتەوە و پێیـان بڵێیت کە دەبێت لە دژی تاغین  بوەستینەوە.

پاشان گوتی:

- بە هەمـان شـێوە دەمەوێت بچیـت بەرەو بـاکوور و ڕۆژهەڵات تاکو هۆزەکانی تریش کۆ بکەیتەوە و هەموومان بتوانین لەو جەنگەدا بەشدار بین.

حەکیمەکە گوتی:

- بەڵام کەس قسەکانم بە هەند وەرناگرێت کە من بەم جۆرە بم.

بەرقا گوتی:

- یارمەتیت دەدەم وەک چۆن یارمەتی منت دا.

ڕووی کردە فاڵچییەکەی و گوتی:

- ئێستا تۆ بڕۆ و ئەوەی ماوەتەوە بۆ ئێمەی بەجێ بهێڵە.

بەر لەوەی فـاڵچییەکە بـڕوات، پـارچەیەک چەرمـی لە یەکێـک لە گیرفانەکانی دەرهێنا دای بە بەرقا و بە هەردووکیانی گوت:

- ئەم پارچە پێستەیە یەکێک لە تەلیسمەکانی گواستنەوەی تێدایە.

بەرقا بەدەستییەوە گرتـی، بـۆنی کـۆنی لێدەهات، پاشـان ئەمـدیو ئەودیوی کرد و گوتی:

- چی لێ بکەین؟

- چـاوەڕێ دەکەن تـاکو ئەو نووسـینەی بە خـوێن لێـی نوسـراوە دەردەکەویت.

پاشان بە ئاگادارییەوە گوتی:

- بیرتـان نەچێـت خـوێن نەوەک نووسـینی مرەکەبـی ئاسـایی، ئەوەش لەبەر ئەوەیە ڕەنگە شەیتانەکان هەوڵ بدەن فریوتان بدەن.

حەکیمەکە گوتی:

- ئەگەر نووسینە خوێنینەکە دەرکەوت چی بکەین؟

- بە شێوازی پێچەوانە و بە یەک ئاواز بیخوێننەوە.

- ئەو کاتە چی ڕوودەدات؟

- ئەو کات دەزانن.

پاشان لە جێی خۆی ون بوو.

## ٥

## بینایی

ڕاستەوخۆ لە یەک چرکەدا فاڵچی سەربیل لە لادێی گورگەکان دەرکەوت لە بەردەم ئەو کوخەدا کە عاسف و شمالی و ئیکلیلی لێبوون.

چووە ژوورەوە و قوتووەکەی بە دەستەوە بوو:

- دەرمانم هێناوە بۆ چاکبوونەوەی شازیمان.

عاسف پرسی:

- ئەوە چییە دەنگی حەکیم بووە بە من؟

شمالی بۆی پشتڕاست کردەوە:

- ئەوە فاڵچییەکەیە، حەکیم نییە.

فاڵچییەکە هەنگاوێک چووە پێشەوە و پرسی:

- چاوەکانت چییان لێ هاتووە؟

شمالی بۆی ڕوونکردەوە:

- لە پڕێکدا کوێر بووە، هەمووممان چاوەڕێی هاتنەوەی حەکیمین تاکو بارودۆخەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە پێی گوتن کە حەکیم هاتنەوەی درێژە دەخایەنێت و هۆکارەکانی بۆ ڕوون کردنەوە، لە عاسف نزیک کەوتەوە و سەرنجی گلێنەی چاوی و دەمارە سوورەکانی دەدا کە بە چاویدا بڵاو بووبوونەوە گوتی:

- ئەوان سەلامەتن.

- کەواتە بۆچی ناتوانم ببینم؟

- ڕەنگە لەبەرئەوە بێت بۆ خێزانەکەت زۆر دڵتەنگ بوویت.

- ئەوە چ قسەیەکی بێمانایە؟ هەرگیز دڵتەنگی شتێکی وا دروست نەکات!!

- بەڵکو زیاتر دەکات، هەندێک جار دڵتەنگی خاوەنەکی دەکوژێت.

- چارەسەر چییە؟ چۆن دووبارە بینایم بۆ دەگەڕێتەوە؟

بەر لەوەی وەڵامی بداتەوە ئاگاداری کردەوە:

- پێم مەڵێ دڵتەنگ نەبم، پێشم مەڵێ ئەوەی کە هەیە لەبیری بکەم، چونکە تۆ لە بارودۆخی مندا نیت، لەبەر ئەوەی ئەم دڵتەنگییەی من هەستی پێ دەکەم تەواو نابێت دوای مردنم نەبێت یاخود بە گەڕانەوەی ئەو شتانە نەبێت کە لێم دابڕاوە.

- کورەکەم لەم بارودۆخەدا لەبیرچوونەوە باشترین چارەسەرە، ئەوە تاکە چارەسەرە تاکو بتوانیت تۆڵە بکەیتەوە.

- چۆن تۆڵە بکەمەوە بەم بارودۆخەوە؟

- بارودۆخت چییەتی؟

- بینایم لەدەست داوە!!

- جەنگاوەری ڕاستەقینە بە چاوی سەر نابینێت بەڵکو بە چاوی دڵ دەبینێت. ٤

بۆ ئەوەی قسەکەی بەرجەستە بکات لێی نزیک بۆیەوە، بەڵام هەستی پێی نەکرد، دواتر زللەیەکی لێدا:

- بۆچی لێت دام؟

تـووڕه بـوو لەبەر ئەوەی حـیکمەتەکەی شـێواند، بـۆیە هۆکـاری لێدانەکەی ڕوون کردەوە:

- پێم وابوو کە دەتوانیت هەست بە لێدانەکە بکەیت.

بەڵام کێشــە نیـیە، هەنـدێک ڕاهێنانـت پـێ دەکەم تـاکو دووبـارە ببیتەوە بە جەنگاوەرە ئازاکەی جاران.

کە عاسف زانی بە ڕاهێنان هێشتا هیوایەک هەیە دووبارە دەکرێت بینـایی بـۆ بگەڕێـتەوە بـۆیە لێـدانەکەی لە بیـر خـۆی بـردەوە و هەستایەوە سەرپێ و گوتی:

- من ئامادەم.

بەڵام کە هەسـتایەوە ئاگاداری چـراکە نەبـوو کە بە بنمـیچەکەوە هەڵواسـرابوو، دای بەسـەریدا و کەوتە خـوارەوە و هێنـدی نەمـابوو کــوخەکە گــڕ بگرێــت، ڕاســتەوخۆ فــاڵجییەکە هــاواری کــرد:
- بیکوژێنەوە!!

لە جێی خۆیدا ئاگرەکەی کوژاندەوە.

- پـێ دەچێـت ڕاهێنـانی زۆرت بوێـت تـاکو بتوانیـت لە تاریکیـدا ڕووبەڕوو ببیـتەوە، بەڵام سـەرەتا پێویسـتە چارەسـەری شـازیمان بکەین.

٦

## ڕێکارەکانی چارەسەر

لەنێو مەیدانە گەورەکەی لادێی گورگەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی هۆزەکە کۆبووبونەوە و ئاگرێکی گەورەیان کردبۆیەوە و بە دەوریدا دەخولانەوە، داوای یارمەتیان لە ڕۆحە ئامادەبووەکان دەکرد کە هەر زوو شیفا بۆ شازیمان بنێرن، تا چاک ببێتەوە.

**

لە کوخە گەورکەدا، فاڵچییەکە قاپێکی گەورەی هێنابوو، پڕی کردبوو لە زەیت و کۆمەڵێک گژوگیای دەگمەن و هەموویانی لەگەڵ گەڵای درەختی سنیدا تێکەڵ کردبوو، پاشان ئاگرێکی لە ژێریدا بە هێواشی بۆ کردبۆیەوە.

دوای چەند خولەکێک و کە گیراوەکە دەستی بە قوڵپەقوڵپ کرد، سێ دڵۆپ لە ژەهری زەعافەکەی تێکرد و پاشان بە شێوەیەکی بازنەیی تێکی وەردەدا و لەبەر خۆیەوە هەندێک جادووی شیفای دەخوێند.

کە تەواو بوو لە تێکەڵکردنی، سەری مەنجەڵەکەی نایەوە، بە ئەوسی گوت:

- لەمە بدە بە باوکت...

ئەوس مەنجەڵەکەی لە باوکی نزیک کردەوە، بەڵام ژەهرەکە بە جۆرێک لاشەی گرتبۆیەوە نەیدەتوانی دەمیشی بکاتەوە.

ئەوس بە فاڵچییەکەی گوت:

- چی بکەم ئێستا؟

شمالی گوتی:

- بە دەستت دەمی بکەرەوە و بیکە دەمییەوە.

ئەوس:

- بەڵام پێویستی بەوەیە کە دەرمانەکە بە سکی بگات.

فاڵچییەکە مەنجەلەکەی لە دەستی سەند و پاشان بە کەوچکەکە کەم کەم کردی بە دەمی شازیمانەوە، هانی دەدا قوتی بدات تاکو بە گەدەی بگات.

کە تەواو بوو، ئاوڕی دایەوە دیتی هەموویان بە حەپەساوی تەماشای دەکەن، گوتی:

- لە پێناو بەدەستهێنانەوەی تەختی پادشایەتی هەموو شتێک دەکەم، ئەگەر پێویست بکات لە کونێکی تریشییەوە دەرمانەکە دەکەمە ژوورەوە.

**

هەمووان لە دەرەوە چاوەڕێی ئەوە بوون ئەو دەرمانەی کە دراوە بە شازیمان ئەنجامی زۆر گەورەی هەبێت، شمالیش لەو بارودۆخەی دەرەوە سەرسام بووبو، دەستی بە کلکی ئیکلیلدا دەهێنا و پرسی:

- ئەندامانی هۆزەکەت چی دەکەن ئەوس؟

- داوا لە ڕۆحی باووباپیرانمان دەکەن کە شازیمان چاک ببێتەوە.

- بۆچی داوا لە خودا ناکەن؟

- ئێمە باوەڕمان بە خودا نییە، ئەوە تەنیا ئەفسانەیە کە ئەوانەی پێش ئێمە دایانهێناوە و هیچی تر.

فالچییەکە گوێبیستی ئەو قسانە بوو، بەلام تەنیا چاوی لەسەر دەرگای کوخەکە بوو، چاوەڕێ بوو هەوالی لە یەکێک لەوانەی نێو کوخەکەوە پێ بگات و بلێن کە شازیمان باش بووە.

عاسفیش لەو کاتەدا لەنێو خەمی خۆیدا نغرۆ بووبوو، بۆیە تێکەلی ئەو گفتوگۆیەی ئەوس و شمالی نەبوو، بوون و نەبوونی خودا بۆ ئەو مانایەکی نەبوو.

شمالی پرسی:

- ئەگەر خودا بوونی نەبێت کەواتە ئەم جیهانە چۆن دروست بووە؟

- بە ڕێکەوتە و هیچی تر.

شمالی لە یەکێک لە تێڕامانە کۆنەکانیدا ئەو پرسیارەی لە خۆی کردبوو:

**- ئەگەر بە ڕاستی بوونی ئەم جیهانە ڕێکەوت بێت، کەواتە چی وا لە من دەکات وەها بیر بکەمەوە کە خودا بوونی هەیە لەم جیهانەدا؟**

بیری کەوتەوە کە چەندە ئەرکی کێشا و کاتی ویست تاکو گەیشتە ئەوەی لە کۆتاییدا بە خۆی بلێت:

**چیرۆکێکی دروستکراوە و هیچی تر.**

بەو چیرۆکە کورتە توانی باوەڕ بە خۆی بهێنێت کە بوونی ئەم جیهانە تەنیا بە ڕێکەوت دروست نەبووە.

دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی:

- جارێکیان بڕیارم دا لە گوندێکەوە بڕۆم بۆ گوندێکی تر، ئەوەی خـۆم تێیـدا بـووم دوور بـوو، بەڵام بەداخەوە هـیچ هۆکـارێکی گواسـتنەوەم نەبـوو، پاشـان لە پڕێکدا گالیسکەیەک لە بەردەممـدا لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە کە ئەسپی باڵدار لێی دەخوڕی.

شـمالی قسـەکانی کەمێـک قووتـدایەوە لەبەر ئەوەی دەیویسـت کاریگەری بخاتە نێو دڵی ئەوس و بەردەوام بێت:

- کەسێک دەرگای گالیسکە ئاڵتونییەکەی بۆ کردمەوە و گوتی:

- وەرە سەربکەوە، دەتبەم بۆ گوندێکی دوور کە خۆت دەتەویت. منیش سـوار گالیسـکە ئـالتوونییەکە کەوتـم و بە ئاسـانی گەیشـتم بەو دێیە.

ئەوس پرسی:

- دەتەویت باوەڕ بەم چیرۆکە درۆینەیە بهێنم؟

- بـۆچی بـاوەڕت پێـی نیـیە؟ کە بـاوەڕت بەوە هەبێت ئەم دونیـا گەورەیە لەخۆوە دروست بووە، کەواتە بۆچی بەلاتەوە قورسە باوەڕ بە چیـرۆکە خەیـاڵییەکەی مـن بهێنیـت کە بە گالیسـکەی ئـاڵتونی ڕۆشتووم؟؟

فـاڵچییەکە بەم قسـانە سەرسـام بـوو، ئەویـش لە نـاخی خۆیـدا دەیوت:

- ئەم کوڕە ڕاسـت دەکـات، ئەمە سیسـتەمی گەردوونـیە کە تێیدا دەژین، نابێت بەبێ گەورە بوونی هەبێت، دەبێت چـاوێکی لەسـەر بێت کە هەرگیز نانوێت.

ئەوس گوتی:

- دەی چۆن باوەڕت بە شتێک هەیە کە نایبینیت؟

وەڵامی دایەوە:

- ئایا دڵم دەبینیت ئەوس؟

- نەخێر.

- بەڵام مێشـکت بـاوەڕی بەوە هەیە کە لەنێـو سـنگمدا لێـدەدات وایە؟

تێنەگەیشت پەیوەندی نێوان ئەم دووانە چییە، بۆیە وەڵامی دایەوە و کەوتە نێو داوەکەوە:

- بەڵێ، من باوەڕم وایە کە دڵت لە نێو سنگتدا لێدەدات.

- چۆن بـاوەڕت بەوە هێنـا کە دڵـم لە نێو سـنگمدا لێدەدات کە بە چاو نایبینیت ؟

لە کۆتاییدا هەموو لایەکانی لێگرت و نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە.

شمالی گوتی:

- کە نەتوانیت شتێک ببینیت ئەوە هۆکاری تەواو نییە کە حاشـا لە بوونی بکەیت، بۆ نمـوونە مـن ئەگەر چەند ڕۆژێـک پێش ئێسـتا تـۆم نەدیبـا نەم دەتـوانی حاشـا لە بوونـت بـکەم، تەنیـا لەبەر ئەوەی چـاوم پێت نەکەوتووە.

پاشان شمالی سەرنجی دەوروبەریدا و بە ئەوسی گوت:

- تەماشـای شـەو بـکە، ئەو مانـگ و ئەو ئەسـتێرە و نەیـزەکە جوانـانە کە لە دوورەوە وەکو چاوانێک وەهـان، تەماشـامان دەکەن و دەمـانخوێننەوە، تەماشـای سـەرەوە بـکە، هەسـت دەکەیـت خـۆڵ و هەوات لە دەورە، ئـاو لە ژێـر پێـتە، لە خـۆت بپرسـە کـێ هەمـوو ئەم شتانەی دروست کردووە، ئەو کاتە درک بە بوونی خودا دەکەیت.

ئەوس کەمێک بێدەنگ بوو بەر لەوەی بڵێت:

- بەزاندمی.

شــمالی هێشــتا دەســتی بە پەڕە ســـووڕە نەرمەکەی باڵنــدە عنقائەکەدا دەهێنا:

- ئێمە ئەم گفتوگۆیە ناکەین تاکو کەسێکمان ئەوی تر ببەزێنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە زیاتر نزیک ببینەوە لە ڕاستی و هەقیقەت.

- من داوات لێناکەم باوەڕت بە هیچ هەبێت، لەبەر ئەوەی ئیمان پێویستی بە داواکاری نییە، بەڵام دەمەوێت بوارێک بە خۆت بدەیت تاوەکو خودا بناسیت و بە چاوی خۆت بیبینیت.

سەرسام بوو:

- چۆن بیبینم؟

- لە دڵتدا، قسەی لەگەڵدا بکە و داوای لێ بکە، ئەو ڕێگەیەک دەدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بیبینیت.

لەو کاتەدا گفتوگۆکەیان پچڕا بەوەی یەکێک لە خزمەتکارەکان هاتە دەرەوە لە کوخە گەورەکە و گوتی:

- گەورەمـــان شـــازیمان هەســـتایەوە، شـــازیمانی گەورەمـــان هەستایەوە!!

## ٧

## بەهێزیی پادشا گەورەکان

کە چوونە نێو کوخەکە، دیتییان شازیمان لە جێگاکەی هەستاوەتەوە و جەستە ئەسمەرەکەی ئارەقەی کردۆتەوە، بۆیە ڕووتیان کردبۆیەوە جگە لە بەشی خوارەوەی نەبێت.

چەند تاڵێکی قژی سپی بووبوو، لەگەڵ ڕیش و هەندێک لە مووی سنگی، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە تەمەندا چووبوو، هێشتا ماسوولکەکانی جەستەی پتەو بوون. هەستت دەکرد دەمارەکانی بە جۆرێک دەرپەڕیون ئێستا دەتەقێت.

سەری ڕێزی بۆ دانەواندن و پێی گوتن کە هۆزەکەیان تا دوا دڵۆپی خوێنیان هاوکاریان دەبێت لە جەنگی داهاتوودا و پێی گوتن کە بەروارێک دیاری بکەن تاکو سەربازەکانیان ئامادە بکەن.

فاڵچییەکە قسەی لەگەڵدا دەکرد تاکو بارودۆخەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە:

- عاسف ئامادە نییە سوپاکەی بەرێوە ببات، چونکە ژمارەیەکی زۆری هاوپەیمانی نییە تاکو بتوانێت لە دژی تاغین و سوپاکانی بوەستێتەوە. پاشان بە هەموویانی گوت:

- لەم بارودۆخەدا هۆزەکانی گورگ لەگەڵماندان و بەم نزیکانەش هۆزەکانی خوێن و هەندێک لە هۆزەکانی شم...

شازیمان بە توورەییەوە قسەکەی پێ بڕی:

- بوەستە، بوەستە ئەی فالّچی... من هەرگیز بەوە قایل نابم شانبەشانی هۆزەکانی خوێن بجەنگم.

فالّچییەکە گوتی:

- بەلاّم دژمنمان یەکێکە شازیمان.

دووبارە قسەکەی پێ بڕییەوە:

- دژمنمان یەکێک نییە، ئێوە دژمنتان تاغینە لەوەدا یارمەتیتان دەدەین، بەلاّم هۆزەکانی خوێن دژمنی ئێمەن، من هەرگیز شانبەشانی ئەوان ناجەنگم.

- تاغین دووبەرەکی لە نێوان ئێوەدا دروست کردووە و وای کرد ئەوان هێرش بکەنە سەرتان، ئەو چووبووە نێو لەشی شازادە تەلیدەوە کە هێرشی کردە سەرت.

- ئەوە چ قسەیەکی هیچە دەیکەیت، ئەگەر دەتەوێت ڕام بەرانبەریان بگۆڕیت باشترە بیر لە درۆیەکی بەهێزتر بکەیتەوە.

- نەکەیت شازیمان من بەدرۆ بخەیتەوە لە کاتێکدا زۆرباش دەمناسیت!!

بە ڕەوشتەوە گوتی:

- داوای لێبوردنت لێ دەکەم، بەلاّم باوەڕ بەو قسەیە ناکەم کە تۆ دەیلێیت جەنابی فالّچی.

ئەمجارە وا گوتی قایلی بکات:

- چۆن ئەوە ڕوون دەکەیتەوە کە سەربازەکانت نەیانتوانی لە دژی شازادە تەلید بوەستنەوە؟ بە ئاسانی هەموویانی بەزاند و پێتگەیشت، تۆش خۆت نەگرت بە یەک خستیتی بە زەویدا، ئایا شازادە تەلید ئەم هەموو هێزەی لە کوێ بوو؟

شـازیمان دەیزانـی کە شـازادە تەلیـد چەنـدێک بەهێـزە، بەڵام ئەوە یەکێک نییە لەو کەسـانەی کە بهێڵێت بە ئاسـانی دەسـتی لـێ بـدرێت، کەمێک بێدەنگ بوو، نەیدەزانی ئایا باوەڕ بە فاڵچییەکە بکات یاخود درۆی لەگەڵ دەکات، بۆیە دووبارە لێی پرسییەوە:

- ئایـا سـوودی ئەو لە چیـدایە کە دووبەرەکـی لە نێـوان ئـێمە و هۆزی خوێندا دروست بکات؟

- خەڵکـی هێـزی پادشـا گەورەکـانن لەم جیهـانەدا، هـیچ هێزێـک ناتوانێت بەسـەر پادشـایەکدا سـەرکەوتووبێت کە خەڵکەکەی لە پشـتی بـن. تـاغین ئەمەی بە باشـی دەزانـی، بـۆیە هەوڵـی دا لە نێـو هەمـوو هۆزەکانی ئەبابیلدا دووبەرەکی دروست بکات، تاکو وا خۆی پیشان بدات ئەو کاتەی پێویستیان پێیەتی بە فریایان دەگات.

پاشان دەستی خستە سەر سنگی عاسف و گوتی:

- ئەمە پادشای شەرعی ئەبابیلە، ئایا لەگەڵیدا دەبن یاخود دەبنە قوربانی پلانەکەی تـاغین، هەمـوو هێز و تواناتـان لە شـتی بـێ مانـادا بەتاڵ دەکەنەوە؟؟

شــازیمان بێـدەنگ بـوو. بەڵام لە چاوەکانیـدا هەمـوو قســەکانی دەخوێندەوە، بەردەوام بوو:

- عاسف لەگەڵمدا دێت. دەچین بۆ کێوی غوراب، لەوێ مەشقی پێ دەکەم چـونکە هەسـتی بینینـی لەدەسـت داوە، دەبێـت فێـر ببێـت هەستەکانی تری بەکار بهێنێت.

فاڵچییەکە کەمێک بێدەنگ بوو پاشان بەرەو لای شمالی ڕۆیشت، سەرنجی لەسەر ڕوخسارە گەشاوەکەی بوو:

- دوو جۆر هێز بوونیان هەیە، دانەیەک هەر لە سکی دایکماندا لەگەڵماندایە ئەوەی تریش وەکو هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانیت بە هەوڵدان بە دەستی بهێنیت.

دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

- تۆ زۆر بەهێزیت کوڕەکەم. بەڵام پێویستت بە هەندێک ڕاهێنان هەیە تاکو بەهێزتر بیت لە جەنگی داهاتوودا، بۆیە دەمەوێت بچیت بۆ ئەوپەڕی باشوور، لەوێدا بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت.

لەوێ بەدوای مامۆستا ئەرکائیلدا بگەڕێیت و پێی بڵێی من لە لایەن سەربیلی فاڵچییەوە هاتووم، ئێستا چی پێ دەڵێیت؟

- فاڵچی سەربیل ناردوومی بۆ لات.

- کە وات پێکوت گرنگیت پێ دەدات و بەهێزت دەکات، ئەو کاتە هێزێکی تایبەتیت دەبێت.

دەستی لەسەر شانی لادا و گوتی.

- دوای ئەوەی لای مامۆستا ئەرکائیل لە ڕاهێنانەکانت تەواو دەبیت، دەمەوێت لە گەڕان بەردەوام بیت. لە باشوور و لە ڕۆژئاوا لە هۆزەکانی تر و داوای هاوپەیمانییەتییان لێ بکەیت.

شمالی سەری ڕێزی بۆ دانەواند و گوتی:

- ئەوە دەکەم کە پێت گوتووم.

عاسف نیگەرانی شمالی هاوڕێی بوو کە بە تەنیا دەچێت بۆ ئەو سەرکێشییە نوێیە کە پڕە لە مەترسی و سەختی، بەڵام دەشیویست بەهێزتر ببێت تاکو بتوانن لە کاتی پێویستیدا سوودی لێ وەربگرن.

به سەرسامییەوە دەستی دەدا لە کەلوپەلەکانی دەوروبەری تاکو گەیشتە بەردەم ئەوس، دەستی بەرز کردەوە و دەستی لە ڕوخساری دا، هەوڵی دەدا لە یادگەیدا شێوەی بهێنێتەوە پێش چاوی.

دەستی داگرتەوە دوای چەند خولەکێک لە بێدەنگی:

- ئێستا ئێمە هاوڕێین ئەوس؟

لە ڕاستیدا دوای ئەوەی ئەوس ئەو هاوڕێیانەی بینی و دیتی کە چەندە پردی پەیوەندییەکەیان تۆکمە و بەهێزە، لە ناخیدا ئارەزووی ئەوەی دەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێت بە هاوڕێیان، بۆیە بە دڵخۆشییەوە گوتی:

- ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من.

عاسف زەردەخەنەیەکی کرد لە کۆتاییدا دوای ئەو هەموو خەم و ناخۆشییەی بەسەری هاتبوو، لەبیری چووبۆیەوە چۆن زەردەخەنەش بکات.

یەکەم فەرمانی پێیدا و گوتی:

- تۆ و ئێکلیل لەگەڵ شمالیدا بڕۆن لای مامۆستا ئەرکائیل فێر ببن، پاشان لەگەڵیدا بچن و هاوپەیمانان کۆ بکەنەوە.

- پاشان دەستی لە ڕوخساری لادا و گوتی:

- دەمەوێت بەڵێنم پێ بدەیت بە ڕۆحت پارێزگاریان لێ بکەیت وەکو چۆن دڵنیام ئەوانیش بەو جۆرە دەبن بۆ تۆ.

ئەوس لە کوخەکەی دەرچوو، لە هەوادا بازیدا و دوای کەمێک قاچی لەسەر زەوی گرتەوە و بوو بە گورگێکی گەورە و لوورەیەکی کرد کە هەموو ئەندامانی هۆزەکەی گوێبیستی بوون.

شازیمان کە هێشتا لەسەر جێگاکەی بوو، دوای ئەوەی گوێبیستی دەنگی کوڕەکەی بوو گوتی:

- ئەوس بەو لوورەیەی بەڵێنێکی هەمیشەیی پێدایت عاسف.

# ٨

# کۆچ

هەمـووان لەبەردەم کـوخەکەدا وەسـتان و هەریەکەیـان چـاوەڕێی ڕۆیشتن بوون بەرەو جێیەکی نوێ، دڵتەنگی ناخی عاسف و شمالی و ئیکلیلـی گرتبـۆیەوە، لەبەر ئەوەی مـاوەیەکی زۆر نەبـوو بە دیـداری یەکتر شادبووبونەوە، دەبوو ماوەیەکی دوور لە یەک داببڕێن.

شمالی ڕووی کردە عاسـف بەڵکو کەمێک بـارەکەی کەم بکـاتەوە لەسەر شانی گوتی:

- تۆڵەت بۆ دەکەینەوە و دەسەلاتت بۆ دەگەڕێنینەوە هاوڕێکەم، تا ئەو کاتە زۆر بە باشی ئاگاداری خۆت بە.

- داوای لێبـووردن دەکەم بـۆ هەر جارێـک لەگەڵتـدا تونـد بـووبم، تکایە لێبوردنم قبووڵ بکە، زۆر بە باشی ئاگاداری خۆت بە.

- ڕسـتەیەکت پـێ دەڵـێم کە باوکـت و ئەیـوب هەمیشـە بەیەکیـان دەگوت لە کات هاوشێوەی ئێستادا، هاوڕێیان پێویستیان بە لێبوردنی یەکتر نییە.

عاسف لە ئامێزی گرت و بە گوێیدا چپاندی:

- نەکەیت ڕێگە بدەیت تووشی هیچ موسیبەتێک ببیت، لەم ژیـانەدا زۆرم لەدەست داوە کە هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم هێندە بە ئاسانی لە دەسـتیان بـدەم، بـۆیە دڵـم چیتـر بەرگەی ئەوە ناگرێت کەسـی تـر لەدەست بدەم.

- ئاگاداری خۆت بە، بیرت دەکەم تا ئەو کاتەی دووبارە یەک دەبینینەوە.

بەر لەوەی لە یەک جودا ببنەوە بە چەند چرکەیەک، فالْچییەکە هەموویانی کۆکردەوە و لە گیرفانیدا پێستەیەکی دەرهێنا بە قەبارەی لەپی دەست دەبوو دای بە شمالی و ڕووی کردە ئەو کۆمەڵەیەی کە لەگەڵیدابوون:

- ئەم پێستەیە یەکێک لە تەلیسمەکانی گواستنەوەی لەسەرە، چاوەڕێ بکەن تاکو نووسینی خوێنی لەسەر دەردەکەوێت و بە پێچەوانەوە بە یەک ئاواز دەیخوێننەوە.

شمالی پرسی:

- ئەو کاتە چی ڕوودەدات؟

پارچەیەک پێستەی ڕەشی تری دەرهێنا کە هەندێک هێما و شتی لەسەر بوو لە هەر چوار لایەکەی کە ئەوان لێی حاڵی نەدەبوون گوتی:

- ئەمە پێی دەگوترێت پارچەی ئاراستەکردن، ئەمەیان بە عاسف دەبێت هەر کاتێک بیەوێت بتانگەڕێنێتەوە چەند دڵۆپە خوێنی دەخاتە سەر، ئەوکاتە جادووەکەتان بۆ ئاشکرا دەبێت و ئێوەش بە پێچەوانە و بە یەک ئاواز دەیخوێننەوە لە جێی خۆتاندا ون دەبن و بەهۆی جادووەکەوە لە بەردەم عاسفدا دەردەکەون.

شمالی و ئیکلیل و ئەوس لە یەک کاتدا گوتیان:

- تێگەیشتین.

- زۆرباشە.

فالْچییەکە گوتی:

- ئێستا بڕۆن و ئاگاداری خۆتان بن.

# دەروازەی
# حەوتەم

## ١

## کوخەکەی کێوی غوراب

لە بەیانیدا و لە لوتکەی چیاکە کوخێکی بچووک هەبوو کە بەفر دایگرتبوو، عاسف لە پاڵ ئاگردانەکەدا دانیشتبوو، سەربیلی فاڵچیش لە بەرانبەریدا:

- ئێستا هەست بە چی دەکەیت؟

- دڵتەنگی ئەی فاڵچی... تێکشکاو، خەمبار، وەک ئەوەی هەموو خەمی دونیا لەسەر شانی من بێت و هەرگیز نەتوانم لێی هەڵبێم.

- چیتر؟

- ...

- قسە بکە.

- قسەکردن سوودی چییە؟

- قسەکردن هەندێک لە خەمەکەت دەرەوێنێتەوە، چونکە ئەو قسانەی لە ناخماندا هەڵیاندەگرین دەمانسوتێنن.

- بەڵام ئەوانەی ڕۆیشتوون ناگەڕێنەوە، ئەی وانییە؟

- ...

پاشان بێدەنگییەکەی درێژەی کێشا.

- ئەی فاڵچی باشترە بێدەنگی هەڵبژێرین، کاتێک بە باشی دڵنیاین قسەکردن سوودی نابێت.

پاشان دوای بێدەنگییەکی ئاڵوگۆڕپێکراو گوتی:

- ئەوانەی هەوڵیان دا بارگرانیمان کەم بکەنەوە گوتیان هەموو شتێک تێدەپەڕێت. نەیانگوت هەندێک شت هەروا بە هەڵپەسێردراوی دەمێننەوە بۆ هەمیشە، هەندیک شت تێناپەڕن هەتاکو بە زیندوویی دانە بە دانەی خانەکانی نێو مێشکمان نەخۆن.

دانی پێدانا:

- هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمویستووە ببمە پادشا، هەموو ئەوەی خەونم پێوە دیوە تەنیا لە ماڵێکی بچووکدا لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەمدا بژیم، هەموو بەیانییەک بۆنی شیر و نان بەئاگام بێنێتەوە، یاخود دەنگی باران کە دەدات لە پەنجەرەی ژوورەکەمان.

پاشان گوتی:

- بەڵام پێدەچێت ئەم جیهانە دڵ و خەونی ئەو کەسانە لەناو ببات کە وەکو ئێمەن.

فاڵچییەکە گوتی:

**- ئەم جیهانە ڕۆژانە لەبەر ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرت ڕوودەدات ناچارت دەکات لەگەڵ خودی خۆتدا بجەنگیت تاکو بەردەوام بیت.**

کەمێک بێدەنگ بوو، بەڵام دووبارە دەستی کردوە بە قسە:

- دڵتەنگییەکانت کوڕەکەم...

- چییانە؟

- عەورەتی تۆن، دەبێت ئاگاداریان بیت و هەرگیز بۆ کەسیان ئاشکرا نەکەیت.

- تەنانەت هاوڕێکانیشم؟

- بەڵێ، تۆ نازانیت کێ ناپاکیت لێ دەکات لەوانەی دەوروبەرت و هاوڕێکانت لێ دەکات بە دژمن.

- دەبێت بزانیت کە چۆن خەمەکانت لە هەمووان دەشاریتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە دەورتن خەمی خۆیان هەیە، ناتوانن جگە لە خەمی خۆیان خەمی دەوروبەریش هەڵبگرن... کوڕەکەم، ئەوانەی هەموو ڕۆژێک چاویان پێت دەکەوێت، دەبێت هەرگیز هیچ شتێک دەربارەی ڕاستی تۆ نەزانن، ئەوە نەبینن کە چۆن تێک دەشکێیت، هەرگیز ڕاستی خۆتیان پیشان نەدەیت.

چونکە قسەکانی لەنێو ناخیدا دەهاتنە دەرەوە، بە تەواویی سەرنجی بەلای خۆیدا ڕاکشابوو، وەکو ڕاوێژکارییەکی چارەسەری وەها بوو بۆی:

- هەرگیز برینەکانت لەگەڵ کەسدا بەش مەکە و بە کەس مەڵێ چی ئازارت دەدات، هەرگیز خالی لاوازی خۆتیان پێ مەڵێ، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەمڕۆ وا خۆیان پیشان دەدەن بە دەمتەوە دێن سبەی لێت دەدەن.

پاشان گوتی:

- پێبکەنە، هەمیشە پێبکەنە.

- چۆن، لە کاتێکدا من ئەم هەموو خەمە لەسەر شانمە؟

بەر لەوەی کوڕەکە بەجێ بهێڵێت، لەنێو تێڕامانەکانیدا نوقم بووبوو. گوتی:

**– دڵتەنگیت ڕابردووت ناگۆڕێت، پێکەنینیشت بە هەمان شێوە ڕابردوو ناگۆڕێت، بەڵام لانی کەم دەتوانێت سبەیت باشتر بکات.**

ئەو بەیانییە عاسف بە تەنیا مایەوە، بیری لە بارودۆخەکە دەکردەوە کە خۆی بدات بە دەستەوە بۆ خەمخواردن و دڵتەنگییەکەی هیچ لە ڕابردووی ناگۆڕێت، بە هەمان شێوە بۆ پێکەنین، بەڵام لانی کەم پێکەنین سبەی باشتر دەکات.

فاڵچییەکە ئێوارە بۆ کوخەکە هاتەوە و گۆشتی تازەی پێبوو کە خوێنی لێ دەچۆڕا. سەرەتا بە ئاو شوشتییەوە و پاشان خواردنێکی خۆشی لێ دروست کرد و گوتی:

– هێشتا دەرفەتێکت هەیە بۆ سەرکەوتن، بەڵام ناتوانیت بەدەستی بهێنیت ئەگەر بەم جۆرە بترسیت، ئەو چەکەی کە دژمن هەڕەشەمان لێ دەکات پێی ترسە.

بە پشکۆیەک ئاگری بچووک ئاگرەکەی پێکرد و گوتی:

– هەر کە لەدایک دەبین ترس لە ناخمان هەیە، هەموومان دەترسین، ئەمە شەرمەزاری نییە، لە خۆمان و ئەو کەسانەش دەترسین کە خۆشمان دەوێن، دەترسین لەوەی خەون و ئامانجەکانمان بەدی نەهێنین، بەڵام شەرمەزاریی ئەو کاتە دەستپێدەکات کە ڕێگە بە ترس دەدەین قسەی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێت و بمانبەزێنێت...

**

کە لە ئامادەکردنی خواردنەکە تەواو بوو، کردییە نێو قاپی شوشەوە، پاشان قاپەکەی لە دەستی نزیک کردەوە تاکو بتوانێت لێی وەربگرێت:

– بگرە، کەمێک خواردن بخۆ.

قاپەکەی لە بەردەمی دوورخستەوە و گوتی:

- نامەوێت.

بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

- دەبێت هەندێک خواردن بخۆین، ئێمە نامانەوێت لە مێژوودا بنوسرێت لە دەستی تاغین و سەربازەکانی ڕزگارت بووە و بەڵام لە برساندا مردوویت.

ئەو وشانەی لە ناخیدا کۆیکردبۆیەوە و گوتی:

- ئەی فالْچی ئایا پێت وایە؟ مەبەستم ئەوەیە من...

دەیزانی باسی چی دەکات:

- مەبەستت کچەکەت و ژنەکەتە؟

سەری لەقاند و پرسی:

- ئایا پێت وایە هێشتا لە ژیاندا بن؟

- ...

- چیتە بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

هەندێک شت هەیە کە ئێمەی فاڵگرەوەش ناتوانین بیزانین کورەکەم، ئەوەش دەکەویتەوە سەر قووڵی خەمی لەدەستدانی کەسەکە.

پرسی:

- بەڵام پێم بڵێ مێشکت لەم بارەیەوە چیت پێ دەڵێت؟

- دەڵێت کە لە ئاگرەکەدا مردوون.

- ئەی دڵت؟ چیت پی دەڵێت؟

ڕوخساری گەشایەوە گوتی:

- دەڵێت کە هێشتا لە ژیاندا ماون.

گوتی:

- ئەو کاتەی هەست بە دڵنیایی ناکەیت گوێ لەوە بگرە کە دڵت پێ دەڵێت.

کە گوێی لەو قسەیە بوو قاپە خواردنەکەی هەڵگرت و دەستی بۆ برد بیخوات، پێدەچوو لە کۆتاییدا قسەکانی سوودیان هەبووبێت و ئارەزووی خواردنی کردبێتەوە.

لەوکاتەی سەرقاڵی خواردن بوون، فاڵچییەکە تێڕامابوو لەو خۆشەویستییە زۆرە، پێدەچوو ئەویش کەسێکی ئازیزی بیرکەوتبێتەوە.

**

کە تەواو بوون، فاڵچییەکە هەستایەوە و کوپێکی لە شەرابی ترێ تێکرد و لە دەستی نزیک کردەوە:

- بخۆ ئەمە کەمێک گەرمت دەکاتەوە.

پەرداخەکەی بەتاڵ کردەوە بە یەک جار. پاشان دەمی سڕی، دوای چەند خولەکێک گەرمی بۆیەوە و مێشکیشی ئارام بۆیەوە:

- وەرە.

دەستی گرتبوو:

- با یارمەتیت بدەم بچیتە نێو جێگەکەت.

**

یارمەتی دا تاکو بچێتە سەر جێگەکەی، پاشان بەتانییەکەی پێدا دا:

- بە باشی بخەوە، سبەی یەکەم ڕۆژی مەشقکردنتان دەست پێدەکات.

وشەی کۆ سەرنجی ڕاکێشا، بۆیە پرسی:

- دەست پێ دەکەین؟

بۆی ڕوون کردەوە:

- شازیمان سوور بوو لەسەر بەشداریکردنی لە مەشقپێکردنەکەت، ئەویش لەگەڵماندا دەبێت سبەی و ڕۆژەکانی دوایش. پاشان هەستایەوە:

- شەوت شاد.

دەستی گرت و بەر لەوەی دوور بکەوێتەوە گوتی:

- دەزانم کە تاغین توانی لە کۆندا باپیرە جەبارم هەڵبخەڵەتێنێت و عەرشەکەی لێ ببات، بەڵام تا ئێستا نازانم چۆن ئەو کارەی بە تەنیا ئەمجامداوە؟

- بە تەنیا نەبوو.

- کێی لەگەڵدا بوو؟

- چیرۆکێکی درێژە کوڕەکەم سبەیش ڕاهێنانمان لە پێشە.

- پێم بڵێ.

پاشان پرسی:

- چۆن تاغین توانی خێزانی ئیمپراتۆر لەناو ببات و دەستی بەسەردا بگرێت؟

- بە خۆشەویستی.

- بە خۆشەویستی توانی بەسەریاندا سەرکەوتوو بێت.

- چۆن؟

نەیدەویست ئەو یادەوەرییە ناخۆشانەی بیر بکەویتەوە، عاسف بە دەنگێکی پڕ تکاوە گوتی:

- تکایە...

**

فاڵچییەکە دانیشت لە پاڵیدا و دەستی کرد بە گێڕانەوە:

- چیرۆکەکە لەو کاتە دەست پێدەکات کە باپیرت فەرمانی لەسیدارەدانی بۆ معراج دەرکرد.

- ئەو میعراجە کێیە؟

- باوکی تاغین بوو.

- بۆچی باپیرم فەرمانی دا لە سێدارەی بدەن؟

- لەبەر ئەوەی ڕێکخراوێکی بۆ دزیکردن دروست کردبوو، دزی لە بازرگانەکان دەکرد...

عاسف سەرسام بوو بە هۆکارەکە، پرسی:

- ئایا بە سەلامەت توانی لە سێدارەی بدات؟

- بێگومان نا، هەر خۆی کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات، کە هاوسەرەکەی دیتی میعراج لە پێش چاوی لە سێدارە دەدرێت تووڕە بوو، بە هەموو هێزییەوە هێرشی کردە سەر سەربازەکان، کوڕە هەشتسالانەکەشی بەرگەی ئەو دیمەنەی نەگرت کە بەو جۆرە دایک و باوکی بکوژن، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو سەربازەکان ڕای کرد تووشی لێدان بۆیەوە.

- ئایا لەو تەمەنەدا هێندە بەهێز بوو کە ڕووبەڕووی یەکێک لە سەربازەکانی پادشا ببێتەوە؟

- هێنـدە بەهێـز نەبـوو کە بتوانێـت ڕووبەڕووی سـەربازەکان ببێتەوە، بەڵام لانی کەم وەکو مێشوولەیەکی بێزارکەر وەها بوو کە بە دەموچاوتەوە دەنوسێت و تۆش هەوڵ دەدەیت پانی بکەیتەوە تاکو چیتر بێزارت نەکات.

- ئایا لە دەست ئەو لێدانە ڕزگاری بوو؟

- لێـدانەکەی بەرنەکەوت، لە شانسـی باشـی ئەودا لێـدانەکە بەر دایکی کەوت.

- ئەی دوای مردنی دایکی چی ڕوویدا؟

- لەگەڵ خوشـکەکەیدا لادێیەکـان جێهێشـت و بە ناچـاریی وەکـو سـوالکەرێک لەسـەر زبـڵ و خاشـاک دەژیـان، پێویسـتیان بە خۆبەتـاڵکردنەوە بـوایە لە هەر جێیەکـدا بـوایە دەیـانکرد، کە خەویـان بهاتایە لە هەرجێیەکدا بوایە دەخەوتن. وەکو دوو مێرووی نەویستراو وەها بوون کە کەس نەیدەگرتنە خۆیان.

پاشان گوتی:

- بەڵام کـوڕی خـۆم بـابەتەکە لە ڕاسـتیدا کەسـێک بەردەوام چاودێری دەکردن و بۆ یەک ساتیش لە پێش چاویدا ون نەدەبوون.

- ئەو کەسـە کـێ بـوو کە هەمیشـە چـاودێری دەکـردن و بـۆ چاوتروکانێکیش چاوی لێیان غافڵ نەدەبوو؟

## ٢

## مەملەکەتی نوور

کوڕەکەم لەم کاتەدا مەملەکەتی ئەبابیل ململانێیەکی توندی هەبوو لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا، ئەوەش لە سایەی سیاسەتی پادشا جەبارەوە بوو کە مەملەکەتێکی بەهێزی دروست کردبوو، دەیتوانی بە ئاسانی سنوورەکانی بپارێزێ و هێزی خۆی بسەپێنێت بەسەر وڵاتانی دراوسێدا، ئەو کارەش وای کردبوو ببێتە مایەی بێزاری بۆ یەکێک لە مەملەکەتە بەهێزەکان کە ناوی مەملەکەتی نوور بوو، وای کرد هەوڵ بدەن کە سوپای سەربازی ئەبابیل لەناو ببەن، بە هێز پادشا پەک بخەن و سوود لە پارە و خەزێنەکانی دەوڵەت وەربگرن.

- بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن چییان ئەنجام دا؟

- کۆمەڵێک سیخوڕیان ناردە نێو خەڵکەکەوە تاکو بگەڕێن بەدوای هۆکارێکدا مەرامەکانیان بەدی بهێنن. یەکێک لە سیخوڕەکان کە لە سێدارەدانەکەی میعراجی دیتبوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، توانی سەرکەوتوو بێت لە پلانەکە و سوود لە قینگرتنی ئەو دوو منداڵە وەربگرێت کە تاغین و تاجی خوشکی بوون، دوای ئەوەی سیخوڕەکان لە چاودێریکردن بەردەوام بوون، سات بە سات دەیانزانی چ کاتێک گونجاوە تاکو پلانەکەیان لەسەر جێبەجێ بکات، ئەو ڕۆژە دەستبەسەرییان کردن بەر لەوەی کەس بیانبینێت و دواتر هەردووکیانییان برد بۆ جێیەکی دوور...

کە ڕۆژی دواتـر تـاغین  بە خەبەر هـاتەوە، دیتـی لە ژوورێکـی فراواندایە و لە بەردەمیدا جنۆکەیەکی پانۆڵە لە بەردەمیدا وەسـتاوە، زانی ئەو جنۆکەیە ئەوە بوو کە شەوی ڕابردوو هێرشـی کردە سـەر خۆی و خوشکەکەی.

ڕاسـتەوخۆ تـاغین  هێرشـی کـردە سـەر پیـاوەکە، بەڵام تەنـانەت نەیتوانی دوو مەتریش بڕوات ڕاستەوخۆ کەوت بە زەویدا، قاچەکانی بە زنجیر بە دیوارەکەوە بەسترابوونەوە:

- کەمێک ئارام ببەوە کوڕە.

جنۆکەکە پێی گوت:

- هیچ شتێک نییە جێی نیگەرانیت بێت.

- بۆچی ئێمەت فڕاند.

هاواری کرد:

- خوشکەکەم لە کوێیە؟

سەری ئاراستەی کرد بەرەو سوچی ژوورەکە، دیتی خوشـکەکەی وەکـو خـۆی بەسـتراوەتەوە بە کـۆتێکی ئاسـنین، هـاواری بـۆ خوشکەکەی کرد:

- تاج!!!

پاشان بە دەنگێکی بەرزتر :

- تاج!!!

تاج لە دەنگی براکەی بە ئاگا هاتەوە:

- ئەوە چی ڕوویداوە؟

کە تەواو هۆشی هاتەوە پرسی:

- ئێمە لە کوێین؟

- ئایا تۆ باشیت؟

سەری لەقاند:

- بەڵێ.

پاشان خۆی گرمۆڵە کرد:

- ئەم شوێنە کوێیە؟ من دەترسم، دەترسم براکەم...

تاغین وەڵامی دایەوە:

- تەماشام بکە تاج.

تەماشای کرد

- تاج ٭ هیچی خراپت لێ بەسەر نایەت بێخەم بە، من لەگەڵتم...٭

سەری لەقاند و زەردەخەنەیەکی کرد تەواو متمانەی خۆی بۆ براکەی پشتڕاست بکاتەوە..

تاغین ڕووبەڕووی جنۆکەکە بۆیەوە بە توڕەییەوە پرسی:

- ئێمە لە کوێین؟ چیت لێمان دەوێت؟

جنۆکەکە وەڵامی دایەوە:

- ناوم کەوکەبە، من لێرەم تاکو ڕاهێنانت پێ بکەم.

ئەو جنۆکەیە بەو زمانە قسەی دەکرد کە تاغین و خوشکەکەی قسەیان پێ دەکرد، بەڵام هەندێک لە وشەکانی تەواو نەبوون، بەو جۆرە تاغین زانی کە لە ئەبابیل نین:

- ئێمە لە کوێین؟

- لە مەملەکەتی نوور.

لەبەر ئەوەی پێشتر ناوی ئەو مەملەکەتەی نەبیستبوو، بۆیە دەیزانی کە دوورە لە شوێنەکەی خۆیان:

- بۆچی دەتانەوێت مەشقمان پێ بکەن؟

کەوکەب گوتی:

- بۆ کوشتنی جەبار، سەرکردایەتی مەملەکەتی ئەبابیل بکەیت...

تاغین پرسی:

- چۆن؟

- پلانمان هەیە، بەڵام بەر لەوەی دەست پێ بکەین دەبێت ئامادەبیت، بۆیە بە مەشقپێکردنت خۆشحاڵ دەبین.

- ئەی تاجی خوشکم؟

- شەیتانێکی ئافرەت ڕاهێنانی پێدەکات، تاکو هاوکارت بێت و سەرکەوتوو بیت لە کارەکەت.

- بۆ چ شتێک ڕاهێنانی پێدەکەیت؟

- دەربارەی هونەری سێکس و خۆشەویستی و خەڵەتاندن.

تاغین لەو تەمەنە بچووکتر بوو لەو دەستەواژانە تێبگات و بزانێت ئەو سێ وشەیە مەبەستی لە چی بوو، بەڵام ئامادەبوو هەر کارێک پێویست بێت ئەنجامی بدات تاکو سەرکەوتوو بێت.

**

بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە خوشکەکەی دابڕا. خشتەیەکی ڕاهێنانیان بۆ دانابوو، بە جۆرێک مەشقیان پێدەکرد کە هیچ بەزەییەکی تێدا نەبوو، تاکو ببێت بە جەنگاوەرێکی ئازا و بتوانێت لە بابەتی جەنگ و سیاسەتدا شارەزایی پەیدا بکات.

که تەواو بـوون له مەشـقپێکردنی، دەبـوو کەوکەوبـی ڕاهێـنەری بیبات بۆ چاوپێکەوتنی **قەندیلی** پادشای مەملەکەتی نوور.

لەو چـاوپێکەوتنەدا لەبەر ئەوەی هێنـدە نهێنـی بـوو، تەنیـا چەنـد کەسـێکی کەم له دارودەسـتەکەی پادشـا ئامـادەبوون لەوێ، تـاغین بە ڕێزەوە لەبەردەم تەختی پادشـا وەسـتابوو، خوشکەکەشـی له نزیکـی بـوو، بەڵام تەنـانەت لاشـی بـۆ نەکـردەوە وەک ئەوەی هەر لەوێ نەبوو بێت.

دەبـوو لانـی کەم کەمێـک خـۆی بچەمێنێـتەوە، بە هەنـدێک لەو نازنـاوانە بـانگی بکـات بـۆ نمـونە گەورەم، خاوەنشـکۆ، پادشـا، بەڵام هێندە لووتبەرز بوو تەنیا گوتی:

- تاغین له خزمەتتدایە.

پادشا ڕووی کردە وەزیرەکە و گوتی:

- دەمەوێت هێزی جەستەی تاقی بکەینەوە.

وەزیرەکە بەشێوەیەکی قێزەون گوتی:

- کەواتە بـا لەگەڵ کەوکەبـی ڕاهێـنەردا بجەنگێـت گەورەم، ئەگەر بیکوژێت ئەوا بەهێزیی خۆیمـان بـۆ دەسـەلمێنێت، ئەگەر واش نەبێـت پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت.

پادشا ڕووی کردە تاغین و گوتی ڕات چییە؟

ڕاست بوو نۆ ساڵی تەمەنی لای ئەو ڕاهێنەرە بەسـەر بردبوو، له ناخیدا ڕێز و شکۆی هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوە تاکە ڕێگە بوو تاکو بەهێزیی خۆی بسەلمێنێت:

- ئەوە دەکەم کە تۆ فەرمانی پێ دەدەیت.

هەردووکیان لە مەیدانێکی داخراودا بەرانبەر یەک وەستان، پاشا قەندیل و وەزیرەکەی چاودێریان دەکرد و چێژیان دەبینی، تاجیش بە ترسەوە تەماشای دیمەنەکەی دەکرد، لەبەر ئەوەی پێش چەندان ساڵ دایکی کوژرابوو لە مەیدانی لەسێدارەدانەکەدا.

فاڵچییەکە وەستا لە گێڕانەوە و عاسف پرسی:

- پێت وایە کێ بردییەوە لە جەنگەکەدا؟

گوتی:

- کەوکەب، لەبەر ئەوەی خاڵە لاوازەکانی دەزانی.

- کەوکەب هەموو خاڵە لاوازەکانی دەزانی تا کۆتایی جەنگەکەش بەردەوام بوو.

- ئەوە چۆن ڕوویدا؟

- بە هێزی خەیاڵ"ئەندێشە"، تاغین لە خەیاڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە سەری جەباری بەدەستەوەیە نەوەک سەری کەوکەب... ڕاهێنەرەکەی خۆیی کوشت، بەڵام بە خەیاڵ پێی وابوو کە دژمنەکەی دەکوژێت، بۆیە قورس بوو بە ئاسانی بیبەزێنن.

- دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

**

دوای تەواو بوونی شەڕەکە تاغین گەڕایەوە بۆ لای تەختەکەی پادشا و سەری بۆ پادشا قەندیل دانەواند و گوتی:

- من ئامادەم بۆ کارە گرنگەکە.

لە تاقیکردنەوە جەستەییەکەدا سەرکەوتوو بوو و توانی خۆی بسەلمێنێت کە بەڕاستی بەهێزە، بەڵام پادشا قەندیل دەبوو بە دەستی خۆی توانای بخەملێنێت، بۆیە گوتی:

- تۆ دەزانیت ماوەی چەندان ساڵە خوشکەکەت "تاج" فێری هونەری خۆشەویستی و سێکس و خەڵەتاندن بووە، ئایا بەلاتەوە ئاساییە لە ژوورەکەی خۆم تاقی بکەمەوە؟

تاج بەرەو رووی براکەی چوو، دڵنیابوو کە بەوە قایل نابێت، لەبەر ئەوەی ئەو برایەتی بێگومان دڵخۆشی ئەوی دەویت، هەرگیز رێگە بەوە نادات.

ئەو ساتەی کە دایکی مرد فرمێسکی چاوەکانی سڕی و پێی گوت. لەمرۆ بەدواوە من باوکتم، دایکتم، من هەموو خێزان و کەسوکارتم.

تاغین پەتی بیرکردنەوەی پچڕاند کە بە پادشای گوت:

- ژمارەی سەربازەکانت چەندە؟

- ژمارەیەیان هێندەی ژمارەی دەنکە خۆڵەکان دەبێت، بەڵام بۆ دەپرسیت؟

لەبەر ئەوەی دەمەوێت پێت بڵێم لە پێناو تۆڵەسەندنەوەدا ئامادەم هەموو سەربازەکانت لە دوای خۆتەوە ببەیتە ژووری نوستنەکەت.

تاج وەکو چۆن دایک و باوکی لەدەست دا، بە هەمان شێوە براکەشی لەدەست دا، ئێستا لە هەموو کات زیاتر هەستی بە بێکەسی خۆی دەکرد، بۆیە دڵی کەوتە لەرزین بە بیستنی ئەو قسەیە.

پادشای مەملەکەتی نوور رووی گەشایەوە کە گوێبیستی قسەکانی تاغین بوو، بەوەدا زانی تاغین جەستەی و دەروونی ئامادەییە بۆ ئەنجامدانی کارەکە، بە وەزیرەکەی گوت:

- دەست بکە بە جێبەجێکردنی پلانەکە.

لە رۆژی دواتردا وەزیر دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەو پلانگێرییەی کە حکومەتی مەملەکەتی نوور دایانرشتبوو بۆ لەناوبردنی ئەبابیل، نامەیەکی دوور و درێژی بۆ پادشا جەبار

نووسـی تێیـدا باسـی لەوە دەکـرد کە هەردوو مەمـلەکەتەکە هاوپەیمانێتی ڕابگەیەنن.

کورتەی باسی نامەکە ئەمە بوو:

**لە قەندیلی مەملەکەتی نوورەوە...**

**بۆ پادشا جەباری مەملەکەتی ئەبابیل،**

**زۆر هەڵەتێگەیشتن لە نێوانماندا ڕوویداوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا، پێشتر بەڵێننامە هەبووە لە نێوانماندا، دەمەوێت واز لەوە بهێنین و دەست بە نووسینی بەڵێننامەیەکی نوێ بکەین، بۆیە بانگێشتت دەکەم بەوەی کە بەم بەڵێننامەیە قایل بین لە نێوان هەردوو مەملەکەتەکەدا. ئەوەش کۆمەڵێک دیارییە کە پەیامبەرەکەمان پێیەتی بۆتان...**

**

دوای چەند ڕۆژێک کە نامەکە گەیشتە دەستی پادشـا جەبـار، زۆر هەستی بە دڵخۆشـی دەکرد، لەبەر ئەوەی وەکو پادشـایەک ئاشـتی و ئـارامی زیـاتری بـۆ مەمـلەکەتەکەی دەویسـت لەگەڵ بەهێزیـی، تـاکو بتوانێت ڕووبەڕووی زۆر شت ببێتەوە.

ئافرەتە جنەکە گوتی کە لە هۆڵی پادشادا ئامادە بوو:

- دڵم هیچ بەو بابەتە ئاسوودە نییە.

جەبار هێندەی نەمـابوو هـاوار بکـات بەسـەریدا کە دیـتی سـەربیلی فاڵچی قسە دەکات، بەڕێزەوە گوتی:

- بەم ڕێککەوتننامەیەی نێوانمان مەملەکەتەکانمان زیاتر بەهێز دەبێت وەک لە پێشوو.

بە بیرکردنەوەوە گوتی:

- بۆچی دوای سێ ساڵ لە دژمنایەتی و دوورکەوتنەوە، پادشا قەندیل لە پڕێکدا دەیەوێ ئاشتەوایمان لەگەڵدا ڕابگەیەنێت؟

- لەبەر ئەوەی ئەو مەملەکەتەی ئەمڕۆ هەمانە ئەوە نییە کە پێش سێ ساڵ هەبووە و پادشا قەندیل ئەوە زۆرباش دەزانێت، بۆیە ئەمڕۆ داوای هاوپەیمانییەتی و ئاشتەوایمان لەگەڵدا دەکات.

جەبار نامەکەی بە دەستەوە گرتبوو، گوتی:

- لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لەدەست نەدەین دوای ئەوەی هاوپەیمانییەتی لەگەڵدا دەبەستین، دەرگاکانمان بە ڕووی سەربازەکانیدا ناکەینەوە، بەڵکو تەنیا شانبەشانی دەوەستین، لەگەڵی دەبین ئەو کاتەی بڕیاری جەنگ دەدات، ئەویش بە هەمان شێوە لە پشتمان دەبێت ئەو کاتەی ڕووبەڕووی جەنگ دەبینەوە.

پاشان لەو کاتەدا لەسەر تەختەکەی هەستایەوە تاکو نزیک بکەوێتەوە لەو دیارییەی کە پەیامبەرەکە بە دەستییەوە بوو، پێدەچوو سندوقەکان پڕبێت لە خشڵ و زێڕ و زیو و مرواری گرانبەها، بەهەمان شێوە پانزە کۆیلەی بەهێزیش لەو نێوەندەدا تاغینی تێدابوو، هەروەها سێ کەنیزەک کە تاج یەکێک بوو لەوان.

بەو جۆرە بەبێ ئەوەی خێزانی ئیمپراتۆر هەست بکەن، مەملەکەتی نوور توانی هێزی خۆی جێگیر بکات لە ئەبابیل و سیخوڕەکانی بباتە نێو کۆشکەوە.

لەو شـــەوەدا، دوای ئەوەی بڕیـــاری دانیشـــتن درا لەســـەر داوای جەبار کە خزمەتکارەکەی ناوی ئەمرد بوو، داوای کرد یەکێک لەو کەنیزەکانەی بۆ بهێنێت کە مەملەکەتی نوور بە دیاری ناردبوویان.

کە ئەمــرد لە بەردەم هەر ســێ کەنیــزەکەکە وەســتا نەیــدەزانی کامیان هەڵبژێرێت هێندە شۆخ و شەنگ بوون، لەبەر ئەوەی پلان بۆ دارێژراو بوو دووانیان گوتیان کە ناتوانن بچن بۆ دیداری پادشا لەبەر ئەوەی شەرم دەکەن لەگەڵیدا بخەون، بەڵام تاج ئامادەگی خۆی ڕاگەیاند:

- من ئامادەم چاوم پێی بکەوێت.

- بەدوامدا وەرە، دەتبەم بۆ لای خاوەنشکۆ.

**

ئەو کـاتە جەبـار لە پـاڵ تەخـتەخەوەکەدا لەســەر کورســییەکە دانیشتبوو، ئەمری خزمەتکاری دی کەنیزەکەکەی هێنایە ژوورەوە، خۆی گەڕایەوە دواوە تاکو گەورەکەی کاتی خۆی وەربگرێت:

- ئەوە بکە کە پێم گوتیت ئەی کەنیزەک، نەکەی وشەی نا بڵێیت بۆ هەر شتێک کە گەورەمان داوای دەکات!!

تـاج لە جیـاتی ئەوەی ڕاســتەوخۆ بەرەو ســەرجێگەکەی پادشــا بڕوات و خۆی ئامادە بکات وەکو ئەوەی کەنیزەکەکانی تر دەیکەن، ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی جەبار ڕۆیشت و بەرانبەری دانیشت.

جەبار سەرسام بوو بە بوێریی ئەو کەنیزەکە، بیری لەوە کردەوە کە داوا لە ئەمرد بکات بێت بیبات و دانەیەکی تری بۆ بهێنێت، بەڵام بەر لەوەی ئەو کارە بکات سەرەتا پرسیاری لێ کرد.

- دەزانیت بۆ لێرەیت ئەی کەنیزەک؟

سەری لەقاند بۆ دڵنیابوونەوە، لەبەر ئەوەی دەیزانی بۆ لێرەیە، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە کە ئەزموونێکی وەهای نییە لەوەی کە لێی داوا کراوە.

- ئایا ئەمرد پێی نەگوتیت کە دەبێت چی بکەیت دوای ئەوەی دێیتە ژوورەوە بۆ ئێرە؟

- بەڵێ، پێی گوتووم.

ئەی بۆ چی لێرە بەرانبەرم دانیشتوویت.

ڕووی چاوی وەرگێڕا بۆ جێگای نوستنەکە، تاج دەستی درێژکرد و دەستی لە دەموچاوی دا.

ئەوە یەکەمین جار بوو کە کەسێک بەو بوێرییەوە دەست لە جەبار بدات، بۆیە ڕاستەوخۆ ویستی بانگی خزمەتکارەکەی بکات و پێی بڵێت ئەم شێتە دوور بخاتەوە، بەڵام پرسیارێکی کرد کە مێشکی جەباری جولاند:

- لە کۆشکی قەندیلدا زۆر چیرۆکم لەسەر بیستوویت بۆیە دەستم لێدایت، دەمویست دڵنیا ببمەوە لەوەی کە دەیڵێن ڕاستە یاخود تەنیا قسەی سەرزارەکییە.

ئەو قسەیەی کە سەرنجی ڕاکێشا وشەی قەندیل بوو نەوەک پادشا قەندیل، چونکە بە ناوەکەی بانگی کرد:

- بۆچی نازناوی پادشات لێ کردەوە؟

- لەبەر ئەوەی جگە لە تۆ کەس شایەنی پادشایەتی نییە.

- لەگەڵ ئەوەی هێشتا دەموچاوی دابوو بەیەکدا بەڵام زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی، کەمێک لە بیرۆکەکەی کشایەوە کە خزمەتکارەکەی بانگ بکات، بۆیە پرسی:

- ناوت چییه؟

له جێی خۆی هەستایەوە و جلەکەی لەبەریدا داکەند و سەری ڕێزی دانەواندەوە و گوتی:

- من شازادە تاجی تۆم خاوەنشکۆ.

پادشا قاقا پێکەنی و گوتی:

- چۆن دەتوانیت بە خۆت بڵێیت شازادە لە کاتێکدا تەنیا کەنیزەکێکیت؟

بە زیرەکانە وەڵامی دایەوە:

- لەبەر ئەوەی لە بەردەم تۆدا تەنانەت کەنیزەک هەست بە شازادەیی خۆی دەکات.

**

لە شەوەدا جەبار خۆش لەگەڵیدا ڕایبوارد. هەرچەندی ئەوە یەکێک نەبوو لە خووەکانی، بەڵام سێکسییان ئەنجام نەدا. ئەو شەوە جەبار هێندە پێکەنی تاکو ناوسکی کەوتە ئێش، دەمی لە قسەکردندا وشک بۆیەوە، لە ناخی دڵەوە حەزی دەکرد هەڵهاتنی خۆر دوابکەوێت تاکو ئەو دانیشتنەی لەگەڵیدا کۆتایی نەیەت.

لە شەودا و لە هەفتەکانی دواتردا هیچ کەنیزەکێک نەیدەتوانی هێندەی تاج حەزەکانی پڕ بکاتەوە، وای لێهاتبوو کەنیزەکەکانی تری بەرچاو کەوتبوو.

لەگەڵ کاتدا ئەو ئافرەتە گەنجە توانی جێی خۆی بکاتەوە لە دڵی پادشادا و بەرە بەرە خۆی تێکەڵی دادگا و سیاسەت بکات، تا وای لێ هات پەیوەندییەکەیان لە خۆشەویستییەوە بووە عەشق و هۆگربوون.

ئەوەی کە فـاڵچییەکەی بێـزار دەکـرد و لێـی دەترسـا ئەوەبـوو:
- تۆ زیاد لە پێویستی خۆی گرنگی بەم کەنیزەکە دەدەیت، ئەوەش وای کردووە ئەرکی خۆت وەک پادشا لە بیر بکەیت.

- ساڵانێکی زۆر تێپەڕ بووە وەکو پادشـایەک ڕەفتار دەکەم و بە جۆرێک گرنگی بە کاروبارەکـان دەدەم خـۆمم وەکـو مرۆڤێک لەبیر کـــردووە، بەڵام ئەم کـــچە بە زەردەخەنەیەک توانییـــویەتی ئەوەم بیربخاتەوە منیش مرۆڤم و هێشتا زیندووم.

لەو کاتەدا ترس دڵی فاڵچییەکەی گرتەوە کە گوێبیستی ئەو قسانە بـوو، چـۆن دەکرێـت کچێکـی هێنـدە گەنـج کە تەمەنـی نەگەیشـتۆتە بیسـتەکانیش بەو جـۆرە دڵـی پیـاوێکی گەورە "ئیمپراتـۆر" ببـات، بەڵام نەیدەزانی کە ڕاهێنراوە، بۆیە گوتی:

- دەبێـت ئەم کەنیـزەکە لە کۆشـک دەربکرێـت جەنـابی جەبـار، هەروەهـا تەواویـی ئەو کەنیـزەک و پـانزە کـۆیلەیە دەربکـرێن و بنێردێنەوە بۆ مەملەکەتی نوور.

قسەکەی ڕاست بوو، بەڵام کاتێک خۆشەویستی لە دەرگای دڵەوە دەچێتە ژوورەوە، ئەقڵ لە پەنجەرەوە ڕادەکا:

- زیادەڕۆی دەکەیت، دەزانیت؟

- بە باشی بیر بکەرەوە، ئەمە تەنیا کەنیزەکێکە و هیچی تر، ئەوە تەنیا...

بە دەستی بێدەنگی کرد:

- پێشـتر گوتـت کە دەتەوێت شـار بەجێ بهێڵیت و بچیت لەسـەر کێوی غـوراب بژیت، ئەو کـات ڕەتـم کـردەوە و داوام لـێ کردیت کە لامان بمێنیتەوە..

دەیزانی دەیەویت چی بڵێت، هەستی بە بێئومێدیی دەکرد کە بەو جۆرە قسە دەکات، بەر لەوەی قسەکەی تەواو بکات گوتی:

- ئێستاش دەتوانیت بڕۆیت ئەگەر دەتەوێت.

سەربیل هەستی بە خراپی دەکرد، بۆیە نەیدەویست بۆ یەک خولەکیش بمێنێتەوە، دوای ئەوەی گوێبیستی ئەو قسانە بوو لە جێی خۆی ون بوو تەنانەت دوای ئەو ڕۆژە کەس لە کۆشکدا نەیبینیەوە.

**

دواتر جەبار بڕیاری دا واز لە کەنیزەکەکانی تر بهێنێت و تەنیا تاجی لە لا بێت لەنێو هەموو ئافرەتەکانی تردا، بە هەمان شێوە بڕیاری دا دوو کەنیزەکەکەی تر ئازاد ببن و چییان بوێت بیکەن و بە تاجی گوت:

- دەمەوێت هاوسەرگیریم لەگەڵدا بکەیت و ببیتە شاژنی ئەبابیل.

لە ڕاستیدا کە تاج ئەو قسەیەی بیست دڵی خێرا لێی دەدا، هەستی بە دڵخۆشی دەکرد، پێویستی بەوە نەبوو نواندن بکات یاخود هەستەکانی ساختە بکات، هەستی دەکرد ئەو پیاوە شتێکی پێداوە کە تەواویی تەمەنی لێی بێبەش بووە، ئەویش **ئاسایشە**. هەر بۆیە ئامادە بوو ڕقی ڕابردووی لەبیر بکات و لاپەڕەیەکی تازەی لەگەڵدا هەڵبداتەوە:

- چی دەڵێیت تاج، ئایا هاوسەرگیریم لەگەڵدا دەکەیت؟

هێندی نەمابوو قایل ببێت بە داواکارییەکەی بەڵام کە بیری لە مەترسییەکان دەکردەوە کە دێنە ڕێگەی بەهۆی تاغینی برایەوە ئەگەر بکشێتەوە، بۆیە بڕیاری دا بەردەوام بێت لە پلانەکەی:

- ببورە ناتوانم ببم بە هاوسەرت.

- بۆچی؟ چی شتێک ڕێگریت لێ دەکات؟

- بەڵێنێکم بە خۆم داوە کە ناتوانم بەر لەوەی بەڵێنەکە جێبەجێ بکەم هاوسەرگیری بکەم.

- ئەو شتە چییە کە دەتەوێت با بۆت بهێنمە دی.

دوودڵ بوو، نەیدەویست بە بێدەنگییەکەی ئازاری بدات، لە هەمان کاتدا دەیزانی بە دۆڕاندنی ئازاری خۆی دەدات، تەواوی ژیانی بە ڕاکەڕاک بەسەری بردووە نەیتوانیوە پێی بگات.

دەستە نەرم و بچووکەکانی خستە سەر دەستە گەورە و بەهێزەکانی جەبار کە بە داخ بوو بۆ خەڵەتاندنی، جەبار بە تەواویی لە نهێنی ئەو هەڵسوکەوتە تێنەدەگەیشت، گوتی:

- پێم بڵێ ئەو شتە چییە کە بەڵێنت بە خۆت داوە تاکو هەموو توانای خۆم بخەمە گەڕ و بیهێنمە دی.

- بەڵێنم بە خۆم دابوو کە هاوسەرگیری نەکەم هەتاکو برا کۆیلەکەم ئازاد نەکەم.

- پێم بڵێ کێیە، تەواوی سوپاکەم دەخەمە کار ئەگەر پێویست بکات.

- پێویست ناکات دەستکاری سوپاکەت بکەیت، چونکە لە نێو کۆشکدایە.

- مەبەستت چییە؟

بۆی ڕوون کردەوە:

- ئەو پانزە کۆیلەیەت بیرە کە مەملەکەتی نوور بە دیاری پیاندایت لە کاتی هاوپەیمانییەتیەکەدا؟

سەری لەقاند و گوتی:

- بەڵێ، بیرمە.

- براکەم یەکێکە لەوان...

- دەی بـــۆچی زووتـــر پێـــت نەگـــوتم ئـــازادی بـــکەم؟

- دەترســـام لەوەی پێـــت بڵـــێم و وەهـــا تێبگەیـــت مـــن ئەو هەلە دەقۆزمەوە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆمدا.

تەواوی نیشـانەکان ئەوەیـان دەگـوت کە هەڵیـدەخەڵەتێنێت، بەڵام جەبار چاوی لە ئاستیدا کوێر بووبوو نەیدەدیت.

سەری لە قاند و گوتی:

- ناوی چییە؟

- ناوی "تاغین" ە.

- ئەوە ئەو کـۆیلەیە نیـیە کە وەزیـرە خەیـزەران داوای کردبـوو بیکاتە خزمەتکاری خۆی؟

- بەڵێ، خۆیەتی.

تاکو خەمەکەی سوک بکات و متمانەی پێ بکات گوتی:

- تەنیـا لە کۆیلایەتی لای نـادەم تـاج، بەڵکو دەیکەم بە یەکێـک لە داروودەستەی پادشا تاکو لێم نزیک ببێتەوە لە کاروباری حوکمڕانیدا.

هێنـدی نەمـابوو پێـی بڵێـت لەوەیـان پەشـیمان بـبەوە، بەڵام نەیدەتوانی قسە بکات چونکە ڕاستەوخۆ گومانی لەسـەر دەبوو، بۆیە باشتر بوو بێدەنگ بێت. ئەو شەوە زوو بە زوو چوو بۆلای براکەی تاکو واز لە پلانەکەی بهێنێت.

**

لە شەوی داهاتوودا جەباری ئاگادار کردبۆیەوە سەردانی نەکات لەبەر ئەوەی کارێکی گرنگی هەیە دەبێت ئەنجامی بدات، چووە لای براکەی بە بێ ئەوەی کەس ئاگاداری بێت.

دیتـی تـاغینی بـرای لەسـەر تەختـەخەوەکەی پـاڵکەوتووە و لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئاسمانی تاریک دەکات.

گوێبیسـتی دەنگـی دەرگـاکە بـوو کـرایەوە، ڕاسـتەوخۆ زانـی خوشکەکەیەتی گوتی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

نەیدەزانی چۆن بـابەتەکە بکـاتەوە و دەسـت بە قسـەکانی بکـات، بۆیە لە نێوان براکەی و پەنجەرەکەدا دانیشت و گوتی:

خزمەتکارەکـانی کۆشـک قسـەت لەبـارەوە دەکەن، دەڵـێن کە کەوتوویەتە داوای خۆشەویستی کچێکەوە.

قسەکەی فەرامۆش کرد وەک ئەوەی هەر گوێبیستیشی نەبووبێت.

گوتی:

- ئەو ئافرەتە بە بەختە کێیە؟

لە ڕاستیدا بەڵێ تـاغین کەوتبـووە داوای خۆشەویستی یەکێک لە کچەکـانی کۆشـکەوە، بەڵام بە هۆکارێـک پەیوەنـدییەکەی بە نهێنیـی پاراستبوو. بۆیە بابەتەکەی گۆڕی:

- پـێم وانیـیە بەم درەنگـانەی شـەو تەنیـا لەبەر ئەوە هاتبێـت پروپاگەندەی خزمەتکارەکانی کۆشکم بۆ بهێنێت.

ڕووی تێکرد و بە جددیاتەوە گوتی:

- بۆچی هاتوویت تاج؟

بە دەنگێکی نزم و نەرمەوە گوتی:

- دوای سێ شەوی تر هاوسەرگیری لەگەڵ جەبار دەکەم.

- کەواتە زۆر باشە، هەموو شت بە پێی پلانەکە بەرێوە دەچێت.

نیگا ساردەکانی بۆ گرنگی گۆڕا:

- قسە بکە.

- دەمەوێت لە پلانەکە بکشێیتەوە.

ڕووی کردە ئاسمان و گوتی:

- کێشــە نیـیە، نـۆرەی تـۆ بەرەو تەواوبـوون دەڕوات، دوای ئەمە نۆرەی من دێت.

پلانی تاغین ئەوە بوو کە لە مانگەکانی داهاتوودا ئەو جنانەی کە لە پلە و پۆستی بەرزدان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بەوەش بە ئاسانی بتوانێت بەسەر جەباردا سەربکەوێت و حوکمی خەڵکەکەی بکات.

گوتی:

- پێدەچێت تێنەگەشتبیت مەبەستم چی بوو تاغین ...

دووبارە تەماشای چاوی کردەوە گوتی:

- دەمەوێت پلانەکە هەڵبوەشێنیتەوە، جەبار دەبێت بە هاوسەرم و باوکی منداڵەکانم، نامەوێت ئازاری بدەیت.

- منداڵەکانت؟

- بەڵـێ، لەبەر ئەوەی دوای هاوســەرگیری منـداڵمان دەبێـت، بـۆ سەرسام بوویت؟

- پێم وابوو تۆ بۆیە هاوسـەرگیری لەگەڵدا دەکەیت تـاکو پلانەکە جێبەجێ بکەین، لەوە زیاتر نا.

تووڕەبوون دایگرت و گوتی:

- ئایا هەر بە ڕاستی خۆشت دەوێت؟

سەری لەقاند بە بەڵێ و گوتی:

- بەڵێنمان داوە کە ببین بە خێزانێک.

- ئەی خێزانەکەمان چی؟ لە یادگەت شۆراوەتەوە؟

- هیچ کات تۆڵەسەندنەوە نابێتە هۆی گۆڕینی ڕابردوو، بەڵام لێبوردن دەبێتە هۆی گۆڕینی داهاتوو.

- چۆن دڵت بۆ خۆشەویستی کرایەوە ؟

- ئەو هۆکاری ئارامی منە، ئافرەتیش ئەو کاتەی ئارامی دەدۆزێتەوە ڕقەکانی لەبیر دەکات.

لەبەر ئەوەی قایل نەبوو بە وەڵامەکانی بێدەنگ بوو.

بە سەرسامییەوە گوتی:

- ئایا تۆش دڵت بە ڕووی خۆشەویستیدا نەکراوەتەوە؟

- من لە تۆ جیاوازم.

- بۆچی لە من جیاوازیت؟

- من ڕێگەم بە خۆم نەدا خۆشەویستی ڕێگە لە ئامانجەکەم بگرێت، بەڵام تەماشای خۆت بکە خۆشەویستی وای لێکردوویت لە ئامانجەکەت لا بدەیت و لە بیری بکەیت بۆچی هاتبووین.

تۆنی دەنگی نزم کردەوە و گوتی:

- تۆڵە بکەوە تاج، تۆڵە بکەوە.

بە ساردییەوە گوتی:

- تۆڵەکردنەوە شتە لەدەستچووەکانمان بۆ ناگەڕێنێتەوە.

بەو قسەیەیدا زانی کە چەند و چوون هیچ سوودێکی نییە، بۆیە بڕیاریدا بە نهێنی کارەکانی دەست پێ بکات و ڕاستییەکە بشارێتەوە.

دەیویست لەو کاتەدا خوشکەکەی بخنکێنێت، بەڵام سوودی نەبوو لەبەر ئەوەی خوشکی بوو، یاخود با بڵێین دوا وەسییەتی دایکی بوو، نا بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە بوونی گرنگ بوو لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا.

جەبار تێبینی جموجۆڵەکانی داهاتووی نەدەکرد و چاودێری نەدەکرد بە مانەوەی تاج.

بۆیە لە بەردەمیدا هەوڵی دا وا خۆی پشان بدات بە قسەکانی قایل بووە، لە تورەییەوە بە پەشیمانی خۆی پیشان دا و بە دەنگێکی نەرم نیازپاکی خۆی جەخت کردەوە:

- تۆ ڕاست دەکەیت خوشکەکەم، تۆڵەسەندنەوە هیچمان پێنابەخشێت لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ ناگەڕێنێتەوە کە لەدەستمان چووە.

تاج دڵخۆش بوو کە گوێبیستی ئەم قسانە بوو، گوتی:

- ئایا بەڵێنم پێ دەدەیت کە ڕابردوو لەبیر بکەیت و داهاتوو بنیات بنێین؟

- بەڵێ، بەڵێنت پێ دەدەم.

دەیزانی خوشکەکی بەو نواندنە بێمانایە قایل نابێت. دەیزانی ماوەی چەندان مانگی داهاتوو چاودێری دەکات تاکو دڵنیاببێتەوە ئایا درۆ دەکات یاخود نا، بۆیە ماوەی چەند مانگێکی بەسەر برد تاکو نییەتە باشەکانی خۆی پیشانی خوشکەکەی بدات.

**

دواتر کە گرووپی هەڵگەڕانەوەکەی تەواو کرد و پلانەکەی ئامادە بوو بۆ جێبەجێکردن، دەبوو چاوەڕێی کاتە گونجاوەکە بکات.

- ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی تەواو ئازاد دەبێت لە چاوی خوشکەکەی. تاکو لە بەردەم تۆڵەکردنەوەکەیدا هیچ بەربەستێکت بوونی نەبێت.

بەو جۆرە چاوەڕوانییەکەی زۆری خایاند، تا ئەو کاتەی خوشکەکەی منداڵی یەکەمی بوو، کوڕ بوو ناوی نا **ئەساتیر**، دوای سێ ساڵ چاوەڕوانی منداڵی دووەمی بوو، کچ بوو ناوی نا **جومانا**. دواتر دەیزانی کە خوشکەکەی سەرقاڵە بە دایکایەتیکردنی خۆیەوە، بۆیە شانە نوستووەکانی نێو کۆشکی جوڵاند بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی.

هەندێک لە گەورەپیاوانی ئیمپراتۆر بە جەباریان دەگوت کە هەندێک جموجۆڵیان بەدی کردوە لە کۆشک و گەورەکەیان تاغینە، بەڵام تاج دڵنیای دەکردەوە کە براکەی هەرگیز کارێکی وەها ناکات ئازاری بدات، جەباریش لەبەر خۆشەویستی بۆ تاج ئەوانی بە درۆ دەخستەوە و تاجیش بە ڕاست.

تاکو لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژە هات، جەبار خەوتبوو دەستکرا بە جێبەجێکردنی پلانەکە لەسەر دوورگەی ئەرباب، جەبار پەنجەرەی ژوورەکەیەوە شتێکی دیت کە هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد، سوپایەکی گەورە لە جادووگەرەکان و هەندێک هێزی نادیار بەرەو ڕوویان دەهاتن بۆ لەناوبردنی خۆی و گەورەکانی ئیمپراتۆر.

**

لەو ڕۆژە شوماوییەدا گەورەپیاوانی ئیمپراتۆر بە هەموو هێزێکەوە هەوڵیان دەدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بەڵام سوپاکەیان دابەش بووبوو زۆربەشیان لەگەڵ تاغیندا بوون و هەڵگەڕابونەوە لە بەرژەوەندی خۆیان.

لەو جەنگەدا تاغین زۆری لە ئیمپراتۆرەکان کوشت و هەوڵی دەدا بگات بە جەبار و بیکوژێت، بەڵام جەبار توانی هەڵبێت لە کۆتا چرکەدا و هاوسەر و منداڵەکانی و هەندێک وەزیر و گەورەکانی خێزانەکەی لەگەڵدا بوو.

**

لەبەر ئەوەی ئەو کاتە جەبار نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت بۆیە خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بڕیاریان دا بچن بۆ لای فاڵچییەکە و داوای ئامۆژگاری لێ بکەن.

ڕاستە پێشتر لە کۆشک دەریکردبوو، بەڵام هۆکارێکی باشی هەبوو هەر کە چاوی پێی بکەوێت لێی ببورێت.

ئەوانەی لەگەڵیدا بوون پێی گوتن:

- ئامادە بن، دەڕۆین بۆ کێوی غوراب..

**

کە لەگەڵیدا سەرکەوتنە سەر لوتکەی چیاکە، پێویستی نەدەکرد جەبار لە دەرگا بدات لەبەر ئەوەی فاڵچییەکە لە نێو بەفرەکەدا لە بەردەم کوخەکەدا وەستابوو وەک ئەوەی دەیزانی لەو کاتەدا جەبار دێت.

چەند هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە و بە پەشیمانییەوە گوتی:

- من دۆڕام دایکە...

**

فاڵچییەکە لێی نزیک بۆیەوە و بە بێدەنگی لە باوەشی کرد تاکو کەمێک لە ئازار و خەمی کەم بکاتەوە، لەبەر ئەوەی دەیزانی لە ئامێزگرتن ئازاری دڵان کەم دەکاتەوە و برینەکان چارەسەر دەکات.

دەستی بە پشتیدا دەهێنا و گوتی:

- منداڵەکان هەرچەندی گەورە ببن هێشتا کە خەم و پەژارە دایاندەگرێت وەکو منداڵ دەگەڕێنەوە بۆ لای دایکیان.

بە دەنگێکی پڕ خەمەوە گوتی:

- چۆن بتوانم لە ژیاندا بەردەوام بم دوای ئەوەی دەسەڵاتم لەدەست داوە؟

- خۆت بگرە کوڕەکەم، تەخت دەگەڕێتەوە دەستی ئیمپراتۆر.

لێی پرسی وەک ئەوەی باوەڕ بە قسەکە نەکات:

- کەی؟

بە دەنگێکی توند وەک ئەوەی ئاسمان لەگەڵ قسەکەیدا بلەرزێت گوتی:

**- ئەو کاتەی قوڕ بە ئاگر تێکەڵ دەبێت، عەرش دەگەڕێتەوە دەستی ئیمپراتۆر.**

لە قسەکەی تێنەگەیشت، هەوڵی دا ڕوونکردنەوەی لێ وەربگرێت، بەڵام بێدەنگی کرد بە پەنجەی، هەوڵی دەدا ئاگاداری بکاتەوە لە کۆشک و لە تاجیش.

بە تاسەوە گوتی:

- بچۆ بۆ دێی جەساسە، لەوێ مەژی بەڵام لە نزیکیدا ژیان بکە.

بە دەنگی نزم گوتی تاکو ئەوانەی دەوروبەری گوێبیستی نەبن:

- ئەی تاج... چی لێ بکەم؟

- جارێک هەوڵم دا تێکەڵ بەم بابەتە ببم کوڕەکەم، بەڵام پێدەچوو تۆ ڕای منت بەدڵ نەبێت بۆیە جارێکی تر تێکەڵ نابمەوە.

**

عاسـف کە بە پەرۆشـییەوە گوێبیسـتی کۆتـایی چیـرۆکەکە بـوو، گوتی:

- کەواتە تۆ دایکی باپیرە جەبارمیت.

سەری لەقاند بە ئاماژەی بەڵێ، لەو کاتەدا بە خۆشەویستییەوە لە چاوی نەوەکەی دەڕوانی، گوتی:

- هەر لە سـەرەتاوە تـاغین نەیدەویسـت ببێـتە پادشـا، بەڵکـو دەیویسـت تـۆڵە لە باپیرەت بکاتەوە، لەبەر ئەوەی باوکی کوشـتووە، پاشـان دەیوسـت تـۆڵە لە خەڵکی ئەبابیل بکاتەوە، چـونکە ئەو ڕۆژە هانی سەربازەکانیان دەدا تاکو دایکی بکوژن.

فاڵچییەکە قسەکەی تەواو کرد:

- تـوانی تـۆڵە لە بـاپیرەت بکـاتەوە دوای ئەوەی عەرشـی لـێ سەندەوە، بەڵام سەخت بوو کە تاک بە تاک بتوانێت تۆڵە لە خەڵکی بکاتەوە.

عاسف تێگەیشت:

- کەواتە هەر لەبەر ئەوە بـوو ڕێکخراوێکـی بە نـاوی جاسـوم دروست کرد، تاکو بتوانێت تۆڵە لە خەڵکەکەی بکاتەوە و لە هەمان کاتدا وەکو پادشایەکیش بەسەریانەوە بێت.

**

فاڵچییەکە بەردەوام بوو لە تەواوکردنی قسەکانی:

- دوای ئەوەی بـاپیرەت کێـوی غـورابی جێهێشـت، بەرەو گونـدی جەساسە بەڕێ کەوت، تـاکو بتـوانن جێیەکی ئارام بدۆزنەوە و تێیدا

بژین کە ناوی **دارستانە تاریکەکە** بوو، ئەو و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون نیشتەجێی بوون.

کە جەبار لەگەڵ خێزانەکەیدا لەو دارستانە نیشتەجێ بوو، ڕووی کردە تاج و بە توڕەییەوە لێی دەڕوانی.

تاج دەیزانی بەو تەماشاکردنە کە چەندە ڕقی لێ هەڵگرتووە، گوتی:

- داوام لێ کرد کە پلانەکە هەڵبوەشێنێتەوە و تەواوی کاتەکە چاودێریم دەکرد، بەڵام دڵنیابووم کە هەرگیز نامخەڵەتێنێت، سوێندت بۆ دەخۆم بە گیانی منداڵەکانمان جەبار، ئەوەی دەیڵێم ڕاستە.

جەبار لەبەردەمی ون بوو دووبارە دەرکەوتەوە لە بەردەمی و توند قورگی گرتبوو... بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و بە دەنگێکی پڕ ڕقەوە لە ناخی دڵییەوە گوتی:

**- سوێند مەخۆ بە گیانی ئەساتیر و جومانا هەی بێڕەوشت.**

توڕەبوونەکەی بە جۆرێک بوو کە هێندەی نەمابوو بیخنکێنێت، تاکو وەزیرە خەیزەران لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- لە نێو دەستەکانت دەمرێت گەورەم، بەریدە.

جەبار بەریدا و لە دەستی کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوییەکە.

دوای کەمێک هەستایەوە و بە لێبوردنەوە بەرەو جەبار ڕۆیشت کە ئەوە زۆر بوو بۆ ئەو لە کەرامەتی کەم بۆیەوە، هەموو وەزیرەکان و گەورانی خێزانەکە بە توڕەییەوە لێیان دەڕوانی:
- من داوای لێبوردن دەکەم، تکایە بمبورە......

تەماشای دەوروبەر و ئەو تاریک و توند و توڕەییەی ئەو دێو و درنجانەی دەکرد کە لە دارستانەکەوە دەنگیان دەهات، پاشان

تەماشای دەوروبەری دەکرد، هەموویان برسی و تینو ترساو بوون، گوتی:

- ماوەی ساڵانێکی زۆر ئیمپراتۆر پادشایەتی ئەبابیلی کردووە، بەلام تەماشا بکە ئێستا بووین بە چی لە سایەی تۆوە، دەرکراو، داماو و کەساس... لە هەر ساتێکدا بێت تاغین دەگاتە سەرمان. کەسیش لە ئێمە لێت خۆش نابێت تاج، لەبەر ئەوەی لە هەر ساتێکدا بێت لە برسی و تینو ترسدا لەم دارستانە پڕ دڕندەیەدا دەمرین بەهۆی ناپاکییەکەتەوە.

تاج کەمێک بێدەنگ بوو، نەک لەبەر ئەوەی دەگریا، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو قسەیەی هەڵکڕاند، لەنێو ئەو قسانەی کە کردیان پرسی:

- ئەی ئەگەر بتانگەڕێنمەوە بۆ کۆشک، بەڵێنتان پێ بدەم کە بتانگەڕێنمەوە بۆ کۆشک؟

جەبار گوتی:

- ئەو کاتە لێت خۆش دەبین و هەموو شتێک ئاسایی دەبێتەوە. پاشان بە ئاگادارییەوە پێی گوت:

- لەمڕۆوە تۆ یەکێک نیت لەم خێزانە و لەنێوماندا جێت نابێتەوە.

ئەو ئێوارەیە تاج بەجێی هێشتن و سوێندی خوارد کە هەموو کارێک بکات تاکو بێتاوانی خۆی بۆ جەبار بسەلمێنێت و دووبارە بگەڕێتەوە نێو دڵی.

فاڵچییەکە لە قسەکانی بۆیەوە کە پەیوەندیدار بوو بە بابەتەکەوە:

- دوای ئەوەی دایک و باوکت هاوسەرگیریان کرد و تۆ لەدایک بوویت، تاج تاکە کەس بوو کە ئەو قسەیەی بیر بوو کە گوتوومە، ئەو کاتەی ئاگر و قوڕ تێکەڵ دەبن عەرش دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆر، بۆیە ئەو کاتە بەڵێنی بە خۆیدا هەرچەندی پێویست بکات جادوو بخوێنێت

تاكو هێزی ئاگر لەنێو ناخت ئیش پێ بكات و بەكارت بهێنێت لە دژی تاغینی برای و عەرش بگەڕێنێتەوە دەستی ئیمپراتۆر و جەبار لێی خۆش بێت.

عاسف گوێبیستی ئەم قسانە نەبووبوو، كە لای بۆ كردەوە دیتی چاوەكانی داخستەوە و خەوتووە، بۆیە بەتانییەكەی دایەوە بەسەر جەستەیدا و ماچی ڕوومەتی كرد و بە دڵتەنگییەوە پێی گوت:

- خۆشبەختی ئەو ڕۆژانە بوون كە تێتپەڕاند، كوڕەكەم تۆ نازانیت لە ڕۆژانی دواتردا چەندە داماوی چاوەڕێتە.

# دەروازەی
# هەشتەم

## ١

## ڕاهێنان (مەشق)

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا، سەربیلی فالْچی دەستی کرد بە مەشقپێکردنی عاسف بە سوود وەرگرتن لە هەستەکانی تری، تاکو بتوانێت بە کوێریش بجەنگێت.

بۆیە بردییە مەیدانەکەی پێشەوەی کوخەکە، بە سنگی ڕووتی کردییە ژێر بەفرەکەوە، بەهۆی سەرماکەوە هالەیەکی سوور بە دەوری جەستەیدا دروست بووبوو، گوتی:

- کوڕەکەم ئەو کەسانەی کە چاودێریت دەکەن و تەڵەت بۆ دەنێنەوە و خراپەت بەرانبەر دەکەن دژمنە مەترسیدارەکەی تۆ نین، بەڵکو دژمنی ڕاستەقینە ئەوانەن کە لە خۆتەوە دروست دەبن.

لێی نزیک بۆیەوە و دەستی خستە سەر دڵی و گوتی:

- ئەوانەی کە دژمنی ڕاستەقینەی تۆن ئەمانەن: بێ هیوایی، ترس، متمانە بە خۆنەبوونت، خەمباری، یادگارییە ناخۆشەکانت، دووبارەکردنەوەی وشەی ناتوانم، دەبێت هەمیشە ئاگاداری ئەم وشانە بیت.

لەبەر ئەوەی هێندی نەمابوو جەستەی بیبەستێت لە سەرماندا، گوتی:

- ئەی فالْچی لە سەرماندا دەمرم.

بەردەوام بــوو لە ئامۆژگــارییەکەی، بە جۆرێــک گوێبیســتی ئەو قسەیەش نەبووبێت:

- جەنگاوەر دەجەنگێت بەبێ ئەوەی گوێ بداتە بارودۆخەکە ئایا زەمینلەرزەیە، ڕەشەبایە یان لە نێوەندی زریان و تاریکیدایە، چونکە دژمنەکانت هیچ کات مۆڵەتت لێناخوازن تاکو هێرشت بکەنە سەر، بەڵکو هەر کاتێک خۆیان پێیان خۆشە دیاری دەکەن و دەتکوژن. پاشان گۆچانە دارینەکەی هەڵگرت کە چەن زەنگۆڵیەکەی پێوە بوو، گوتی:

- بەهۆی دەنگی زەنگۆڵەکەوە خۆت لە لێدانی گۆچانەکە بپارێزە.

پاشان لێدانی یەکەمی دەستپێکرد.

عاسف دەیتوانی گوێبیستی نزیکبوونەوەی دەنگی زەنگۆڵەکان بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کەمئەزموون بوو لە دیارکردنی ئاراستەکاندا، نەیدەتوانی دیاری بکات و بەو جۆرەش فاڵچییەکە لێی دا.

ئەو لێدانە بووە هۆی تەقینی نێوچەوانی و ڕاستەوخۆ خوێن پێیدا هاتە خوارەوە، بەڵام لەبەر ساردی کەشەکە ڕاستەوخۆ خوێنەکە دەستی بە مەین کرد و بەستی، گوتی:

- جەنگاوەری ڕاستەقینە بە هەستی بینین بڕیار نادات، بەڵکو بە هەستەکانی تری بڕیار دەدات.

پاشان گوتی:

- ئامادە بە، دووبارەی دەکەمەوە لێدانەکە.

چاوەڕێ بوو لە هەمان جێگا بداتەوە بۆیە بە دەستی دەموچاوی داپۆشی بەڵام ئەمجارە کێشای بە قاچەکانیدا، بەهۆی ئازاری زۆرەوە کەوتە سەر زەوی.

فاڵچییەکە ئەوەی بە هەلزانی کە بەسەر زەویدا کەوتووە بۆیە لە شوێنی جیاوازی جەستەی دووبارە و دووبارە لێی دەدایەوە.

لە لێدانی نەوەستا تاکو عاسف هەستایەوە، تووڕە بووبوو بە جۆرێک وەک ئەوەی بەرانبەر دژمنی ڕاستەقینە وەستابێت، ڕەنگی چاوی گۆڕا بۆ سوری تۆخ و چڕنووک و کەڵبەکانی دەرچوون.

فاڵچییەکە هاواری کرد بە سەریدا:

- توڕە مەبە!!

بەڵام گوێی لێ نەگرت، بەڵکو بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە وەکو پڵنگێک بە دوای ڕێگایەکەوە بێت بۆ دەرچوون لە قەفەسەکەی..

دووبارە هاواری کردەوە بەسەریدا:

- ئارام ببەوە.

عاسف دەیویست زیاتر بە قسەی بهێنێت تاکو بتوانێت لە ڕێگەی دەنگییەوە شوێنەکەی دەستیشان بکات و هێرشی بکاتە سەر بۆیە گوتی:

- چۆن بتوانم ئارامم ببمەوە؟

دەیزانی کە بیر لە چی دەکاتەوە، بۆیە بە خێرایی هەر زوو لێی نزیک بۆیەوە و بە توندی کێشای بە سەریدا و هاواری بەسەردا کرد:

- هەی گەمژە، بیرکردنەوەکانت ئاشکران بە ئاسانی دەتوانم بیانخوێنمەوە.

دووبارە عاسف هەوڵی دایەوە پەلاماری بدات، بەڵام فاڵچییەکە ماوەیەک لێی دوورکەوتەوە:

- فێر بە جڵەوی بیرکردنەوەکانت بکەیت، لەبەر ئەوەی بە تووڕەیی جگە لە خۆت کەسی دی ئازار نادەیت.

له کۆتاییدا توانی شوێنەکەی دیاری بکات، بەرەو ڕووی ڕایکرد، بەڵام بە ئاسانی فالچییەکە توانی لە دەستی ڕزگاری ببێت و ڕاستەوخۆ بەستەڵەکەکەی ژێر پێی شکا و کەوتە نێو دەریاچە ساردەکەوە.

دوای ئەوەی هاتە دەرەوە لە سەرماندا وەکو پەنگوینێک دەلەرزی، جگە لەوەی سەری دەسوڕا و موچرکەی بە لەشدا دەهات.

فالچییەکە لێی نزیک بۆیەوە و پرسی:

- تۆ باشیت؟

سەری لەقاند بە ئاماژەی "نەخێر"، جەستەی دەلەرزی، لە جیاتی ئەوەی خێرا بیباتە ژوورەوە بۆ کوخەکە و ئاو و شۆربای گەرمی پێ بدات، دووبارە لە سەری دایەوە و هاواری بەسەردا کردەوە:

- پێم گوتیت تورە مەبە!!

ئەمجارە هەڵیگرتەوە و بردییەوە بۆ نێو کوخەکە، جلە تەڕەکانی بۆ وشک کردەوە، پاشان چەند کەوچکێک شیری کرد بەدەمییەوە کە ڕێحان و هەنگوینی تێکردبوو، جێی هێشت تاکو پشوو بدات.

## ٢

## قەڕین

کە لە بەیانی ڕۆژی دواتردا بە ئاگاهاتەوە، لەسەر پشت پاڵکەوتبوو لە دەرەوەی کوخەکە لەسەر لوتکەی چیاکە کە دەکرا بکەوێتە خوارەوە.

دەیویست لە جێی خۆی هەستێتەوە، بەڵام فاڵچییەکە لە بەردەمیدا دانیشتبوو بە دووری دە مەتر ئاگاداری کردەوە:

- نەجوڵێیت.

هەڵنەستایەوە بە تەواویی بەڵکو تەنیا لە جێی خۆی دانیشت و ترسابوو، کەشەکەی هێندە ساردبوو کە جگە لە جلوبەرگێکی تەنک هیچی لەبەردا نەبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو تاکو گەرمی ببێتەوە:

- من لە کوێم؟

- تۆ لەسەر لوتکەی چیایەکی سەختیت یەک جوڵەی بچووک دەکرێت ببێتە هۆی کۆتایهاتنت.

- هەست دەکەم تۆ منت بۆیە هێناوە بۆ ئێرە ئەشکەنجەم بدەیت تاکو دەمرم.

- خەمت نەبێت ئەمڕۆ نامریت.

- کەواتە با بگەڕێینەوە بۆ کوخەکە، ئەم کەشە هێندە سارده دەمکوژێت.

- ناگەڕێینەوە هەتاکو ڕاهێنانی ئەمڕۆ تەواو نەکەین.

- کەی ڕاهێنانی ئەمڕۆ تەواو دەبێت؟

- دوای ئەوەی دەمبەزێنیت.

- چۆن بتبەزێنم؟

- هەموو ئەوەی لەسەرتە دەستم لێ بدەیت.

پاشان گوتی:

- ئەگەر توانیت پەنجەم لێبدەیت کەواتە من بەزێنراوم.

- کەواتە هەرگیز ناتبەزێنم، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە جێی خۆم بجولێم دەکەومە خوارەوە و کۆتایم دێت ئەو کاتە بە تەنیا دەگەڕێیەوە کوخەکەت.

فالچییەکە دەیزانی هەستی مەترسی دەبێتە هۆی لاوازی هەستەکانی تری، ئەوەش وا دەکات بە ئاسانی هەوڵی جولە بدات گوتی:

- لایەنێکی هێزت هەیە کە کەس پێی نازانیت، بەڵکو ڕەنگە خودی خۆشت درکت پێنەکردبێت، تۆ ئەو کەسە نیت کە خۆت وێنای دەکەیت، بەڵکو لەوە بەهێزتریت کە پێت وایە.

پاشان گوتی:

- دەمەوێت بگەیت بە کەسێک کە تەواوی هێزەکەت پیشان بدات.

- چۆن بگەمە لای؟

- ئێمە کە لەدایک دەبین لەگەڵماندا بونەوەرێکی تر هەیە پێمانەوە لکاوە وەکو گۆشت و خوێن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆر لە ئێمە لەم جیهانەدا دەڕۆن بەبێ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەین.

- ئەو کەسە کێیە؟

**- قەڕینەکەتە.**

- قەڕین؟

- بەڵێ، قەڕین کە زۆر بە باشی دەتناسێت. ئەگەر بتەوێت بگەیت بە کرۆکی هێزت، دەبێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت و داوای لێ بکەیت بتگەیەنێت بەو جێیە.

- ئایا من و قەڕینەکەم یەک کەسین؟

- نەخێر، ئەو کەسێکە کە پێتەوە نوساوە، بەڵام تۆ گەورەی ئەویت و دەبێت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت.

- لە کوێ بیدۆزمەوە؟

- لە نێو ناختدا دەژی.

- یەکەمین چاوپێکەوتنتان زۆر گرنگ دەبێت، مەهێڵە تووڕەت بکات یاخود دەنگت بەسەردا بەرز بکاتەوە، یاخود ڕای خۆیت بەسەردا بسەپێنێت. ئەم چاوپێکەوتنە پەیوەندی نێوانتان دیاری دەکات لە ڕۆژانی دواتردا.

- ئەی چی بکەم ئەگەر بێفەرمانی کردم؟

لە گیرفانیدا مستیلەیەکی بەردسەوزی دەرهێنا:

- دەستی چەپت بکەرەوە.

عاسف دەستی چەپی هێنایە پێشەوە. هێزە تایبەتەکەی بەکارهێنا تاکو لە هەوادا مستیلەکە بەرەو دەستی عاسف ڕۆیشت.

- ئەم شتە چییە؟

- مستیلەیە، بیکە پەنجەیەکی دەستە چەپت.

مستیلەکە لەبەر ئەوەی پیرۆز و گەورە بوو کردییە پەنجەی ئاماژەی(قامک)، بەڵام ڕاستەوخۆ قەبارەی پەنجەی وەرگرت.

گوتی:

- بۆچی ئەم مستیلەیەم پێ دەدەیت؟

- ئەگەر قەڕینەکەت بێگوێیی کردیت پێی بڵێ کە بۆ هەمیشە لە نێو ئەم مستیلەیەدا بەندی دەکەیت.

پاشان گوتی:

**- ئێستاش قسەی لەگەڵدا بکە، هەموو هێزەکەت کۆبکەرەوە بڵێ سلاو ئەی قەڕین.**

لەگەڵ ئەوەی کەشەکە کرێوە و ساردبوو جێیەکەش مەترسیدار بوو، بەڵام عاسف هێندە هێمن و ئارام بوو کە لە هەر کاتێکی تر زیاتر هەستی پێ دەکرا.

چاوەکانی داخست، هەناسەی هەڵدەمژی بە شێوەیەکی ڕێک تاکو بە تەواوی دابڕا لە دەوروبەرەکەی و گوێی لە دەنگی لێدانی دڵی و ڕۆیشتنی خوێنی دەمارەکانی بوو.

فاڵچییەکە پێی گوت کە چۆن دەتوانێت قەڕینەکەی بانگ بکات:

بۆ چەند خولەکێک بێدەنگ بوو، هێزەکەی کۆکردەوە و هەستی بە ئامادەبوون کرد، گوتی:

**- سڵاوت لێ بێت ئەی قەڕین.**

هەستی دەکرد کە لە گوتنی وشەی قەڕین شتێک لە نێو ناخیدا جوڵاوە وەک ئەوەی ڕۆحی بۆ گەڕابێتەوە.

دوای ئەوەی وەڵامی بەدەست نەگەیشت دووبارەی کردەوە:

**- سڵاو ئەی قەڕین، ئایا تۆ لێرەیت؟**

- لێدانەکانی دڵی بەرەو زیاد بوون دەچوو،نقەی لە خۆی بڕیبوو چاوەڕێی وەڵام بوو، بەڵام بێدەنگیەکەی درێژەی کێشا، ئەم جارە بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی دەست بکەویت، هەستی دەکرد شکستی هێناوە لە گەیشتن بە قەرینەکەی، هێندەی نەبرد ویستی چاوی بکاتەوە و بگەڕێتەوە هۆشی خۆی، بەڵام دەنگێکی وەک دەنگدانەوە لە ناخی دەرکەوت و گوتی:

- چی تۆ هێناوە بۆ ئێرە دوای ئەو هەموو ماوە زۆرە؟

هەستی بە موچڕکەیەکی زۆر دەکرد کە بە هەموو جەستەیەیدا دەهات، هەستی بە هەناسەسواری دەکرد. ئەوە یەکەمین جاری بوو هەست بەوە بکات بونەوەرێک لە نێو ناخیدا دەژی:

- دەمەوێت ڕێنوێنیم بکەیت بۆ بنکەی هێزەکەم.

- بۆچی ئەو کارە بکەم؟

- لەبەر ئەوەی کوێر بووم و پێویستم بەوەیە هەستەوەرەکانی ترم بەکار بهێنم، بجەنگم بەبێ ئەوەی پێویستم بە بینایی هەبێت.

قەرینەکەی گوتی:

- ئەم قسانە بۆ من هیچ ناگەیەنێت.

- ئایا هیچ گرنگ نییە بەلاتەوە تۆش زیندوو بمێنیتەوە و تۆڵە لەو کەسانە بکەمەوە کە فێڵیان لێ کردم و خێزانەکەمیان پارچە پارچە کرد و دەستیان بەسەر دەسەڵاتەکەمدا گرت و گرنگترین هاوڕێکانمیان لێ سەندمەوە؟

- بۆچی بەلامەوە گرنگ بێت؟ تۆ پێشتر هیچ تێکەڵم نەبوویت، پێشتر قسەت لەگەڵدا نەکردووم بۆ یەکجاریش بێت ماوەی ئەو هەموو ساڵەی تێپەڕ بووە، ئێستا لەبەر ئەوەی پێویستت پێم بووە هاتوویت بۆ لام.

پاشان قەرینەکەی پێکەنی و گوتی:

- دەزانیت؟ ئەو ماوانەی پێشوو کە تووشی هەر خراپەیەک دەبوویت زۆر چێژم دەبینی و پێدەکەنیم.

پاشان بە دەنگی بەرز کەوتە قاقای پێکەنین و گوتی:

- زۆر پێکەنیناوی بوویت ئەو کاتەی لە مەزاری شوهەیب بوویت کە لە پشتی چیاوەکەوە وەستابوویت، دواتر سەرسام بوویت بەوەی کە دیتت تاغین وەستاوە لەسەر جەستەی سەربازەکانت لەگەڵ سوپاکەیدا... یاخود ئەو کاتەی کە لە دارستانی ئەخدود دا ئاسنەکە چوو بە قاچدا و ژەهراوی بوویت،

ئەو کاتەشی کە کۆشکەکەت لە بەرچاوت دەسوتا، ئەو کاتە لە هۆش چوویت و دواتر نابینا بوویت.

دەنگی قەرینەکە پێچەوانە بۆیەوە و ترسناک بوو، گوتی:

- ئۆو دەزانیت عاسف چەندە ئاواتەخوازم بمریت، بە ئارامییەوە چاوەڕێم تاکو لە ناخت دەربچم و بە ئازادانە بژیم، دوور لە ناشکوری و پێنەزانییەکەت.

ئەگەر کاتێکی تر بوایە ئەوا ڕاستەوخۆ عاسف هەڵدەچوو، بەڵام دەیزانی چۆن جڵەوی هەستەکانی خۆی بکات و ڕێگەی بە دەوروبەری نەدەدا کە بە ئاسانی کاری تێ بکەن، دەستی چەپی بەرز کردەوە بە هێمنی و گوتی:

- بە مردنی من تۆ ئازاد نابیت لەبەر ئەوەی لەنێو ئەم مستیلەیەدا بۆ هەمیشە بەندت دەکەم و لە جێیکی تەنگەبەر دەتژیێنم، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بتدۆزێتەوە.

کە قەرینەکە مستیلە بەردسەوزەکەی دی، ڕاستەوخۆ کڕنوشی برد بۆ عاسف و خۆی دا بەدەستەوە:

- ببورە گەورەم... ببورە.

عاسف نەیدەتوانی ببینێت، بەڵام بە دەنگیدا هەستی پێ دەکرد کە لە کڕنوشدایە گوتی:

- سەرت هەڵبڕە.

- تکایە بەندم مەکە، دەتبەم بۆ ئەو جێیەی کە کرۆکی هێزەکەتە.

- من فەرمانت پێ دەکەم سەرت هەڵبڕیت.

قەرینەکە سەری بەرزکردەوە و دووبارە دەپاڕایەوە:

- تکایە گەورەم!

مستیلەکەی لە پەنجەی داکەند و فرێیدایە بەردەمی و بە بەزەیی و میهرەبانییەوە گوتی:

- داوای لێبوردنت لێ دەکەم کە لە ڕابردوودا فەرامۆشم کردبوویت و بەرانبەر بەوەشی کە کەمێک پێش ئێستا بە خراپی مامەڵەم لەگەڵدا کردیت... تۆ ئازادیت لەوەی بمبەیت بۆ ئەو جێیە یاخو نا، بەڵام بزانە لە هەردوو بارودۆخەکەدا لەنێو مستیلەکەدا بەندت ناکەم.

قەرینەکە کەمێک بێدەنگ بوو، عاسف پێی وابوو بەو بێدەنگییە یارمەتییەکەی ڕەتدەکاتەوە ئامادەبوو بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی و چاو بکاتەوە، بەڵام لە خوولەکی کۆتایدا قەرینەکە گوتی:

- دەبێت بگەینە نێو قوڵایی ناخی خۆت، لەوێدا وزەکەت چاوەڕێت دەکات، ئەوەندە بەسە دەستی لێ بدەیت ڕاستەوخۆ بە جەستەتدا بڵاو دەبێتەوە.

- ئایا بۆ ئەوێم دەبەیت؟

قەرینەکە دەستی گەورەکەی گرت و گوتی:

- بێگومان بە خۆشحاڵییەوە.

قەرینەکە گەورەکەی بردە نێو ناخی خۆیەوە تاکو گەیشت بەو جێیە، تەماشای کرد ئاوێکی ڕەنگ ڕەش کە پڕ بوو لە ئەستێرەی درەوشاوە لە جێیەکی نادیار دەهاتنە خوارەوە.

قەرینەکە گوتی:

- ئێستا لە بەردەم وزە ڕەشەکەت وەستاویت، تەنیا دەستی لێ بدە.

عاسف دەستی درێژ کرد و خستییە سەر ئاوە ساردەکە، کۆمەڵێک لەرەلەری بەهێـز بەرەو دەسـتی دەهـاتن و بە جەسـتەیدا بڵاودەبوونەوە، چواردەوری بە هالەیەکی ڕەشی گڕگرتوو دەورە درا.

قەرینەکە پێی گوت:

- ئێستا دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئاگایت، چونکە بە تەواوی هێزەکەت وەرگرتووە.

کە عاسف بە ئاگا هاتەوە و چاوەکانی کردەوە ئەم جارە تەنیا ڕەنگی چاوی چەپی سور نەبوو بەڵکو هەردوو چاوی سور بووبوو، هەروەها دەوری درابوو بە هالەیەکی ڕەنگ ڕەشی گڕگرتوو.

ڕاست بوو هێشتا کوێر بوو، جگە لە تاریکی هیچی نەدەبینی، بەڵام بە قووڵی هەستی بە شتەکانی دەوروبەری دەکرد، وەک ئەوەی ماوەی هەزاران ساڵ بێ ئەو هەستەی تێدا چێنرابێت.

لەسەر پێیەکانی وەستا و پاشان بۆ دواوە بازی دا، لە لوتکەی چیا سەختەکەوە کەوتە خوارەوە. فاڵچییەکە هەستی بە ترس کرد هاواری کرد:

- عاسف نەخێررر!!

ڕاستەوخۆ بەرەو جێیەکە چوو تاکو بەڵکو ڕزگاری بکات، بەڵام وزە تازەکەی بەکارهێنابوو بۆ خۆشاردنەوە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت و لە خولەکێک کەمتر دەرکەوتەوە.

پەنجەی دا لە پشتەملی فاڵچییەکە:

- بەزاندمیت.

ئەو کاتە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

- با بگەڕێینەوە کوخەکە.

**

لە ڕۆژانی دواتردا شازیمانیش بە هاوکاری فالچییەکە لە مەشق و ڕاهێنانەکان بەردەوام بوو، عاسف هەرکاتێک شتێکی نوێ فێر دەبوو زیاتر بە ئاسانی دەیتوانی مامەڵەی پێوە بکات.

بەردەوام بوو لە ڕاهێنان و بە قووڵی کاری دەکرد، هەتاکو ڕۆژێک کەسێک هات و لە دەرگای دا، ئەو کاتە عاسف گوێبیستی دەنگەکە بوو دەرگای کردەوە گوتی:

- سوپاس بۆ ئاسمان کە تۆ زیندوویت جەنابی خاوەنشکۆ.

سەرسام بوو کە گوێبیستی ئەو قسەیە بوو، لەبەر ئەوەی ئەوە سەرکردەی فەیلەقی دووەم بوو کە گرنگی بە پاسەوانانی کۆشک و سەلامەتی دوورگەی ئەرباب دەدا. ئەو کەسە هاوڕێکەی بوو "وەزیرە خەیزەران".

پێی گوت:

- دەزانم کێ ناپاکی لێ کردوویت جەنابی خاوەنشکۆ، تەواوی پلانەکەتی بۆ تاغین ئاشکرا کردووە، ئەو کەسەش سوندووس بووە

له بەرانبەر ئەوەی تاغین بەڵێنی پێی داوە کە دوای خۆی ببێتە پادشا.

عاسف گرنگی بەو قسانە نەدەدا، ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو سەلامەتی هاوڕێکەی بوو.

وەزیرە خەیزەران بەردەوام بوو لە قسەکردن:

- بە یارمەتی سەربازانی زیندانەکە هەڵهاتووە، پاشان بەدوای تاغیندا گەڕاوە و کە دۆزیویەتییەوە پلانەکەتی بە وردی بۆ باس کردووە.

عاسف قسەکانی فەرامۆش کردبوو، ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو ئەوەبوو کە هاوڕێکەی سەلامەت بوو:

- سوپاس بۆ خودا کە تۆ سەلامەتیت، پێمان وابوو کەس لە فەیلەقی دووەم ڕزگاری نەبووە، ئایا بێجگە لە تۆ کەسی تر ڕزگاری بووە خەیزەران؟

- نەخێر، جەنابی خاوەنشکۆ من تاکە ڕزگاربووم.

## ٣

# تاکە ڕزگار بوو

وەزیرە خەیزەران لە نزیک گەرمکەرەوەکەی کوخەکە دانیشتبوو خـواردنی دەخـوارد، لەو کـاتەدا عاسـف و فـاڵچییەکە و شـازیمان چاوەڕێ بوون خواردنەکەی تەواو بکات.

عاسف لێی پرسی:

- پێمان بڵێ چۆن توانیت ڕزگارت ببێت؟

خەیزەران دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەر لە سەرەتای هێرشکردنە سەر دوورگەکە:

- لە سـەرەتاوە فەیلەقەکەمـان تـوانی سـنووری دوورگەکە بپارێزێت، بەڵام دەمزانی سەربازەکانمان ناتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگـری بـکەن، بـۆیە فەرمـانم دا بە هەڵگـری بـوقەکە پێیـان بڵێـت بکشێنەوە بەرەو کۆشک.

لەو کاتەدا فەیلەقی دووەمیش بوون بە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان کشانەوە و بەشەکەی تریش پارێزگاریان لە بەشە کشاوەکە دەکرد.

هێنـدە ڕووداوەکـان کاریگەریـان لە وەزیـرە خەیـزەران کردبـوو نەیدەتوانی چیرۆکەکە تەواو بکات، فاڵچییەکە لە جیاتی ئەوە قسەکانی تەواو کرد:

- تـاغین تـوانی بەسـەر ئەو کـۆمەڵەیەدا سـەربکەوێت و بگـاتە کۆشـک، بەڵام تـۆ پێت وابـوو دەرگـا و پەنـجەرە و دەروازەکـان بە تەلیسمەکان داپۆشراون و دەتانپارێزن وانییە؟

خەیزەران سەری لەقاند گوتی:

- پێم وانەبوو کە ئاگر لە کۆشک بەربدات.

فـاڵچییەکە تـورە بـوو، لەبەر ئەوەی ئەوەی ئەنجـام درابـوو هەڵەیەکی سەربازی زۆر زەق بوو:

- چـۆن دەبێـت لەوەدا هەڵە بکەیـت لە کاتێکـدا تـۆ یەکێکیـت لە وەزیـرە زیرەکەکـان؟؟ دەبـوو بتزانییـانە ئەو فەیـلەقە هێڵـی بەرگـری کۆتایی ئەبابیلن، دەبوو متمـانە بە سـەربازەکانت بکەیت و تـا کۆتـایی بجەنگن.

وەزیرە بێدەنگ بوو، پاشان بە پەشیمانییەوە گوتی:

- ترسـام شـاژن و شـازادەی بچکـۆلە شـتێکیان لـێ بەسـەر بێت، ویستم بیانپارێزم.

شازیمان پرسی:

- چۆن توانیت ڕزگارت ببێت لە کاتێکدا هیـچ کەس لە فەیلقەکەت نەماونەتەوە؟

- لە ژێر جەستە مردووەکانی ئەواندا خۆم شاردەوە تاکو تاغین و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ڕۆیشتن... ئەو کاتە توانیم ڕابکەم.

- تەواوی ئەم سێ ساڵەی ڕابردوو لە کوێ بوویت؟

- لە سـەرەتادا نەمـدەزانی بـۆ کـوێ بچـم، پـێم وابـوو تـاغین هەمووانی کوشتووە، هەر بۆیە ئەبابیلم جێهێشت تاوەکو بارودۆخەکە

هێور بۆیەوە دواتر گەڕامەوە... مەبەستم ئێستا هاتم بۆ لای فاڵچییەکە تاکو داوای ئامۆژگاری لێ بکەم بەڵام ئێوەشم لێرە دیتەوە.

شازیمان ویستی پرسیارێکی تر بکات، بەڵام عاسف بە دەستی ئاماژەی بێدەنگی بۆ کرد و گوتی:

- با لەوە زیاتر ماندووی نەکەین بە پرسیار، دەبێت خەیزەران پشوو بدات.

وەزیرە تەماشای کرد و بە شەرمەوە هەستی بە ئازار لە چاویدا دەکرد:

- ببورە کە بێئومێدم کردیت، تکایە بمبورە.

دەیزانی کە نەدەبوو ئەو بڕیارە بدات بەسەر فەیلەقی دووەمدا، بەڵام ئەگەر ئەویش بوایە هەمان کاری ئەنجام دەدا بۆ ڕزگارکردنی هاوسەر و کچەکەی.

- داوای لێبووردن مەکە بۆ ئەوەی ئەنجامت داوە، بۆیە وات کردووە پێت وابووە ڕاستە.

پاشان گوتی:

- بەڵێن بێت تۆڵەی لێ بکەینەوە لە کاتی گونجاودا..

وەزیرە خەیزەران ڕووی گەشایەوە، گوتی:

- هەر لەبەر ئەوەش هاتووم بۆ کوخی فاڵچییەکە تاکو داوای ئامۆژگاری بکەم.

پاشان بێدەنگ بوو، دواتر گوتی:

- پلانێکی زۆر باشم هەیە بۆ تۆڵەکردنەوە لە تاغین .

٤

# پلانی وەزیر

ڕستەی کۆتایی وەزیر کاری تێکردن و سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەوەی کە دەیویست بیڵێت.

لە کۆتاییدا پلانەکەی ئاشکرا کرد:

- هەواڵی دڵنیام پێیە کە دەڵێت تاغین سبەی دەچێت بۆ سەردانی هۆزەکان و لادێکانی ئەبابیل تاکو بەڵێنی دڵسۆزییان لێ وەربگرێت، سەرەتاش لە دێی جەساسەوە دەست پێ دەکات.

لێدانی دڵی عاسف زیادی کرد کە گوێبیستی ئەو زانیارییە بوو، بەلام فاڵچییەکە بە گومان بوو، گوتی:

- چۆن ئەم هەواڵەت پێ گەیشت لە کاتێکدا تەواوی شەوەکە لە دەرەوەی ئەبابیل بوویت؟

وەلامی دایەوە:

- لە نێو کۆشکدا هەندێک خزمەتکاری بەوەفام هەیە بۆ خێزانی ئیمپراتۆر ئەو هەوالانەم بۆ دەهێنن. ڕووی کردە هەرسێکیان و گوتی:

- ئەگەر سبەی لە بەیانیدا بتوانن هەندێک سەرباز کۆبکەنەوە و هێرش بکەین بە ئاسانی دەتوانین تاغین بکوژین.

کاریگەرییەکی گەورەی دروست کرد بە قسەکانی.

شازیمان بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی:

- ڕاستە کە کاتی کەممان ماوە بۆ سبەی، بەڵام ئەگەر بڕیاری هێرشکردن بدەن ئەوا دەتوانم لە هۆزەکەم هەندێک سەربازی بە توانا کۆ بکەمەوە.

فاڵچییەکە گوتی:

- ئەم ئامادەکارییە بەس نابێت بۆ دڵنیایی بردنەوە، دەبێت چاوەڕێی هاوپەیمانێتی حەکیم و شمالی بکەین.

پاشان ڕووی تێکرد و گوتی:

- تاغین ئێستا کەسێکە کە خاوەنی ئەبابیلە، ئەمەش مانای ئەوەیە هاوپەیمانییەتییەکانی بەهێزن، ئەو لەگەڵ هۆزی پەراوێزدا هاوپەیمانی ناکات بەڵکو لەگەڵ هۆز و تیرە بەهێزەکاندا دەیکات.

وەزیرە خەیزەران گوتی:

- بەڵام ئێمەش بانگێشتی جەنگی ناکەین تاکو لە دژمان بوەستێتەوە، بەڵکو دەبێت پێشبینی هێرشەکەمان نەکا لە هەر بارودۆخێکدا، ئەمەش مانای وایە لەگەڵ کۆمەڵەیەکی کەم دەبێت لە سەربازەکانی و بەو جۆرە سەرکەوتنمان یەکلایی دەبێتەوە.

پاشان بە عاسفی گوت:

- تکایە گەورەم متمانەم پێ بکە.

عاسف ڕووی لەو جێیە کرد کە فاڵچییەکە دانیشتبوو پرسی:

- ڕات چییە؟

- دڵم نیگەرانە بەم بابەتەکە کوڕەکەم، بەڵام تۆ هەر بڕیارێک بدەیت لە هەر بارودۆخێکدا ئێمە لە پشتت دەبین.

بەرەو ڕووی شازیمان پرسی:

- تۆ چی دەڵێیت شازیمان؟

- ئەگەر ئەو زانیارییانەی وەزیرە پێی داوین ڕاست بێت، ئەوا بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵات منیش بەلامەوە باشە.

**

عاسف هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و بیری لە پلانەکەی وەزیرە دەکردەوە بە دەنگی بیستراو کە ئەوانی تر گوێبیستی بوون:

- باشترین کات بۆ هێرش کردنە سەر دژمنەکەت ئەو کاتەیە کە چاوەڕێی هێرش ناکات. سبەی تاغین دەچێت بۆ لای ئەو هۆز و تیرانەی نێو ئەبابیل تا بەڵێنی دڵسۆزییان لێ وەربگرێت و سەرەتا لە جەساسەوە دەست پێ دەکات، بە شێوەیەکی ئاسای ئەگەر هێرش بکەین ئەوا بێگومان سەرکەوتوو دەبین لە زۆربەی بارودۆخەکاندا.

لەو کاتەدا کەمێک بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا.

ڕووی کردە وەزیرە و گوتی:

- ئێستا کاتی ئەوەیە تۆڵە بکەینەوە و دەسەڵات وەربگرینەوە.

وەزیرە سەری لەقاند و گوتی:

- دەچم تاکو هەندێک ئامادەکاری بکەم و لە بەیانیدا دەگەڕێمەوە.

بەر لەوەی بڕوات گوتی:

- سوپاس کە متمانەت پێ کردم.

شازیمانیش سەری ڕێزی دانەواند و گوتی:

- هەر کاتێک فەرمانی هێرش بدەیت سەربازەکان لە ژێر فەرمانی تۆدا دەبن.

**

عاسف لە گیرفانیدا پارچە چەرمەکەی دەرهێنا و خۆی برینداد کرد و بەر لەوەی خوێنەکەی بەسەردا بکات:

فاڵچییەکە پرسی:

- بۆچی ئەو پاچەیەت دەرهێنا؟ دەتەوێت چی بکەیت؟

- هاوڕێکانم دەگەڕێنمەوە، دەمەوێت سبەی لەگەڵمدا بن لە جەنگەکە.

- نەکەیت.

- بۆچی؟

پلانێکی تری دانا:

- ڕەنگە سبەی نەتوانین کارەکە ئەنجام بدەین.

- ئەمە چ قسەیەکە دەیکەیت ئەی فاڵچی؟

- ئەوە پێم گوتیت ئەی نەوەکەم کوڕی جومانا.

- لێیان گەڕێ.

- بەڵام...

پێی بڕی:

- تکایە لەبەر من لانی کەم.

دووبارە پارچە چەرمەکەی کردەوە گیرفانی و گوتی:

- لەبەر تۆ وا دەکەم.

**

زۆر بە حەماس بوو بۆ تۆڵەکردنەوی سبەی.

بەڵام هەرگیز بە مێشکیدا نەدەهات کە کۆتاییەکەی لە جەساسە دەبێت.

## ٥

## ڕۆژی ڕووبەڕوو بوونەوە، تۆڵەکردنەوە، جەساسە

لە بەیانی ڕۆژی دواتردا لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا وەزیرە خەیزەران لە بەردەم کــوخەکەدا کە بەفــر گرتبــووی دەرکەوت، عاســف و فاڵچییەکەش لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕێیان دەکرد.

هەوڵی یەکلایکەرەوەی پێبوو، گوتی:

- تاغین ماوەی چەند کاتژمێرێکی کەمە دەستی بە جوڵە کردەوە لە کۆشکەوە تاکو بگاتە جەساسە، دەبێت ئێمەش خێرا بڕۆین تاکو بەر لەوان بگەینە ئەوێ.

عاسف تا زیاتر نزیک بوایەتەوە لە دەروازەی کێوی غوراب زیاتر هەستی بە نزیکبوونەوەی مەترسییەکان دەکرد، گوتی:

- ئامادەکارییەکانی شازیمانیش گەیشتوون.

لەگەڵ قســەکەیدا لەنێــو کرێــوە و ســەرماکەدا هەزار گــورگی جەنگاوەر دەرکەوتن کە شازیمان خۆی پێشڕەوی دەکردن.

شازیمان لێی نزیک بۆیەوە و گوتی:

- ئەگەر کاتی تەواومان لەبەردەست بوایە ئەوا تەواوی هۆزەکەم دەهێنایە دەرەوە.

وەزیرە گوتی:

- پێویستمان بەو هەمووە نابێت، ئەوەی هێناوتە بەسە.

فاڵچییەکە ڕووی کردە عاسف و گوتی:

- دڵم هیچ ئاسوودە نییە بەم کارە کوڕەکەم..

عاسف هەستەکەی فەرامۆش کرد و شازیمان پشتی بە عاسف بەستبوو، گوتی:

- ئێستا بجوڵێ.

فاڵچیەکەش چووە سەر پشتی یەکێک لە گورگەکان بە هەمان شێوە خەیزەرانیش، پاشان هەموویان بەرەو جەساسە بەڕێکەوتن.

**

کە گەیشتنە ئەوێ، خۆر بە تەواوی هەڵهاتبوو لە ئاسۆوە.

وەزیرە خەیزەران و هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، لە خاڵێکدا کۆبوونەوە.

ئەو جێیەی کە بۆی دەچوون زەوییەکی کراوە بوو لە بەشی سنووری باکوری جەساسە... وەزیرە خەیزەران فەرمانی دا هەمووان بوەستن و لەسەر پشتی گورگەکە دابەزی و چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە و ڕووبەڕوویان وەستا، پاشان زەردەخەنەیەکی سەیری کرد و گوتی:

**- چەنده گەمژە و خۆشبڕوان بە یەکجار هەموو خواردنەکەتان قوتدا.**

**

هەمووان شڵەژان کە گوێبیستی ئەو قسەیە بوون، بەر لەوەی بکەونە نێو تەڵەکەوە خەیزەران بە بنی پێی کێشای بە زەوییەکەدا، لە ژێر زەوییەکەوە سێ هەزار شەیتانی شێت و هار هاتنە دەرەوە.

ڕاستەوخۆ شـەیتانەکان عاسـف و هاوڕێکانیـان گەمـارۆ دا و لە جێی خۆیان چاوەڕێ بوون خەیزەران فەرمانی هێرشکردن بدات.

عاسـف شـڵەژا، هەسـتی بە نزیکـی مردنـی خـۆی و هاوڕێکـانی دەکـرد، زیـاتریش لەبەر ئەوەبـوو کۆتـاییەکەی بە دەسـتی یەکێـک لە هاوڕێ نزیکەکانی دەبێت.

فاڵچییەکە بە نیگەرانییەوە بە خەیزەرانی گوت:

- ئەگەر ئەمە گاڵتەیە خەیزەران ئەوا دەمەوێت پێت بڵێم کە زۆر بێمانـایە، ئەگەر بە ڕاستیشـتە ئەوا نەفرەتـی ئاسـمانەکانت بەسـەردا ببارێت.

یەکێک کە شەیتانەکان گوتی:

- ئەمە گاڵتە نییە ئەی فاڵچی.

عاسف بە دەنگەکەدا ناسییەوە کە ئەوە **تاغینە**.

فاڵچییەکە لەوێدا بە تەواوی ڕاستییەکەی بۆ دەرکەوت:

**هاتنی خەیزەران بۆ کوخەکە پلان بۆ داڕێژراو بـووە، هاتنیـان بۆ ئەم ناوچەیە بە پلانی تاغین بوو.**

**سوندووس ئەو کەسە نەبوو کە ناپاکی لە پادشا کـرد، بەڵکو وەزیرە خەیزەران بوو.**

**فەرمـانی بە فەیلەقـی دووەم کـرد کە بگەڕێـنەوە بـۆ کۆشـک، ئەویش تەنیا لەبەر ئەوە بوو ڕێگا بۆ تاغین پاک بکـاتەوە تـاکو بتوانێت بە ئاسانی بگات بە کۆشک.**

**

شـەیتانەکان گەمارۆیـان دابـوون لە هەمـوو لایەکەوە، شـازیمانیش لەگەڵ سـەربازەکانیدا ئامـادە بـوو بـۆ شـەڕ، بەڵام لەبەر ئەوەی

بارودۆخیـان لەوە لاوازتـر بـوو دەستپێشـخەری بـکەن بە شـەڕ بـۆیە بێدەنگ بوون،

فاڵچییەکە ڕووی کردە خەیزەران و گوتی:

- ئەوانە کەسانی دڵسۆزی ئیمپراتۆر بوون، چۆن توانیت باوەڕیان پێ بهێنیت و بە ئاسانی ناپاکیمان لێ بکەن؟

تاغین خۆی هەڵقورتاند:

- **بە خۆشەویستی.**

- مەبەستت چییە نەفرەتی؟

لەوێدا مەبەستی ڕاستەقینەی فاڵچییەکە ئەوە بـوو کە کەمێک کات بگەڕێنێـتەوە بـۆ خۆیـان تـاکو دەرفەتـی دەربـازبوون بـدۆزنەوە، لە ڕاستیدا ڕاستییەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام تاغین هۆکارێکی تری هەبوو لە ڕوونکردنەوەی چیرۆکەکە:

- چیرۆکەکەت بۆ بـاس دەکەم نەک لەبەر تـۆ، بەڵکو لەبەر ئەوەی پاش کەمێکی تر کە مردیت ئەو کاتەی چاوت بە جەبار دەکەوێت بۆی بـاس بکەیـت، بەوەش زیـاتر خەم و پەژارە دایـدەگرێت و دڵتەنـگ دەبێت.

دەستی کرد بە گێڕانەوەکە:

- لەو کاتەی هەمووان سەرقاڵ بوون بە کێشەکانیانەوە کە لە نێو کۆشکدا ڕوویدابوو پشێوی دروست بووبوو لەسەر خاکی ئەبابیل، بە ئاسـانی لە شـەودا تـوانیم بـێمە سـەر دوورگەکە بەبـێ ئەوەی کەس هەسـتی پـێ بکـات و ڕاسـتەوخۆ چـوومە کـوخەکەی خەیـزەران و دەرگاکەی کردەوە.

لەو شەوەدا کە وەزیرە هات و دەرگاکەی کردەوە دیتی پیاوێک لە بەردەمیدا وەستاوە:

- تۆ کێیت؟

تاغین چووە ژوورەوە ڕووناکییەکانی هەڵکرا و پەچەکەی لە دەموچاوی کردەوە و کەمێک ورد بۆوە... وەزیرە هێندی نەمابوو سەربازەکان بانگ بکات، بەڵام کە دەمی کردەوە تەنیا گوتی:

- چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

ئەویش بە چاوی شەهوەت و حەزەوە تەماشای دەکرد:
- ماوەیەکی زۆر تێپەڕبووە نەمدیویت، دوای ئەو ماوەیە بە جوانی ماویتەوە.

لەبەر چاوەکانی لا نەدەچوو.

- پێم وانییە سەرکێشیت بە ژیانتەوە ئەنجام دابێت تاکو بێیت و ئەم قسانە بە من بڵێیت، پێم بڵێ بۆچی هاتوویت؟

گوتی:

- ئەرکێکی بچووکە ئەنجامی دەدەیت، لە بەرانبەردا دەتکەم بە شاژن.

- ماوەیەکی زۆر تێپەڕ بووە، پێدەچێت زیاتر خڵەفابیت.

تاغین هەوڵی دەدا توڕەبوونی خۆی جڵەو بکات:

- بۆچی وەها دەڵێیت؟

- لەبەر ئەوەی ناتوانم بە ڕێکەوتنێکی لەم جۆرە ڕازی ببم.

- بەڵام ڕێگەیەک هەیە.

چاوی بڕییە نێو چاوی و گوتی:

**- یارمەتیم بدە ببمە پادشا دەتکەم بە شاژن.**

لەو کاتەدا پێشنیاری هاوسەرگیری بۆ کرد لەوەش زیاتر ببێتە شاژنی، لە ڕاستیدا خەیزەران ئەو ئافرەتە بوو کە تاغین بە نهێنی خۆشی دەویست لە ناو پانزە کۆیلەکەی کۆشکدا کە بە دیاری لە مەملەکەتی نوورەوە هاتبوون.

خەیزەرانیش خۆشی دەویست بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە بارەی نییەتە خراپەکانییەوە بزانێت، داوای لێکرد کە پەیوەندییەکە بە نهێنی بهێڵێتەوە، چونکە نەدەگونجا یەکێک لە وەزیرەکانی کۆشک عاشقی کۆیلەیەک ببێت.

بەڵام کە تاغین تۆڵەی لە خێزانی یمپراتۆر کردەوە و لەو ڕۆژانەدا بەسەریاندا هەڵگەڕایەوە وەزیرە ئەوەی هەڵبژارد کە لە پشتی جەبار بێت و دەستبەرداری خۆشەویستییەکەی بێت.

**

تاغین قسەکەی بۆ دووبارە کردەوە:

**- یارمەتیم بدە ببمە پادشا دەتکەم بە شاژن.**

- بەڵام ئەی جەبار؟

قسەکەی پێ بڕی:

- مرد خەیزەران، جەبار مرد.

- وەسییەتی کردبوو لە دوای خۆی کە نەوەکەی ببێت بە پادشا، بۆیە ناتوانم سەرپێچی وەسیتەکەی بکەم.

دەیزانی کە گەڕانەوە بۆ عەرشەکەی بەبێ یارمەتی خەیزەران نابێت، هەر بۆیە بە باشی خۆی ئامادە کردبوو بۆ بینینی تاکو بتوانێت بابەتی وەسیتەکەی لە بیر بباتەوە:

- جەبار بەر لە مردنی دەیویست بیر لە پلانێک بکاتەوە تاکو ئەو هەڵەیەی ئەنجامی داوە بەوەی کە کچەکەی 'جومانا'ی لە خێزانەکە دەرکردووە ڕاست بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەش عاسفی کوڕی کرد بە پادشا، ئەگەر نا لە ڕاستیدا عاسف کەسێک نییە شایەنی پادشایەتی بێت، لەبەر ئەوەی کەسێکی هەڵەشەیە و هەمیشە خراپەکاری و ئاشوب دەهێنێت بۆ ئەبابیل و خەڵکەکەی.

- من هاوکاری دەبم لە کاروباری پادشایەتیدا.

بە توورەبوونەوە گوتی:

- بەڵام تۆ بە باشی یاساکان دەزانیت، ئەو کاتەی کە پادشای تازە دێتە سەر حوکم یەکەمین کارێک کە ئەنجامی بدات گۆڕینی دار و دەستەو وەزیرەکانی پادشای پێشووە، دڵنیا بە سەرەی لەکارلابردنی تۆش دێت.

- ...

- متمانەم پێ بکە.

- چۆن متمانەت پێ بکەم لە کاتێکدا جارێک ناپاکیت لێ کردووم؟

- من ناپاکیم لێنەکردیت خەیزەران، من ئەمجارە هەرگیز متمانەت ناشکێنم... ئەو ڕۆژانە هەر کە کەوتمە داوی خۆشەویستیتەوە ڕاستەوخۆ پێم گوتیت، بەڵام کۆمەڵێک هۆکارم هەبوو ئەو کاتە وای کرد بکشێمەوە، ئەزانیت چیت پێ گوتم؟

بیری وەڵامەکەی خۆی کەوتەوە:

- بیر لە سبەی مەکەرەوە لەم ساتەدا بژی وەک ئەوەی کۆتایی بێت...

تاغین دوو هەنگاو لەنێو کوخەکە چووە پێشەوە و دڵنیاکردنەوەی.

- بەڵام ئەمجارە ڕێگە نادەم لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا لە یەک دابڕێین، بۆ هەمیشە لەگەڵتدا دەژیم.

پاشان وەک ئەوەی یاری بە هەستی دایکایەتی بکات گوتی:

- دوای ئەوەی لە عاسف ڕزگارمان دەبێت هاوسەرگیری دەکەین و دەتکەم بە شاژن و کۆمەڵێک شازادەی بچکۆلەبچکۆلەمان دەبێت، دەڵێیت چی؟

لەو کاتە تاغین هەستی دەکرد چەند هەنگاوێک چۆتە پێشەوە لە بابەتەکە، دەنگی پێی کەسێک دەهات لە دەرەوەی کوخەکە کە نزیک دەبۆیەوە لە دەرگاکە، خەیزەران بە پەنجەی ئاماژەی پێی گوت بێدەنگبێت.

کەسێک لە دەرگای دا، هەردووکیان بە نیگەرانییەوە تەماشای یەکیان کرد و خەیزەران گوتی:

- پێم وابێت کەسێک زانیویەتی تۆ لێرەیت!

- پێت وایە ئەگەر بزانن من لێرەم مۆڵەتی هاتنەژوورەوە وەربگرن؟

- برۆ و دەرگاکە بکەرەوە، بە هێمنانە ڕەفتار بکە.

خەیزەران دەرگاکەی کردەوە، ئەیوب لە بەردەرگا بوو، تاغین خۆی لە پشتی دەرگاکەوە شاردەوە و گوێبیستی ئەو قسانە بوو کە لە نێوان ئەو و ئەیوبدا کران.

ئەو کات گوتی:

- کێ منی دەوێت؟

- پادشا.

- چی دەوێت؟

- دەیەوێت چاوی پێت بکەوێت.

- ئایا هۆکارەکەی پێ نەگوتوویت؟

- بچۆ بۆ کۆشک ئەوکات دەزانیت.

- ئەی تۆ بۆ کوێ دەچیت؟

تاغین گوێبیستی ئەو قسەیە بوو گوتی:

- دەچم ئەوانەی تر کۆدەکەمەوە.

خەیـزەران هـاتەوە ژوورەوە دوای ئەوەی ئەمینـداری کۆشـک ڕۆیشت، تاغین پرسی :

- ئایا متمانە بە من دەکەیت؟

خەیزەران کەمێک بیری کردەوە کە عاسف ناتوانێت داهاتووی بۆ دابـین بکـات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ تاغینـدا بێـت ئەوا داهـاتوویەکی جێگیری دەبێت. گوتی:

- متمانەت پێ دەکەم بەڵام نابێت بمخەڵەتێنیت.

- بەڵێنت پێ دەدەم.

- ئێسـتاش بـڕۆ و بـزانە عاسـف چـی لێتـان دەوێـت و هەنگـاو بە هەنگاو بۆم باس بکە.

بەو جـۆرە تـاغین تـوانی وەزیـرە خەیـزەران هەڵبخەڵەتێنێـت و هەنگاو بە هەنگاوی عاسف بزانێت و پلانی لە دژ دابڕێژێت.

**

کە تاغین تەواو بوو لە گێڕانەوەکەی بۆ فاڵچییەکە:

- کوڕەکەت دایک و باوکی کوشتم، لانی کەم شایەنی ئەوە بوو.

فاڵچییەکە گوتی:

- باوکت ڕێکخراوێکی بۆ دزیکردن لە خەڵک دانابوو، دایکت هێرشی کردە سەر سەربازەکانی پادشا.

تاغین هاواری کرد:

- درۆیە.

پاشان گوتی:

- ئەگەر کوڕەکەت بە باشی خەڵکەکەی بەخێو بکردایە ئەوا باوکم ناچار نەدەبوو دزی بکات بۆ بژێوی منداڵەکانی.

- پادشاکان کاریان پاراستنی سەلامەتی و ئاسایش و دادپەروەریکردنی خەڵکیە. خەڵکەکە لە بەرانبەردا دەبێت کاربکەن و کۆشش بکەن و ڕزق پەیدا بکەن. بەڵام من داوای لێبوردن دەکەم لە بەرانبەر نەزانییەکەت، لەبەر ئەوەی لە کۆتاییدا تۆ دزی کوڕی دزیت، هیچ لەبارەی حوکمڕانییەوە نازانیت.

- باوکم بێتاوان بوو.

بە ساردییەوە گوتی:

- ئەگەر باوکت تەمبەڵ بووبێ، هیچ ویستێکی نەبووبێت بە شەرەفەوە کار بکات ئەمە مانای ئەوە نییە بێتاوانە.

قسەکانی ڕاستەوخۆ وەک ئەوە بوو زلەیەکی توند لە دەموچاوی بدات، هەر بۆیە لە ڕقا ڕاستییەکی گوت کە کەس پێی نەدەزانی جگە لە خۆی.

- هەمووتان پێتان وایە کە جەبار بەهۆی ئەو ڕمە جادووییەوە مردووە کە بە پشتیدا چووبوو بەڵام کەستان ڕاسییەکە نازانن.

پاشان گوتی:

- جەبار مرد لەبەر ئەوەی پزیشکە جنەکان کە لە بەرچاو ئێوەدا وەها ڕەفتاریان دەکرد خەمی جەباریانە، لە ڕاستیدا کاریان بۆ من دەکرد. لەبەردەمتاندا هەلی چاکبوونەوەی هەبوو و دەژیا بەڵام من وام کرد ژەهرەکە لە جەستەی بڵاو ببێتەوە و بمرێت..

پاشان هاواری کرد و گوتی:

**- بە کوڕە پاڵەوانەکەت بڵێ با لە مردن زیندوو بێتەوە و ڕووبەڕووم ببێتەوە!**

فاڵچییەکە هۆشی لەدەست دا کە زانی دەکرا کوڕەکەی چاک بوایەتەوە لەو ڕووداوە و بژیایە بەڵام کوژرابوو... بۆیە ڕاستەوخۆ لە جێی خۆی ون بوو لە تووڕەییدا بەرەو ڕووی تاغین دەچوو هەر شەیتانێک دەهاتە بەردەمی لێیدەدا تاکو گەیشتە بەردەم تاغین .

ڕاستەوخۆ شەیتانەکان گرتیان و لە بەردەمی دووریان خستەوە.

فاڵچییەکە بە هەموو هەوڵێکی خۆی پێشڕەوی دەکرد و پەلاماری دەدان، ئەوانیش بە لێشاو پەلاماریان دەدا، هێندی نەمابوو زیانی پێ بگات ئەگەر عاسف فریای نەکەوتایە، چونکە شەیتانەکان ئەوەندە زۆر بوون بە تەنیا توانای کشانەوەی نەبوو بۆ جێیەکی سەلامەت، بەڵام عاسف بە بەکارهێنانی وزە نوێیەکەی توانی بگاتە لای و بیگەڕێنێتەوە دواوە بۆ ناوچەی سەلامەت.

بەو جۆرە جەنگەکە لە نێوانیاندا ڕوویدا کە هەموو سەرکەوتنەکان جار لە دوای جار لە بەرژەوەندی خەیزەران و هاوەڵانی بوو.

عاسف و هاوڕێکانی بەرەو لاوازی دەچوون تاکو یەکێک لە گورگەکان هاواری کرد:

- شازیمان دەکوژن ڕزگاری بکەن.

عاسف هەوڵی دا ڕزگاری بکات، بەڵام لە گەیشتن پێی دواکەوتبوون، لەبەر ئەوەی سیان لە شەیتانە بەهێزەکان سەری شازیمانیان لە لاشەی کردبۆیەوە.

هێندە تووڕەیی دایگرت کە زانی سێ شەیتانەکە شازیمانیان کوشتووە هەرسێکیانی لەنێو لەپی دەستیدا کرد بە خۆڵەمێش.

جگە لەوەی بە مردنی شازیمان زیاتر ورەی گورگەکان دابەزی ئەوەش وای کرد بە ئاسانی شەیتانەکان بیانبەزێنن.

دوای چەند کاتژمێرێک، هەر هەزار گورگەکە کوژران و کەسیان نەمایەوە جگە لە فالچییەکە و عاسف نەبێت، بۆیە گەمارۆ دران و چاوەڕێی فەرمانی کۆتای بوون.

عاسف وەستابوو پشتاوپشتی فاڵچییەکە، دەیانزانی لەنێو چ مەترسییەکی گەورەدان.

ڕاستبوو ژمارەی شەیتانەکان کەم بووبۆیەوە بۆ نەوەت دانە، بەڵام هێندە ماندوو بووبوون بەبێ یارمەتی دەرەکی نەیاندەتوانی بیانبەزێنن.

- پێدەچێت ئەمە کۆتایمان بێت ئەی فاڵچی.

- با بیانکوژین هێندەی دەتوانین.

پاشان هەریەکەیان بە ئاراستەیەک دەرچوون.

**

لەبەر ئەوەی فاڵچییەکە بە تەمەنتر بوو لیاقەی کەمتر بوو، جگە لەوەش ماوەیەکی زۆر بوو بەشداری جەنگی نەکردبوو، زوو هەستی بە ماندووبوون دەکرد و جوڵەکانی خاو بووبونەوە.

خەیزەران کە ئەوەی هەست پێکرد ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی چوو، بە هەموو هێزی مستێکی لێدا و تەختی زەوییەکەی کرد.

عاسف هەستی بەوە کرد کە شتێک ڕوویداوە ڕاستەوخۆ ئاوڕی دایەوە و بەرەو لای چوو بەبێ ئەوەی گوێ بە سەلامەتی خۆی بدات.

بۆ شەیتانەکان ئاسان بوو ئەو هەلە بقۆزنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هاوڕێیەتیەکی کۆن لە نێوانیاندا هەبوو خەیزەران بڕیاری دا تا کۆتایی بیهێڵێتەوە، فەرمانی دا:

- بگەڕێنەوە دواوە.

شەیتانەکان گەڕانەوە دواوە گەمارۆی عاسف و فاڵچییەکەیان دابوو لە هەموو لایەکەوە.

عاسف دەموچاوی فاڵچییەکەی پاک کردەوە لە تۆز وخۆڵ:

- خەمت نەبێت دەتبەم بۆ لای حەکیمە نارەسەنەکە تاکو چارەسەرت بکات.

پاشان دەستی کردە گیرفانی ئەو پارچە چەرمەی دەرهێنا کە پاراستبووی بۆ بانگکردنی هاوڕێکانی و فاڵچییەکە گوتی:

- پێویست ناکات هاوڕێکانت بخەیتە مەترسییەوە، چونکە ئەگەر بێن دەکوژرێن.

پاشان سەری هەڵبڕی، ڕووا و ڕووی ئاسمان بە گریان و خەمبارییەوە وەک ئەوەی تەواو ماڵئاوایی بکات. گوتی:

**زۆر هەوڵ دەدەیت کوڕەکەم بەڵام هەموو هەوڵەکانت شکست دەهێنێت، کچەکەشت دەگەڕێتەوە ئەو کاتە دووبارە عەرش دەگەڕێتەوە دەستی ئیمپراتۆر، ئەوەی کچێکی ببێت هەرگیز نابەزێت کوڕەکەم، نابەزێت.**

بە گومانەوە پرسی:

- ئایا کچەکەم باشە ئەی فاڵچی، ئایا کچەکەم ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕێتەوە بۆ لام؟

دەمی کردەوە وەڵامی بداتەوە بەڵام مرد.

چاوەکانی داخست و ماڵئاوایی لێ کرد، توند نوساندبووی بە دڵییەوە.

- ماڵئاوا ئەی فاڵچی.

لە جێی خۆی دانیشتبوو وەک ئەوە ڕۆحی کێشرابێت.

**

خەیزەرن لێی نزیک بۆیەوە تاکو تەواو لە پاڵیدا وەستا و دەستی خستە سەر شانی و شتێکی سەیری پێ گوت:

- هێشتا گەنجیت عاسف، دەتوانیت چێژ لە ژیانی داهاتوویت وەربگریت، دەتوانم وا بکەم بڕۆی و بەبێ ئەوەی کەس پەنجەشت لێ بدات.

دەیزانی ئەوە کۆتا قسەیەتی کە بیکات، پاشان گوتی:
- بەڵام بە مەرجێک.. بەڵێنم پێ بدەیت کە دوور لە مەملەکەتی ئەبابیل بڕۆیت و بەڵێنم پێ بدەی هەرگیز نەگەڕێیتەوە و بیر لە عەرش و تۆڵەکردنەوە نەکەیتەوە.

درێژەی پێدا:

- ئێستا بەڵێنم پێ بدە عاسف بڕۆیت، ڕازی دەبیت؟

عاسف هەستایەوە سەرپێ، تورە بوو بەڵام چیتر نەیدەتوانی یەک هەنگاویش بنێت، لەبەر ئەوەی بە تەنیا مابۆیەوە و لە بەرانبەر خەیزەران و ئەو هەموو شەیتانە.

دەیتوانی سەلامەتی خۆی هەڵبژێرێت و بڕوات، بەڵام بڕیاری دا بوێر بێت و یەکجار بمرێت، چونکە ترسنۆکەکان هەموو ڕۆژێک دەمرن.

وەڵامی دایەوە:

- هەڵەی زۆرت ئەنجام داوە تاکو بتوانم بتبورم، متمانەی منت لەدەست دا و هاوڕێکانت کوشتم، لەبەرئەوە تەواوی تەمەنم بە دواتەوە دەبم، ئەگەر دەتەوێت لەو سزایە ڕزگارت ببێت ئامۆژگاریت دەکەم هەر ئێستا بمکوژیت.

نەیدەیوست بیکوژێت، بەڵام دەیزانی ئەگەر ڕێگەی بدات بڕوات ئەوا تووشی زۆر کێشەی دەکات، بۆیە داوای لە شەیتانەکان کرد قۆڵبەستی بکەن و بیخەنە سەر ئەژنۆ، گوتی:

- ئایا کۆتا شت دەتەوێت چی بڵێت؟

کۆتا قسەی کرد:

**- ئازاری زۆرم چەشت لەم ژیانەدا، بەڵام هیچ شتێک وەکو ناپاکی هاوڕێ ئازاری نەدام، هێندە لە بێهیوایی ژیانم تێگەیشتم، ئەم ژیانە هیچ شایەنی ئەوە نییە ناپاکی لەوانی تر بکەیت.**

نزیک بۆیەوە و کۆتا قسەی خۆی کرد:

- کە باپیرە جەبارت دی پێی بڵێ هیچی دەربارەی ئەو ژەهرەوە نەدەزانی کە تاغین کردبوویە برینەکەوە.

پاشان قژە درێژەکەی عاسفی بۆ دواوە گرت و ڕای کێشا تاکو بە ئاسانی بتوانێت ملی لێ بکاتەوە گوتی:

- ماڵئاوا..

مردن نزیک بۆیەوە لە چاوە تاریکەکانی، دەموچاوی کچێکی سپی جوانی بینی کە هەندێک وردە خاڵ بە دەموچاوییەوە بوو، چاوەکانی ڕەنگ قاوەی بوون جەستەی بۆنی یاسەمینی لێ دەهات.

لەگەڵ ئەوەی کاتە مەترسیدارەکە نزیک بۆیەوە، بەڵام کە دیتی پێکەنی، ئەی چۆن پێناکەنێت کە جومانای دایکی دیوە.

خەیزەران دەستی خستە سەر ملی عاسف.

پاشان زەوییەکە بە خوێن سوور بوو...

**کۆتایی**

١

## جادووگەرە ژێرزەمینییەکە

بۆنی یاسمین و بۆنی خوێن بڵاوەیان کردبوو لە هەوادا، بەڵام ئەوەی سەیر بوو عاسف هێشتا هەستی بە هەموو شتێکی دەوروبەری دەکرد کە ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەوەی نەمردبوو، هێشتا دەژیا بۆیە دەستی دا لە دەموچاوی و ملی تاکو دڵنیاببێتەوە کە وایە نەمردووە.

**هەستی کرد تەواوی لاشەی شەیتانەکان لە دەوروبەری کەوتوون لە نێویشیاندا جەستەی خەیزەران لەبەر پێیدا و کوژراوە.**

هەستی دەکرد کەسێک بەرەو ڕووی دێت ئەو کات زانی کە لە کۆتا ساتدا ڕزگاریان کردووە.

یەکێک لە کەسەکان لەسەر پشتی ئەسپەکەی دابەزی و لە نزیکی وەستا بە هالەکەیدا زانی کە ئەمە **ئافرەتێکی جادووگەرە**.

دڵنیا نەبوو کە کێیە، بەڵام بەلاشییەوە نامۆ نەبوو.

هەرچەندی لێی نزیک دەبۆیەوە لێدانەکانی دڵی زیادی دەکرد

دەویست پرسیاری لێ بکات بەڵام کەمێک دوودڵ بوو، دەترسا بپرسێت و درۆ بکات، بۆیە لە دڵی خۆیدا ورەی دایە بەر خۆی و پرسی

- تۆ کێیت؟

- من هەورە بارانـاوییەکەتم، کە هەمـوو دەریاکـانی زەوی وشـک دەکەن ئەو کاتە لە تینویتییاندا هەموو زەوی دەژییەنمەوە.

بەو جۆرە زانی کە ئەوە، ئەو کاتە گوتی:

- ئەگەر بە سەلامەت بگەڕێیتەوە ئەوا **ماچێکت دەکەم**، بە بێدەنگی بێ ئەوەی هیچی تر بڵێت ماچی کرد و هەستی بە خۆشەویستییەکەی دەکـرد، مـاچەکە لە کـاتی خۆیـدا بـوو چـونکە دڵنیـابوو کە ڕزگـاری بووە.

کە مـاچەکەی کـرد و گەڕایەو بـۆ دواوە شـتێکی سـەیر ڕوویـدا، لەبەر ئەوەی **کوێری چاوەکانی نەمابوو، بینایی بۆ گەڕایەوە**.

بە سەرسامییەوە تەماشای دەوروبەری دەکرد.

هێنـدە سەرسـام بـوو بـاوەڕی بەوە نەدەکـرد کە ئەو ئـافرەتە لە بەردەمیدایە.

وەکـو یەکەم ڕۆژ بـوو کە دیبـوی، وەکـو خوداوەنـدی خـۆری گەردوونی وەهابوو. تیشکەکەی زەوی ڕووناک دەکردەوە و تـاریکی و تەنگ و ترنج مردنی لادەدا و دووبارە زەوی دەژیاندەوە.

بە سەرسامییەوە گوتی:

- سرابی؟!!

ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێت، چاوەڕێی بەشی سێیەمی

**ئەبابیل** بن